# چەند لاپەڕەیەک
# لە مێژووی میراودەلی پشدەر



بابەکری سەلیم ئاغا

ئیبراهیم ئیبراهیم میراودەلی

سلێمانی ٢٠٠٣

**ناوی کتێب:** چەند لاپەڕەیەك لەمێژووی میراودەلی پشدەر

**ناوی نووسەر:** ئیبراهیم ئیبراهیم میراودەلی

**بابەت:** مێژوو

**نەخشەسازی بەرگ:** ئەندازیار سامان محەمەد سالح

**کۆمپیوتەر:** فەرزو نەخشەسازی تەژنە بۆ کۆمپیوتەر - محەمەد قادر بەردی سپی

**چاپ:** چاپخانەی بەدرخان

**تیراژ:** (٥٠٠) دانە

**ژمارەی سپاردن:** (٢٩٧)ی وەزارەتی رۆشنبیری ٢٠٠٢ی پێدراوە

ده‌ شید محمد آغای میراوده‌لی

پێشه‌كی

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان

هەر وەكو لای هەموو خەڵكی كوردستان ڕوون وئاشكرایە كوردستانی عێراق گەلێ عەشیرەتو بنەماڵەی خانەدانو سەربەرزو ڕۆشنبیری تێدا هەڵكەوتووە. عەشیرەتی میراوده‌لی پشدەر لای هەموو عەشرەتەكانی كوردستان ڕوونو ئاشكرایە عەشیرەتێكی بەناو بانگو لێ هاتوو سەربەرزو چاونەترسو خانەدانو بنەماڵەیەكی خاوەن شەرەفو كەرامەتن. وەخاوەنی نانو خوانو دیواخانن بۆ ڕێبوارو هەژارانو لێ قەوماوانو دەربەدەرانو بێ نەوایان. ئەم عەشیرەتە بەهەموو بەڵگەیەكی سەلمێنەرەوە ئاشكرایە پەنای هەموو لێقەوماو دەربەدەرو بێنەوایانە. پشدەر بەهۆی ئەم عەشیرەتەوە سەنگەرێكی پۆڵایەنی نەشكێنراو بووە. وەلای هەموو مرۆڤێكی كەخاوەنی هەستو نەستێكی پاك بێ دەزانێ هەركەسێ كەلێ قەومابێ و بێ پەنا بووبێ پشدارو عەشیرەتی میراودەلیانیان نیشان داوە بۆ پەنادان.

ئەوەش وە دەگەیەنێ كە عەشیرەتی میراودەلی پشدەر گەورەترین پەنای بێ پەنایانن. وەزۆر لەخەڵكانی كوردستان دەزانن بەتایبەتی دانیشتوانی پشدەر بە لەخۆ بوردنێكی زۆرەوە بنەماڵەی میراودەلیان پارێزگاریان لەسەربەستیو سەربەخۆیىو كەرامەتی پشدەرو نیشتیمان كردووە بەخوێنو فیداكاریەكی زۆرەوە. وە هەموو خەڵكی كوردستان دەزانن عەشیرەتی میراودەلی خاوەنی هێزو تواناو لەخۆبوردنێكی زۆرن.

بەڵگەشمان ئەویە كەچەندان جار توانیویانە بەرانبەر بەهێزە زل خوارزەكانیوەكو ڕووسو ئینگلیزو توركو عەجەم ڕابووەستن كەخاوەنی هێزو توانایەكی زۆر بوون. جگەلەو هۆزو تیرانەی كەتەماعیان لەسەروەتو سامانو سەربەخۆیی پشدەر دابووە. كە چەندان جار هێرشو پەلاماریان داوەتە ناوچەی پشدەر.

وەزۆر کەس کەهەلیان دەستکەوتووە بە پشتیوانی هەر سوڵتەو دەسەلآت داری ناوچەکە. بەلاّم میراو دەلیان توانیویانە بەراپەرینێکی کەم سەرکەتوو تەمیّ خواردویان بکەن. وەلە سایەی ئەم ئازادیەو لە خۆبوردنەوە لەلایەن هەردوو دەسەلاّت داری عێراق و ئێران بەردەوام نامەو نویّ نەریان ئەهات بۆلای نوێنەرو ریش سپیانی عەشیرەتی میراودەلیان بۆ زیاتر پتەوبونی پەیوەندی لەگەلّ ئەم عەشیرەتە، بەتایبەتی زیاتر ئێران.. ئێران هەولّی ئەوەی ئەدا کە میراودەلیان بکاتە دۆستو هاوپەیمانی خۆی. لەبەر ئەوەی میراودەلی هاوسنوری ئێران بوون. وە هەر کاتێکیش دەس درێژی کەران دەست درێژیان کردایە سەرناوچەی پشدەر بامیراودەلیان بە پشتیوانی هەر دەسەلاّت دارێکەوە بووبیّ کەخۆیان گەیاندۆتە سەنگەرە پۆلاّینەکەی (باژار) بە زووترین کات لوت شکێنو تەمیّ خواردو کراون وەهەر لەو کاتەیەوە کەمیراودەلی لەناوچەی پشدەر سەریان هەلّداوە وەکو سەربازێکی بەوەفا بەهەموو توانایەکیانەوە پارێزگاریان لە ئاینی پیرۆزی ئیسلام کردووە. وە هەمیشە هەولّی گەشەکردنی ئاینی پیرۆزی ئیسلامیان داوە بە خوێنو سەروەتو سامان. وە زۆر جاران بەرینگاری هێزە دژ ئیسلامیەکان بونەوە وەنەیان هێشتووە ناحەزانی ئیسلام خاکو ئاو نیشتمانو پەتایبەتی ئاینە پیرۆزەکەیان پیّ شێل بکەن. وەزۆر کەسی خاوەن بیرو هۆشو دلّو دەرون پاک دەزانن زۆر جاران کەسانی بەناو بانگو سیاسیو سەرەک هۆزەکان کەلێیان قەومابیّ پنایان بۆ عەشیرەتی میراودەلی پشدەر هێناوە بۆ پاراستنی سەرو مالّو گیانیان وەزۆر جاریش هەبووە عەشیرەتی میراودەلیان وەکو هەموو عەشیرەتەکانی کردستانو خەلّکی کردستان بەشداری خۆشیو ناخۆشیو سوتانو تالاّنو دەربەدەری بوون لەگەلّ خەلّکی کوردستان.

ئەمجارەش بنەمالّەی میراودەلیان ئاوا بەشداری خۆشیو ناخۆشیەکەی راپەرینو کۆ رەوەکەی خەلّکی کوردستانیان کرد لەسالّی ١٩٩١.

## کورتەیەك لە ژیانی نووسەر



ئیبراهیم ئیبراهیم میراودەلی

من ناوم ئیبراهیم کوڕی ئیبراهیم کوڕی سلێمان کوڕی حسێن کوڕی حەمەد ئاغای گەورەیەو عەشیرەتی میراودەلیانم. لە ساڵی ١٩٤٩ لە یەکێك لە هەوارەکانی کوێستانی باژار لە هەواری (سێپێچکە)، سێ مانگ لە دوای کۆچی دوایی باوکم لەدایك بوومو بە ناوی باوکم کراومەتەوە. لە تەمەنی (٦) ساڵیدا دایکم بردوومییەتە گوندی نورەدینو لای فەقێ سلێمانی کوڕی حەسەنی"خاڵ سلێمان کە کوڕە خاڵی دایکمە، سیپارەو نیوەی قورئانی پیرۆزم لای ئەو رەحمەتییە خوێندووە. لە دواییدا هاتمەوە ناودەشت، ماڵی کاك ساڵحی برام لای مەلا قادری مەلای گوندی ناودەشت، قورئانی پیرۆزم تەواو کردو لەگەڵ کتێبی ئاوی حەیاتو چەند لاپەڕەیەکیش لە کتێبی ئەحمەدی لە ساڵی (٥٨)، قوتابخانە لە گوندی نورەدین کرایەوە، دایکم بردمییەوە نورەدین بۆ قوتابخانە. ماڵی "پیرۆتی حەسەنی خاڵ سلێمان"، کە ئەویش کوڕە خاڵی دایکم بوو. تا پۆلی چواری سەرەتاییم لە قوتابخانەی گوندی نورەدین خوێند. دوایی چوومە قەڵادزەو پۆلی پێنجەمی سەرەتاییم لە قوتابخانەی سەرەتایی ئاسۆسی کوڕان تەواو کرد. لەم کاتەی کە من دەم خوێند، بەڕێوەبەری ماڵو کاسبی دایکم بووو دایکم سەرپەرشتیی دەکرد. لەم رێڕەوەدا کاك مستەفا برا گەورەم بوو، دەسەڵاتی ماڵو کاسبیی لە دەست دایکم دەرهێنا.

بە نەمانی دەسەڵاتی دایکم من بەدبەخت بوومو رۆژی رووناکم لێ تاوابووو لە خوێندن دابڕام. کاك مستەفا بۆ پیاسەو گەڕانو ئیسراحەتی خۆی منی لە قوتابخانە جیا کردەوەو ملی پێ نامە کارو کاسبیو دارکێشیو

جووتێری و هەموو شتێك، بەردەوام بە کارو کاسبییەوە خەریك بووم تا ساڵی ١٩٦٣ ژنم هێناو لە ژێر حوکمو دەسەڵاتی برا گەورایەتی رزگارم بوو، خۆم بوومە خاوەنی خۆمو بە کارو کاسبیی خۆمەوە خەریك بووم. لە ساڵی ١٩٦٩ لەگەڵ "حەمەی کانەبی ئاغا" بووم بە پێشمەرگە.

بە هۆی هەلومەرجو زرووفی سیاسیی، لە پێشمەرگایەتی دابڕامو بە کارو کاسبییەوە خەریك بووم. تا ساڵی (١٩٧٥) دووبارە لەگەڵ "رەسوڵ ئاغا" بوومەوە بە پێشمەرگەو تا هەرەس هێنانی شۆڕشی ئەیلوول، بەڵام لە ماوەی پێشمەرگایەتیمدا بە هۆی زرووفی سیاسی لەگەڵ کۆمەڵێك لە خزمان ماڵمان بارکرد بۆ ئێران بۆ گوندی بێوریێی خوارووی نزیك شاری سەردەشت. لە هەرەس هێنانەکەی شۆڕشی ئەیلوول بە هۆی کۆبوونەوەکەی جەزائیر، ماڵمان لە بێوران-ەوە هاتەوە گوندی کەڵەکان لە عیراق. دیسانەوە بە کارو کاسبییەوە خەریك بووم..

لەم بەینەی ساڵی ١٩٦٥ بۆ هەشتاکان، تووشی دوو نەخۆشیی زۆر سەخت هاتم، یەکەم لە ساڵی ١٩٦٥ تووشی نەخۆشیی (قورحەی مەعیدە) بووم زۆر شاری ئێرانو عیراق گەڕام بۆ چارەسەری.

دووەم ساڵی ١٩٨٢ کەوتمە ژێر تراکتۆرو لاقم زۆر بە خراپی شکاو زیاتر لە سێ مانگ لە خەستەخانەی هەولێر بووم.

لەم دوو رووداوەی کە بەسەرم هات، حەمەی کانەبی ئاغا بە فریام کەوتو زۆر پێمەوە ماندوو بوو، زۆر جار لەگەڵم دەهات بۆ بەغداو کەرکوكو سلێمانی. خوای گەورە جەزای بە خێری بداتەوە، بەڵام هەر لەو رۆژەوە کە لە قوتابخانە دابڕام، رۆژانە لە کاتی بێ ئیشیدا بە خێوندنەوەی کتێبو رۆژنامەو گۆڤارو لەو بابەتانەوە خەریك دەبووم، چونکە زۆر حەزم بە خوێندنەوە دەکرد. هەمیشە مەکتەبەکەم لە (٢٥٠) کتێب کەمتری تێدا نەبووە، بەڵام بە داخەوە دوو جار کتێبەکانم بە تاڵان رۆیشتن.

زۆر جار کە کتێبی مێژوویم دەخوێندەوەو نووسەری کتێبەکە باسی عەشیرەتەکەی خۆی دەکرد، من بیرم لەوە دەکردەوە: ئەدی بۆ لە عەشیرەتی ئێمەدا کەس لە سەر عەشیرەتەکەی خۆی نەنووسیوەو کەس بە قەدەر میراودەلی-یان خزمەتی نیشتمانیان نەکردووە؟ هەرچەندە لە گۆڤارو رۆژنامەو پەرتووکەکاندا مێژوونووسان باسی لە ئازایەتی و خانەدانی و نانبدەیی و پەنادانی بێ پەنایان دەکەن، کە میراودەلی دەیکەن، بەلام بە درێژی نا، هەقی تەواویان پێ نەداوە.

هەرچەندە لەم دواییەدا "عەبدوللا ئەحمەد ئاغای سێوەڵە" و "ئەحمەدی حەمەد ئاغای بێشیرێ" دوو کتێبیان بە چاپ گەیاندووە، بەلام بەرێزیان باسی زۆربەی رووداوەکانی میراودەلییان نەکردووە. زیاتر باسی بیرەوەرییەکانی خۆیان کردووەو دەیکەن. باسی لە پاڵەوانێتیی خۆیان دەکەن، کە تاکە سواری سەردەم بوون، لە لایەکی دیکەشەوە ئەم دوو کەسایەتییە ناودارانەیان تێدا ونکردووە، کە (بابەکری سەلیم ئاغا و هەباسی مەحمود ئاغا" بوون کە چۆکیان بە دەوڵەتە زلهێزەکانی ئەو سەردەمە دابووو لە زۆربەی زۆری لاپەرەکانی پەرتووکەکەیاندا بە خائین و ئاژاوەچییان ناو بردوون، بەلام دەڵێی چی؟ کە شێر لە بێشەی چووە دەر جەژنێتی، کاتێك سەرلەشکری سوپای رووس (پولینگ ئەلیکساندەر) ئەم عەشیرەتەو ئەم دوو کەسایەتییە ناودارانەی ناسی، خۆزگەی خواست وتی: "خۆزگە دەسەڵاتی رووس و قەیسەر مابایە تا ئەم دوو کەسایەتییە ناودارەو ئەم عەشیرەتەمان بکردبایە هاوپەیمانی خۆمان و دۆستایەتیمان لەگەڵ پەیدا دەکرد". ئێستاش لە پاش باسکی هەزان بوختانیان بۆ هەڵدەبەستن.

ئەوەبوو لە ساڵی ١٩٩٨ بە خەیاڵم داهات بە پێی توانای خۆم هەڵسم بۆ کۆکردنەوەی مێژووی عەشیرەتەکەمان کە چەندان داستانی پر سەمەریان لە مێژوودا تۆمارکردووە. بەلام بە داخەوە لەبەر چاوی خوێنەران نین کتێبە

مێژووییەکان یان بە شوێن پیاوە بەتەمەنو بەساڵا چووەکاندا گەرام. زۆر لەخزمان پێیان شتێکی باش بووو خۆشحاڵ دەبوون، بەڵام هەندێکی تریان کە هەر خەریکی خواردنو خواردنەوە بوونو بێخەبەر بوون لە مێژووی باب و باپیرانیان، پێکەنینیان دەهات بە پرسیارەکانمان.
بەهەر حاڵ لە پەرتووکو گۆڤارو رۆژنامەو پیاوە بەساڵاچووەکان، چەندان سەرچاوەی باشم بەدەست کەوتن.

**کورتەیەك لە ژیانە پڕ ئێشو ئازارەکەی باوکم**

باوکم ناوی ئیبراهیم کوڕی سلێمان کوڕی حسێن کوڕی حەمەد ئاغای گەورەیەو لە بنەماڵەو عەشیرەتی میراودەلیی پشدەرە. کە شۆڕشی دیموکراتی ئێران بەرپا بوو، باوکم یەکێك بوو لەو شۆڕشگێڕانەی کە بەرامبەر بە حکومەتی ئێران راپەڕیبوو. رۆژێك لە هێرشو پەلامارێك بۆ سەر کاروانێکی سەربازیی ئێران، لە دوای چەند سەعاتێك شەڕ کاروانەکە خۆ دەدات بە دەستەوە، باوکم لە پەلاماردانەکەدا بەشدار دەبێتو سێ تفەنگی برنەو دەگرێت، کاروانە سەربازییەکەش بە دەستی بەتاڵ بەرەو سەردەشت بەڕێ دەکەنەوە.
شۆڕشگێڕەکان لەم هێرشو پەلاماردانەدا زۆر ماندووو تینوو دەبن، لەبەر ئەوەی کاتی هاوین دەبێت، دەستەیەك لەو شۆڕشگێڕانە بۆ حەسانەوە بە پەلە دەچنە سەر کانییە (نێرەرۆیە) بۆ ئاو خواردنەوەو حەسانەوە. باوکیشم یەکێك دەبێت لەو دەستەیە، تا دەگەنە سەر کانییەکە لە تینوواندا زۆر هیلاك دەبن، باوکم لەسەر کانییەکە رادەکشێتو دەم بە ئاوەکەوە دەنێت، لە کاتی ئاو خواردنەوەدا قومێك ئاو لادەدات ناچێتە ناو مەعیدەی، بەڵکو دەچێتە بەینی مەعیدەو پێستی ورگی، لەم سەفەرەدا تووشی گەورەترین نەخۆشی دەبێت، کە نەخۆشییەکە بێ چارەسەر بوو.

لە ماوەی چەند رۆژێکدا ورگی دەئاوسێت و پڕ دەبێت لە ئاوو زۆر ناڕەحەت دەبێت. وای لێدێت دەڵێن: ئێستا ورگی دەتەقێت، ئەو کاتەیش وەکو ئێستا دکتۆرو دەرمان نەبووە لە ناوچەی پشدەرو بیتوێن و هەتا کۆیەش. ئەوەی کە تۆزێک توانای ماددی هەبایە دەچوو بۆ کەرکوک بۆ چارەسەری نەخۆشییەکەی، باوکم لەگەڵ پیاوێک لەگوندەکەی خۆمان بەناوی قادری عەلی فەتاحی دەبێت، لەگەڵ خۆی دەیبات بۆ کەرکوک، ئەو کاتە بە کەرکوکیان وتووە "کەیوان".

باوکم دەچێتە لای دکتۆر، دکتۆر دەڵێت: نەخۆشییەکەی تۆ چارەسەری نییە، تەنها چارەی ئەوەیە پێستی ورگت کون بکرێت و ئاوەکەی لێ بەتاڵ بکرێت. مام قادرو باوکم گێڕاویانەتەوە؛ دکتۆر شتێکی هێناوە لە شێوەی قەڵەم جاف، قەبارەی، ئەستووریی، درێژیی لە قەڵەم جاف کەمترو زیاتر نەبووە. سەرێکی زۆر تیژو باریک بووە لە ناوەکەیدا شیشێکی تێدابووە هێنای لە ورگی رۆکرد (کردی بە ورگیدا) تا بە تەواوەتی چووە ناو ورگی، ئینجا شیشی ناوەوەی راکێشایە دەرێ و بۆرییەکە بەجێما، بە ئەستوورایی بۆرییەکە ئاو لە ورگی دەهاتە دەرێ، هەموو جارێک دوو سەتڵی گەورە ئاوی لە ورگی بەتاڵ دەکرد، تا ئاوەکە تەواو وشک دەبوو. ئینجا بۆرییەکەیشی دەرهێناو دەرمانیکردو پێچای، ماوەی ٦ تا ٧ رۆژ شوێنەکەی چاک بووەوە، لەو ماوەیەدا باوکم چەند جارێک چووەتە کەرکوک. بەم شێوەیە ئاوەکەی لە ورگی دەرهێناوە. جارێک داوا لە دوکتۆر دەکات ئەم ئالەتەی پێ بفرۆشێت، با ئیتر هەموو جارێک نەگەمە کەرکوک، چەند دەڵێیت دەتدەمێ. دوکتۆر دەڵێت: ناتوانم بیفرۆشمماڵی حکومەتە، تەنها ئەم دانەیەی لێیەو من بەرپرسیاری ئەم ئالەتەم.

مام قادر گێڕایەوەو وتی: باوکت ئالەتەکەی لە دوکتۆری وەرگرت، زۆر بە وردی تەماشای کردو دایەوە دوکتۆری. کە گەڕاینەوە ماڵەوە، واتا کەڵەکان،

لە کەڵەکان پیاوێکی لێبوو تەنەکە ساز بوو، ناوی وەستا مەحمود بوو. باوکم دەچێتە لای وەستاو لەسەر وەسفی باوکم وەستا مەحمود ئالەتەکەی بۆ دروست دەکات. هەر کاتێك باوکم ورگی پڕدەبوو لە ناو پیاوێکی بانگ دەکردو بۆ خۆی پشتی بە دیوارێکەوە دەداو، بە پیاوەشی دەگوت ئالەتەکە لە شوێنێی دیاریکراو رۆبکات تا بە تەواوەتی دەچووە ناو ورگی، ئینجا شیشەکەی ناوەوەی رادەکێشاو ئاوەکە دەهاتە دەرێ، تا بە تەواوەتی بەتاڵ دەبوو. ئینجا بۆرییەکەشی دەردەهێنایەوە دەرێ. بەم شێوەیە ژییا تا خوای گەورە بۆ لای خۆی بردییەوە.

إنا لله وإنّا إليه راجعُون

## جوگرافیای ناوچەی پشدەر

لە رووی هەڵکەوتەی ناوچەی پشدەر کە لە دەشت و چیا پێکهاتووە، لە رووی جوگرافیاوە زاراوەی دەشتی پشدەرو بناری پشدەر بەکاردێت، ئەو بەشەی کە زنجیرە چیایەو بەشێکی ئەو گوندانەی کە کەوتوونەتە بناری ئەو زنجیرە چیایانەوە لە بناری پشدەر ناو دەبرێت. ئەو گوندانەی کە کەوتوونەتە دەشتایی پشدەر بە گوندەکانی دەشتی پشدەر ناو دەبرێن.

چیای ئاسۆس کە زنجیرە چیایەکەو سەرەتاکەی لە (کوریسە)وە دەستپێدەکات، کە کەوتووەتە خوارووی پشدەرو درێژ دەبێتەوە کە لە دوا لوتکەی (بلۆقین) کۆتایی دێت. ئەویش بە هۆی زێی بچووکەوە لە شاخی (کێوەرەش) دەکەوێتە خۆرئاوای پشدەرەوە. مامەندەو هەرمێن و چواس دەکەونە باکووری پشدەر، گوندەکانی سندوڵان و چۆمی کانیان و دەقناوەو گوێزبلەو پیران و بنەوشان و سەرتەپکان و بێماڵێ و گربداخ و حەسارو گردە سپیان و بادەڵیان و کۆلارەو هۆرێوەو کەستانەو دۆڵەدزەو خڕەبەردان و دەم شەت و دێرەو گرمەیتەرو چۆم خرکەو سرێجەو. سەید ئەحمەدان و

کۆشـکـەڵەو خـاس و هـەڵاوێژەو نورەدیـن و بەرسـول و کەویـەو دەڵگــەو دەشتێو بادین و بێموش و چەند گوندێکی کەیشـی تێدایـەو گوندەکـانی گێڵەسـپی و بناویلـەو کەڵـەکان و ناودەشـت و گـەرمکان و کـانی هـەنجیرو خانەڵەو سـەرچیا و بێخـرەو دۆڵـەگۆمو سـەرتەنگ و لبانـەو وێسـەو چـەند گوندێـك کـە دەکەونـە بنـاری زنجـیرە چیـای (ئاسـۆس) کـە بـە هـۆی زێـی بچووکەوە لـە دەشـتی پشـدەر جیـای کردوونەتـەوە،بـە گوندەکـانی بنـاری ئاسۆس ناودەبرێن.

ئەم گوندانە سەرەڕای ئاستەنگی ئاوی روبارو سروشتی جەگرافیای ئەم گوندانـە لـە رووی کۆمەڵایەتییـەوە، ژیـانی رۆژانـەیان لـە خـەڵکی پشـدەر دانەبڕاوە. هەرچەندە لە رووی ئیدارییـەوە سـەر بـە ناحیـەی بنگـردو قـەزای دوکانن.

گوندەکانی بناری پشدەر کە زیاتر دەکەونە خۆرهەڵاتی شاری قەڵادزەوەو نزیك سنووری ئێران. ئەم گوندانەش بریتین لـە گوندەکـانی پێریسـکەو ئیسـێوەو چـەکوان و کۆنـە گـەناو و گـەناو و رازان و دەوژان و قنـدۆڵ و بەردکێشـان و سەرشـیوو بـالیلان و زنجەڵـەو نێسـەو ئەشـکەنەو بـاوزەو گردەشێخال و بێناسەو هێرۆو ئاوەکەو مرەو دەروێنە بادین بال و هەڵشۆو بێکلۆو بێگەلاس و گواران و گوندەکانی مامەش و مەنگوورایەتی ، ئەوانەی کە لە سنووری پشدەردان.

بنەماڵەی وەجاخی کاخدری؛ ناوی گوندەکانیان:

١-شێخ ئاودەلان. ٢-شیوەرەز. ٣-شۆران.

٤-تەنگژە. ٥-داودی. ٦-ئالان.

بنەماڵەی مامەشان؛ ناوی گوندەکانیان:

١-دێلۆ. ٢-میرتکە. ٣-باداوان. ٤-خواران.

٥-دوبێ. ٦-سوونێ. ٧-شێنێیە.

بنەماڵەی سۆفییان، مەنگوران، ناوی گوندەکانیان:

١-بەستە. ٢-دوو چۆمان. ٣-سەرخان. ٤-ریشوان.

گوندەکانی بەشی مەنگوورایەتی:

١-کوڵ کوڵە. ٢-کوزینە. ٣-شەرویت. ٤-قەلاوە. ٥-خەندەکە.

٦-بارەپانە. ٧-دۆڵە بەفرە. ٨-سوڵتانەدی. ٩-کەنجارە.

١٠-خرەجۆ. ١١-بەستەستێن. ١٢-رەزگە. ١٣-مارەدوو.

١٤-سوورە گلە. ١٥-زورکان. ١٦-شێخان. ١٧-دەشتێوان.

١٨-توتمە. ١٩-ئالییە رەش. ٢٠-سیدەڵان.

گوندەکانی ئاکۆیەتی:

١-سەنگەسەر. ٢-گرتکان. ٣-دوو گۆمان. ٤-چۆمە سووتاوە.

٥-ماڵخۆیزنان. ٦-زەنگڵان. ٧-جەلکان. ٨-مەمکان. ٩-شەهیدان.

١٠-بێپاڵان. ١١-بیرانە رەشان. ١٢-مەندەمەران.

### شاری قەڵادزە ناوەندی ناوچەی پشدەر

قەڵای قەڵادزە دەکەوێتە خۆرئاوای شارەوەو لە خوار قەڵاتەوە روباری کەستانەو خرێ پایزە هەواران تێکەڵی یەکتر دەبنەوە. روباری ژاراوەو گافرێن کە سەرچاوەکانیان لە چیای قەندیلە، یەکەمیان لە کەرسۆنان و دووەمیان لە نزیک گوندی چۆمە سووتاو و تێکەڵ بە زێی بچووک دەبنەوە لە دەربەندی رەمکان کە دەربەندی (رانیە)شی پێدەڵێن. دەچێتەوە ئەو دیو سنووری پشدەرو پشدەر بەجێ دەهێڵێت، بەناوی بچووک لەبەر زێی بچووک دروستکراوە. دەربەندی (رەمکان) یان (رانیە) دەقەری پشدەرو بیتوێن لێک جیا دەکاتەوە. دەگونجێت ناوی پشدەر لە پشت دەربەندەوە هاتبێت، چونکە بە دیوی رانیەو بیتوێن دەوترێت (بەر دەربەند)، دەشێت بە بەشی پشدەر بڵێن پشت دەربەند.

ناوی قەڵادزە لە بنەڕەتدا دەگەڕێتەوە بۆ وشەی (دز) کە بە مانای قەڵا هاتووە، کە ئەم وشەیە لە وڵاتی (سۆبارتۆ) ئەو مانایەی گەیاندووە، دوکتۆر (جەمال رەشید) لە نووسینەکانیدا گەلێك لەو وشانەی گەڕاندووەتەوە سەر مایەکەی خۆیان و مێژووەکەی باس کردوون.

وشەی (دز) لەگەڵ (قەڵا) یەك مانا دەگرنەوە، بەوشەی دزو وشەی قەڵا بە هەردوو وشەی تازەو کۆن وشەی قەڵادزەیان پێکهێناوەو هەندێك کەس بە مانایەکی تر لێکی دەدەنەوە، کە قەڵای قەڵادزێ کەوتووەتە بەینی دوو زێ واتا قەڵای دووزێ، بەڵام ئەمە بۆچوونە لەگەڵ بۆچوونی سەرەوە یەك ناگرنەوە.

هەروەها رایەکی تریش هەیە کە لە کۆندا قەڵادزێ ناوی نامرێ بووە، ئەم راو بۆچوونانەی لەسەر قەڵادزێ هەن تا ئێستا نەگەیشتوونەتە ئەنجامی تەواو لەبەر نەبوونی سەرچاوەی مێژوویی و کەم دەربارەی مێژووی پشدەر.

(کێلەو زەردەڵاڵەو باژار) کە سێ کوێستانی بە ناوبانگن لە خاکی ئێرانن، لە سەر سنووری عیراق-ئێرانن لە کاتی هاویناندا لە عیراق بە زۆری و تایبەتی عەشیرەتی میراودەلی، دەچنە ئەم کوێستانە، جگە لە عەشیرەتی میراودەلی، کەسانی خواپێداوو خاوەن مەڕو ماڵات بە هاوینان دەچنە ئەم کوێستانە.

ئەم گەرمیان و کوێستانە لە هاویناندا دیاردەیەکی باو بووە بۆ کەسانی خوا پێداو. ئەم خوا پێداوانە رۆژەکانیان زۆر بە خۆشی بەسەر دەبرد بە سەیران و راوە کەروێشك و سەردانی یەکترو رمبازی.. جا وەکو میراودەلی، هەر تائیفەو هەوارو شوێنی تایبەتیی خۆی هەبوو، کە هەموو ساڵێك لەم شوێنەدا کەپرو سابات و رەشماڵیان لێ هەڵدەدا. هەوارەکانی باژار بریتین لەمانە: سەردۆڵ، هەوار عەنیف، گڵەسوورە، سێپێچکە، هەوار گۆران، کانییە قەل، کانی خاتوون، گۆجار، کارگە، قونگرێ، میراج، بێ میری، تەرگاری

سەرەوە، تەرگاری بەرەوە، لە سەر هەموویانەوە مەلا حەسەن، مێرگە درێژان، کانی بەرد. هەوارەکانی کێلەو زەردەلاَلە جەمالەدین، گەسک گەسکە، بۆگەنیوە، لە هەمان کاتدا بۆ پێداویستییەکانی ژیانیان چوونەتە قەلاَدزەو سەردەشتو عەشیرەتی ئاکۆیەتیش کە لە سەرەوە ئاماژەمان بۆ ناوی گوندەکانیان کرد، ئەو عەشیرەتە زۆربەی زۆری بە بەخێوکردنی مەڕو ماڵاتەوە خەریکن، خوا پێداوەکان لە سنووری خۆیانەوە بەرەو هاوینە هەوارەکانی (قەندیل دەڕۆن).

دانیشتووانی ناوچەی پشدەر بە بەخێوکردنی مەڕو ماڵاتو چاندنی گەنمو جۆو نیسکو نۆکو لە سەرووی هەموویانەوە تووتن، چونکە تا ساڵەکانی (١٩٩٣) تووتن بەرهەمێکی سەرەکی زۆر بوو بۆ دانیشتووانی ناوچەی پشدەر، هەر لە ناوچەی پشدەردا جگە لە عەشیرەتی میراودەلی کەسانی تریش هەن کە خاوەنی زەویوزارن، بەلاَم کەم کەم. ئەوانەش بە خوردە مالیك ناودەبرێن، بە تایبەتی عەشیرەتی نوردەدین کە خاوەنی زەویوزارنو زۆر جار عەشیرەتی میراودەلیو نوردەدینی، کێشەکانی دەرەوەو ناوەوەیان بە برایەتیو یەکسانی چارەسەر کردووە.

جگە لەمانەی باسمان کرد، لەبەر نزیکیی ناوچەی پشدەر، لەسنوری کوردستانی ئێران سەوداو مامەڵەی کڕینو فرۆشتن هەیە. جگە لە بواری بازرگانی کە کاریگەریی هەبووە، بەڵکو کاریکردووەتە سەر بواری سیاسییش، چالاکیو جموجووڵی سیاسیو سەربازیو راپەڕینو شۆڕشەکانی کوردستانی عیراق-ئێران، لەو ناوچەیە بە درێژایی مێژوو سەریهەڵداوە. پشدەر وەك دایکێکی دڵسۆز بووە بۆ پێگەیاندنی شۆڕشەکانی کوردستانی عیراقو ئێران.

شاری قەلاَدزە، مەڵبەندی ناوچەی پشدەرە، هێرۆو سەنگەسەرە کە دوو ناحیەن سەر بە قەزای قەلاَدزەن. هەرچەندە سەنگەسەرو هێرۆ هەردووکیان

ناحیەن، بەڵام لە رووی دانیشتووانەوە ژمارەی دانیشتووانی سەنگەسەر زیاترە، پێش ئەوەی رێگای ئۆتۆمۆبێل بگاتە گوندەکانی بنار، دانیشتووەکانیان بە ئەرکو ماندوو بوونێکی زۆر بەروبوومی کشتوکاڵو رەزو باغ دەگەیەننە شار، بەڵام گوندەکانی سەر جادە بە ئاسانی بەرهەمەکانیان دەگەیەننە ناوشار، بەڵام ئەم گوندانەی کە کەوتوونەتە ئەوبەری زێی بچووک، یان بە واتایەکی تر: گوندەکانی بناری ئاسۆس پەرینەوەیان بۆ قەڵادزە ئاستەنگی بووە، بۆیە زیاتر کەڵکیان لە کەلەکو بەلەم وەرگرتووە. پشدەر لە روانگەی مێژووەوە خاوەنی چەندین شوێنەواری دیکەیە کە مێژوو نووسان زۆر بە کەمی باسیان کردووە.

## بنچینەی عەشیرەتی میراودەلی

مێژووی عەشیرەتی میراودەلیی زیادەیە، لە فەقێ ئەحمەدی دارەشمانەوە دەستپێدەکات. دارەشمانە گوندێکە کەوتووەتە خۆرهەڵاتی شاری قەڵادزە.

(محەمەد فیدا) داستانی فەقێ ئەحمەدی دارەشمانەی نووسیوە ساڵی (١٩٨٧) بەچاپ گەیشتووە.

فەقێ ئەحمەدی دارەشمانە باپیرە گەورەی عەشیرەتی میراودەلی و بابانو گەردییە.

ئەدمۆنز لە بارەی مێژووی عەشیرەتی میراودەلی، لە کتێبەکەیدا بە ناوی (کوردو تورکو عەرەب)، ئەم رووداوە باس دەکاتو دەگێڕێتەوە، کە بابەکری سەلیم ئاغا بۆی گێڕاوەتەوە.

کە بەم شێوەیە باسی دەکاتو دەڵێت: "لە گوندی مەرگە دوو برا هەبوون بە ناوەکانی (کاکە میرو کاکە شێخ) لە رووداوێکدا کە (محەمەد فیدا) بە درێژی لە کتێبەکەیدا باسی دەکات دەکوژرێن. کاکە میر پیاوێکی دەبێت بە ناوی (حەمەی ئاجەرێ) خێزانی کاکە میر دەفرێنێتو دەیبات بۆ گوندی

خدران. خێزانی کاکە میر کە دەڕوات بۆ خدران، سکی پڕ دەبێت، پاش چەند مانگێك کوڕێکی دەبێت ناوی دەنێن (ئەحمەد). (ئەحمەد) لەم گوندە گەورە دەبێت و دایکی دەینێرێتە (حوجرە) لای مەلا و فەقێیان دەخوێنێت. بەمە ناوی فەقێ ئەحمەدی بە سەردا دەبڕێت.

فەقێ ئەحمەد هەر لە منداڵییەوە زیرەکی و ئازایی و لێهاتوویی تێدا دیاردەبێت. لە دواییدا کەمێك بە درێژی باسی داستانی فەقێ ئەحمەد و کەیفان باس دەکەین".

فەقێ ئەحمەد بە وتەی هەندێك لە مێژوو نووسان سێ کوڕی دەبن، یەکەمیان بابە سلێمان، کە بابانییەکان دەچنەوە سەر ئەو، دووەم (میرب داخ) کە دەبێتە باپیرە گەورەی عەشیرەتی میراودەلی سێیەمیان موکری. وەکو لە کتێبە مێژوویی و پیاوە کۆنەکان زانراوە، ڕەچەڵەکی میراودەلی بەم شێوەیەی خوارەوە هاتووە:

کاکە میر. فەقێ ئەحمەدی دارەشمانە، میرب داخ. میرب داخ کوڕێکی هەبووە بە ناوی (میراودەل)، کە لە گوندی دەشتێو دانیشتووە. میراودەل-یش سێ کوڕی هەبوون، بە ناوەکانی (خدر ئاغا، مەحمود ئاغا، رۆستەم ئاغا). خدر ئاغا دوو کوڕی هەبوون بە ناوەکانی (حەمەد ئاغا و هۆمەر ئاغا).

مەحمود ئاغایش کە ناسراوە بە (مەحمودە کوورە)، کوڕێکی هەبووە بە ناوی (حەسەن ئاغا). حەسەن ئاغایش کوڕێکی هەبووە بە ناوی (وسوو ئاغا)، وسوو ئاغایش، سێ کوڕی هەبوون بە ناوەکانی (ئیسماعیل، عەبدوڵڵا، ئاودەل)، بەڵام بە لای هەندێك لە خەڵکی میراودەلی و غەیری میراودەلی، (وسوو ئاغا) لە بنەماڵەی میراودەلییان نییە، بەڵکو پیاوێکی لێهاتووو ئازاو نەبەردی ناوچەکە بووە، لەبەر ئەم ئەبەردییانە حەمەد ئاغا کچێکی خۆی داوەتێ بە ناوی (ئایشە جووکەڵ). کە نازناوی (پوور ئایشە

جووکەڵ) بووە، بەڵام ئەوەش لە ڕاستی دوورە. دروستکراوی کەسانی هەڵپەرستن، بەڵگەی ڕاستیو سەلمێنەرمان، ئەوەیە؛ پور ئایشە جووکەڵ ژنی وسوو ئاغا نەبووە، بەڵکو ژنی خدری ئەولای وسوئاغا بووە، واتا ژنی ئەوەی وسوئاغا بووە. بۆ زیاتر زانیاری بۆ ئەم باسە.

بنەماڵەی حەمەی خدری ئەولای وسوو ئاغا، ناسراون بە بنەماڵەی (حەسەنی حەمە ئاغا نورەدینی) بنەماڵەی بابەکری خدری ئەولا ئاغای نورەدین، ناسراون بە بنەماڵەی (هەباسی خدری ئەولا ئاغا).

بەڵگەیەکی تر بۆ نموونە حەمەد ئاغا کچێکی دیکەی هەبووە بە ناوی (مێر)، کە داوێتی بە (سمایلی وسوو ئاغا)، کە دەبێتە بووکی وسوو ئاغا.

کوڕی دووەمی ئاودەل ئاغا، ناوی (ڕۆستەم ئاغا) بووە، ڕۆستەم ئاغایش، شەش کوڕی هەبووە بە ناوەکانی (خالید، عەلی، برایم، حەمەد، مەلا ئەحمەد، پیرۆت)، کوڕی سێیەمی ئاودەل ئاغا (خدر ئاغا بووە)، کە ئەویش دوو کوڕی هەبووە بە ناوی (هۆمەر ئاغاو حەمەد ئاغا)، بەڵام خدر ئاغا لە شەڕی (قەڵاتێ) کوژرا، کوژراوە، ئینشائەڵڵا داستانی ئەم کەڵە پیاوە دەخەینە بەر دیدەو گوێچکەی بینەرانو بیستەران.

هۆمەری خدر ئاغا کە کوڕە گەورەی خدر ئاغایەو پێنج کوڕی هەبووە بە ناوەکانی (حسێن، حەسەن، مەحمود، مەمەند، فەرخە). لە ڕاستیدا هۆمەر ئاغا کوڕە گەورەی خدر ئاغا بووەو لە پێشەوە سەرۆکایەتیی پشدەر بە دەستی هۆمەر ئاغا بووە، بەڵام لەبەر دوو هۆی سەرەکی حەمەد ئاغا براگە وردییەکەی لێ وەرگرتووەتەوە:

یەکەم: حەمەد ئاغا لە ڕوانگەی زانایی و زیرەکی و دەستو مستی دیارتر بووە.

دووەم: حەمەد ئاغا لە روانگەی کوڕو کوڕەزاوە، زیاتر بووە، بۆیە هۆمەر ئاغا، بە ویستی خۆی براگەورەییەکەی داوەتەوە بە حەمەد ئاغای کوڕی دووەمی خدر ئاغا کە ناوی (حەمەد ئاغا) بووە.

حەمەد ئاغا (٢١) بیست و یەک ژنی هێناوە، (٢٤) بیست و چوار کوڕی هەبووەو (١٨) هەژدە کچیشی هەبووە. بەڵام ئێستا (١٦) شانزە کوڕی حەمەد ئاغا، دیارن کە نەوەو نەتیجەیان لێ پەیدا بووە، ئەوانەی کە نەوەو نەتیجەیان لێ پەیدا بووە، ئەمانەن:

( ١-حەسەن. ٢-حسێن. ٣-مستەفا. ٤-عەزیز. ٥-ئاودەل. ٦-مەحمود. ٧-خدر. ٨-عەلی. ٩-حەسەن. ١٠-ئەحمەد. ١١-برایم. ١٢-عەباس. ١٣-رەسوڵ. ١٤-قادر. ١٥-مووسا. ١٦-بابەکر).

ئەمانە هەموویان کوڕی حەمەد ئاغان و نەوەو نەتیجەی زۆریان لێوە داکەوتووە.

ئەم کوڕانەی حەمەد ئاغا بەپێی بەرەداك ناویان براوە، بەتائیفە، ئەگەر دووان یان سێیان لەدایکێك بووبن، ناویان براوە بەتائیفەی فلان.

١-تائیفەی بابەکر ئاغا.. (بابەکر ئاغا) کوڕە گەورەی حەمەد ئاغا بووە.

٢-تائیفەی بەگزادە (مستەفا ئاغا حسین ئاغا و عەزیز ئاغا و ئاودەل ئاغا و حەسەن ئاغا) کە لە یەک دایك بوون، بەڵام ئەم کوڕانە بەناوی دایکیانەوە ناو دەبرێن.

٣-تائیفەی مەحمود ئاغا.. (مەحمود ئاغا و خدر ئاغا)، لەیەك دایك بوون، بۆیە هەردوو کوڕەکە بەیەک تائیفە ناوبراون، بەڵام ئێستا لەبەر زۆریی زاوزێ، زۆربەی زۆری خۆیان جیا کردووەتەوەو بەناوی خۆیانەوە ناودەبرێن.

٤-تائیفەی رەسوڵ ئاغا. (رەسوڵ ئاغا و مووسا ئاغا و قادر ئاغا) لەیەك دایك بوون و بە تائیفەی رەسوڵ ئاغا ناودەبرێن.

٥-تائیفەی ئەحمەد ئاغا. (ئەحمەد ئاغاو برایم ئاغا) لە یەک دایک بوون.

٦-تائیفەی عەلی ئاغا. (عەلی ئاغاو حەسەن ئاغا) لە یەک دایک بوون.


٧-تائیفەی هەباس ئاغا. (هەباس ئاغا) تەنها لە یەک دایک بووە.

(میرب داخ) لەدوای کۆچی باوکی، پایتەختی فەرمانڕەوایی لە دارەشمانەوە دەگوێزێتەوە بۆ دەشتی پشدەر. لەسەر قەڵاتێك كۆشك و تەلاری فەرمانڕەوایی دروست دەکات ، ئەم قەڵاتە کەوتووەتە رۆژئاوای شاری


قەڵادزە، ئێستا بە قەڵاتی قەڵادزێ ناودەبرێت.

بە وتەی زۆربەی پیاوە کۆنەکان و زانا و بیرتیژەکان، ئەم قەڵاتەی کە (میرب داخ) كۆشك و تەلاری فەرمانڕەوایی لەسەر دروستکردووە، لە سەردەمی ساسانییەکاندا (دانیکۆر)ی برای (فەروخ شای مەرگە) دروستیکردووە، بە خەڵکی هەژار و رەش و رووت، کە لە ژێر قەڵەمڕەویی ئەودا بوون.

(میرب داخ) گوندێکی کەیشی دروستکردووە بە ناوی خۆیەوە لە رۆژهەڵاتی شاری قەڵادزە، ناوی نا میرب داخ، بۆ ئەو کەسوکار و کەسانەی لە گەڵیدا هاتوون، بەڵام بە مرووری زەمان ناوی گۆڕا بە (گرب داخ). ئینشائەڵڵا لە داهاتوودا کورتەیەك لە ژیانی باپیرە گەورەی عەشیرەتی میراودەلی دەدوێین، کە فەقێ ئەحمەدی دارەشمانەیە.




**نەخشەی پشدەر - قەڵادزە**



روستم آغا
محمود آغا
روستم
سردار
شیخ عیسا


### دروست بوونی ئەم شەجەرەیە

زۆر دەمێک بوو لەگەڵ هەباسی کورم بیرمان لەوە دەکردەوە کە شەجەرەیەکی وا دروست بکەین، کە شیاو بێتو ناوی سەرجەم عەشیرەتەکەمانی تێدا بێت. دوای بیر کردنەوەیەکی زۆر بیرو رامان هاتە سەر ئەم شێوەیەی کە ئێستا لەبەر چاوی خوێنەراندایە. هیوامان وایە خوێنەرانو بینەران پەسندی بکەن. ئەوەبوو هەباس لە ساڵی ١٩٩٤ هەڵسا بە لە خۆ بوردنێکی زۆرەوەو گەران بە شوێن ئەو کەسانەی کە زانیارییان هەیە دەربارەی تائیفەکەی خۆی. زۆر جار کە هەباس دەهاتەوە دەیوت: کە دەچوومە لای ئەو کەسەی کە زانیاریی هەیەو باسم لەگەڵ دەکرد، لە دوای سەعاتێك لێکۆڵینەوە، بۆ چیتەو چیی لێدەکەنو سوودی چییە؟ تا تێیم دەگەیاند، زۆری پێ دەچوو، بە هەر حاڵ توانیی لە ماوەی چەند مانگێکدا تەواوی بکات. هەر هەباس لەسەر نەخشەی خۆی لەسەر فایلێك دارێکی دروست کردو لەسەر پەلکە گەڵایەك ناوێکی لەسەر دەنووسی، بە شێوەیەکی رێکو پێك، وەکو کورو نەوەکانی حەمە ئاغای گەورە. حەمەد ئاغای گەورە (١٦) شانزە کوری بە بەروبوومی هەبووە. بۆیە هەر کورەو دارێکیانی بۆ دروست کردووە. جگە لە دوو کوری حەمەد ئاغا نەبێت لەبەر کەمیی لەگەڵ کورێکی تر دەمج کراوە. وەکو (موسا ئاغا) کە کەمە لەگەڵ رەسوڵ-ی برای لەسەر یەك فایل دروست کراوە، هەر وەکو (حەسەن ئاغا) لەبەر کەمی لەگەڵ (ئاودەڵ)ی برای لەسەر یەك فایل دروست کراوە. جگە لە تائیفەی (هۆمەر ئاغا)، کە هۆمەر ئاغا برا گەورەی (حەمەد ئاغا) بووە، هەروەها جگە لە تائیفەی (رۆستەم ئاغا) مامی (حەمەد ئاغا) بووەو هەروەها تائیفەی (وسوو ئاغا) کە وسوو ئاغا کوری حەسەن ئاغایەو حەسەن ئاغاش کوری مەحمود ئاغای مەشهور بووە بە(مەحموده کوورە)و لەنەسلی میراودەلییانە. ئەوانەش هەر یەکەو لە فایلێکدا دروست کراون.. لە

دوايیدا ئیستینساخ کراوەتە سەر وەرەقەی کاغەز، ئینجا لەکۆتاییدا داوا لەسەرجەمی خزمانی میراودەلی دەکەین ئەگەر کەموکووڕیی لەناوەکاندا هەبوو،تاوان لەئێمەدا نییە، بەڵکو لەو کەسانەیە کەزانیارییان لێ وەرگیراوە.

**ئەمەش ناوی تائیفەکانە بە تاك و بە کۆ**


| ناوی سەرجەم تائیفەکان | کۆ | ژمارەی هەر یەك لە تائیفەکان |
|---|---|---|
| ١-تائیفەی بەگزادە، بەرەبابی مستەفا ئاغا. | ٩٣١ کەس | ٣٨٤ |
| ٢-تائیفەی بەگزادە، بەرەبابی حسەین ئاغا. | | ١٧٥ |
| ٣-تائیفەی بەگزادە، بەرەبابی ئاودەل ئاغا. | | ١٣٤ |
| ٤-تائیفەی بەگزادە، بەرەبابی حەسەن ئاغا. | | ٤٩ |
| ٥-تائیفەی بەگزادە، بەرەبابی عەزیز ئاغا. | | ١٨٩ |
| ٦-تائیفەی عەلی ئاغا بەرەبابی عەلی ئاغا | ٤١٦ | ٣٧٤ |
| ٧-تائیفەی عەلی ئاغا بەرەبابی حەسەن ئاغا | | ٤٢ |
| ٨-تائیفەی مەحمود ئاغا | ٤٣٩ | ٢٧٣ |
| ٩-تائیفەی خدر ئاغا | | ١٦٦ |
| ١٠-تائیفەی هەباس ئاغا | - | ١٧٠ |
| ١١-تائیفەی وسوو ئاغا | - | ٢٤٥ |
| ١٢-تائیفەی هۆمەر ئاغا | - | ٢١٢ |
| ١٣-تائیفەی ئەحمەد ئاغا | ٦١٤ | ٣٩٠ |
| ١٤-تائیفەی برایم ئاغا | | ٢٢٤ |
| ١٥-تائیفەی رەسوڵ ئاغا | ٤٢٥ | ١٧٢ |
| ١٦-تائیفەی مووسا ئاغا | | ١٧٦ |
| ١٧-تائیفەی قادر ئاغا | | ٧٧ |
| ١٨-تائیفەی رۆستەم ئاغا | - | ٥٠٩ |
| ١٩-تائیفەی بابەکر ئاغا | - | ٦٤٨ |
| کۆی گشتیی سەرژمێریی تائیفەکان | | ٤٦٠٩ کەس |



**بەرەبابی مستەفا ئاغا**



**بەرەبابی حسێن ئاغا**




بەرەبابی حەسەن ئاغا

بەرەبابی ئاودەل ئاغا




**تانفەی بەگزادێ - بەرەبابی عەزیز ئاغا**




**بەرەبابی عەلی ئاغا**




**بەرەبابی حەسەن ئاغا**





**بەرەبابی مەحمود ئاغا**



بەرەبابی خدر ئاغا




بەرەبابی هەباس ئاغا




تائفەی وسو ئاغا




**تائفەی هۆمەر ئاغا**




**بەرەبابی ئەحمەد ئاغا**



**بەرەبابی ابراهیم ئاغا**




تائیفەی موسا ئاغا　　　تائیفەی ڕەسول ئاغا





بەرەبابی قادر ئاغا




**تائفەی رۆستەم ئاغا - (أ)**




**تائفەی رۆستەم ئاغا - (ب)**



**بەرەبابی بابەکر ئاغا (أ)**



بەرەبابی بابەکر ئاغا (ب)

## کورتەیەکی کورت لە داستانە مێژووییەکەی باپیرە گەورەی هۆزی میراودەلی

*فەقێ ئەحمەدی دارەشمانە*

خوێنەرانی ئازیز. فەقێ ئەحمەدی دارەشمانە، پاڵەوانێکی گەلی کورد بووە. کە داستانێکی پڕ سەمەری بەجێ هێشتووەو هەموو گەلی کورد شانازیی پێوە دەکات و پێیەوە سەربەرزە، بە تایبەتی نەوەکانی. هەرچەندە مێژوو نووسان داستانە شکۆمەندەکەی فەقێ ئەحمەدیان فەرامۆش کردووەو بە دێڕی لەسەر داستانە مێژووییەکەی نەدواون، جا نازانم هۆی چیەو بۆ چ هۆیەك دەگەڕێتەوە؟

ئەوەی کەکەمێك بە درێژی باسی داستانی فەقێ ئەحمەدی نووسیبێت، بەڕێز (محەمەد فیدا) یە، من لێرەدا مێژوو نووسان تاوانبار دەکەم بە هۆی کەمتەرخەمی سەبارەت بە مێژووی فەقێ ئەحمەدی دارەشمانە.

لام وایە لە دوای فەقێ ئەحمەد، هیچ کەس لە گەلی کورد نەیتوانیوەبە تەنها بتوانێت مێژوویەکی ئاوا تۆمار بکات، کە گەلەکەی و نەوەکانی شانازیی پێوە بکەن.

خوێنەری خۆشەویست.. ئێمە بە گوێرەی توانای خۆمان کورتەیەکی کورت لە داستان و ژیانی فەقێ ئەحمەد دەخەینە بەر دیدەی خوێنەران، بەڵام ئەوەی کە دەیەوێت زیاتر بە فەقێ ئەحمەد ئاشنا ببێت و بیناسێت، با پەرتووکە چاپکراوەکەی بەڕێز محەمەد فیدا بخوێنێتەوە. پەرتووکەکەیش هەر بە ناوی (فەقێ ئەحمەدی دارەشمانە)وەیە..

خوێنەرانی ئازیز.. لە ساڵی (١٥٨٣)ی زایینی لە گوندی (مەرگە) کە ئێستا سەر بە ناحیەی (بنگرد)ەو سەر بە پارێزگای سلێمانییە، دوو سەردار، واتا دوو برا هەبوون بە ناوەکانی (کاکەمیرو کاکە شێخ)، کە لە گوندی ناوبراو دانیشتوون و دانیشتووانی گوندی مەرگە بە برا گەورەو سەرداری خۆیان داناون.

ئەم دوو برایە خاوەنی نانو خوانو دیوەخانو ڕێزو حورمەت بوون، دیارە لە بنەماڵەیەکی مەزنی گەلی کورد بوون، بەڵام هەر وەکو پێشینانمان دەڵێن: ( گوڵ بێ درك نابێت ) ، یان ( چەم بێ چەقەڵ نابێت).

هەر لە گوندی مەرگە، پیاوێك هەبووە بە ناوی (مام هەیدەر)، مەشهور بووە بە (هەیدەر شەیتان). مام هەیدەر خاوەنی خزمو کەسوکارو تیرەو هۆز بووە، بەڵام لە ژێرەوە زۆر دژی ئەو دوو برایە بووەو هەمیشە خەریکی پیلان نانەوە بووە بۆ لەناو بردنیان، بۆ ئەوەی خۆی لە شوێنیان دابنیشێتو حوکمڕانیی مەرگە، بگرێتە دەست خۆی.

لە ڕواڵەتیشدا خۆی بە دڵسۆزو خۆشەویستی ئەوان نیشان دەدا، بەڵام ئەو دوو برا دڵ سافە لە فێڵی ئەم هەیدەر شەیتانە بێ خەبەر بوون، مام هەیدەر خەریکی دانانی پیلانێك بوو، کە لە یەك کاتدا هەر دووکیان لەناو ببات، بە ماڵو منداڵیانەوەو بە یەکجاری کۆتایی بە دەسەڵاتیان بێت.. شەوێك مام هەیدەر بانگی هەموو خزمەکانی کردو وتی: "خزمینە ئەم دوو پیاوە ملهوڕەو بێ کەسوکارو هۆزو تیرەن، بە حەقی نازانم خۆ بەسەر ئێمەدا بسەپێننو گەورەییمان بەسەردا بکەن، ئەگەر ئێوە بە قسەم بکەنو هاوکاریم بکەن، لەناویان دەبەمو خۆمان گەورەو میری خۆمان دەبین"..

خزمەکانی وتیان تۆ چیت پێ باشە وا دەکەین.

مام هەیدەر وتی: "سبەی نیوەڕۆ بانگ هێشتنیان دەکەم، واتا دەعوەتیان دەکەم بۆ نان خواردن. ئێوە.. دە گەنجی ئازاو خەنجەر وەشێنو خەنجەر بە دەست ئامادە بکەن، هەر کە من وتم فەرموون با نان بخۆین، ئەو دە گەنجە پەلاماریان بدەنو بە خەنجەر قەتڵو عامیان بکەنو با ئەوانی تریش ئامادە بن؛ کە نۆکەرو دەستو پێوەند دەستیان کردەوە، بییان کوژن"..

خزمانی مام هەیدەر وتیان زۆر باشە.. ئەم شەوە بە تەواوەتی بەرنامەیان داڕشتو دە گەنجەکەیان دیاریی کرد.. بۆ بەیانی هەیدەر شەیتان چووە

دیوان‌و داوای له کاکه میرو کاکه شێخ کرد، که ئەم نیوەڕۆیە لای من نان بخۆن. کاکه میرو کاکه شێخ له فێڵی هەیدەر شەیتان بێ خەبەر بوون.

وتیان: بەڵێ..

لە کاتی نیوەڕۆ هەردوو میر لەگەڵ چەند کەسێك لە دۆستو پەیوەندەکانی خۆیان میوانی هەیدەر شەیتانی بوون. نان دانراو هەیدەر شەیتان وتی: فەرموون.. لەگەڵ فەرموون، هەر دە گەنجە خەنجەر بە دەستەکە پەلاماری ئەو دوو میرەیان داو دایاننە بەر مەودای خەنجەرانو کوشتیانن، بکەنو خۆیان بە کوشت بدەن.

تەنها یەکێك بە ناوی (حەمەی ئاجەرێ)، هەڵیکێشایە خەنجەری، شەڕێکی ڕۆستەمانەی لەگەڵ کردنو چەند کەسێکی لێ بریندار کردن و دوایی رایکردەوە بۆ ماڵەوە.

جا ئەو کاتو سەردەمە شاعیرانو هونەرمەندان ئەم پارچە هەڵبەستەی خوارەوەیان لەسەر هەیدەر شەیتانو حەمەی ئاجەرێ نووسیوە:

ئای لەبەر هەیدەر شەیتانی
میر بە فێڵی وی ئازانی
بانگی کردنە دیوەخانی
لە بۆی دانان چێشتو نانی
هەیدەری نمەك بە حەرام
پیاو ماقووڵی زرتو زەلام
کورە کورەی هێنانە دەر
هەموو دەستیان لەسەر خەنجەر
میری گەورەیان دانە بەر
لە دەستو لاقو سینگو سەر
خۆشی بوو بە شینو چەمەر

ئافەرین حەمەی ئاجەرێ

خۆی هاویشتە پاش چەپەرێ

دەست لەسەر مشتۆی خەنجەرێ

نازا گەوتە دەستەو کەرێ

سێ جوارێکی دانە بەرێ

واش نەکوژرا هاتە دەرێ

هەیرۆ لەو زوڵمەتەی کرا

بە جووت کوژران هەردوو برا

ماڵیشیان بە تاڵان برا

خێزانیش هەمووی سەر بران

دەك رووت رەش بێ هەیدەر شەیتان

کوێرایيت دایە لە چاوان

ئەو دوو میردت بۆچی فەوتان؟

بێ گوناح بوون ماڵو خێزان

هەیرۆ بۆ میری گەورە رۆ

قوری کوێ بکەینە سەری خۆ

ئینجا حەمەی ئاجەر کەزانیی توانای بەرگریی نییە، دەستی هاوسەری کاکە میری گرت و بە دزییەوە فراندی بۆ ناو باخ و باخاتی دۆڵی مەرگە خۆیان پەناداو تا شەو بە سەردا هات، بەڵام با ئەوەمان لە یاد نەچێت، لەم کاتە دڵتەزێنەدا، هاوسەری کاکە میری سکی پڕ بوو، واتە (حامیلە) بوو.

هەر کە شەو هات حەمەی ئاجەر هاوسەری کاکە میری بردو بەرەو گوندی (خدران) کە کەوتووەتە بەری شاخی کۆسرەت و ناوچەی چناران، ئەم دوو بێ نەوایە، پەنایان بردە بەر ماڵی کوێخا خدری خدرانێ.. کوێخا خدر زۆر بە رێزەوە پێشوازیی لێ کردن و ئەم ئافرەتەی وەك خوشکی خۆی

ڕێـزی لێ گـرت. لـه دوای نـۆ مـانگ و نـۆ ڕۆژ، خـوای گـەورە کورێکـی بـەم نافرەتە بەخشی، ناوی دەنێن (ئەحمەد)..

بە پێی نووسینی پـەرتووکی موحەمـەد فیدا، ئـەم کارەسـاتە دەکەوێتـە سـاڵی (١٦٣٣)ی زایینـی. (ئەحمـەد) لـە باوەشـی گـەرمو گـوڕی دایکیـدا پەروەردە بوو، تا تەمەنی گەیشتە حەوت ساڵان. ئینجا ناردیانە حوجرەی مزگەوت بۆ فێربوونی زانستو زانیاری. بەردەوام دەستیکرد بە خوێندن، بەمە ناوی فەقێ ئەحمەدی بە سەردا دابڕا. ماوەی حەوت هەشت ساڵ لە حوجـرە خوێنـدی، ئـەمجا وازی لـە خوێنـدن هێنـاو گـەورە بـوو، بـوو بـە گـەنجێکی تـەواو. ڕۆژێـك لـە ڕۆژان چـووە لای دایکـیو وتـی: دایـە: ئـەم گەنجانەی ئاوایی هەر یەکەو بە کارێکەوە خەریکن، من بێکارم..

دایکی وتـی: کوڕم چیت دەوێتو دەتەوێت چی بکەیت؟ فەقێ ئەحمـەد وتـی: دەمەوێت ولاغێكو شیرو تـیرو ڕمێکم بـۆ بکڕیـت، لەبـەر ئـەوە ئـەو سەردەمە باوی ئەو شتانە بووە.

دایکیشـی هـەموو پێویسـتییەکانی جـەنگی بـۆ کـڕی، فـەقێ ئەحمـەد ماوەیەکی زۆر دەستیکرد بـە خـۆ ڕاهێنـان لەسـەر چەکـەکانی جـەنگ، بـە شێوەیەکی زۆر باش فێری هەموو جۆرەکانی جەنگ بوو، لای هـەموو ئـەو گەنجانەی دەوروبەری خۆی خۆشەویست بوو، بە براگەورەو لێپرسـراوی خۆیان دانا.. ڕۆژێك لە ڕۆژان وتـی: "گەنجینە.. ئێمە هەموومان خۆمـان بـە پیاو دەزانینو خۆمان بە کارامە دەزانین، با چیدی قبووڵی ئـەوە نەکـەین زۆرداران و چەوسـێنەران فـەقیرو هـەژارەکانمان بچەوسـێننەوەو دەستدرێژیی نارەوایان بکەنە سەر". هەر لـەو سـەردەمەدا کیشوەری عیراق لە ژێر دەسەڵاتی عوسمانییەکاندا بوو، واتا تورکەکان..

تورکەکان زوڵمو زۆرێکـی زۆریـان لـە خـەڵکی ناوچەکە دەکرد، لە هـەمان کاتدا ئەو ناوچەیەی کە فەقێ ئەحمەدی لێ بوو، واتا (خدران)، دامودەزگای

عوسمانییەکانی لێ نەبوو، بەڵکو بنکەو بارەگایان لە شاری (کۆیە) بوو، بەڵام جار جار دەهاتن و دەست درێژییان دەکردە سەر هاوولاتیان.. فەقێ ئەحمەد-یش بەم دەست درێژییەی جەندرمەکانی تورکان زۆر نارەحەت بوو. ڕۆژێک لە ڕۆژان فەقێ ئەحمەد لەگەڵ هاوڕێکانی لێیان ڕاپەڕین و بەرپەرچی جەندرمەکانیان دایەوە، بەمە فەقێ ئەحمەد لە لای تورکەکان زۆر ناحەز بوو، ناحەزانی فەقێ ئەحمەد-یش زۆر ڕاپۆرتی نارەوایان لەسەر فەقێ ئەحمەد دەنووسی، تا بە تەواوەتی فەقێ ئەحمەد لەبەر چاوی تورکەکان زۆر ناحەز بوو، وای لێهات ویستیان بە فێڵ بیگرن..

ڕۆژێک لە کۆیەوە داوایان کرد، بچێت بۆ کۆیەو بیکەن بە فەرمانڕەواو مووچە خۆر لەم ناوچەیە.. فەقێ ئەحمەدیش بێ خەبەر لە ڕاپۆرتی چڵکاو خۆران و ناحەزانی، دەچێت بۆ کۆیە. بە گەیشتنی دەیگرن و پەل بەستی دەکەن و بەرەو موسڵ و لەوێشەوە بۆ حەلەب و لەوێشەوە بۆ ئەستەمبوڵ دەیبەن، بە ناوی ئەوەی کە دژی میر وەستاوە، فەقێ ئەحمەد (٧) حەوت ساڵ لە زیندانی ئەستەمبوڵدا دەمێنێتەوە، کەس هەواڵی نەدەزانی، ماوە یان نەماوە، چونکە لە پیرە دایکی خۆی بەو لاوە کەسی تری نەبوو..

لەم ماوەیەدا فێری زمانی تورکی و عەرەبی بوو بوو، هەر کارێک خوای گەورە بیکات، لای زۆر ئاسانەو خوای گەورە ویستی وابوو فەقێ ئەحمەد لە زیندان ڕزگاری ببێت.

مقۆ مقۆ لە ناو زیندانییەکان پەیدا بوو، دەیان گوت: پاڵەوانێکی ڕەشی ئەفریقایی هاتووە بۆ شاری ئەستەمبوڵ، دەڵێن تا ئێستا نە لە ئەورووپاو نە لە ئەفریقیاو نە لە ئاسیا کەس پشتی لە ئەرز نەداوە، پاشای عوسمانییەکان تینی بۆ هاتووەو دەترسێت لەوەی ئەم قوڵە ڕەشە بەسەر موسڵمانانندا زاڵ بێت..

فەقێ ئەحمەد لە ڕۆژێکی ئاوا دەگەڕا.. خۆی لە مقۆ مقۆکە نزیک کردەوە، بە تەواوەتی تێگەیشت و وتی: ئەگەر ئێستا من لە زیندان نەدەبووم و بە کەیفی خۆم ولاغ و چەکی جەنگیم دەبوو، هەر بۆ خۆم دەمزانی چیم بەسەر دەهێنا..

با لێرەدا لە کورتی بیبڕینەوە و سەرتان نەئێشێنم ئەم قسەیەی فەقێ ئەحمەد گەیشتەوە بە پاشا یان میری عوسمانییەکان و دەڵێن پاشای عوسمانییەکان ناردی لە زیندان هێنایانە دەرەوە، فەقێ ئەحمەد حەمام لە مێشیان کرد و بەرگێکی پاکیان لەبەر کرد و پاشا وتی: دەتوانیت لەگەڵ ئەم قولە ڕەشە پاڵەوان بازی بکەیت؟ فەقێ ئەحمەد وتی: بەڵێ.

پاشا وتی: ئەگەر سەرمان بەرز بکەیتەوە و سەری موسڵمانان شۆڕ نەکەیت، هەرچی دڵت بخوازێت بۆت جێبەجێ دەکەم. فەقێ ئەحمەد وتی: گەورەم بفەرموون ولاغێکی ڕەسەن و چەکی جەنگیی باشم بۆ بهێنن و شوێنێکم بۆ تەرخان بکەن ماوەی دە پانزە ڕۆژ بحەسێمەوە و خۆم ڕا بهێنمەوە و خۆم ئامادە بکەم بۆ مەیدان داری.

لەسەر داخوازیی فەقێ ئەحمەد، فەقێ ئەحمەد چیی پێویست بوو، پاشا بۆی جێبەجێ کرد، ئینجا فەقێ ئەحمەد ماوەیەک دەستیکردەوە بە خۆ ڕاهێنانەوە، ئەمجا هەواڵی دا بە پاشا، کە ئامادەم بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی قولە.

بە فەرمانی پاشا لەناو هەموو کوچە و کۆڵانی شاری ئەستەمبوڵ بانگەواز کرا، سبەینێ دوای نیوەڕۆ لە گۆڕەپانی ناو شار، مەیدان داریی دوو پاڵەوانی بەهێزە، یەکێکیان قولەی ئەفریقی و ئەویتریان پاڵەوانێکی کوردی موسوڵمانە، ئەوەی حەز دەکات و تامەچێژ لەم مەیدان دارییە وەربگرن، لەم کاتەدا لەم شوێنەدا ئامادە بێت، دانیشتووانی شاری ئەستەمبوڵ کە گوێیان لەم بانگەوازە بوو. ئەو شەوە خەویان لێ نەدەکەوت و کێچ کەوتبووە

کەوڵیانەوە، چاوەڕوانی ڕۆژی ڕووناکیان دەکرد. لە کاتی دیاریکراودا هەموو شاری ئەستەمبوڵ لە شوێنی دیاریکراو ئامادە بوون و چاوەڕوانی هاتنی ئەم دوو پاڵەوانە بوون.

لەم لایشەوە پاشا و وەزیران و شالیاران و کاربەدەستانی میری دانیشتبوون. لە پڕ دوو سوار واتا دوو پاڵەوانی بەهێز هاتنە مەیدان و لە گۆڕەپانی مەیدان ئامادە بوون. هەر بە گەیشتنی ئەم دوو پاڵەوانە، لە هەر چوار دەوری گۆڕەپان، دەنگ و هاوار و هەم هەمەی دانیشتووان بەرز بووەوە، هەر چاوێکیان کردبوو بە چوار چاو. هەردوو سوارەکە چەند جار بە نەرمە غار بە دەوری گۆڕەپانەکەدا هاتن و چوون.

فەقێ ئەحمەد بە هۆی زمان زانین بە پاڵەوانی وت، بۆم دەردەچیت، یان بۆت دەرچم؟ پاڵەوانی ڕەش وتی بۆم دەربچۆ.. فەقێ ئەحمەد ئەسپەکەی تاوداو ڕاپەڕی و قولە ڕەش بە دوایدا دوو جار بە دەوری مەیداندا سووڕاندییەوە، بۆ جاری سێیەم گرمەیەکی لێ هات واتا خۆت ئامادە بکەو وریابە، کاتێک قولە ڕەش جلیتی گرتە فەقێ ئەحمەد، پاڵەوانی بێ وێنە خۆی خستە بەر زکی ئەسپەکەی و جلیت لەسەر زینی دا، ڕۆیشت و حەمدو سەنا بۆ خوای گەورە فەقێ ئەحمەد سەلامەت بوو. قولە ڕەش کە چاوی بە فەقێ ئەحمەد کەوت سەلامەتە و ماوە، بە هەردوو چەپۆک بە سەری خۆیدا داو هاواری کرد و وتی: ڕۆژم تەواوە..

ئەمجا فەقێ ئەحمەد بە قولەی وت: بۆم دەرچۆ، قولە دەرچوو، تا دوو جار بە دەوری گۆڕەپاندا سووڕانەوە، بۆ جاری سێیەم فەقێ ئەحمەد دەنگی قولەی داو وتی: هات، بەڵام جلیتی تێ نەگرت، قولە خۆی خستە بەر زکی ولاغەکەی و لە قولە وایە فەقێ جلیتی تێگرتووە، ڕاست بووەوە..

ئەمجا فەقێ ئەحمەد جلیتی تێگرت و لە پشتی داو لە سەر سنگی دەرچووو کەوتە خوارەوە لە ئەسپەکەی.. موسڵمانان کەوتنە چەپڵە و

خۆشحاڵی.. جا بۆ ئەم فێڵەش (پێغەمبەر) فەرموویەتی (الحربُ خُدعَة)، واتا جەنگ فێڵ زانینە، بە هەر شێوەیەک بەسەر دوژمندا زاڵ بیت سەرکەوتنە.. بەم جۆرە بە یارمەتیی خوای گەورە فەقێ ئەحمەد سەرکەوت.

ئەمجا لە لایەن پاشاو وەزیران و شالیاران و مووچە خۆرانی میرو هاووڵاتیانی ئەستەمبوڵ بوو بە هەل هەلەو چەپڵە ڕێزان و هەر ئەم کاتە پاشای تورکان فەقێ ئەحمەدی خەڵات کردو بە نامەی تایبەت کرا بە فەرمانڕەوای بەشێک لە کوردستانی عیراق و ئێران. واتا هەر لە کۆیەوە بگرە تا سابلاغ خرایە ژێر رکێفی فەقێ ئەحمەد، چونکە ئەم کاتە نیوەی خاکی ئێرانیش لە ژێر دەسەڵاتی عوسمانییەکاندا بوو، واتا فەقێ ئەحمەد ئازاد بوو، هەر بەم چەک و ولاغ و جلو بەرگەوە گەڕایەوە کوردستان و گوندە خنجیلانەکەی خدران. بە گەیشتنەوە لە گوندی خدران لە لایەن دایک و هاوڕێ و هاووڵاتیان بوو بە شایی و هەڵپەرکێ، بە بۆنەی هاتنەوەی فەقێ ئەحمەد لەم سەفەرە نادیارەدا.

ئەمجا لە لایەن میری عوسمانییەکانەوە ناوی فەقێ ئەحمەدی لەسەر لاچوو ناو نرا میر ئەحمەد.

کاتێک میر ئەحمەد پەیامی میرییەتیی درایەو بوو بە میر، هەندێک لایەن دەڵێن چووەتە سەر هەیدەر شەیتان و هەموویانی لە تۆڵەی باوکی و مامیدا قەتڵ و عام کردوون، بەڵام بەڕێز موحەمەد فیدا لە پەرتووکەکەیدا دەڵێت: عەفووی کردووە واتا لێیان خۆش بووە.

میر ئەحمەد دوای مانەوەیەک لە گوندی خدران لەگەڵ کۆمەڵێک لە هاوڕێیانی ماڵئاوایی لە کوێخا خدری خدران کردووەو بە ماڵەوە ڕۆیشتووە بۆ ناوچەی پشدەرو لە گوندی (دارەشمانە) جێگیر بووە، کاتێک فەقێ ئەحمەد لە دارەشمانە جێگیر بوو، هەواڵی فەرمانڕەوایی و میریی بە ناو هۆزەکانی پشدەرو مەرگەو بیتوێن و بەشێک لە ئێران بڵاو بووەوەو دەستە

دەستە ریش سپیو پیاو ماقووڵو سەرەك هۆزەكان دەهاتنە لای میر ئەحمەد بۆ پیرۆز بایی.

لە دوای چەند ساڵێك لە لایەن میری عوسمانییەكانەوە نامەیەكی بۆ هات كە بەشداریی ئەو شەڕە بكات كە قەیسەری رووس دەیەوێت دەست درێژی بكاتە خاكی موسوڵمانان واتا بەشێك لە خاكی ئێران، بە تایبەتی كوردستانی ئێران. میر ئەحمەدیش بۆ بەرگریی لە خاكی موسڵمانان، لەشكرێكی رێكخستو رۆیشت لە نێوان سابلاغو ورمێ لەگەڵ سوپای توركەكان یەكترییان گرتەوەو روو بە رووی سوپای رووس وەستان. چەكی ئەو سەردەمەیش شیرو تیرو كەمەندو رمو خەنجەر باو بووە، لە هۆزو تیرەكاندا، بەڵام ئەو سەردەمە باو وابووە پاڵەوان بازیی هەبووە لە مەیداندا، لە سوپای رووسەكان پاڵەوانێكی نیقاب پۆش هەموو رۆژێك دەهاتە مەیدانو هەر پاڵەوانێكی عوسمانییەكان چووبایە مەیدان، نیقاب پۆش دەیگرتو بە دیلی دەیبردە ناو سوپای خۆی، تا رۆژێك میر ئەحمەد داوا لە میری عوسمانییەكان دەكات كە رێگای بدات بچێتە مەیدان، میری عوسمانییەكان وتی: نابێت بچیت، زۆر حەیفە ببیت بە ئەسیری ئەم نیقاب پۆشە، بەڵام میر ئەحمەد چەند جار داوای كردەوە كە بچێت بۆ مەیدان، لە دوای چەند جار داواكردن، میری عوسمانییەكان رێگای بە میر ئەحمەد داو میر ئەحمەد چووە مەیدانو لەگەڵ پاڵەوانی نیقاب پۆش كەوتە پاڵەوان بازیو مەیدان داری، لە دوای چەند كات ژمێرێك، میر ئەحمەد كەمەندی هاویشتو نیقاب پۆشی گرتو لە وڵاغەكەی هێنایە خوارێو خستیو چۆكی لەسەر سنگی داداو خەنجەری لێ هەڵكێشا، نیقاب پۆش نیقابەكەی لاداو میر ئەحمەد تەماشای كرد ئافرەتە.. میر ئەحمەد لە كوشتنی پەشیمان دەبێتەوەو پەلبەستی دەكاتو دەیهێنێتەوە بۆ ناو لەشكرو سوپاكەی خۆی.

کە سوپای رووسەکان پاڵەوانەکەیان دیل بوو، بێ ورە دەبنو هەڵدێنو دەشکێن. ئینجا سوپای تورکەکان بە دوایاندا دەڕۆن تا لە خاکی خۆیان دەریان دەکەن. کاتێك گەڕانەوە میری تورکەکان، بە فەقێ ئەحمەد دەڵێت: نیقاب پۆش دیلی خۆتە، دەیکوژیت، دەی بەخشیت، لە ژێر دەسەڵاتی خۆتدایە.. فەقێ ئەحمەد بە خۆیو بە لەشکرەکەیەوە لەگەڵ دیلی نیقاب پـۆش دەگەڕێنـەوە بـۆ دارەشمانـە. ئینجـا کـە دەگەنـەوە دارەشمانـەو دەحەسێنەوە، فەقێ ئەحمەد بانگی نیقاب پۆش دەکاتو چەند پرسیارێکی لێ دەکات: میر ئەحمەد لە نیقاب پۆش دەپرسێت: تۆ کێیتو خەڵکی کام وڵاتیتو تۆ بۆ هاتوویت بۆ جەنگ؟

پاڵەوان وتی: من ناوم قەیفانە یان کەیقانە کچی قەیسەری رووسمو تا ئێستا کەس پشتی منی لە ئەرز نەداوە، تۆ یەکەم کەسی. ئینجا فەقێ ئەحمەد داوای لێ دەکات کە موسوڵمان بێتو شووی پێ بکات، بەڵام قەیفان لە وەڵامدا دەڵێت: موسوڵمان نابمو شووت پـێ ناکەم، لەبەر ئەوەی من خاوەن دەستگیرانمو دراوم بە ئامۆزای خۆم لە شاری (پێتریس بۆرگ) کە پایتەختی رووسیایە.

کاتێك فەقێ ئەحمەد ئەم وتەیەی لێ دەبیستێت بە خوشکی خۆی قبووڵی دەکات.. بەڵێ چیرۆك شتی زۆر درێژ کورت دەکاتەوە، ماوەی ساڵێك لە ماڵی فەقێ ئەحمەد دەمێنێتەوەو فێری زمانی کوردی دەبێتو وەك کچی ماڵێ نیشو کار دەکات، بەڵام لە هەلێك دەگەڕا، کە بۆی هەڵبکەوێت بۆی دەربچێتو بگاتەوە سنووری رووسیا.

ڕۆژێك فەقێ ئەحمەد لەگەڵ کۆمەڵە سوارێکی خۆی دەچێتە ناوچەی مەرگە، بۆ سەردانی سەرەك هۆزەکانی ئەو ناوچەیە. لەو کاتەدا مەنگوڕەکان بە هەلی دەزانن کە فەقێ ئەحمەد لە ماڵ نییە، پەلاماری مەڕو ماڵاتی پشدەر دەدەنو دەیبەنو دەڕۆن، لەم کاتەدا هەواڵ بە ماڵی فەقێ ئەحمەد دەدەن.

قەیفان کە تەماشا دەکا کەسی لێ نییە بەر پەرچیان بداتەوە، بۆ خۆی لێی سوار دەبێتو بە تاکە سوارە شوێن مەنگوڕەکان دەکەوێت، لە بناری قەندیل دەیان گاتێو شەڕێکی بێ وێنەیان لەگەڵ دەکاتو تاڵانەکەی دەستێنێتەوە.

ئینجا قەیفان دێتەوە بەر دەرگای ماڵی فەقێ ئەحمەدو بە دایکی فەقێ ئەحمەد دەڵێت: "دایەگیان میر ئەحمەد لە شەڕدا منی گرتو نەیکوشتمو ئەرکی بەسەر منەوە هەبوو، ئێستاش تۆزێک چاکەی خۆم داوەتەوە، من دەڕۆمەوە بۆ وڵاتی خۆم، هەر کە میر ئەحمەد هاتەوە رووداوی بۆ بگێڕەرەوەو بڵێ دوای من نەکەوێت، دەست ئەو ناکەومەوە".

ئەمەی وتوو هەر بەو جلوبەرگو ولاغو چەکەوە پشتی لە ماڵی میر کردو ئاوزەنگی لێداو رۆیشت. دوای چەند کات ژمێرێک فەقێ ئەحمەد دەگاتەوە ماڵەوەو دایکی رووداوی هاتنی مەنگوڕانو رۆینی قەیفانی بۆ دەگێڕێتەوە. میر ئەحمەد بە بیستنی رۆینی قەیفان دونیا لەبەر چاوی تاریک دەبێت.

فەقێ ئەحمەد هەر ئەم کاتە بڕیار دەدات دوای بکەوێتو بیگێڕێتەوە، میر ئەحمەد رووی لە دایکی کردو وتی: "دایەگیان تا دەگەڕێمەوە تۆ لە جیاتی من سەرپەرشتیی وڵات بکە".

هەرچەندە دایکی هاوارو دادی لێکرد، بێ سوود بوو، وتی: "یان سەری خۆم دادەنێم یان دەی گێڕمەوە".

میر ئەحمەد ئاوزەنگیی لێداو رۆیشت؛ لە دوای سێ شەو رۆژ، لەم شار بۆ ئەو شار، لەم دێ بۆ ئەو دێ پرسیارکردن لە شوانو گاوانو رێبوار، بۆ رۆژی چوارەم لە نزیک (ورمێ) دوور سوارێکی بەدیی کرد تۆزە باریکەی لەسەر راوەستابوو زانیی کە ئەم سوارە و بە پەلەیە قەیفانە، ئەویش ئاوزەنگیی لێداو بە دوایدا کشا تا دوورو نزیک گەیشتێ، بانگی کرد: قەیفانە.. راوەستە..

قەیفان کە ئاوڕی دایەوە دیی ئەوە میر ئەحمەدەو شوێنی کەوتووە، قەیفان راوەستاو وتی: من بە دایکتم نەوت بە شوێنمدا نەیەیت، ئێستا بۆچی هاتوویت؟

میر ئەحمەد وتی: "قەیفان سەرێکەو هێناومە یان لەگەڵم دەگەڕێیتەوە، یان لە گەڵت دێم". قەیفان وتی: نە لەگەڵت دەگەڕێمەوە، نە لە گەڵیشم وەرە، لەم دەمەتەقێیەدا لێیان دەبێت بە شەڕ، فەقێ ئەحمەد دڵی نەدەهات بە راستی شەڕی لەگەڵ بکات، بەڵام کەیفان بە راستی دەیکرد، خوا خوای بوو رزگاری ببێت و بڕوات، لەم شەڕەدا میر ئەحمەد بە سەختی بریندار دەبێت، کەیفان کەزانیی میر ئەحمەد بریندار بووە، ڕۆیشت.

چەند هەنگاوێك ڕۆیشت و پەشیمان بووەوەو وتی: زۆر حەیفە بە بێ کەسی لێرە بمرێت. گەڕایەوەو سواری ولاغەکەی خۆی کردو بردی بۆ گوندێك لەو نزیکانە، لە ماڵی کوێخای ئاوایی داینا و وتی: "لەم خڕو دۆڵانە چەتەمان هاتووەتە سەر ڕێ و شەڕیان لەگەڵ کردووین، ئەوە برامە با لێرە بێت تا دەگەڕێمەوە، کەسوکارم ئاگادار دەکەم". بڕێك پارەی بۆ بەجێ هێشت و وتی: بۆی سەرف بکەن بۆ داوو دەرمان..

کاتێك قەیفان، فەقێ ئەحمەدی تەسلیم بە ماڵی کوێخا کرد، بۆ خۆی سوار بووو ڕۆیشت. دوای ماوەیەك فەقێ ئەحمەد هاتەوە هۆش خۆو وتی: من بۆ لێرەم؟ وتیان خوشکت بۆ ئێرەی هێناویت و وتی جەردە هاتوونەتە سەر ڕێگامان و کاکم بریدار بووە، ئەو چووەتەوە بە شوێن خزمو کەسو کارتدا، ئەمجا فەقێ ئەحمەد زانیی کارەسات چۆنە..

هیچ دەنگی نەکردو چەند ڕۆژێك لەوێ مایەوە تا برینەکانی سارێژ بوون، ئەوجا هەڵسا ڕۆیشت و بە دوای کەیفانە ئەسپی تاودا.. دوای چەد ڕۆژێك گەیشتە سەر (ئاوی ئاراس)ی سنووری رووسیاو لە گوندێك چەك و ولاغ و هەندێك شتی زیادەی کە پێویست نەبوو فرۆشتی و جل و بەرگەکەی خۆی

گۆڕیو جلو بەرگێکی رووسیی لەبەر کردو لە ناوی ئاراس پەڕییەوەو روویکردە خاکی رووسیا، بە هۆی زانینیزمانی تورکی وایان دەزانی دانیشتووی (قەفقاز)ەو لە ئازەربایجانی رووسە، چەند رۆژ مایەوە بە سەرگەردانیو بێ پەنا بۆ هەواڵ زانینی قەیفان دەگەڕا، تا رۆژێك گەیشتە شاری (پێترس بۆرگ) کە پایتەختی ئەو کاتەی رووسیا بوو.

کاتێك فەقێ ئەحمەد گەیشتە ئەم شارە، تەماشای کرد شار بە شێوەیەك خرۆشاوەو رازاوەتەوەو چراخان کراوە، خەڵك جلو بەرگی ئاڵو واڵیان لەبەر کردووەو لە هەموو گۆڕەپانو کۆڵانو شەقامێك شاییو هەڵپەڕینە. میر ئەحمەد لە یەکێکی بە تورکی پرسیو وتی: "برا ئەم بەزمو رەزمە چییە؟" کابرا وتی: "نازانی ئەم شاییو گۆبەندە چییە؟ ئەمە بە هۆی هاتنەوەی شازادە خانم قەیفان کچە خۆشەویستەکەی قەیسەرە، کە زیاتر لە ساڵێکە بە دەستی پاڵەوانێکی کوردان گیرابوو، دیل بوو، ئەمڕۆ هاتووەتەوەو ئەم شەو بە بووکی بۆ دەزگیرانەکەی دەیگوێزنەوەو دەیبەنە کلێسەی گەورە".

میر ئەحمەد کە ئەم هەواڵە دڵتەزێنەی بیست، دونیای لەبەر چاو بوو بە شەوەزەنگو بێ هیوا بوو، بەڵام لە هەمان کاتدا تانەی لە خۆ داو وتی: دەك عەیب بکەیت میر ئەحمەد، پیاو دەبێت لە رۆژی تەنگانەدا پیاو بێت، بیر لە سەرکەوتنی خۆی بکاتەوە، دەبێت هەر ئەم شەو یان خۆم دەفەوتێنم، یان دەستی خۆم دەوەشێنم..

میر ئەحمەد هەڵسا خۆی تێکەڵ بە حەشاماتەکە کردو وا خۆی پێشان دا، کە ئەویش یەکێکە لەو کەسانەی کە زۆر حەز بەم ئاهەنگە دەکات.

لەم کاتەدا هەلهەلەو چەپڵە ڕێزان دەستی پێکرد، کە تەماشای کرد وا گالیسکەی بووكو زاوا هات.. میر ئەحمەد سەیری کرد وا قەیفان بە جوانترین شێوە رازاوەتەوە، بوكو زاوا لەبەر دەم کلێسەی گەورە دابەزینو

چوونە سەرەوە بۆ ژووری تایبەتیو حەسانەوە، نەک ژووری پەردەی بووکو زاوا.

وەک دەڵێن: میر ئەحمەد لەگەڵ حەشاماتەکە خۆی بە ناو کڵێسەی گەورەدا کردو پرسیی ژووری پەردەی بووکو زاوا کامەیە.. بەهۆی تێکەڵبوونی حەشاماتەکە، چووە ژووری پەردەی بووکو زاوا، لەپەنایەکدا خۆی مەڵاس کرد.

پاسەوانانو دەستو پێوەندی پاشا، بە هۆی ئەم زەماوەندەوە هێندەیان شەراب (مشروب) خواردبووەوە، هەر یەکەو لە لایەک بێ هۆش کەوتبوون، کڵێسەی بووکو زاوا بێ خشپەو بێ هەست بوو بوو، لە دوای حەسانەوە، بووکو زاوا هاتنە ژووری پەردە، واتا ئەو ژوورەی کە میر ئەحمەد خۆی لێ حەشار دابوو. میر ئەحمەد چاوی لە هەموو هەڵسوکەوتێکی بووکو زاوا بوو.. با ئەوەشمان لە یاد نەچێت؛ عاداتی قەیسەرییەکان وابوو، دەبووایە بووک بچێت لە پێشەوە دەستی زاوا ماچ بکات، ئەمجا زاوایش ئەم لاو ئەو لای بووک ماچ بکاتو لە تەنیشتیدابنیشێت.

میر ئەحمەد تەماشای کرد؛ قەیفان دەستی بە سینەوە بەرەو رووی زاوا هات. زاوایش لەسەر تەختێکی زێرین دانیشتبوو، قەیفان خەریک بوو دەستی زاوا ماچ بکات، بەڵام زاوا لە پڕ پشتە دەستێکی لە دەمی قەیفان داو دەمی پڕ کرد لە خوێن.. قەیفان بە هێمنییەوە وتی: ئامۆزا گیان، بۆ وات لێ کردم؟

زاوا وتی: "وا وا لێکراوی نا رەسەن، تۆ ماوەی ساڵێک زیاترە کە دیلیەتیی کورداندا بوویت، بە کەیفی خۆیان لەگەڵیان رابواردوویت، ئێستا بە نیوە چڵیو پاشماوە هاتوویتەوە بۆ من. دوای ئەوەی کوردەکان لێت وەرس بوونو دەریان کردوویت".. لەم قسەیەی زاوا قەیفان هەناسەیەکی ساردی هەڵکێشاو وتی: " راست دەکەیت، ئەگەر من لەسەر پەیمانی خۆم

لەوێ بۆ تۆ نەهاتمایەوە، ئێستا تۆیش وات لێ نەدەکردم.

ئەو کوردەی کە منی لە مەیدانی جەنگ بە دیل گرت، زۆر لە تۆ پیاوترو ئازاترو پاڵەوان تر بوو. منی بە خوشکی خۆی قبووڵ کرد. لە پێشەوە زۆر تکای لێ کردم کە موسوڵمان ببمو بچمە سەر ئاینی ئەوانو مێردی پێ بکەم، بەڵام من لەسەر پەیمانی خۆم سوور بووم، بۆ تۆ هاتمەوە، ئەوەش وەفای تۆیە.. ئاخ فەقێ ئەحمەد لە کوێیتو خۆزگە لێرە بووایە، جا تۆ توانات هەبووایە لە رووی ئەو کەڵە مێردە رابوەستایتو چاوت بەرز بکردایەتەوە".. کە کەیفان ئەم قسانەی کرد، فەقێ ئەحمەد هیچ توانای خۆ راگرتنی نەماو راستەوخۆ پەردەی لاداو وەکو شێری بێشە پەلاماری زاوی داو زاوای لە خوێندا گەوزاندنو بە خەنجەر کوشتیو بە دۆزەخی گەیاند.

قەیفان کە سەرنجی دا ئەوە فەقێ ئەحمەدە، وتی: فەقێ ئەحمەد وازت هەر نەهێناو هەر هاتی بە دوامدا، هەتا ئەم گۆبەندەت نایەوە. فەقێ ئەحمەد وتی: تازە کار لە کار ترازاوە، هەڵسە با بڕۆین..

قەیفان کە زانیی کارەکە زۆر گەورەیەو مانەوەی ناکرێت، هەڵسا دوو ولاغی لە تەویلە دەرهێناو بە جووتە هاتنەوە بەرەو کوردستان.

بەیانی پاسەوانان لە هۆش خۆ هاتنەوەو قەشەی کڵێسای گەورە هات بەرەو ژووری بووکو زاوا چوو، کە چووە ژووری بووکو زاوا، چیی بینی.. وای زانی خەونە، کەمێك راوەستاو کە تەماشای کرد زاوا لە خوێندا خەڵتانەو بووکیش دیار نییە. قەشەی کڵێسە ناچار بانگی پاسەوانێکی کرد، کە کارەساتیان بە چاوی خۆیان بینی، پاسەوانەکان بە هەردوو چەپۆك بە سەری خۆیاندا کێشاو وتیان پاشا هەموومان سەر دەبڕێت. بە کورتی هەواڵ گەیشتە پاشا.

پاشا بە پەلە لەگەڵ کۆمەڵێك وەزیرو کار بە دەستانی میری هات بۆ کۆشکی بووکو زاواو کارەساتی بە چاوی خۆی دی. شا بە پەلە فەرمانی

دەركرد، بە زووترین كات بە سەدان سەرباز ئامادە بنو بكەونە شوێن قەیفان، یان بە مردوویی یان بە زیندوویی بیهێننەوە. پاشا وای گومان كردبوو قەیفان ئەم كارەساتەی قەوماندووە، نەیدەزانی فەقێ ئەحمەدی سیری كوردان ئەم مێژووەی تۆمار كردووە، لەو لایشەوە فەقێ ئەحمەدو قەیفان بە پەلەو پرتاو دەڕۆیشتنو ڕێگایان دەبڕی بە شەو، بەڵام بە ڕۆژ خۆیان پەنا دەداو لە تاریكیی شەودا ڕێگایان دەبڕی، بەڵام لە لایەكی ترەوە هێزو سوپای پاشا دوایان دەكەوتن، بەڵام تۆزیان نە دەشكاندنو هێزی شا لە سنووری كوردان گەڕانەوە، با لێرەدا لە كورتی بیبڕینەوە.. فەقێ ئەحمەدو قەیفان بە سەلامەتی گەیشتنەوە دارەشمانەی پایتەختی تۆماركەری مێژوو لە پشدەر.

كاتێك فەقێ ئەحمەدو قەیفان گەیشتنەوە دارەشمانە، میر حمەد بانگی كۆمەڵێك لە زاناو مەلاو ریش سپیو سەرەك هۆزەكانی كردو ڕووی دەمی كردە میوانانو وتی: بانگی قەیفان بكەن، ئایا ئامادەیە موسوڵمان ببێتو شوو بە پێ بكات..!؟

كاتێك میوانان ڕوویان لە قەیفان كردو ئەم پرسیارەیان لێ كرد، قەیفان وتی: "ئەگەر موسوڵمان نەبوومایەو شووم بە فەقێ ئەحمەد نەكردایە نەدەهاتمەوە بۆ كوردستان. هەر هەمان كات قەیفان شەهادەتی هێناو وتی: (أشهد أن لا إلـه إلا الله وأشهدُ أنّ محمداً رسُولُ الله).. پاشان مارەیان لە فەقێ ئەحمەد بڕیو شەكراویان خواردەوە، حەوت شەوو حەوت ڕۆژ زەماوەندیان گێڕا.

هەر وەكو محەمەد فیدا دەڵێت: دوای ساڵێك خوای گەورە منداڵێكی پێ بەخشین ئەویش كوڕ بوو، ناویان نا (سلێمان)و بۆ ساڵی دووەم كوڕێكی تریان بوو ناویان نا (خان بداغ)، بە وتەی محەمەد فیدا میراودەلیو گەردی، نەوەی ئەم (خان بداغ)ەن.. كاتێك میر سلێمان گەورە بوو، فەقێ ئەحمەد

ژنی بۆ هێناو ناردی بۆ قەلا چولان و ئەو شوێنەی بۆ کردە پایتەخت، کاتێك فەقێ ئەحمەدو قەیفان کۆچی دواییان کردو دونیایان بەجێ هێشت، خان بداغ-یش پایتەختی خۆی گواستەوە بۆ دەشتایی پشدەرو لەسەر گردێك کۆشك و تەلاری دروست کرد، ئەم گردە کەوتووەتە رۆژئاوای شاری قەلادزە، ئێستا بە قەلاتی قەلادزە مەشهورە، واتا (خان بداغ) ئەم گردەی کردە (دیوەخان)و گوندێکیشی لە رۆژهەلاتی قەلادزێ دروستکرد بە ناوی خۆیەوە ناوی نا (گربداغ)و مالی خۆی لەوێ بوو.

کاتێك نان دەچوو بۆ دیوەخان قەلا هەر لە زالکی مەتبەخێ خزمەتکارو دەست و پێوەند رادەوەستا تا دیوەخانی قەلاتێ، هەر ئەو سینییە نانی دەدا بەم ئەم دەیدا بەو تا دەگەیشتە دیوەخان.

دروست کردنی ئەم قەلاتەی قەلادزە پادشایەکی گاوری بێ دین بە بێگار بە خەلکی ناوچەکەو دەوروبەری دروست کردووە، ئەم گردە هەمووی توورەکە رێژەو هەر تۆزەو لە شوێنێکەوە هاتووە.. لە بەهاراندا ئەم گردە گەلێك گیای کوێستانی لێ دەروێت، ئەمە شاهیدیی ئەوە دەدات کە هەر تۆزەو لە شوێنێکەوە هاتووە..

ئەم پادشایەش ناوی (دانیکۆر) بووە، کە ئەم قەلاتەی دروست کردووە، بەلام دانیکۆر بۆ خۆی لەسەر قەلاتێك کۆشك و بارەگای دروست کردووە کە کەوتووەتە رۆژئاوای گوندی (نورەدین) لەسەر زێی بچووك، ئێستایش بە (قەلاتی دینکە) مەشهوورە، بەلام کاتێك سوپای موسولمانان بە سەرۆکایەتیی (خالیدی کوری وەلید) هات، لە ژێر ئالای ئیسلامدا پەلاماری داو لەناوی برد.لەم کاتەوە بەرنامەی قورئان و ئیسلامییەت لەم ناوچەیە دامەزراو بلاوکرایەوەو مرۆڤایەتی لە وەحشییەت و حەیوانی رزگاری بوو..!!

با ئەوەیشمان لە یاد نەچێت رۆژێك لە رۆژان خان بداغ لە سەربانی کۆشکەکەی پیاسەی دەکرد، سەیری شاخی ئاسۆسی دەکرد. کە تەماشای

کرد: وا جووتیارێك لەسەر ئەم كێوە جووت دەكات، بانگی چەند كەسێكی كردو وتی: ئایا ئەم شوێنەی كە ئەم جووتیارە دەیكێڵێت ناوی هەیە؟ وتیان نەخێر.. خان بداغ وتی: هەر كاتێك ئەم جووتیارە هاتەوە، بیهێننە بارەگای من. كاتێك مام جووتیار هاتەوە، پیاوانی پاشا، جووتیاریان بردە بارەگا، خان بداغ وتی: مامە پیرە كێ بە تۆی وتووە جووت لەسەر ئەو كێوە دێمەكاری بكەیت..؟ مامەی جووتیار وتی: گەورەم خۆم چووم و كەس پێی نەوتووم، بەڵام من بیرم كردەوە كە بەرێزت نەماو كۆچی دواییت كرد، كارێكی وا بكەم تا ناوو ناوبانگت قەت ون نەبێت..

ئەمڕۆ چووم لەو شوێنە نیسكم چاندووەو جووتم كردووە، بە ناوی تۆوە، چونكە نیسك قەت نافەوتێت و هەموو ساڵێك تۆوەكەی هەڵدەوەرێت و لەگەڵ بارانی پەلە شین دەبێتەوە.. پاشا خەڵاتێكی باشی كرد، هەتا ئێستایش هەر بە نیسك جاڕی خان بداغ مەشهوورە. ئەمەش ئەم پارچە هەڵبەستەیە كە شاعیران و هونەرمەندان بە نیسك جاڕی خان بداغ-دا هەڵیان داوە..

نیسك جاڕی خان بداغ
ئەم هەرێمەی پشدەرە مێژووییە
باسی هەرچیت بۆ بكەم هەر خۆییە
شوێنەواری زۆرە، ون هەم ئاشكرا
یەك لەوانە نیسك جاڕە ئەی برا
خان بداغ باپیرە گەورەی پشدەری
كاتێ تاجی بەختی خستە سەر سەری
بۆ ئەوەی دووربێت لە ئازارو بەڵا
دیوەخانی بردە سەر گردی قەڵا
گربداغیشی بە ناوی خۆیەوە

ئاوەدان کرد ناوی ساند بەو هۆیەوە
رۆژێ لەو سەرگردەوە سەیری دەکرد
تا سەرنجی دا لە ئاسۆس ژیرو ورد
سەیری کرد وا دیارە جوتیار لەوێ
هەر خەریکەو جووت دەکاتو ناسرەوێ
دیی کە جووتیار جووتیاری خۆیەتی
بۆ ئەوە بێچارە گردو کۆیەتی
کاتێ لێی پرسی لەسەر ئەو کێوە بۆ
جووت دەکا بێ ئاو، خۆی دەکا رەنجەڕۆ
پیرە جووتیار کاتێ کەوتە گفتوگۆ
ئەم وتەیەی فەرموو لە رووی خان بێ درۆ
من لەسەر ئەم کێوە نیسکم چاندووە
کردەوەی چاکم لە بۆ تۆ کردووە
گشت بەهارێ نیسکەکە دەڕوێتەوە
یادی تۆ ئەی خان بداغ دەکرێتەوە
من مەبەستم وابوو ناوت ون نەبێ
بۆیە ئەو نیسکەم لەوێ چاند بەدەست بەجێ
خان کە لێکی دایەوە کردی خەڵات
هەر بژی جووتیاری ژیری ناو وڵات
ئێستاکەش هەر ماوە نیسکو نیسک جاڕ
بووەتە مێژو بووەتە بەڵگەو شوێنەوار
پیاوی ژیریان زۆر بووە کوردانی زوو
کەس فیدا تا سەر نەگەییە ئارەزوو

تێبینی:

ئەم تێبینییەو ڕوونکردنەوەیە دەخەینە بەر چاوی خوێنەران، خوێنەرانی بەرێزو خۆشەویست، ساڵی (١٩١٨)ی زایینی واتا دوای کۆتاییهاتنی جەنگی جیهانی، چەند کەسانێك کە نوێنەری حەوت دەوڵەت بوون لە کوێستانی باژار لە سنووری ئێران-عیراق، لە نزیك ناوچەی پشدەر هاتبوون بۆ دەستنیشانکردنی سنووری عیراق و ئێران.

سینۆرسکیی مێژوو نووس (مێر قندرسلی) لەگەڵیان بوون، دوای گەڕان بە سنوورەکاندا هاتنەوە، دیوەخانەکانی عەشیرەتی پشدەر واتا میراودەلی بۆ نانخواردن، نوێنەری ڕووسەکان ڕووی لە چەند میراودەلییەك کردو وتی: ئێمەو ئێوە خاڵ و خوارزاین، چونکە قەیفان کچێکی ڕووسی بووە، کە میر ئەحمەد مارەی کردووە، بەڵام ئەو دەیوت: زاوای ئەکوشتووە، بەڵکو هەر چوار پەلی بەستووەتەوەو قەیفانی بردووەتەوە بۆ کوردستان.

### شەڕی میراودەلییان لەگەڵ حەسەن ئاغای سەکر

کەسانی بێ ئاگاو بێ خەبەر هەن کە لە ڕووداوەکانی ناوچەو دەرەوەی ناوچە بێ خەبەرن، لە کۆڕو کۆبوونەواندا بە چەواشە کراوی بەسەرهاتو ڕووداوەکانی مێژوو دەگێڕنەوە.. کەسانی تر بە پێچەوانەی ڕاستییەکانەوە تێدەگەیەنن...!!

گێڕانەوەی ئەم بەسەرهاتە ناڕاستانە، دەبێتە هۆی گرژیی و ئاڵۆزیی و ڕق و کینەیەکی بەردەوامو لە ئەنجامدا دەبێتە تێکدانی بەینی دوو بنەماڵە، یان دوو عەشیرەت. هەر وەکو زۆر جار بیستوومە کەوا میراودەلی و نورەدینی بە هاوبەشی پەلاماری بنەماڵەی سەکرانیان داوەو شەڕیان لەگەڵ کردوون و لە ناوچەکەیان دەرکردوون و بێ دەسەڵاتیان کردوون.. ئایا بۆچی میراودەلی و نورەدینی بنەماڵەیەکی وەك بنەماڵەی سەکرانیان لە ناوچەی پشدەر دەرکردو بێ دەسەڵاتیان کردوون، بە بێ تاوانی.. من بەدوای ئەم

راستییەدا زۆر گەرام، لە زۆربەی زۆری پیاوە بەتەمەنەکانم دەپرسی و کتێب و گۆڤارو رۆژنامەم دەخوێندەوە، بۆ وەرگرتنی ئەم راستییە. تا لە ئەنجامدا گەیشتمە راستییەکەی. زۆربەی زۆری پیاوە بە تەمەن و پیرەکان دەگێرنەوە، کە ئەوانیش لە باب و باپیرانیانەوە بیستووە، کەوا (سەکر) لە باڵەکایەتییەوە هاتوونەتە پشدەر وەکو داگیرکەر. چەند گوندێکیان لە ناوچەی پشدەر داگیر کردووەو وردە وردە پەل و پۆیان هاویشتووەو کارو کردەوەی زۆر نەگونجاویان کردووە.. تا وایان لە خۆیان کرد، تەواوی خەڵکی ناوچەی پشدەریان لە خۆ ئاڵۆز کرد، بە تایبەتی میراودەلی و نورەدینی، کە دوو کەسایەتی و دەسەڵاتداری ناوچەکە بوون، ناچاربوون کە روو بە روویان ببنەوە.. بۆ پشتیوانیی ئەم نووسراوەی من، بەڕێز (مەسعود محەمەد) لە رەنگینی ژمارە (٥٥ و ٥٦)ی ساڵی (١٩٩٣)دا لە لاپەرەی (٤٤)دا باسی داگیرکاریی سەکران دەکات و دەڵێت: "زەبرو زۆری سەکران گەیشتە رادەیەك کە قبوول نەکرێت"، بەڕێز مەسعود محەمەد دەڵێت: "رۆژێك لە رۆژان داوای ریش سپی و پیاو ماقووڵانی میراودەلی و نورەدینیان کرد، پێیان وتن: چەند زۆنگاوێکمان هەن، دەبێت پاسەوانیی بکەن و نەهێڵن بۆق بقیڕێنن، نەکا ئاغامان خەوی لێ بزرێت..!!".

دیسانەوە مەسعود محەمەد دەڵێت: "بەوەیشەوە نەوەستان و رازی نەبوون، بڕیاریان دا لە رۆژی جەژندا کە بۆ جەژنە پیرۆزە، کۆدەبنەوە، لێیان بدەن و ئاسەواری ریش سپیی میراودەلی نورەدینی نەهێڵن، بەڵام یەکێك لە دۆستان و هاوڕێیانی میراودەلی و نورەدینی، ئەو هەواڵە شوومەیان پێ رادەگەیەنن، لە رۆژی جەژندا لە باتی ئانخواردن کەمینێکی باشیان بۆ دەنێنەوە، رۆژی جەژن لەسەر بڕیارەکەی خۆیان دێنە سەریان، بەڵام دەکەونە کەمینی میراودەلی و نورەدینییەکانەوەو لێیان دەدەن، بەڵام زۆر بە خراپی رزگاریان دەبێت.. وردە وردە دوژمنکارییەکان زیاتر پەرە

دەسێنێت و دەکەونە کەمین ئانەوە بۆ یەکتر"، وەك دەگێڕنەوە: ڕۆژێکیان حەمەد ئاغای گەورە لەگەڵ حەمەدی ڕۆستەم ئاغای ئامۆزای بە جووتە سوارە لە دەشتێوە دێنە مرەوەدرووێنە بە مەیدانی درێژۆکاندا، حەمەد ئاغاکە نزیك قەڵاتی (دەلوومەڕ) دەبنەوە، بە حەمەی ڕۆستەم ئاغا دەڵێت: خۆزگە بەو ڕێگایەدا بە بێ ترس دەهاتم. حەمەد ئاغا بە حەمەدی ڕۆستەم ئاغا دەڵێت: تا لە قەڵای دەلوومەڕ دەردەچین وریابە، نەکا حەسەن ئاغای سەکر بۆسەی بۆ نابینەوە، بەدەم ئەم قسانەوە دەڕۆن تا نزیك قەڵاتی دەلوومەڕ دەبنەوە، کوڕی حەسەن ئاغای سەکر لەو ناوە دەبێت، لە دوور چاوی پێیان دەکەوێت و دەیان ناسێت، کوڕی حەسەن ئاغا دەڵێت هەلەو دەست کەوتووە، با ئەم هەلە لە دەست خۆم نەدەم.. بۆسەیەکیان بۆ دەنێتەوە، تا دەگەنە نزیکی.. تەقەیان لێ دەکات و حەمەدی ڕۆستەم ئاغا دەکوژرێت و لە وڵاغەکەی بەردەبێتەوە، ماوەیەك حەمەد ئاغا و کوڕی حەسەن ئاغای سەکر شەڕە تفەنگ دەکەن، کوڕی حەسەن ئاغا دەزانێت حەمەدی ڕۆستەم ئاغا کوژراوە، دەگەڕێتەوە بەرەو بێشیر..

حەمەد ئاغا تۆڵەی حەمەدی ڕۆستەم ئاغای مامی هەر لە دڵدا دەبێت، لە هەلێك دەگەڕێت کە هەلی دەست بکەوێت و دەستی خۆی بوەشێنێتەوە لە کوڕی حەسەن ئاغای سەکر.

ڕۆژان دێت و دەڕوات و بەهار دادێت، هەر وەکو ئێستا و هەموو کاتێك ئەوانەی خوا پێداون و خاوەن مەڕو ماڵاتن، بەهاران دەچنە کوێستان، ئەو کاتەیش هەروا بووە گەرمیان و کوێستان کراوە.. هەر وەکو وتمان کە بەهار دادێت کوڕی حەسەن ئاغای سەکر خۆی و تیرەو هۆزەکەی باردەکەن بەرەو کوێستان، دەچنە دۆڵی باژار، ئەو کاتە دۆڵی باژار حەسەن ئاغای سەکر دەستی بەسەردا گرتووەو لە ژێر قەڵەمڕەویی ئەودا بووە، موڵکانەومەڕانەی باژار، حەسەن ئاغای سەکر وەریگرتووە..

ئینجا حەمەد ئاغا پاش بیرکردنەوەیەکی زۆر بەرنامە دادەڕێژێت بۆ کوشتنی کوڕی حەسەن ئاغای سەکر لە تۆڵەی حەمەدی ڕۆستەم ئاغای مامیدا.. حەمەد ئاغا دۆستێکی دەبێت بە ناوی مام هۆمەر، خەڵکی گوندی (قەڵەڕەشە) دەبێت و لە کوێستانەکانی باژار کەتیرەی دەبێت. حەمەد ئاغا دەچێتە لای مام هۆمەرو دەڵێت مام هۆمەر، کارێکی زۆر گرنگم پێتەو هەر تۆیش شك دەبەم کە لە ڕۆژی تەنگانەدا بە فریام بکەویت، مام هۆمەر دەڵێت: حەمەد ئاغا، هەرچی لە دەستم بێت، وابزانە خۆت کردووتە..

حەمەد ئاغا باسی ڕووداوی کوشتنی حەمەدی ڕۆستەم ئاغای بۆ دەگێڕێتەوە، حەمەد ئاغا دەڵێت: دەمەوێت تۆڵەی خۆم بکەمەوەو خوێنی حەمەدی ڕۆستەم ئاغا بە فیڕۆ نەڕوات، مام هۆمەر دەڵێت: من چی بکەمو چیم پێ دەسپێریت؟ حەمەد ئاغا دەڵێت: دەبێت تۆ ماوەیەك هاتوچۆ بکەیت بۆ ناو تیرەو هۆزی حەسەن ئاغای سەکرو دۆستایەتیان لەگەڵ پەیدا بکەو بزانە کوڕی حەسەن ئاغای سەکر ڕۆژانە بۆ کوێ بە زۆری دەچێت.

تۆش کە زانیاریی تەواوت وەرگرت، وەرە پێم بڵێ، بەڵکو بتوانم تۆڵەی خۆم بکەمەوە. مام هۆمەر ماوەیەك هاتوچۆی بۆ ناو هۆبەو ڕەشماڵی کوڕی حەسەن ئاغای سەکر کردو بە تەواوەتی بۆی ڕوون دەبێتەوە کە کوڕی حەسەن ئاغای سەکر ڕۆژ بە ڕۆژ دەچێتە کوێ.

مام هۆمەر بە حەمەد ئاغای ڕادەگەیەنێت کە هەموو ڕۆژێك چێشتەنگاوان دەچێتە سەر (کانییە ڕەشێ) کە چەند مەترێك لە ناو هۆبەو ڕەشماڵان دوورە، شەوێك حەمەد ئاغا دەچێت لە نزیك کانییە ڕەش کەمینی بۆ دەنێتەوە. بەیانی کوڕی حەسەن ئاغای سەکر وەکو هەموو ڕۆژەکانی تر چێشتەنگاو دێتە سەر کانییە ڕەش.

حەمەد ئاغایش بە هەموو کەیفی خۆی جاسووسی لێ دەگرێت و دوو تفەنگی لێ دەدات و دەیکوژێت. تفەنگی کوڕی حەسەن ئاغا هەڵدەگرێت و

دەگەڕێتەوە بۆ لای مام هۆمەر، کە لە کەتیرە دەبێت. لە پێشەوە تفەنگی کوڕی حەسەن ئاغای دەداتێ و دەڕوات، لە دوای چەند هەنگاوێك حەمەد ئاغا دەگەڕێتەوە، تفەنگی کوڕی حەسەن ئاغای لێ وەردەگرێتەوە و تفەنگی دەستی خۆی دەداتێ و دەڵێت: ئەگەر تفەنگی کوڕی حەسەن ئاغات پێ ببینن، بۆ تۆ باش نابێت.

بەڵێ ڕۆژان دێت و ڕۆژان دەڕوات، هۆزی حەسەن ئاغای سەکر لە کوێستان دێنە خوارەوە و دێنەوە بۆ بێشیر. حەسەن ئاغا، هەر وەکو لە کەلێندا دەبێت و چاوەڕوانی هەلێك دەبێت بۆی هەڵبکەوێت و دەستی خۆی بوەشێنێتەوە. ڕۆژێك حەسەن ئاغا بانگی هەموو کەسوکارو خزمەکانی دەکات و قسەیان بۆ دەکات دەربارەی تۆڵەی خۆی لە میراودەلییان، داوایان لێ دەکات کە بەیانی لە کاتی نوێژی نیوەڕۆدا بە ناوی ڕاوە بەرازەوە هەڵدەکوتینە سەریان و ئەو میراودەلییانەی کە لە (گوندی بێمووش)ن ڕیشە کێشیان دەکەین و لە کۆڵ خۆمانیان دەکەینەوە. ئەوان وا دەزانن کە بۆ ڕاوە بەراز دەچین، لەبەر ئەوەی توولە و تاژی و سەگێکی زۆر لەگەڵ خۆمان دەبەین.

بڕیارەکەیان تەواو دەکەن و خۆ کۆ دەکەنەوە کە لە سەعات دوانزەی نیوەڕ قەتلو عامیان بکەن، بەڵام کارێك کە خوای گەورە ویستی نەبوو بکرێت، سەبەبێکی بۆ دەنێرێت، بۆ بەیانی هەرچی چەکداری حەسەن ئاغا هەیە لە بێشیر کۆ دەبنەوە، هەندێك کەس کەم و زۆر لەم نهێنییەی حەسەن ئاغا خەبەردار نین، دەڵێن: ئەوە بۆ کوێ دەچن؟ دەڵێن: دەچینە ڕاوە بەراز.

دەگێڕنەوە کاتێك چەکدارەکانی حەسەن ئاغا سوار دەبن و دەیانەوێت بڕۆن بۆ کاری خۆیان، دایکی حەسەن ئاغا دەڵێت: کوڕم ئەوە بۆ کوێ دەچیت؟

حەسەن ئاغا دەڵێت: دایە دەچینە راوە بەراز.. دایکی حەسەن ئاغا دەڵێت: دەزانم بۆ راوە بەراز ناچیت، راوە بەرازو ئالآیان نەوتووە، راوە بەرازو تەپڵی شەڕیان نەوتووە. دەزانم دەچیتە سەر ئەم میراودەلییانەی (بێمووش)، بەڵام کورم رجات لێ دەکەم، واز لە میراودەلییان بهێنە، تۆ دەسەڵاتی میراودەلییانت نییە، خۆت بەدبەختو دەربەدەر مەکە، میراودەلیو نورەدینی هاوپەیمانی یەکترن.

تۆ بە کاری بێجێو ناڕەوا، نورەدینییەکەیشت لە خۆت کردوون بە دوژمن.. لەم کاتەدا کە لەشکری حەسەن ئاغا بەرەو بێمووش دێت، پیاوێك بە ناوی (سوارەی بێناسێ) مێوژە سوورکەی خۆڵاوی بە دیاریی بۆ حەمەد ئاغا دەهێنێتو دەگاتە دیوەخانو دەڵێت: قوربان ئێوە هیچ کەستان لە راوە؟ حەمەد ئاغا دەڵێت: بۆ؟ سوارەی بێناسێ دەڵێت: زیاتر لە (٥٠) چەکدار لەسوارەو پیادە بەرەو ئێرە دێن. کە سوارەی بێناسێ ئەم هەواڵە رادەگەیەنێت، حەمەد ئاغا دەزانێت کە حەسەن ئاغای سەکرەو لەشکر کێشیی کردووەتە سەریان. حەمەد ئاغا دەنگی چەکدارانی خۆی دەداتو دەڵێت بڕۆن پێشیان پێ بگرن.. لە هەمان کاتدا کابرایەکی سەکر بە ناوی (زەید) لە دیوەخانی حەمەد ئاغا دەبێت..

کە زەید هەڵوێستی لەشکری حەمەد ئاغا دەبینێت، بە دزییەوە دەڕوات کە خەبەرەکە بۆ حەسەن ئاغا بەرێت، لەم کاتەدا حەمەد ئاغا دەڵێت: کوا زەید؟.. زەید نەماوە، حەمەد ئاغا دەنگی دوو سوار دەداتو دەڵێت: بڕۆن بیگێڕنەوە، ئەوە خەریکە هەڵوێستی لەشکری ئێمە بۆ حەسەن ئاغا ببات.. دوو سوار بە پەلە، بە دوایدا دەڕۆنو دەیگێڕنەوە بۆ دیوەخان..

کاتێك لەشکری هەردوو لا بەرەو رووی یەکتر دەبنو لێك ئاشکرا دەبن، هەردوو لا خۆیان ئامادەی شەڕ دەکەن. لە ناو لەشکری حەمەد ئاغادا، چەکدارێك دەبێت بە ناوی (عەلی موزێڕی).. با ئەوەمان لەیاد نەچێت، دەڵێن

حەسەن ئاغای سەکر (توولە) یەکی هەبووە زۆری خۆش ویستووە، بۆ هەموو سەفەرو شوێنێك یان لەشکرکێشییەك لەگەڵ خۆی بردوویەتی. حەمەد ئاغا بانگی عەلی موزێری دەکات و دەڵێت: عەلی ئادەی بزانم ئاخۆ وەك جاران تفەنگچی ماویت..؟ تفەنگێکم بۆ بنێیت بە توولەی حەسەن ئاغاوە، عەلی موزێر تفەنگێك دەنێت بە توولەی حەسەن ئاغاوەو دەیکوژێت.. دیسان هەر لە ناو لەشکری حەمەد ئاغادا چەکدارێك بووە بە ناوی (ئالیە گردە). حەمەد ئاغا دەڵێت: ئادەی ئالی، تۆش وەك جاران تفەنگچی ماویت؟ ئادەی تفەنگێکم بۆ بنێ بە ئاڵا هەڵگری لەشکری حەسەن ئاغای سەکرەوە..

ئالی تفەنگێك دەنێت بە ئاڵا هەڵگری لەشکری حەسەن ئاغاوەو دەیکوژێت..ئینجا دەبێتە تەقەو لەیەکدان، دوای شەڕێکی چەند سەعاتی، لەشکری حەسەن ئاغا دەشکێت و دەگەڕێتەوە بەرەو بێشیر.. لە دوای ئەم شەڕەوە چەندان شەڕو تێك هەڵچوونی تر روو دەدات، هەر دوو لا لە فرسەتێك دەگەڕێن هەلیان دەست بکەوێت و دەستی خۆیان لە یەکتر بوەشێنن..

وەك دەگێڕنەوە عەشیرەتی سەکر زۆر کاری ناشەرعی و نارەوایان دەکرد، کە شیاوی نووسین نییە. هەر ئەم جۆرە کارە نا شەرعییانە بوون کە رق و کینەی میراودەلی و نورەدین وا لێبکات شەڕی مان و نەمانیان لەگەڵ بکەن، لە دوای چەندین شەڕو پێکدادان، میراودەلی و نورەدینیان شکستیان بە عەشیرەتی سەکران هێناو پشدەریان بەجێ هێشت و هەر تاقمەو دەستەیەك روویان لە شوێنێك کردو بە کوردستانی عیراق و ئێراندا بڵاو بوونەوە..

## شەڕی مەمەندە ڤیت لەگەڵ عەلی مەردان و حەمە ڕەزا

وەکو پیرو بە ساڵاچووانمان دەگێڕنەوە، لە ناوچەی چەمچەماڵ لە هۆزی هەمەوەند، دوو برا هەبوون بە ناوی (عەلی مەردان و حەمە ڕەزا)وە، ئەم دوو برایە لە سنوورەکانی دەوروبەری چەمچەماڵ بە شێوەیەکی ناشەرعییانە دەجووڵانەوەو دەستدرێژییەکی زۆر نارەوایان دەکردە سەر خەڵکی ئەم ناوچەو دەوروبەرە.

ئەم دوو برایە دەستەیەکی وەکو خۆیان پێك هێنابوو، کە دوور بوون لە بەزەیی و یزدان، هەر گوندێك حەزیان لێ بووایە دەچوون موڵکانەو سەرانەو پووشانەو باجی تەواویان دەسەند، بەبێ ئەوەی کە حەقێکیان بەسەر ئەو گوندەوە هەبێت یان بەشیان تێیدا بێت.

لەسەر ئەو بەرنامەیە سەروەت و سامانێکی زۆریان کۆ کردبووەوە لەگەڵ ڕەوەو مەڕو ماڵاتێکی زۆر، هەر لەوەرگایەکی پێیان خۆش بووایە ڕەوەو مەڕو ماڵاتیان پێوە دەنا.. خاوەنی پێی خۆش بووایە یان ناخۆش..

ڕۆژێك پرسیار دەکەن لە شوێنێك کە پووش و پاوان و لەوەرگای باش هەبێت و ئاوی لێ نزیك بێت.. یەکێك پێیان دەڵێت: لە سنووری پشدەر، شوێنێك هەیە پێی دەڵێن کێلە سپی و پووش و پاوانێکی زۆری هەیەو لە ئاوەوە نزیکەو زێی بە پەنادا دێت..

عەلی مەردان و حەمە ڕەزا دەپرسن: هی کێیەو خاوەنەکەی کێیە؟ لە وەڵامدا دەڵێن: هی میراودەلییانە، عەلی مەردان و حەمە ڕەزا دەڵێن: ئەمانە هیچ نین.. بە بیستنی ئەم خەبەرە زۆر دڵخۆش دەبن و هەوای داگیر کردنی کێلە سپییان دەکەوێتە سەر. ڕۆژێك بارو بارخانە دەپێچنەوەو دێنە کێلە سپی و تاوڵ و ڕەشماڵی لێ هەڵدەدەن و زۆریان کەیف پێ دێت بە بێ ئەوەی پرسێك بە کەس بکەن و کەس بە خاوەنی بزانن، ئەمە لە کاتی بەینی بەهارو هاویندا دەبێت.. ماوەی وەرزی بەهار دەڕوات و دەکەونە هاوینەوە،

لەم کاتەدا میراودەلی بە کۆمەڵ دەچنە کوێستانەکانی باژار.. بێ ئاگان لە هاتنی ئەم دوو برایە کەوا بە بێ منەتی و بێ پرس هاتوون بۆ کێلە سپی..

عەلی مەردان و حەمە رەزا بە داگیر کردن و خواردنی پووش و پاوان و بەرەڵڵا کردنی کێلە سپییەوە ناوەستن. ئەمجا دەست دەگرن بە سەر خەلەو خەرمانی خەڵکی و دەچن بە زۆر گەنم و جۆ لە خەڵکی دەستێنن، ماڵی خەڵکی دەبەن.. دەگێڕنەوە دوو جار دەچن چاڵە گەنم و جۆی گوندی نورەدین هەڵدەدەنەوەو بە بێ پرس دەیبەن، بێ ئەوەی کەسیان پێ پیاو بێت، یان کەس بە خاوەنی ئەم گەنم و جۆیە بزانن.. دوو کەسی نورەدینی دەچنە کوێستانی لای مەمەندی سەلیم ئاغا واتا مەمەندە قیت.. ئەو کاتە مەمەند ئاغا لە باودا بوو، وەکو برا گەورە.. مەمەندە قیت پیاوێك دەنێرێتە لای حەمە رەزاو عەلی مەردان، داخۆ لەسەر چ ئەساسێك هاتوونەتە کێلە سپی و سنووری پشدەرو ئەم کارە بێ شەرعییانە دەکەن؟!

عەلی مەردان و حەمە رەزا، لە وەڵامدا دەڵێن: لەسەر ئەو ئەساسە هاتووین: تا ئەمرۆ کێلە سپی هی میراودەلییان بووە، لەمرۆ بە دواوە هی مەمەوەندانەو بە هیی خۆمانی دەزانین، کە هاتوویشین زۆر بە بێ منەتی هاتووین، بەڵام مەمەندە قیت چەند جار دەنێرێتە لایان کە بڕۆن و ناوچەکە بەجێ بهێڵن و دەستدرێژی نەکەنە سەر خەڵکی ناوچەکە، با ناخۆشی نەکەوێتە نێوانمان و خوێنی یەکتر نەڕێژین، بەڵام ئەوان سوور دەبن لەسەر مانەوەیان لە کێلە سپی و ئامادەی شەڕن.. کاتێك مەمەند ئاغا بۆی روون دەبێتەوە دەست هەڵناگرن لەم سەرکێشییە.. دە سوار لەگەڵ خۆی دەبات و دەچێتە کێلە سپی، کە لە یەك ئاشکرا دەبن، مەمەند ئاغا یەکێك دەنێرێت بۆ لایان کە پێویست ناکات دەست بۆ یەکتر بەرین و خوێنی یەکتر بڕێژین با بڕۆن، بەڵام ئەوان سوور دەبن لەسەر نەڕۆیشتن و شەڕ کردن.. بەڵێ ئەو کاتە زمانی چەك رم بوو سیرو مەتاڵ و دارو ئەو شتانە دەبێت.. لەم کەین و

بەینەدا عەلی مەردان سواری ولاغ دەبێتو دێتە مەیدانو ئەسپی لینگ دەداتو داوای مەمەندە قیت دەکات..

مەمەندە قیت بە خزمەکانی دەڵێت: کێ دەتوانێت بۆی بچێتە مەیدان؟.. یەکێك لە خزمەکانی بۆ عەلی مەردان دەچێتە مەیدانو دەکەوێتە شەڕ.. خزمەکەی مەمەند ئاغا دەستو مستی عەلی مەردانی پێ نابێتو لەبەری هەڵدێت، عەلی مەردانیش وا دەزانێت مەمەندە قیتە، بە سواری بە دوایدا دەچێتو دەڵێت: مەمەندە قیت هەڵنەیەیت، مەمەندە قیت هەڵنەیەیت.. مەمەندە قیت بانگی دەکاتو دەڵێت: ئەوە مەمەندە قیت نییەو پیاوی مەمەندە.. ئەمن مەمەندم من..

کاتێك مەمەند ئاغا بۆی دەچێتە مەیدانو لێك ئاشکرا دەبنو بەرەو رووی یەك دەبنەوە.. مەمەند ئاغا دەڵێت بۆم هەڵدێیت یان بۆت هەڵبێم؟؟ عەلی مەردان دەڵێت: بۆم هەڵبێ..

مەمەند ئاغا بۆ عەلی مەردان هەڵدێتو عەلی مەردانیش بەردەوام بە دواوەیەتی، بەڵام مەمەند ئاغا لە بنەوە چاوێکی هەر لای عەلی مەردانە، ئاخۆ راستەیە یان چەپە..، کاتێك نزیکی سەری مەیدانێ دەبێت، عەلی مەردان پانە رمێك ئاراستەی ناو شانی مەمەند ئاغا دەکات، مەمەندە قیت لەو کاتەدا کە پانە رمەکەی بۆ دێت، خۆی دەهاوێتە بەر زکی ئەسپەکەیو پانە رم لەسەر پشتی ئەسپی را دەرواتو بەر مەمەندە قیت ناکەوێت.. ئینجا نۆرەی هەڵاتنی عەلی مەردانە.. عەلی مەردان هەڵدێت..

مەمەندە قیت رمێك ئاراستەی ناو شانی دەکات لەسەر ولاغەکەی دەیهێنێتە خوارێ.. ئینجا حەمە رەزا دێتە مەیدانو دەبێتە شەڕە تیرو کەوان، لەم شەڕەدا حەمە رەزایش دەکوژرێت.. ئەمجا مەمەند ئاغا دەکەوێتە سەر دەستەکەی، ئەوەی نەکوژرێت هەڵدێت.. حەمە رەزاو عەلی مەردان، برایەکی بچووکیان دەبێت کە برا بچووکەیان دەزانێت براکانی کوژراونو

دەستەکەیان بەرەو شکانە. هەرچی رەوە مەڕو ماڵاتیان هەیە لە ئەوبەر زێی دەکات بۆ بەری کەنجاری.. ئەو کاتە بڕیارو عادەت وا بووە کە لە سنوور چوویتە دەرێو سەرو ماڵت پارێزراوە، بۆ ئەوەی تالانەکە دەست میراودەلیان نەکەوێت. بەم شێوەیە عەلی مەردانو حەمە رەزا بوون بە قوربانی غروورو لووت بەرزیو بێ عەقڵیی خۆیان..

## دەنووسی مێژوو نووسان بەرامبەر بە عەشیرەتی میراودەلی

بەرێزان ئێمە لێرەدا بە کورتی باسی هەندێک لەو مێژوو نووسانە دەکەین کە باسی عەشیرەتی میراودەلییانیان کردووە لە ئازاییو بەخشندەییو لێبووردەییو پەنادانی پەنابەرانو ئانبدەییو خوان، کە دیوەخانەکانی هۆزی میراودەلی وەکو چێشت خانەیەکی بەلاش وابوون بۆ رێبوارو هەژارو بێ نەوایان.

١-شاکیر فەتاح-ی مێژوو نووس لە پەرتووکی (گەشتی شاربازێڕ)دا کە سالی (١٩٢٩) ئەم گەشتو گوزارەی کردووە لە کوردستانی عیراقدا بە ناو هۆزو تیرەکاندا.

بەم شێوەیەی خوارەوە باسی عەشیرەتی میراودەلیی پشدەری کردووە، ئەمەش دەقی نووسینەکەی شاکیر فەتاحە، کە لە لاپەرە (٢٠، ٢١، ٢٢)دایە ئەمەش سەردێری نووسینەکەی شاکیر فەتاحە:

## مەیدان داری پاڵەوانی نەفەریقیو کاکە حەمی میراو دەلی

لەناو هەموو گەلو نەتەوەیەک دا کەسانێکی ئەوتۆ هەڵ دەکەون کەبەرچاوی خەڵکەو دیارنو دەبنە جێگای سەرنجو تێروانینێکی تایبەتی لەهەموو بوارەکانەوە. وەک شاعیری سوارچاکی تیرەندازی لاسای وێنەکێشان پاڵەوان بازی زانیاری تادوای.

جا ئەو گەلو نەتەوەیە شانازی بەخۆیەوە دەکا کەوا مرۆڤێکی ئاوا تایبەتی لێ هەڵ دەکەون.

رۆژێك دێ ئەو مرۆڤە تایبەتە گەلو نەتەوەکەی بەسەر بەرزیەوە بەهەموو جیهانی بناسێنێ.

لە عەشیرەتی میراودەلیدا مرۆڤێکی ئاوا تایبەت هەڵ کەوتووە بەناوی کاکە (حەم) کاکە حەم کوڕی رۆشتم اغای کوڕی میراودەلی کوڕی میرب داغی کوڕی فەقێ ئەحمەدی دارەشمانەیە.

وەك دەگێڕنەوە کاکە حەم پیاوێکی بالاّ بەرزی چوار شانەی بەهەیکەلی مەچەك ئەستوری رەش تاڵە بووە.

خوای گەورە هێزو توانایەکی زۆری پێ بەخشیوە لەروانگەی پالەوان بازیەوە. کاکە حەم لەسەردەمی خۆیدا تاکە پالەوانی سەردەمی خۆی بووە لەو سەردەمەشدا پالەوان بازی باو بووە.

هەرکەسێ لەتوانای خۆی رادیبا دەگەرا لەم شار بۆئەم شار لەم گوند بۆ ئەم گوند لەم هۆز بۆئەم هۆز.

لەسەردەمی کاکە حەمی دا پالەوانێکی ئەفەریقی لەتوانای خۆی رادەبینیو دێ بۆ (ئێران) میوانی (شای) ئێران دەبێو داوای پالەوان بازی ئەکات. شای ئێران چەند کەسێکی بەتوانای بۆ دێنە مەیدانی بەلاّم توانای خۆراگریان نابێ لەرووی پالەوانی ئەفەریقی. هەرلەو کاتو ساتەدا وەزیرێکی شای ئێران بەنوێنەرایەتی شای دێن بۆ سەر دەشت بۆ نیشوکاری دەولەت.

پالەوانی ئەفەریقی داوا لەشای ئەکا دەڵێ حەز ئەکەم کەرووخسەت بفەرموی لەگەڵ وەزیر بچم بۆ ناوچەی سەردەشت.

پالەوانی ئەفەریقی بەهاوڕێیەتی وەزیری دێت بۆ شاری لەدوای حەسانەوەی چەند سەعاتی پالەوانی ئەفەریقی داوای پالەوان بازی

ئەوەزیرو کاربەدەستانی سەردەشت ئەکات کەکەسی هەبێ بوێ بێتە مەیدانی. بەڵام لەم ناوچەیە کەسی نابێ بتوانێ مەیدان داری لەگەڵ بکات. یەکێ لەئامادەبوانی کوڕەکە بەوەزیری دەڵێ حەمە داغای میراودەڵی پشدەر ئامۆزایەکی هەیە زۆر بەتوانایە ئەگەر ئەو بتوانێ ڕوو بەڕووی وەبێ.

وەزیر دەرحاڵ نامەیەکی دەنوسێ بۆ حەمەد ئاغای.

باسی هاتنی پاڵەوانی ئەفەریقی دەکاو دەڵێ تائێستا لەئێران کەس نەیتوانیوە لەڕوو بەڕوو بوونەوەی‌دا سەر بکەوێ بەسەری دا دەڵێن جنابت ئامۆزایەکت هەیە زۆر بەتوانایە زۆر حەز ئەکەم کەئەم پاڵەوانەی تۆزێ لوت شکێن بکردایە.

کاتێ نامەی وەزیری ئێران دەگاتە حەمەد ئاغای.

حەمەد ئاغای بانگی کاکە حەمی ئامۆزای دەکاو کاغەزی وەزیری بۆ دەخوێنێتەوە. کاکە حەم دەڵێ دەچین پەنا بەخوای. حەمەد ئاغاو کاکە حەم دەڕۆن‌و دەگەنە سەردەشت‌و لەلایەن وەزیرو فەرمانبەرانی دەوڵەت خەڵکی ئاوداری سەر دەشت پێشوازیەکی گەرمیان دەکەن‌و دوای حەسانەوە چەند قسەی خۆشی باسی دێنە سەرپاڵەوان بازی پاڵەوانی ئەفەریقی.

وەزیر ڕوو لەکاکە حەمی دەکاو دەڵێ دەتوانێ مەیدان داریەکی لەگەڵ ئەم پاڵەوانە بکەی.

کاکە حەم دەڵێ بەڵێ دەتوانم.

فەرمان ڕەوای سەردەشت بەفەرمانی وەزیر بانگەواز بەناو شاری سەردەشت‌و گوندەکانی دەوروبەری دادەکا هەرکەس حەز بەبانی کات ژمێر نۆی سەرلەبانی لە گۆڕەپانی سەرچاوەی سەردەشت مەیدان داری دوپاڵەوانە:-

پاڵەوانی ئەفەریقی و پاڵەوانی میراودەڵی پشدەر ئامادەبن بۆ تەماشا کردن.

پاڵەوانی ئەفەریقی ووتی حەز ئەکەم نانی ئەم نیوەڕۆیە لەگەڵ پاڵەوانی میراودەلی بخۆم.

پاڵەوانی ئەفەریقی لەکاتی نان خواردن دا لەگەڵ کاکە حەمی پاڵەوان گرمەگرمو ناڵە ناڵو نرکەیەکی بەسامی لەسنگیەوە دەردەکردو سامو هەیبەتی دەنوان بەرانبەر بە کاکە حەم.

بەڵام کاکە حەم پیێ ووت گرمەگرمو ناڵە ناڵی ناو سنگت دات نادات و ڕۆژت تەواوە تادەتوانی بخۆ ئاخر ژەمتە کاکە حەم رووی لە وەزیر کردوو ووتی من بەبێ قەواڵە نوسین مەیدان داری ناکەم.

لەسەر داوای کاکە حەم هەردوو پاڵەوان قەواڵەیان نووسی و هەر کامێکیان لەم مەیدان داریەدا گیانی لەدەست دا خۆی بەرپرسیارە هەردوو پاڵەوان قەواڵەیان نوسی و مۆریان کردو ڕووبەڕووی یەکتر بوونەوە. دوو پاڵەوانی بەتوانا بەبەرچاوی وەزیرو فەرمان بەرانو جەماوەری سەردەشتەوە کەوتنە پاڵەوان بازیو فرتوفێل لەیەکتر کردن بۆ وەدەس هێنانی سەرکەوتن.

پاڵەوانی ئەفەریقی لەروانگەی فەنو فێڵەوە زۆر زاناو بەتوانا بوو بەڵام هێزو توانای کاکە حەمی هەممو فەنو فێڵەکانی پاڵەوانی ئەفەریقی پوچەڵ دەکردەوە.

کاکە حەم زانی پاڵەوانی ئەفەریقی ماندو بووە نەعرەتەیەکی لێداو ووتی پاڵەوان خۆبگرەو ئاگاداربە ڕۆژت تەواو.

کاکە حەم هەرپێنج پەنجەی دەستی ڕاستی ئاراستەی بەتاڵیی کەلەکەی کردو بەهەموو هێزو توانای خۆی بەکەلەکەی دا کرد.

هەرپێنج پەنجەی چونە ناو ورکیو وورگو ریخۆڵەکانی بە پەنجەکانی خێنانە دەرێ پاڵەوان لەمەیدانی کەوتە سەرزەویو گیانی بەئامادەبوان سپارد.

کاتی پاڵەوانی ئەفەریقی کەوتە سەرزەوی و گیانی سپارد لەهەموو لایە یووبەچەپڵە لێدان و هەل هەلەو هات و هاوار بژی پاڵەوانی میراودەلی.

**رەوشتی پشدەر**

خاکی پشدەر لە پردی تەپەتی بەو لاوە بە گشتی زەویی ئاغایانی میراودەلییانە. هەموویشیان خزم و خوارزای یەکترن، هەر یەکە هەشت تا نۆ دە گوندیان لە ژێر دەستدایە.

لە شەڕا یەک دەگرن و وەک برا بەگژ دوژمندا دەچن، لە خۆشی و ئاشتیدا وەک یەک خێزان گەورەو بچووکی خۆیان دەخوێننەوە، ئاغاکان زۆریان ژیرو خوێندەوارن. چاک کردەوەو رەفتارن هەمو کۆشک و تەلارو دیوەخانیان هەیە. رۆژ تا ئێوارە رێبوارو خزم و خوارو بەسەزمان و لات و هەژار لە دیوەخانەکانیان بە نەرمو شیرینییەکەوە چێشت و نان بە خۆڕایی دەرخوارد دەدران. تا میوانیان بێت دڵیان خۆشتری لێ دێت و زۆر رووخۆشن. لە تەک ژێر دەستەکانیاندا، پیاویان هەیە گوندەکانیان بۆ بەرێوە دەبەن. زۆر بێ فێزن لەگەڵ گوندەکانیاندا، رێزێکی زۆریش لە سەیدو مەلاو پیرو مامۆستاو ریش سپی و پیاوی زیرەک دەگرن، ئەگەر بێت و ئاغایەک لە ناویاندا ناپیاوەتییەکیان لەگەڵ بکات یاخود کەتنێکی لێ رووبدات. ئاغاکانی تر لەبەر خزمایەتی چاوترسێنی ناکەن و سەرزەنشتی ناکەن و چەزرەبەی پێ ناگەیەنن، لە جیاتیی ئەوە لە هەر دێیەک تێگەیشتوویەک هەڵدەبژێرن و کۆیان دەکەنەوە، تا ژمارەیان دەگاتە پەنجا شەست کەس. لەوانە کۆڕێک پێک دەهێنن تا پیاوەتی ئاغاکە دەخەنە بەردەمی ئەم کۆڕە. ئاغاکان خۆیان لەو کەتنە ناگەیەنن، بەڵام پیاوە ژیرەکان لەم کارەساتە دەکۆڵنەوەو بیریشی لێ دەکەنەوە، دەیکەنە راوێژو گفتوگۆ لەسەری، ئەگەر لە راستیدا ئاغاکە ئەو کردەوە ناپەسەندەی کردبووی ئەوە فەرمانی

بەسەردا دەدەن، لەسەر بڕیاری هەموویان ئینجا لەشکرێکی پشدەری جەنگاوەر دەدەنە پێش خۆیان و رووەو ماڵی ئاغاکە مل دەنێن. فەرمانی کورەکەی پێ جێبەجێ دەکەن. زۆری لێدەکەن ماڵەکەی بار بکات و بچێتە ئەو دیو سنووری پشدەرەوە. هەندێك جار تاڵانیشی دەکەن و زەوییەکانی دابەش دەکەن. مەگەر لە پاش ساڵێك یاخود زۆر تر بە هۆی ئاغاکانی تر، تکایان لێ بکات و بگەڕێتەوە گوندەکەی خۆی.

بۆ نموونە (ئەمین بەگی قامیش) ئاغایەکی پشدەری بووە سێ جار بەم چەشنەی لێ هاتووە.

دیسانەوە شاکیر فەتاح لە لاپەڕەی (٢٢)ی پەرتووکە کەیدا بەم شێوەیەی خوارەوە دەنووسێت:

ئەمەش دەقی سەر دێڕی لاپەڕەی (٢٢)ە..

**پشدەر کۆمارێکە بۆ خۆی**

ئەمە دیارە کە بەم شێوەی کاروبار هەڵسووڕاندنە گەلێك کەڵکی هەیە، هەر وەك لە کۆمارێکی دیموکراتی بچێت وایە، چونکە هێزی فەرمانداری بە دەست گەلەوەیە، سەربەستی و مافێکی زۆرە کە دراوە بە دانیشتووانی ناوچەکە.. لەمەوە دەردەکەوێت کە کردەوە و رەفتاری شیرینی و خۆشەویستی کاری ناپیاوانە نەکرێ، زۆری لە ژێردەست و گەل نەکردن ژێری و راوێژکاری پەیدا دەبێت.

بە راستی ئەمە کردەوە و کارێکی شیرینە و دەستوورێکی رەندینەیە، بۆیە میراودەلییەکان هەتا ئێستا هیچ کەسێك سەر نەکەوتووە بەسەریانداوکزو بێ دەسەڵاتی نەکردوون. زۆرجار وا هەبووە لەسەر خاکەکەی خۆیان کردووەتەوە و خۆشیان داوە بە کوشت و تۆپ و تفەنگی رۆم و عەجەمیان گرتووە لەشکرەکانیان تەفرو توونا کردوون.

هەرچی هەرای ناو مسکێنەکانیشە هەر ئاغای گوند خۆی دەیان کوژێنێتەوەو دەیان بڕێتەوە، لەبەر ئەوە پشدەر لە هەموو جێگایەکی تری کوردستان بێ ترس ترە.

لەم چەندادا بیستوویانە پشدەرییەکان کە فەرمانڕەوای عیراق نیازی وایە کە قەڵادزە بکات بە بنکەی فەرمانڕەوایی.. جا بۆ ئەمەی چەنگاڵی بێگانە لە خاکیاندا جێگیر نەبێت، کەوتنە فریای خۆیان و کاربەدەستانیان دی و هەڵیان وەشاندەوە. هەر چەندە ناوچەی پشدەر، خۆی هەر وەك فەرمانڕەوایەکی کۆماری (جمهوریەت) بێت وایە، بەڵام وەك خەریك ئەوە بن فەرمانڕەوایەکی کورد دابمەزرێنن وایە. هەر لەو بارەیەوە شاکیر فەتاح زۆر زیاتری نووسیوە..

٢-مینۆرسکی، مێژوو نووس و نووسەرێکی رووسی بووە، ساڵی ١٩١٤ بە کوردستانی عیراقدا گەڕاوە و سەردانی زۆربەی هۆزەکانی کوردی کردووە، دەربارەی خوو رەوشتی کورد پەرتووکێکی نووسیوەتەوە بە زمانی رووسی، دکتۆر مارف خەزنەدار کروویە بە عەرەبی، حەمە سەعید حەمە کەریم-یش کردوویە بە کوردی. لە لاپەڕەی ٦٩وە تا لاپەڕەی ٧٣، باسی خانەدانی و سەخاوەتی و ئازایی و لێبوردەیی میراودەلیی پشدەر دەکات..

٣-هەر وەکو مێژوو نووسی بەریتانی ئەدمۆندز لە پەرتووکەکەیدا بە ناوی کورد و تورك و عەرەب، لە ئینگلیزییەوە جەرجیس فەتحوڵڵا کردوویە بە عەرەبی، دەڵێت:

من ساڵی ١٩١٩ تا ١٩٢٥ لە عیراق بووم، بە تایبەتی لە کوردستانی زۆر گەڕاوم، ئەدمۆندز دەڵێت: من لە ناو تیرەو هۆزەکانی کوردستان زۆر گەڕاوم و چاوم بە گەلێك سەرەك هۆزو تیرەکانی کوردستان کەوتووە و لە گەڵیاندا دانیشتووم.. زۆربەی زۆری عەشیرەتەکان شارەزابووم، لە لاپەڕە ١٦٩تا ٢٠٠ بە درێژی باسی عەشیرەتی میراودەلیی پشدەر و بابەکری

سەلیم ئاغا دەکات و ئێمەش چەند دێڕێک لە زمانی ئەدمۆندزەوە دەنووسین و دەڵێین:

ئەدمۆندز لە پەرتووکەکەیدا دەڵێت: عەشیرەتی میراودەلی لە هەموو هۆزەکانی کوردستان بە تواناترو بەهێز ترن لە هەموو لایەنەکانەوە.. ناوبراو دەڵێت: بابەکری سەلیم ئاغا بە لای منەوە یەکەم سەرەك عەشیرەتە لە رووی سیاسەتەوەو لە رووی فیکرەوە..

دیسانەوە ناو براو دەڵێت: لەناو عەشیرەتی میراودەلیدا نورەدینی هەن، بەڵام عەشیرەتی میراودەلی سەرپەرشتییان دەکەن و رێنومایی کەری ئیشوکارەکانیانن. هەمان ناو براو دەڵێت: بابەکر ئاغا هەمیشە خاوەنی دوو هەزار چەکدار بووە، واتا توانیویەتی لە کاتی پێویستدا دوو هەزار چەکدار پەیدا بکات، دیسانەوە دەڵێت: لە هەمووی گرنگتر ئەوەیە تا ئێستا لە هیچ حاڵەتێکدا خوێنی یەکتریان نەرشتووە، بەڵام عەشیرەتەکانی تر بە پێچەوانەی ئەوانن.. ناوبرا دەڵێت: حەمەد ئاغای گەورە (٢٠) بیست کوری هەبووەو (١٨) هەژدە کچی هەبووە. ناوبراو دەڵێت: دەڵێت مەرگەو پشدەر تا ماوەت بابەکری سەلیم ئاغا سەرپەرشتیاری بووە، ناوبراو زۆر زیاتری نووسیوە لەسەر عەشیرەتی میراودەلی، بەڵام لێرەدا بە پێویستی نازانین باسەکەی ئەدمۆندز بە تەواوەتی بنووسینەوە، ئەوەی توانای هەیە با خۆی پەرتووکەکەی ئەدمۆندز بخوێنێتەوە، بە تایبەتی لاپەرەکانی ١٦٩ تا ٢٠٠.

٤-ئەحمەد تەقی لە یاداشتەکانیداو لە هەموو لاپەرەکانی پەرتووکەکەیداو بە تایبەتی لە لاپەرەی ٦٢ تا ٦٨، چۆن باسی ئازایی و لە خۆ بوردوویی و هێرش و پەلامارەکانی عەشیرەتی میراودەلیی پشدەر دەکات، لە کاتی شەری دەربەندی رانییە، کە ئەحمەد تەقی خۆی بەشداریی تێدا کردووە. ناو براو دەڵێت: هێرش و پەلامارەکەی هێزی مێراودەلییان وا بوو سەریان لە سوپای ئینگلیز شێواندبوو، نەیان دەزانی رووەو کوێ

مێژوو سەری خۆیان دەرباز بکەن، ناوبراو دەڵێت: لەم شەڕەدا گەلێك لە کەلە پیاوانی میراودەلی و نورەدین و کەسانی تر شەهید بوون.

٥-مێژوو نووس حسێن حوزنی موکریانی لە رۆشنبیری نوێی ژمارە ...ی کانوونی یەکەمی ساڵی ١٩٨٨ چۆن باسی هێرش و پەلامارەکانی لەشکری میراودەلی کە چ سەرشۆڕییەکیان بەسەر سوپای رووس هێنا لە دەشتی کەپران گرەدە سوورو ناو شاری سەردەشت، کە دوو جار لێپرسراوی سوپای رووس (پولینك ئەلیکساندەر) لە سەردەشتەوە نامەی ناردوە بۆ لێپرسراوانی عەشیرەتی میراودەلی کە بابەکر ئاغا و هەباس ئاغا بوون، کە هێزەکانیان بکشێننەوە لەبەرەی شەڕ چییان دەوێت بۆیان دەکەم، بەلام بابەکر ئاغا و هەباس ئاغا زیاتر هێزەکانیان پتەوتر دەکردو خۆیشیان بەشداریی شەڕەکەیان دەکرد.. ئینشائەڵلا لە داهاتوودا زۆر بە درێژی باسی ئەم شەڕە دەکەین..

٦-مێژوو نووس رەفیق حیلمی لە یاداشتەکانیداو لە لاپەڕە ١١٥و ١٢١ دا باسی عەشیرەت و چەکدارو سوارە چاپووکەکانی عەشیرەتی میراودەلیی پشدەر دەکات لە هێرش و پەلامارەکانی دەربەندی رانیە بۆ سەر سوپای ئینگلیز، بەڕێز رەفیق حیلمی لە لاپەڕەی ١١٥دا دەڵێت: بابەکری سەلیم ئاغا و هەباسی مەحمود ئاغا، دوو سەرەك عەشیرەتی میراودەلیی پشدەرن.

ناو براو دەڵێت سیاسەتی بابەکر ئاغا زۆر لەوەی زیاترە کە ئێمە باسی دەکەین، ناوبراو دەڵێت بە لای هەندێك خەڵکی نەشارەزاو نەفام، ئەم دوو سەرەك عەشیرەتە بەرهەڵستی و رێگریی یەکتری دەکەن، بەلام ئەم بۆچوونە هەڵەیەو ئەوەی وا تێگەیشتوو بێت، بە هەڵەدا چووەو خراپ حاڵی کراوە.

بابەکر ئاغا پیاوێکی زاناو زیرەك و هۆشمەندێکی بێ وێنەیە لە ناو عەشیرەتی پشدەرو هەموو عەشیرەتەکانی تردا.. ناوبراو دەڵێت: هەباسی مەحمود ئاغالەسەر بەرنامەو سیاسەتی بابەکر ئاغا دژ بەئینگلیز وەستاوە.

بابەکر ئاغاخۆی هاوپەیمانی ئینگلیز بوو، بۆ ئەوەی هەر لایەکیان شکستی هێنا لایەکەی تر وەری بگرێتەوە، بەڵگەیشمان هەیە لەسەر ئەم سیاسەتە:

بەڵگەی یەکەممان، ئەوەیە کە ئەم دوو سەرەك عەشیرەتە هێندە دژ بە یەکترن، بۆچی رۆژێك لە رۆژان خوێنیان لە یەکتر نەهێنا، یان کارێکی وایان نەکرد، بە بەرچاوی خەڵکەوە دیار بێت..؟!

بەڵگەی دووەممان ئەوەیە کە ئینگلیز لە دەربەندی رانیە شکستی هێناو پەرتو پەرێشان بوو، خۆ بابەکر ئاغا هاوپەیمانی ئینگلیز بوو، دژایەتیی هەباس ئاغاو شێخ مەحمودی دەکرد.

ئەی بۆچی لە دوای شکست هێنانی سوپای ئینگلیز هەباس ئاغا چوو بۆ گردە سپییان بۆ لای بابەکر ئاغاو لەوێوە بە یەکەوە چوون بۆ سلێمانی بۆ لای شێخ مەحمود.. هەباس ئاغا لە رووی بابەکر ئاغادا وەك بچووکێکی زۆر بچووك خۆی دەنوواند..

بەمەدا دەردەکەوێت دژایەتیی ئەم دوو سەرەك عەشیرەتە سیاسەت بووەو لەمانەوە عەشیرەتەکانی تریش فێری ئەم سیاسەتەی بابەکر ئاغا بوون، بۆ نموونە (شێخ قادری حەفید)ی برای شێخ مەحمود، هەڵوێستی بابەکر ئاغای گرتبووە دەست لەگەڵ ناحەزانی شێخ مەحمود بوو بوو بە دۆست بۆ کەم کردنەوەی ناحەزانی شێخ..

ناوبراو لە لاپەرەی (١٢١)دا باسی چەکدارو سوارەکانی پشدەر دەکات و دەڵێت: ئینگلیزەکان لە کرێ گرتەکان واتا جاش لیوایەکی پتەویان بەرێکرد بۆ بەرگری لە هێرش بەرانی عەشیرەتەکان. بەڵام حکومەت زوو بیری کردەوە لەشکرێکی تریان پێکهێنا لە (سیك)و (هیندۆ)، ئەویشیان نارد بۆ پاڵپشتی ئەم لیوایە، بەڵام شێرە پیاوان و سوارە چاپووکەکانی عەشیرەتی میراودەلی و کەمێك لە عەشیرەتی (کەریم بەگ)و کەمێك لە عەشیرەتی (غەفوور خان)، پەلاماری سوپای ئینگلیزیان داو سەریان لێشێواندو بەرەو

قوروو چلپاوی دەشتی بیتوێن ملیان ناو بە خاڵێکی زۆر سەخت لە ژێر چاودێریی فرۆکە شەڕکەرەکانی دەربار بوون.

٧-مێژوو نووس (مەسعود محەمەد) لە پەرتووکی گەشتی ژیانمدا باسی عەشیرەتی میراودەلیی پشدەر دەکات، لە لاپەڕەی (٢٠١) دا تا لاپەڕەی (٢٠٨). بەڕێز مەسعود محەمەد دەڵێت: لەو سەفەرەی کە کردم بۆ پشدەر بۆ ناو عەشیرەتی میراودەلییان، گەلێك کردارو ڕەفتارم چاو پێکەوت، کە جێگای شانازییە بۆ ڕێبوارو بێ نەوایان، بەڕێز (مەسعود محەمەد) دەڵێت: بە ڕاستی سەردانی عەشیرەتو بنەماڵەی میراودەلییان بکە، هەر لە میراودەلییان دەوەشێتەوە، هەر ئەوان دەزانن بەخێرهاتنی میوان بکەنو ڕێزو حورمەتیان بۆ دابنێن، هەر لەوان دەوەشێتەوە باری کۆمەڵایەتیو قسەکردن لەگەڵ میوانو خەڵکانی بێگانەدا..

هەر ناوبراو دەڵێت: ئەگەر دەتەوێت ماوەیەك لە وڵاتی خۆت یا گوندی خۆت بچیتە دەرەوە، بچۆ بۆ پشدەرو ناو عەشیرەتی میراودەلی، ڕێزو حورمەتو خواردنو خواردنەوە لە لای ئەوان یەك جار زۆرە. هەر بە دوو کەس سینییە نان دەهات بە برنجو گۆشتەوە، ئەگەر میوانەکان سێ کەس یان تاکە تاکە بوونایە، بە تەنها سینیی بۆ دەهاتو لە سەری دادەنیشت. عادەتیان وابوو نانی ئێوارەیان درەنگ دەخوارد، لەبەر ئەوەی ئەوەك ڕێبوارو کاروان چییان بەڕێوە بن تا بە نان خواردندا بگەن.. بەڕێز کاك مەسعود محەمەد دەڵێت: لەپێشەوە چووم بۆ هێرۆ میوانی مەحمودی حاجی ئاغا بووم، کات زستان بوو، بۆ عەسر نزیك هێرۆ بووینەوەو تووشی کانییەك بووین، وتمان با نوێژی عەسر لەسەر ئەم کانییە بکەین.. یەکێك مان لەگەڵ بوو بەناوی (حەسەن قەرەنی) وتی: وەڵڵا خوا بەم نوێژە بمباتە بەهەشت نایکەم، ئەوا لە سەرمادا ڕەق دەبمەوە..

دەڵێت: کاتێك گەیشتینە دیوەخانی مەحمود ئاغا، بە پێشوازییەکی زۆرەوە لە سەرووی خۆی داینایینو زۆر ڕێزی لێ گرتینو نازانم بە چ زمانێك باسی ئەو نانو خوانە بکەم کە بە ئێمەیان دا!؟ بەڕێز مامۆستا مەسعود محەمەد دەڵێت: لەوێوە هاتین بۆ گردە سپییانو میوانی بابەکر ئاغا بووین، کاتێك گەیشتینە دیوەخانەکەی، پێشوازییەکی زۆر گەرمی لێ کردین، زۆر زیاد ڕێزی منی گرت، هەر چەندە ئەو زۆر لە من بەتەمەنتر بوو، من چاوەڕوانی ئەم هەموو ڕێزەم لە بابەکر ئاغا نە دەکرد، کە لە چاو من پادشا بوو..

کە تەماشای دیوەخانەکەم کرد، بە زنجیرە میوان دانیشتبوون، هەر تاوە رووی لە کۆمەڵێك دەکردو قسەی بۆ دەکردنو وەڵامی پرسیارەکانی دەدانەوە.

بۆ بەیانی دووعا خوازیمان کردو بەرەو چۆم خڕکە ڕۆیشتین بۆ لای عەباسی مەحمود ئاغا. کاتێك گەیشتینە چۆم خڕکە، عەباس ئاغا لە ماڵ نەبوو، بەڵام ئەحمەد ئەفەندی لەوێ بوو، کە مەشهوور بوو بە ئەحمەد تەقی، وەکیلی عەباس ئاغا بوو ئەو شەوە لەوێ بووینو ئەحمەد تەقی میواندارییەکی باشی کردین..

میواندارییەکەی ئەحمەد تەقی شارستانیش‌و عەشایەرییشی پێوە دیاربوو، کاتێك لە ماڵی عەباس ئاغا بەرێ کەوتین، چەند بەچکە ئاغایەکیشمان ڕەگەڵ کەوتن لە ماڵی عەباس ئاغا، ئەم بەچکە ئاغایانە لە ئاغای بناری کوڕ کوڕ بوون، هاتین گەیشتینە نزیك گوندی سندۆڵان، لە دوو ڕیانێك وەستاین بەچکە ئاغاکان دوعا خوازییان لێ کردین، بەڵام ئێمە زۆر هەوڵمان دا کە ئەڕۆنو شەو لامان بمێننەوە، لەبەر ئەوەی چەمەکە یەکجار زۆر هاتبوو قەیاخ نەدەگەڕا ، بەڵام بەچکە ئاغاکان هەر ڕۆیشتن..

کاتێك دەگەنە سەر چەم، چەم زۆرەو قەیاغ ناگەڕێت، پێیان عەیب دەبێت بگەڕێنەوەو بێنەوە بۆ سندۆلان، دەگەڕێن شوێنێکی موناسب دەبیننەوەو لە چەمەکە دەدەن و بە هەر حاڵ و شێوەیەك بێت دەپەڕنەوە ئەویش بەشێوەی مان و نەمان.. ئەمە نموونەیەکە لە غیرەت و جەسارەتی عەشایرگەری، ئامادەن ژیانی خۆیان بەخت بکەن، بەڵام کارێك نەکەن بەسەریاندا بشکێتەوە..!!

بەڕێز کاك مەسعود محەمەد دەڵێت: هەر ئەمانەن کە بتوانن پارێزگاریی خاك و نیشتمان و سەروەریی وڵات بپارێزن، ئەگەر لە جیگای ئەم بەچکە ئاغایانە شارستانییەك بووایە لە دوور، لەم ئاوە زۆر دەترسا و دەگەڕایەوە.. ئاوبراو زۆر شتی تری نووسیوە لەسەر عەشیرەتی میراودەلی..

## کورتەیەك لە داستانە مێژووییەکەی دوانزە سوارەی مەریوان

کاتێك ئەحمەد پاشا حاکم و حوکمڕانیی ناوچەی قەڵاچوالانی کردووە، مەشهوور بووە بە (شا غازی) یان ئەحمەد لەشکر شکێن..

لە هەمان کاتدا پایتەختی ئەحمەد پاشا، قەڵاچوالان بووە، ئەم سەردەمەش سەردەمی شیرو تیرو رمو مەتاڵ و قەڵغان بووە، بەڵام ئەحمەد پاشاله سەردەمی خۆیدا تاکە کەسی ئەو سەردەمە بووە، رۆژێك ئەحمەد پاشا لە دامێنی قەڵاچوالان لەسەر رۆخی چەمی قەڵاچوالان لەگەڵ وەزیرو وەزراو پیاو ماقووڵانی لە بن سێبەری شەنگە بییەکان دانیشتبوو باسی لە داهاتووی ناوچەکەیان دەکرد.. لەم کاتەدا دوو پیاو دێن و سڵاو دەکەن و کرنوش بۆ ئەحمەد پاشا دەبەن، لە دوای ماندوو نەبوون و بەخێرهاتن، ئەحمەد پاشا فەرموویان دەکات و شوێنی دانیشتنیان پێشان دەدات..

ئینجا ناونیشانیان لێ دەپرسێت: یەکەمیان کە پیاوێکی ریش سپیی بە ساڵاچوو بوو، وتی: گەورەم من ناوم (مەلا حەمزەیە)و ئەفغانیم، ئەمەش

بەندە زادەی بەڕێزتە، ناوی (ئەکرەم)ەو سەودا سەری ڕۆژی جەنگو هەراو شیرو ڕم وەشێنە.. لە کابولو زابولەوە هاتووە، ناوبانگی سەلیم بەگی بیستووە، بەڵێنی داوە ئەگەر سەلیم بەگ بتوانێت شیرەکەی ئەکرەم لە کالان رابکێشێتو بەم لاو بەو لادا هەڵی بسووڕێنێت، ئەوا هەتا ماوە سەلیم بەگ بەجێ نەهێڵێتو نۆکەری سەلیم بەگ بێت..

ئەحمەد پاشا سەرنجی ئەکرەمی ئەفغانیی دەدا ، ئەوە نەرە دێوێکە ، دار چنارێکی کەم وێنەیە.. شیرێکی بە کەلەکەوەیە بە زوبان وەسفی ناکرێت، ئەحمەد پاشا دەڵێت کوا سەلیم بەگی مامم بانگ بکەن، بڵێن میوانی هاتووە.. لەم کاتەدا سەلیم بەگ دێتەوە، بەخێرهاتنیان دەکات..

ئەحمەد پاشا دەڵێت: مامە ئەمانە میوانی تۆن، سەلیم بەگ دووبارە زیاتر ڕێزیان لێ دەگرێت ، سەلیم بەگ کە تەماشای شیری ئەکرەم دەکات کە بە کەلەکەیەوەیە، لای سەلیم بەگ شتێکی ئەفسانەیی دەبێت..

سەلیم بەگ ڕوخسەت وەردەگرێت کە تەماشای شیرەکەی ئەکرەم بکات، ئەکرەمیش فەرمووی لێ دەکات، سەلیم بەگ شیرەکەی رادەکێشێتو بەم لاو ئەو لادا هەڵی دەسووڕێنێت، چەند جاریش بۆ هەوای هەڵدەداتو دەیگرێتەوە.. واتا لەبەردەم ئەکرەم یاریی بە شیرەکەی دەکات زۆر بە سادەیی.. ئەحمەد پاشا کە بەم شێوەیە سەلیم بەگی مامی دەبینێت زۆری پێ خۆش دەبێت، ئەکرەمیش زۆر خۆشحاڵ دەبێت کە تووشی ئاغای خۆی هاتووە، دەڵێن: لەم کاتەدا (کوێخای بەکراوا)و (کوێخای خورماڵ) لە بارەگای پاشا سڵاویان کردو سکاڵای حاڵی خۆیان دەربڕی بەرامبەر بەو زەرەرو زیانانەی کە ئەو ڕەوە بەرازانە لێیان دەدەن، کە هیچ دەغڵو دانەوێڵەیانی نەهێشتووە، لەم کاتەدا ئەحمەد پاشا توانجێک دەهاوێتە سەلیم بەگی مامیو ئەکرەمی ئەفغانی، دەڵێت: شێر ڕاوەشاندن لە دیوەخانانو ناو خەڵکی هونەر نییە، هونەر ئەوەیە بۆ پارێزگاریی

ولاتەکەی رابوەشێنێت.. سەلیم بەگ قسەکەی ئەحمەد پاشای زۆر پێ ناخۆش دەبێت و دەڵێت: توانج و تەعلیق پیشەی پاشایان نییە و لەبەراز ترسانیش پیشەی پیاو نییە..!!

سەلیم بەگ روو دەکاتە کوێخاکان و دەڵێت: ئێوە برۆنەوە بەیانی بۆ نیوەڕۆ میوانی ئێوەین.. لە دوای رۆیشتنی کوێخاکان، سەلیم بەگ بە شوێن ئەم سەرۆک هۆزانەدا دەنێرێت:

١-جوانمێر ئاغای رەنگینەی سیوەیل. ٢-زەینەڵ بەگی مەسرەف. ٣-ئەحمود بەگی قەدیمە باش چاوەش. ٤-داراغای میرەدێ. ٥-فلامرزی رەنگنە. ٦-رەسوڵ ئاغای بلباس. ٧-مەمەند ئاغای میراوەدەلیی پشدەر. ٨-شاپوور ئاغای بەختیار. ٩-زوڵاڵ ئاغای مەرگە. ١٠-میران بەگی وەلید بەگی چەلەبی. سەلیم بەگ ئەمانە هەمووی کۆ دەکاتەوەو بە خۆی و ئەکرەم دەکاتە دوانزە سوار.. بەیانی زۆر زوو بۆی دەردەچن. سەلیم بەگ پیشەی خۆی بوو هەر کاتێك چووبایە دەرەە تەپڵی شەڕی لەگەڵ خۆی دەبرد، لەگەڵ رۆیشتن تەپڵی لێ دەداو دەرۆیشت. لەم کاتەی ئەم دوانزە کەڵە پیاوە لە راوە بەراز دەبن، خەبەر گەیشتە ئەحمەد پاشا، کەوا لەشکری ئێران گەیشتووەتە مەریوان، ئەحمەد پاشا کە تەماشا دەکات کەسی وای لە دەور نییە و کەڵە پیاوەکانی لە دەرەوەی شارن و لە راوە بەرازن و کەس نازانێت بۆ کوێ چوون..

ئەحمەد پاشا بانگی ئەوانە دەکات کە لەدەوری پاشا ئالاون و نانخۆرن، دەڵێت: وا لەشکرێکی دوانزە هەزار سواری ئێرانی هاتووە بۆ سەر قەڵاچوالان و گەیشتووەتە مەریوان.. ئێوە راتان چییە؟

هەر کەئەحمەد پاشا ناوی دوانزە هەزار سواری ئێرانی دەهێنێت، نانخۆرو خۆهەڵکێشەکان هەموویان دەکەونە لەرزین، ئەحمەد پاشا کە بەم شێوەیە خەڵکەکەی خۆی دیی، وتی: خۆتان کۆ بکەنەوە با بۆی دەربچین و

ڕەوی بۆ بکەین. واتا ڕابکەین و بێ شەڕ وڵات بەجێ بهێڵین، توانای شەڕمان نییەو بەرەو گەلاڵە ڕابکەین..

ئەحمەد پاشا دەنگی مەیتەر دەدات و وتی مەیتەر ئەسپەکەم بۆ زین و لغاو بکە. مەیتەر ئەسپەکەی لە تەویلە دەهێنێتە دەرەوە. ئەسپ دەست دەکات بە حیلە حیل و چەپۆك هاویشتن، مەیتەر ڕقی هەڵدەستێت و دەڵێت: ئەو شێرە شێرو هات و هاوارەت لە چییە، وا دەزانیت بۆ مەیدان داری و شەڕو هەرا دەچیت؟ نازانی ئەحمەد پاشا سوارت دەبێت و لەبەر دوژمن ڕادەکات و تەخت و بارەگاو نیشتمان بەجێدەهێڵێت.. لەم کاتەدا ئەحمەد پاشا گوێی لە توانجی مەیتەرەکەی دەبێت و غیرەت دەیگرێت و لە ڕاکردن پەشیمان دەبێتەوە، ئەحمەد پاشا دەڵێت مەیتەر، ئەسپەکەم بۆ بهێنە دەرێ، ڕەو نییەو ڕۆژ ڕۆژی پیاوانە، تا ئەم ڕووحە لام بمێنێت نابێت پشت بکەمە دوژمن..

ئینجا ئەحمەد پاشا دەڵێت: مەریوانە، مەریوانە ڕۆژی مەردانە ئەعرەتەی دلاوەرانە، ئاوزەنگی لێدانە. ڕوو دەکاتە مەریوان و پشت دەکاتە قەڵاچوالان و بەرەو سوپای دوژمن دەکەوێتە ڕێ، لەم کاتەدا ئەحمەد پاشا تەماشا دەکات دەستەیەك سوار دێن و سورێك لە پێشەوە دێت کڵاو زڕێی لەسەرە وەکو مەردی مەیدان دەنوێنێت، وەك شێری بێشە دەنەڕێنێت وەك بولبول دەچریکێنێت، سام و هەیبەت دەنوێنێت، ڕۆستەمی مازندەران ئەژنۆو چۆکی لەبەر دەلەرزێنێت. کە نزیك بووەوە سەیر دەکات شاسواری پشدەرو مەمەندە قیتەو سوپا و لەشکری دوژمن دەبەزێنێت..

سواراغای بلباس لە تەنیشتییەوە دەڕوات و لاوکی مەیدان داری دەڵێت، جوانمێر ئاغای ڕەنگینەش لەم تەنیشتەیەوە دەڕوات کە مەشهوورە بە پڵنگی چەنگ بە خوێن، قلیانی تێکردو لە ناو دوروکەڵی قلیاندا وەك شێری بێشە کەخۆی لە مەکۆ داوە بۆ هێرش و پەلاماردان. ئەحمەد پاشا بە

چاوپێکەوتنیان دەگەشێتەوەو زۆر خۆشحاڵ دەبێت، هەر لەم کاتەدا ئەحمەد پاشا مەیتەری بیردێتەوەو دەڵێت: مەیتەر شەرتبێت لەم شەڕەدا سەرێکەوم گەورەترین خەلاتت بکەم، ئەگەر تۆ ئەو توانجەت لەمن نەدایە من رەوم دەکردو ئەمانەش شەڕیان دەکرد..

دوایی من رووی خۆم چۆن سپی بکردایەتەوە لە رووی ئەم کۆمەڵە سوارانە، کە وەك شێرو پڵنگو بەوری بەیان سامو هەیبەتیان لێ دەبارێت.. هەی ئافەرین مەیتەر..

ئینجا ئەحمەد پاشا کەئەم کۆمەڵە سوارەی بە تەواوی ناسی تەپڵی شادیو خۆشیی لێ دەداو کەرەنا ژەنیش کەرەنای رزگاریی لێ دەدا.. ئینجا بەرانمەی شەڕو پێکدادان تەرح دەکەن، بەلام مەمەند ئاغای پشدەری دەڵێت: لێرەدا بەرنامەی شەڕو پەلامار دانانرێت، دەبێت ئێمە لێیان نزیك ببین و بچینە پێشەوە تەماشای هۆردووو بارەگای دوژمن بکەین و شوێنەکەیان ببینین، ئەوجا نەخشەی شەڕ دادەرێژین. هەموو لایەك رایەکەیان پەسند بوو، رۆیشتن تا گەیشتنە نزیك سوپای دوژمن، کە دوانزە هەزار سوارەی شەڕکەر بوو، لە پەنا گردێك خۆیان پەنا دا تا شەو تاریك بوو، ئینجا بەرنامەی شەڕیان دامەزراند.

لە هەمان کاتدا بیر لەوە دەکەنەوە کەی هێرش ببەنە سەر سوپای دوژمن. مەمەند ئاغا دەڵێت:

هەر ئێستا لە هەموو کاتەکان باشترە، چونکە دوژمن بە نان خواردن و ولاغ ئالیك دان خەریکن، لە لایەکی دییکەوە خەریکن خێوەتو جێگا سازکردنن بۆ شەو، ئەوان وا نازانن کە لەم کاتەدا پەلاماریان دەدەین، چونکە پەلاماردانی دوژمنان یان لەبەری بەیاندا بووە، یان لە نیوە شەودا بووە، دووبارە مەمەند ئاغای میراودەلی دەڵێت: من وام پێ باشە هەرچی توانایەکی هەمانە ئەم شەو سەرفی بکەین، ئەگەر ئەمشەو سەرکەوتن

بەدەست نەهێنین، بەیانی هیچمان بۆ ناکرێت، لەبەر ئەوەی ئێمە بە نیسبەت ئەوانەوە زۆر کەمین و لە چاو ئەواندا دیارنین..

سەلیم بەگ رووی کردە مەمەند ئاغا و وتی: هێرش و پەلاماردانەکەمان چۆن بێت؟ مەمەند ئاغا وتی: من وام پێ باشە ئێمە ببینە دوانزە قۆڵ، لە هەر دوانزە قۆڵەوە پەلاماری دوژمن بدەین و لە هەر دوانزە قۆڵیشەوە تەپڵی هێرش و پەلاماردان لێ بدرێت.. بۆ ئەوەی دوژمن وا بزانێت لەشکرو سوپایەکی یەکجار زۆر پەلاماریان داون.. هەموو لایەک بەرنامەو تاکتیکی مەمەند ئاغایان پێ باش بوو..مەمەند ئاغا وتی: من وام پێ باشە ئەکرەم لەگەڵ کۆمەڵێک سوار بچن پشتی دژمن بگرن، بۆ ئەوەی کە شکان ئەو لووتکە شاخەی پشتیان نەگرن و پشتیان نەگرن و بکەونە دەشتەوە.. هەر کاتێک ئەکرەم و کۆمەڵە سوارەکە گەیشتە شوێنی دیاریکراو ئەکرەم نەعرەتەیەک لێ بدان و تەپڵی هێرش و پەلامار لێ بدات و هێرشی خۆی بکاتە سەر دوژمن.. ئێمەش هەر کەسە لە قۆڵی خۆمانەوە هێرش و پەلامار دەست پێدەکەین، کاتێک ئەکرەم گەیشتە شوێنی دیاریکراو، ئەکرەم نەعرەتەیەکی (الله اکبر)ی لێ داو بە دوای نەعرەتەی ئەکرەمدا، مەمەند ئاغایش لە قۆڵی خۆیەوە نەعرەتەیەکی لێ داو بە نەعرەتەی ئەم دوو سوپا سالارانە دارو بەردو دەشت و دۆڵ و کەژو کێوو درەندەی کێو هاتنە لەرزین و هاوار.. مەمەند ئاغا دەنگی (الله اکبر)ی بەرز کردەوەو شیری رادەوەشاند، بە وێنەی زولفەقاری ئیمامی عەلی، سەربازی ئێرانی وەک گەڵای دار لە کاتی گەڵارێزاندا ئاوا سەربازی ئێرانی هەڵدەوەرینە سەر زەوی و دەیوت: قوربانت شەو، شەوی شێرانە، شەوی تۆمارکردنی مێژووو داستانە، شەوی رزگارکردنی نیشتمانە.. لە هەمان کاتدا دەنگ و نەعرەتەی هەر دوانزە سوارەی مەریوان پشت و چۆکی دوژمنی هێنایە لەرزین و دوژمن کەوتە راکردن و هەڵاتن..

له هەمان کاتدا بەچکە شێرانی دوانزە سوارەی مەریوان کەوتنە دوا لەشکرە شکاوەکەی ئێران، تا لە خاکی باب و باپیرانیان وەدەرنان..

ئەمە بوو کورتە باسێك لە دوانزە سوارەی مەریوان. مەمەند ئاغای میراودەلیی مەشهوور بووە بە (مەمەندە قیت)..

## پشدەرو پێکهاتەی کۆمەڵایەتیی

پشدەریش لە رووی پێکهاتەی کۆمەڵایەتیی جیاوازیی نییە لەگەڵ هۆزو تیرەکانی تری کوردستان. ئەو سنوورو چوارچێوەیەی پشدەریش لە رووی عەشایەرییەوە پێکهاتووە لە میراودەلی و نورەدین و مەنگوورو مامەش و کۆمەڵێك تیرەو هۆزی تر، بەڵام عەشیرەتی میراودەلی بە چەند خەسڵەتێکەوە لە عەشایرەکانی تری کوردستان جیا کراوەتەوە، وەك سیاسەت مەداریی، نیشتمان پەروەریی، خانەدانی، سەخاوەتی، ئازایی، لێبوردەیی، بەخشندەیی و گەلێك شتی تر..

عەشیرەتی میراودەلی-یش عەشیرەتێکی زەق و دیارە لە ناو هەموو تیرەو عەشیرەتەکانی تری کوردستاندا.. لە هەموو رووداوو کارەسات و روو بە روو بوونەوەیەکدا جێ پەنجەیان دیاربووە، بابەکری سەلیم ئاغاو هەباسی مەحمود ئاغا، نەك دوو سەرۆکی عەشیرەتی میراودەلییان بووبن، بەڵکو هەموو تیرەو هۆزەکانی پشدەرو مەرگەو شاربازێڕو جافایەتی و بەشێکیش لە خاکی ئێران، وەکو سویسنایەتی و ئالان و رەبەتو گەورگایەتی لە ژێر قەڵەمڕەویی ئەم دوو سەرۆکەدا بوون، بەڵام ئێستا لە زۆربوونی نفووسی عەشیرەتی میراودەلی، سەرۆکێك یان دوو سەرۆك نییە، بەڵکو ئێستا لە هەر تائیفەیەك زاناو هۆشمەندێك هەڵدەبژێردرێت و لیژنەیەك پێك دێت بە ناوی لیژنەی (شوورا) واتە ئەنجومەنی پیران.. لە ناو ئەم لیژنەیەشدا دوو کەسی تری زانا هەڵدەبژێردرێن، بۆ بەرێوەبردنی ئیش وکاری دەرەوەی سنووری

پشدەر، بەڵام ئەم دوو هەڵبژێردراوە، هەمیشە پەیوەندییان بە لیژنەکەوە هەبووە، جگە لە عەشیرەتی میراودەلی لە گوندەکانی بناری پشدەر، کەسانی تر هەن کە خاوەنی زەویوزارن، ئەوانیش بە وردە مالیك ناوبراون، پشدەر بە هۆی هەڵکەوتوویی جوگرافیایی ناوچەکە کە لە سنووری ئێرانەوە نزیکەو لە دەسەڵاتی میری دوور بووە، بووەتە هۆی ئەوەی خەڵکی خەباتگێڕو شۆڕشگێڕی کوردستانی ئێران و عیراق رووی تێکردووە، خەڵکی پشدەر بە درێژایی مێژوو لە خۆشیو ناخۆشییدا هاوبەشی یەکتری بوون و بەرگرییان لە ناوچەکە کردووە. بە تایبەتی میراودەلی و نورەدینی. وەکو دوو برای گیانی بە گیانی سەروەریی ناوچەی پشدەریان پاراستووە بە خوێن و بەماڵ، گەلێك کەڵە پیاوی ناودارییان لە دەستداوەو نەیان هێشتووە دوژمنانی پشدەر سەروەریی پشدەر لەکەدار بکەن.

ئەگەر رۆژێك لە رۆژان ناکۆکی لە ناو میراودەلی و نورەدینی پەیدا بووبێت، ناحەزانی پشدەر هەلیان قۆستووەتەوەو دەستی رەش و پیسی خۆیان لە پشدەر وەشاندووە. هەردوو لا تووشی زەرەرو زیان بوون، هەر زوو دەرسیان وەگرتووەو گەڕاونەتەوە بۆ برایەتییەکەی جاران.

یەکێك لە خەسڵەتە هەرەگەورەکەی پشدەر، بە هەموو چینو توێژەکانەوە سەخاوەتیو نانبدەییە بۆ میوانو رێبواران و لێقەوماوان و ئاوارە بووان، تەنانەت لە شارێکی وەك قەڵادزە میوان خانەیەکی لێ نییە، ئەمە بەڵگەیەکی سەلمێنەرە کە پشدەرو هەموو ماڵێکی پشدەر میوانخانەیەکی بەلاشەو پەنایەکە وەك چیای قەندیل و ئاسۆس، چەندین جار کە خەڵکی ئەو دیو سنووری پشدەر لە سەرۆك عەشیرەت و شۆڕشگێڕو کەسانی ناودار لێیان قەوماوە پشدەرو عەشیرەتی میراودەلیی پشدەریان نیشان داوەو پەنایان بۆ پشدەرو دیوەخانەکانی پشدەر هێناوە.

...ك ئەم بەڕێزانەی کە ناویان لە خوارەوە هاتووە:
١-کاکل ئاغای گەردی. ٢-سمایل ئاغای شوکاک. ٣-خدۆی ئەحمەد ...ئی دزەیی. ٤-عەلی مەحمودی کاکەخانی دزەیی. ٥-کوێخا مەجیدی ...شینی. ٦-شێخ رەشیدی تاڵەبانی. ٧-شێخ سەعیدی تاڵەبانی. ...سەلیم ئاغای بایزی مەنگووران. ٩-عەولای بایز ئاغای مەنگووران. ١٠-عارف ئاغای مامەش. ١١-مستەفا قرگەیی. ١٢-شێخ مەحمودە ...ووکەلە. ١٣-ئەنوەر بەگی بێتواتە. ١٤-عەلی رۆستەم. ١٥-لە دوای ...ەرەسهێنانی کۆماری مهاباد، سەدان کادیرو شۆرشگێرو پێشمەرگەو ...سەرەك هۆزەکانی ئێران پەنایان بۆ پشدەر هێناو لەدیوەخانەکانی پشدەر ...انەوە.

...مێمنی شاعیر لە یاداشتنامەکانیدا باسی ئەوە دەکات کە لە گوندی ...ڕداغ گیرساوەتەوەو دەفەرمووێت:

...ە راستی دابو نەریتی میوانداریی هەر لە میراودەلیو ...پشدەریی دەوەشێتەوەو هەر لەوان جوانە، کە چ رێزو حورمەتێك بۆ ...میوان دادەنێن.

...اوبراو دەفەرمووێت: کاتێك میوانیان هات لە لایەن خانەخوێ پێشوازیی ...ێ دەکرێت. ئەم پێشوازییە هەر لەوان دەوەشێتەوە، دیسان ناوبراو ...دەفەرمووێت:

...باشترین خەسلەتی میراودەلییەکان ئەوەیە فەقیر بێت یان دەوڵەمەند، ...یوەخانەکانیان دوورە لەماڵەکانیان.

...ەر کاتێك میوان هاتبێت سواربێت یان پیادە چەکدار بێت یان بێچەك، ...ئەگەر سوار بووبێت وڵاغی لێ وەرگیراوەو وڵاغەکەیان بردووە بۆ تەویلەو ...ئاوجۆی دراوەتێ و فەرمووی میوانیش کراوە بۆ دیوەخان. ئەگەر میوانەکە ...چەکدار بووبێت لە دوورەوە پێشوازیی لێکراوەو چەکەکەیان لێ وەرگرتووەو

خانەخۆێ پێشی کەتووە بۆ دیوەخان. دیارە ئەمەش جۆرە ڕێزێکە بۆ میوان. لە ناوچەی پشدەر کۆمەڵێك دیوەخان هەبوون کە خاوەنەکانیان خواپێداو بووەو زیاتر میوان رووی تێکردوون.

وەك سەرکەپکان، گربداغ، نورەدین، گەناو، هێرۆ، دێگە، گردە سپییان، چۆم خرکە، بنەوشان، بناویلە، کەڵەکان، ناودەشت، گەرمکان، لە سەرووی هەموویانەوە دیوەخانی کۆنە گەناو کە خاوەنەکەی حوسێنی حەسەن ئاغا بووە، هەر چەندە زۆر کەم دەستیش بووە، بەڵام هەمیشە دیوەخانەکەی جمەی هاتووە. با لێرەدا دیوەخانو ساباتە مەزنەکەی بایز ئاغای سەرنێڵێمان لە یاد نەچێت، کە شەوو رۆژ (٢٤) سەعات وەکو چێشت خانە خواردنو خواردنەوەو چا ئامادە بووە بۆ رێبوارو هەژارو داماوان بە بەلاش. ئێستاش کە ماڵێك یان دیوەخانێك گەرمو گورو ئاوەدان بێت، پێی دەڵێن: ماشائەڵلا دەڵێی دیوەخانی بایز ئاغای سەرنێڵێییەو باقیی هەموو دیوەخانێکی پشدەر دەرگای لەسەر پشت بووە بۆ هەموو کەس، بە تایبەتی بۆ کەسانی سیاسیو شۆرشگێر، بەڵکو عەشیرەتی میراودەلی رۆڵی تایبەتییان هەبووە لە چوارچێوەی خەباتو شۆرشەکاندا، بەڵکو بەشدارییەکی راستەوخۆی ئەو خەباتو بەرخۆ دانەشیان کردووە کە گەلی کوردو شۆرشەکانی ئەنجامیان داوە، بۆ گەیشتن بە مافەکانی خەسڵەتێکی تری میراودەلییان ئەوەیە بە سەروەتو سامانو دەسەلات نەیان نازیوە. زۆربەی زۆری میراودەلییان لەگەڵ شوانو گاوانو سواڵکەرو هەژارو بێ نەوایان نانیان خواردووەو لەسەر یەك سفرەو لە یەك ژوورو لەبەر یەك ئاگردان دانیشتوون، بۆ نموونە مینە ئاغای گربداخی یەکێك بووە لەو کەسایەتییە ناسراوانەی ناو میراودەلییان کە هەمیشە لەگەڵ خەڵکی هەژارو نەناسراو دانیشتووەو نانی لەگەڵ خواردوون، دەسەلاتو سەروەتو سامان نەیگۆریوە.. بۆ نموونە (سەعید)ە شێت، کە یەکێکە لە شێتەکانی شاری

قەڵادزێ مینە ئاغای بە دەستی خۆی چەند جارێك لە ماڵی خۆی شتوویەتی و جل و بەرگی بۆ گۆڕیوە.

کاتێك میری فەرمان دەردەکات شێتەکانی شاری قەڵادزە بباتە شێتخانە، سەعیدە شێت یەکێك دەبێت لەو شێتانەی کە دەیبەن بۆ شێتخانەو سواری ئۆتۆمۆبێلی دەکەن. لەو کاتەدا مینە ئاغا بە لای ئەو ئۆتۆمۆبێلەدا تێدەپەڕێت، کە سەعیدە شێتی تێدا سواربووە، سەعیدە شێت چاوی بە مینە ئاغا دەکەوێت و بانگ دەکات مینە، مینە، ئەها دەمبەن بۆ شێتخانە.. مینە ئاغا دەگەڕێتەوەو دەچێتە لای بەرپرسی میری و سەعیدە شێت بەرەڵا دەکات.. ئا ئەمەیە هەڵوێستی میراودەلییان بەرامبەر بە هەموو چین و توێژێکی ناوچەو دەرەوەی ناوچەکە.

## لە نجومەنی ماقووڵان

سەرەڕای ئەوەی بابەکر ئاغاو هەباس ئاغا دوو کەسایەتیی لێهاتووی ناوچەکە بوون، لە سەردەمی ئەواندا پشدەر وێردی سەر زمانی شاعیران و نووسەران و گەڕۆکە بێگانەکان بووە، بەڵام شان بەشانی ئەم دوو کەسایەتییە ناسراوە، چەندین کەسایەتیی دیکە هەبوون و قۆڵیان لە خزمەتکردنی ناوچەکەدا هەڵماڵیوە، وەکو میراودەلی و نورەدینی، کە وەك دوو برای گیانی بە گیانی لەگەڵ یەك وابوون و هیچ نیگەرانییەکیان نەبووە و لە نێواندا، بە سامان و خێون لەگەڵ یەکتر بوون و بەرامبەر بە دوژمنی پشدەر لە یەك سەنگەر بەرگرییان کردووە و نەیانهێشتووە دوژمنانی پشدەر خاك و ئاوو نیشتمانییان پێشێل بکەن.

زۆر لە شێرە پیاوانی میراودەلی و نورەدین لەسەر خاك و ئاوی پشدەر گیانیان لە دەستداوە و بوونە قوربانی سەروەریی پشدەر، جا هەر لەسەر ئەم یەکێتی و برایەتییە بوو کەسایەتییە ناودارەکان و ریش سپییانی میراودەلی

بیریان لــەوە کــردەوە یاســایەك دابمــەزرێنن، لەبــەرژەوەندیی هــەردوو عەشیرەتی میراودەلی‌و نورەدینیدا بێت، ئەوەبوو هەڵبژاردن کرا لە گوندەکانی بناری پشدەر، چەند کەسێکی زاناو زیرەك‌و هۆشمەند هەڵبژێردران، وەکو لیژنــەی ســەرپەرشتی کــەری ناوچەکــە بــە نــاوی لیژنــەی (ئەنجومــەنی ماقوولان)، ئەم یاسا جوانە بەرپا بوو لە ناوچەی پشدەر وەکو یاسایەکی دیموکراتی.

ئــەوەش ئــەوە دەگەیــەنێت ناوچــەی پشــدەر لــە پێــش وڵاتــە پێــش کەوتووەکانی ئەوروپا یاسای دیموکراتی لە ناوچەی پشدەر بەرقەرار بوو. جا لەسەر ئەم بڕیارە دەستکرا بە هەڵبژاردن لەگوندەکانی بناری پشدەر، بەم شێوەیەی لای خوارەوە:

١-لە گوندی باوزە کاکە مەم.

٢-لە گوندی بێناسە فەقێ ئەحمەد.

٣-لە گوندی هێرۆ ئەحمەد مستەفا.

٤-لە گوندی ئیسێوە مام برایم.

٥-لە گوندی ئەشکەنە حسێن بەر ڕۆژ.

٦-لە گوندی هەڵشۆ حاجی مەلا حسێن.

ئــەم بەرێزانــەو چــەند کەســێکی هۆشمــەند سەرپەرشــتیی ناوچــەی پشدەریان دەکرد بە یەکسانی. با ئەوەمان لە یاد نەچێت ئەم هەڵبژاردنە هەر بە چوار ساڵ جارێك هەڵبژاردن دەکرایەوە. ئەم یاسا جوانە بەرقەرار بوو تا ساڵەکانی (٤٠ تا ٤٥)، بەلام بە داخێکی زۆرەوە زروفــی سیاســی وایکرد ئەنجومەنی ماقوولان تێکچووو لە یەك هەڵوەشا.

هــەر وەکــو هــەمووان دەزانــین زروفــی سیاســی زۆر خــەون‌و خــەیاڵ‌و نەخشــەو بەرنامــەی زۆر گــەورە تــری لــە ئەنجومــەنی مــاقوولان تێکــداوەو هەڵوەشاندووەتەوە.

ئێمە لێرەدا وەك عەبدوڵڵا ئاغای سیوەڵێ ناڵێین کە لە لاپەڕە (١٧)ی پەرتووکەکەدا دەڵێت: ئەنجومەنی ماقووڵان بابەکری سەلیم ئاغاو هەباسی مەحمود ئاغا بۆ بەرژەوەندیی خۆیان ئەنجومەنی ماقووڵانیان تێکداوە. ئایا هەر بابەکر ئاغاو هەباس ئاغا نەبوون ئەنجومەنی ماقووڵانیان پێکهێنا بۆ بەرژەوەندیی ناوچەکەو ئەمن و ئاسایشی ناوچەکە؟؟!!

**کەسایەتییە ناودارەکانی ناوچەی پشدەر**

ئێمە لێرەدا ناڵێین تەنها ئەو کۆمەڵە کەسە هۆشمەندانە ڕۆڵی سەرەکییان هەبووە بۆ چارەسەر کردنی گیروگرفتەکانی ناوچەی پشدەر، وەکو ئەنجومەنی ماقووڵان بێت، جگە لە ئەنجومەنی ماقووڵان کەسایەتیی تریش هەبوون چ لە کاتی ئەنجومەنی ماقووڵان، یان لە دوای ەنجومەنی ماقووڵان. کە ڕۆڵی تایبەتییان هەبووە بۆ ئەمن و ئاسایش و چارەسەرکردنی گیروگرفتەکانی ناوچەی پشدەر.

ئەم کەسایەتییانەش چ دانیشتووی شار بووبن، یان گوند نشین بووبن، هەمیشە شان بەشانی عەشیرەتی میراودەلییان هەوڵیانداوە کە سەروەری و سەربەرزی و داب و نەریتی پشدەر بپارێزن، بەرامبەر بە هەر هەڕەشەو کارەسات و ڕووداوێك کە بۆ پشدەر زەرەرو زیانی هەبێت، سەنگەریان گرتووەو ئامادەی فیداکاری بوون.

ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە میراودەلی و نورەدینی دوو کەسایەتیی دڵپاکی ناوچەکە بوون.

من لێرەدا زۆر حەزم دەکرد بە کورتەیەکی کورت ژیاننامەی ئەم کەسایەتییە ناودارانە بنووسم، بەڵام زۆر هەوڵمدا دەستم نەکەوت، لەگەڵ وێنەیان. ئەمەش ناوی ئەو کەسایەتییە ناودارانەیە هەر کەسەو لە دەوری خۆیدا کە لە ناوچەی پشدەر ڕۆڵی تایبەتییان هەبووە.

**کەسایەتییە ناودارەکانی شاری قەڵادزە**

١-سۆفی فەتاح. ٢-حاجی تەیار. ٣-میرزا سەعید. ٤-حاجی مامە. ٥-بابەکری ئەحمەد. ٦-حەسەن حاجی مەحمود. ٧-حسین حاجی مەحمود. ٨-حەسەن خانمی. ٩-قادری کوێخا وسوو. ١٠-حاجی عەلی مەلا فەرخی. ١١-مەلای حاجی حەسەن. ١٢-لەتیفی خاڵە باسی. ١٣-ساڵح مام رەحمان واتا ساڵحە جوجکە. ١٤-تۆفیقە سوور. ١٥-حەمەی حاجی برایم باوزی. ١٦-حەمە سووری مینە عارەب. ١٧-حاجی ئەحمەدی گیرە. ١٨-مەحمودی کوێخا برایم. ١٩-هۆمەری حاجی موسا. ٢٠-عەلی میرزا مەمەند. ٢١-حەمەدەمین شاڵ قیت. ٢٢-حەسەن حاجی عەبدوڵڵای شۆڕی. ٢٣-حاجی میرزا عەبدوڵڵا. ٢٤-پیرۆتی مەمەندی.

ئەمانەو گەلێکی تر، کە بەداخەوە ناوەکانیان نازانمو شارەزاییم دەربارەیان نییە..

**ناوی پیاو ماقووڵان و کەسایەتییە ناودارەکانی نورەدینییان**

١-گەناو:

١-سەلیم حەمەدەمین. ٢-حاجی ئەحمەد قاژە. ٣-رەسوی فەتاحی. ٤-قادر ئەحمەد قادر ناسراوە بە قالە گەیلانی. ٥-کوێخا ئاورەحمانی برایمی.

٢-ئیسێوە:

١-برایمی کا ئەحمەدی. ٢-کا رەسوی کا ئەحمەدی. ٣-هۆمەری مام برایمی. ٤-عەلی کا رەسوی.

٣-چەکوان:

١-حەمەی مام برایمی نازناوی حەمە گوڵە. ٢-هەباسی خدری ناڵی. ٣-وەتمانی حەمەی مام برایمی نازناوی وەتمانە گوڵە، لە شەڕی رووس و

ینگلیز بەشداریی کردووە. ٤-وسوی هۆمەر لە شەڕی ئینگلیز بەشداریی کردووە. ٥-باپیری مام قادر لە شەڕی ئینگلیز بەشداریی کردووە.

٤-قندوڵ:

١-عەلی حەمە خانزاد. ٢-برایمی ئەحمەد خەجێ. ٣-حەمەی شێخ زادێ.
٤-حەمەی شێخەی رۆمی.

٥-باوزە:

١-کاکە مەم شێخە. ٢-کوێخا مەحمودی خدرە کەڕی . ٣-کوێخا باوەمەر.
٤-کوێخا مەحمود یوسف. ٥-ئەحمەد مەحمود یوسف نازناوی ئەحمەدە شەنگە.

٦-ئەشکەنە:

١-حەمەی حسەین نازناوی حەمە سەر درێژ. ٢-کوێخا حەسەن مەحمود.
٣-حەمەی سالحی نێسێ. ٤-فەقێ مەحمود نازناوی مەحمود بەرۆژ.
٥-مام ئاورەحمانی بەرمالآن.

٧-هەڵشۆ:

١-عەبدوڵڵا شەخسە سلێمان نازناوی عەبۆلی زەردەی بووە. ٢-حاجی مەلا سێن. ٣-کوێخا حەسەن هەمزە. ٤-کوێخا حەمەی کوێخا رەسوی نازناوی حەمە لاس. ٥-کوێخا سلێمانی حەمەدی. ٦-مامەی ئەسعەدی مامەی. ٧-کوێخا سلێمانی حەمەدی.

٨-بێگەلاس:

١-کوێخا ئالڵا. ٢-کوێخا شەخسە. ٣-عەلی خدر بەگی. ٤-مەحمودی حەمەدەمینی. ٥-هەباسی رەسوی حەمەدی. ٦-ئەحمەدە شەنگە.
٧-فەرخەی وەیسی نازناوی دەروێش فەرخە.

٩-بیناسە:

١-حەمەی مام برایمی.

١٠-بێكلۆ:

١-حاجی عەلی کارەسوی. ٢-کوێخا عەزیزی قادری نازناوی فەقێ عەزیز.

٣-عەلی سۆفی ئەحمەدی. ٤-کوێخا بابەکری حاجی رەسوی نازناوی بابەکری پیرۆزی. ٥-هەباسی سۆفی رەسوی.

١١-هێرۆ:

١-رەسوی کاك ئەحمەدی. ٢-ئالای وەیسە زەردی.

٣-رەسوی وەیسی ئالی. ٤-کوێخا ئەحمەدی باوە مەرەسوری.

٥-حاجی بابەکری باوە مەرەسوری. ٦-حاجی یاقوبی باوە مەرەسوری.

٧-ئەحمەدی حەمەدی مام عەلی. ٨-مەلا محەمەدی رەسوە چەکمەی.

٩-حاجی باوە مەری فاتمێ فەقێی.

١٢-نورەدین:

١-حەسەنی خال سیمانی.

٢-هەباسی خال سیمانی، لە شەری شێخ مەحمود بریندار بووە.

٣-حاج سمایلی ئاورەحمانی.

٤-خدری خاڵە مینەی.

٥-پیرۆتی حەمەی پیرۆتی.

٦-حاجی ئەحمەدی نگاران.

١٣-بەرسول:

١-حەمە سوری مەلا برایمی کە یەکێك بووە لە جیهاد کەرانی پشدەر لە شەری رووس لە پەلامارێکدا هەردوو دەستی شکاوە، واتا بە گوللە بریندار بوون، لەگەڵ ئەوەشدا بە ددان قایشی تفەنگەکەی گرتووەو هێناویەتی نەیهێشتووە بەر دەستی دوژمن بکەوێت.

١٤-بێموشی پیرۆتی باوەمەری.

بنەماڵەو کەسایەتییە ناودارەکانی پشدەر)

۱-بنەماڵەی جوانمێریان:

۱-حەمەدەمینی مام برایمی. ۲-هەباسی حەمەدەمینی. ۳-ئەحمەدی حەمەدی. ٤-ئەحمەدی مام برایمی. ٥-ئەحمەد پاشا.

۲-بنەماڵەی خواران:

۱-پیرۆتی حەسەنە خواری. ۲-ئەحمەدی پیرۆتە خواری. ۳-عەزیزی حەسەنە خواری. ٤-بایزی ئەحمەدە خواری.

۳-بنەماڵەی نگاران:

۱-ساڵحی حەسەنی ساڵحی. ۲-حاجی ئەحمەدی نورەدینی.

۳-مەلای حەسەنی.

٤-بنەماڵەی مەرەسەنان:

۱-حەسەن خال سیمان. ۲-هەباسی خال سیمان. ۳-پیرۆتی ئەحمەی. ٤-مەمەندی کاکەمینی. ٥-حەسەنی شێخەی نازناوی حەسەنی خانمێ. ٦-حەسەن سوڵتان. ۷-سەلیمی مەمەندی سەلیمی.

٥-بنەماڵەی شێخانی سندۆلان:

۱-حاجی سەید گوڵ. ۲-شێخ قادری گەورە. ۳-شێخ ئەمینی گەورە. ٤-شێخ حوسێنی حاجی سەیدی. ٥-شێخ سەدرەدین.

٦-بنەماڵەی شێخانی بنەوشان:

۱-شێخ حەسەن. ۲-شێخ حوسێن. ۳-شێخ مەحمودی شێخ حەسەن. ٤-شێخ رەحمانی شێخ حوسێن.

۷-بنەماڵەی بەگی دارەشمانە:

۱-کا ئەحمەدی خدر بەگی. ۲-فەقێ عەبدوڵلای حەمەدەمینی. ۳-ئەمین عەبدوڵلای محەمەدی. ٤-ئەمینی خدر بەگی. ٥-خدری ئەحمەد بەگی. ٦-جەماڵی کاک ئەحمەدی.



کوێخا حەمەی کوێخا رسول – هەڵشۆ
ناسراو بە ( حەمە لاس )



عەلی ئەحمەد عەلی
ناسراو بە ( عەلی صۆفی ئەحمەد )



مەحمودی وسوی ئۆمەری چەکوان



ئەحمەد مەحمود یوسف
ناسراو بە ( ئەحمەدە شەنگە )



کوێخا سلێمانی حەمەدی هەڵشۆ



وەتمان حەمە برایم

ناسراوە بە (وەتمانە گوڵە)



عەبدوڵڵا شەخسە سلێمان

ناسراوە بە (عەبولی زمردەی هەڵشۆیە)



کوێخا حەسەن خدر محەمەد

نەشکەنە

٨-بنەماڵەی وەستا خالان:

١-مەلا وەستا خدر. ٢-وەستا بابەکر. ٣-وەستا خدری شۆران. ٤-مەلا برایمی حەداد. ٥-عەلیی وەستا خدری. ٦-حاج ئەحمەدی شێخ ئاودەلان.

٩-بنەماڵەی مەلا زادان:

١-مەلا حسێنی وەسوێنێ. ٢-شێخ ئاڵلای گەورە. ٣-فەقێ رەشیدی مەلا برایمی. ٤-شێخ سمایلی شێخ محەمەدی. ٥-حاجی حوسێنی سوێ.

١٠-بنەماڵەی وەیسەمەران:

١-شێخەی مام خدری ئازناوی شێخەی گوڵێیە. ٢-هۆمەری فەقێ رەسوی. ٣-کوێخا رەسو ئازناوی رەسوە چۆلە. ٤-ئەحمەدی خدری نەبی. ٥-مەحمودە چۆل. ٦-سێمانە گۆل.

## پشدەر لە روانگەی زانایانی ئایینییەوە

لە سەردەمی خەلافەتی (عومەری کوری خەتاب)دا ئایینی ئیسلام گەیشتە کوردستانو سەرەتا لە رێگای نامەو نوێنەرانی خەلیفەوە، دواتر بە هاتنی سوپای ئیسلام بۆ رزگارکردنی کوردستان لە ژێردەسەڵاتی ساسانییەکان. کورد ئایینی ئیسلامی بە شانازییەوە قبووڵ کرد.

هەر لەو کاتەوە کە کورد ئیسلامی قبووڵ کردو باوەشی بەم ئایینە پیرۆزەدا کرد، بەردەوام لە خزمەتی ئەم ئایینەدا بووەو دڵسۆزیو وەفاداریی کورد بۆ ئەم ئایینە، لە هەڵسو کەوتو ژیانی رۆژانەی خەڵکیدا بە ئاشکرا دەردەکەوێت، چەندین خەسڵەتو رەوشتو خووی بەرز کە گەلی کورد بە شانازییەوە باسی دەکات کە سەرچاوەکەی ئەم ئایینە بووە، کە مرۆڤ هاندەدات بۆ پتەوکردنی پەیوەندیی نێوان مرۆڤو خودا، لە هەمان کاتیشدا پەیوەندیی نێوان مرۆڤەکانیش بەهێز دەکاتو تۆوی

خۆشەویستی لە نێوانیاندا دەچێنێت، پشدەریش یەکێك بووە لەو کەسانەی ئایینی پیرۆزی ئیسلامیان قبووڵ کردووە.

کاتێک عەشیرەتی میراودەلییش سەریهەڵداو ئاشنابوو بەم ئایینە پیرۆزە. تا عەشیرەتی میراودەڵی گەشەی دەکردو پەرەی دەسەند، ئایینی پیرۆزی ئیسلامیش لە ناوچەکەدا پەرەی دەسەندو گەشەی دەکردو بڵاودەبووەوە.

بەهۆی دروستکردنی مزگەوت و حوجرەو هێنانی مامۆستای ئایینی ئەودیو سنووری پشدەر بۆ وانە وتنەوەو شارەزاکردنی ئایینی ئیسلام بە ناو کۆمەڵدا کەسانی خاوەن هەست و نەستی پاك دەزانێت هەر میراودەلییەك خاوەن گوندی خۆی بووبێت، هەڵساوە بە دروستکردنی مزگەوت و لە ناو مزگەوتەکەدا حوجرەیەکیان دروست کردووە.

هەر ئاغای گوندەکە هەستاوە لە گوندێکی تری ئەو دیو سنووری پشدەر مەلا بهێنێت بۆ مزگەوت و ژیانی ڕۆژانەی بۆ دابین بکات و چەند پارچە زەویی تەرخان دەکرد بۆ ژیانی مەلا، خەڵك و دانیشتووانی گوندەکانیش دریغییان نەکردووە لە خزمەتکردنی مزگەوت و حوجرەو مەلا و فەقێ.

دانیشتووانی گوندەکان شان بە شانی ئاغای گوند هەرەوەز دارو هەرەوەز جووتی بۆ مەلا کردووەو ئەگەر لە گوندێك مەلایەك بڕوانامەی مەلایەتیی وەربگرتایە، ئاغای خاوەن گوند بە پێی توانا بەشداریی مەراسیمی دەکرد بە شەکرو چاو شیرینییەوە، زۆر جار هەبوو کە ئاغای گوند توانای نەبووایە جل و بەرگی بۆ مەلای تازە دەکڕی. وەکو خەڵات و دیاری پیرۆزبایی، زۆربەی زۆری ئاغای گوند بانگهێشتی خەڵکی دەکرد بۆ بوونی مەراسیمی بڕوانامەی مەلا.

هەر ئاغای گوند بانگهێشتی کەسانی دەنگ خۆشی دەکرد بۆ خوێندنەوەی شیعرو قەسیدەو غەزەل و سروودی ئاینی، تا مەراسیم

کۆتـایی دەهـات و شـەکراو و شـیرینی و چوکولیـات دابـەش دەکـرا بەسـەر ئامادەبووانـدا..

زۆر جـار هـەبووە کـە کێشـەیەك سـەری هـەڵدابێت و کێشـەکە گـەورە بووبێت، ئەوە میراودەلی هەستاون لەگەڵ کۆمەڵێك مەلا بە پێی شـەریعەتی ئیسلام کێشەکەیان چارەسەر کردووە.

هەمیشـە میرودەلییـان ڕێـزی تایبـەتییان بـۆ عولـەما و زانایـانی ئـایینی داناوە و لەسەر بەرنامەی وان هەڵس وکـەوتیان کـردووە و لەسـەر بەرنامـەو ڕێبازی ئیسلام کاریان کردووە. لێرەدا نایشلێم لە ڕێبازو بەرنامەی ئیسلام لایان نەداوە، هەبووە چەند کەسانێك کە بە پەنجەی دەست دەژمێردرێن، لە سنوورو ڕێبازی ئیسلام لایانداوە و کاری ناشـەرعی و نارەوایـان کـردووە، ئەوەش بەڵگە نییە لەسەر میراودەلییان کە لە سنوور دەرچووبن.

لـە لایـەکی تـرەوە زانایـانی ئیسلام ڕۆڵێکـی دیاریکراویـان هـەبووە لـە خزمـەتکردنی خـەڵك و پێگـەیاندنی ڕۆڵـەکانی گـەل و گۆشـکردن و پـەروەردەکردنیان بـە ڕەوشـت و خەسـڵەتی بـەرزی ئیسـلام، ئێمـە لـێرەدا ئیشارەت بە چەند گوندێك دەدەین کە سەرچاوەی عیلم و زانسـت بـوون و گـەلێك زانـای بە ناوبانگیـان تێـدا هەڵکـەوتووە، کـە مسـوڵمانان و ناوچەکە شانازییان پێوە دەکەن.

**ئەو گوندانەی کە سەرچاوەی زانستی و زانیارین**

١-گەناو. ٢-هێرۆ. ٣-هەڵشۆ. ٤-گربـداخ. ٥-نورەدین.
٦-هەڵاوێژە. ٧-هۆرێوە. ٨-چۆم خرکە. ٩-گەرمکان. ١٠-پێماڵك.
١١-گـردە سـپیان. ١٢ -دەشـتێو. ١٣-کەسـتانە. ١٤-لـە سـەرووی هەموویانەوە ئێستا شاری قەڵادزە.

## ناوی هەندێك لە زانا ئایینییە ناسراوەکانی ناوچەی پشدەرو کورتەیەك لە ژیاننامەیان


مەلا محەمەدی نورەدینی

*ژیاننامەی مامۆستا مەلا محەمەدی نورەدینی*

ناوی مەلا (محەمەد عەلی یەحیا) لەساڵی (١٩٢٦) لە گوندی هۆرێوە چاوی بە دونیا هەڵهێناوە، لای مەلا عەلی هەڵشۆو مەلا محەمەدی رەش و مەلا حسێنی دەشتیوی خوێندوویەتی، تاکو ساڵی (١٩٥٠) لای مەلا محەمەدی باڵەکی مامۆستای (قەڵادزە) بروانامەی عیلمیی وەردەگرێت و لە گوندی نورەدین دەبێتە ئیمام و خەتیب و مودەڕیس، تاکو ساڵی (١٩٧٠) تەعین دەبێت و دێتە قەڵادزەو بەردەوام دەبێت لە دەرس وتنەوەو وەرع و ئامۆژگاری. بۆ ماوەی (٤٨) ساڵ کاری وانە وتنەوە دەکات و فتواکانی جێگای بڕوای خەڵك دەبن و تاکە مەرجەع و سەرچاوە دەبێت لە ناوچەکەدا، بۆ کۆکردنەوەی مەسەلە شەرعییەکان و مامۆستای زانایانی دەڤەرەکەی خۆی بووە، جگە لەوە دانەبڕاوە لە ئێش و ئازاری خەڵکی و لەخاسییەتەکانی؛ هەمیشە بەعیزەت و سەر بەرزو ئارام بووە، لەدوای ڕاپەڕینی (١٩٩١) دەبێتە دامەزرێنەری (لیژنەی فتوا شەرعییەکان)، خۆشی بەرپرسی دەستەی باڵا بووە، کەدواتر لە زۆربەی شارو شارۆچکەکانی کوردستان پێکهێنرا. مامۆستا جێگای بڕوای هەموو لایەك بووە لە پشدەرو بیتوێن و دکتۆرێکی هاوسەنگ بووە لە چارەسەری گرفتە کۆمەڵایەتییەکان. مامۆستای ناوبراو لە١٩٩٨/١/٢٨ کۆچی دوایی کردو لە قەڵادزێ بەشێوەیەك ماتەمینیی بۆ ڕێکخراو لەگۆڕستانی قەڵادزە بەخاك سپێردرا.

### ژیاننامەی مەلا حەسەنی شێخ بیلال

مەلا حەسەن کوڕی شێخ بیلالی کوڕی مستەفایە، باب و باپیرانی هەتا هەشت پشت هەموویان مەلا بوون و لە هێرۆ دانیشتوون، لە ساڵی (١٩٠١)م واتا زاینی بەرامبەر بە (١٣١٩) هیجری لە دەیێ دەشتێو لە دایکبووە کە تەمەنی گەیشتووەتە (٧) ساڵ لە لای باوکی دەستی بە خوێندن کردووە مەلا حەسەن لە سەرەتای منداڵییەوە سەرگەرمییەکی هەبووە، پێیان وتووە حەسەن شێت. بەڵام باوکی فەرموویەتی: کەس پێی نەڵێت حەسەنە شێت، پیاوێکی چاکی لێ دەردەچێت. لە ئەنجامدا هەر وەکو باوکی فەرموو بووی پیاوێکی زۆر عالم و بە وەرع و نەفع و ئیستیفادەی لێ دەرچوو. خوێندنی مەلایەتیی لە مەدرەسەکانی گوندەکانی پشدەر تەواو کردووە، ئاخیر پلەی خوێندنی چووە بۆ خزمەت جەنابی مەلای کۆیە کە مەشهوورە بە مەلا محەممەدی جەلی زادە و لەوێ حەوت ساڵی تر خوێندوویەتی، ئەوجا بروانامەی عیلم و زانیاریی لەوێ وەرگرتووە. ئەوجا گەڕاوەتەوە بۆ گوندی هێرۆ و لەوێ خەریک بووە بە ئیرشاد و تەبلیغی ئایینی موسوڵمانان. لە ساڵی (١٩٤٨)ی میلادی بەرامبەر لە (١٣٦٨)ی هیجری کۆچی دوایی کردووە و گۆڕەکەی لە گۆڕستانی هێرۆیە.

### ژیاننامەی مامۆستا مەلا سەید ئەحمەد - ناسراو بە (مەلا سەید پەپوولە)

بەڕێز مامۆستا مەلا سەید ئەحمەد، ناوی ئەحمەد عەبدولفەتاح مستەفایە، لە ساڵی (١٩٢٦) لە گوندی نێلووچە لە دایکبووە. مامۆستای بەڕێز لە تەمەنی ژیانیدا (١٣) جار زیارەتی ماڵی خوای کردووە، وەک زانراوە هەموو ساڵێک کاتی ئەوە دەهات کەموسوڵمانان زیارەتی ماڵی خوا بکەن، ئەم بەڕێزە و خواناسە ئاگری ئەم سەفەرەی دەکەوتە دڵ و دەروونەوە، ئەگەر بە هەر شێوەیەک بۆی بلوایە سەفەرەکەی دەکرد.



مەلا سەید ئەحمەد - پەپولە

ماموستا مەلا سەید ئەحمەد، هەر لە تەمەنی گەنجی و پیریشدا دڵپاک و ژیان پاک بووە. زۆر بە سۆزو بەزەیی و لێبوردەیش بووە. قەد رق و کینەی لە ناو دڵدا نەبووە. ئەگەر قازانجی نەبووبێت زیانی بۆ کەس نەبووە، لەم بێ نەفسی و خۆ بە کەم گرتنەی، خەڵك نازناوی (مەلا پەپوولە)یان بە سەردا بڕیبوو، ئەگەر کێشە و گرفتێکی بووایە لە لای خەڵك دەری نەدەبڕی، لە کاتی تەنگانەدا پەنای بۆ قورئان بردووە.

ماموستای ناوبراو بە زۆری رەفیقیی ماموستا سەید سلێمان و ماموستا مەحمود نۆڵچکەیی و ماموستا نورەدینی و ماموستا مەلا محەمەدی چۆم خڕکەیی و، چەندین مەلای تر بووە، لە لای ماموستای رەش و ماموستا عەبدولکەریمی مودەڕیس و دوکتۆر مستەفای زەڵمێ خوێندوویەتی، بڕوانامەی مەلایەتیی لە لای دوکتۆر مستەفای زەڵمی وەرگرتووە. ژیانی مەلایەتیی لەم گوندانە بەسەر بردووە: سۆفیان، نۆڵچکە، گەرمکان، سندۆڵان. دواتریش تا ماڵ ئاوایی هەتا هەتایی لە قەڵادزێ لە مزگەوتی سەیدان بەڕێخراوە بەرەو گۆڕستان.

بەڕێز شێخ حسێن و لە سندۆڵان لەسەر ئەرکی خۆی ژنی بۆ هێناوە و ماڵی بۆ داناوە و نەیهێشتووە بۆ هیچ شوێنێك بچێت و زۆر بە رێزەوە لە لای خۆی هێشتوویەتییەوە، بە تایبەتی عەشیرەتی میراودەلی زۆر رێزیان لێ گرتووە، زۆرجار بە کۆمەڵ سەردانیان کردوە، لە راگوێزانەکەی شاری قەڵادزە، ماموستا ماڵی چوو بۆ کۆمەڵگای (جدیدە)، بەڕێز حەمەی کانەبی ئاغا چەندەها جار چووە لای و ماڵەکەی خۆی و کوڕەکانی بردە لای خۆی بۆ

کۆمەڵگای (دارەتوو) شوێنێکی زۆر باش و بەرەو قیبلەو نزیک مزگەوتی بۆ دیاری کرد، زۆرجار کاربەدەستانی شۆڕش و دەوڵەت سەردانیان کردووەو دیارییان داوەتێ قبووڵی نەکردووەو سەردانیشی بە کەمی کردوون..

بەڕێز مامۆستا لە نزیکبوونەوەی کۆتایی ژیانیدا شەوانە زوو زوو خەونی خۆش خۆشی دەدی کە هەڵدەستا بۆ ماڵەوەی دەگێڕایەوە کە بە خزمەت پێغەمبەرو سەحابەو پیاوچاکان دەگەیشت، سێ سەعات پێش ماڵئاوایی و لە دونیا دەرچوونی چەندین ئامۆژگاریی جوان جوان و بەکەڵکی کردین.

بەڕێز مامۆستا سەید ئەحمەد لە تەمەنی ژیانیدا چەدین شتی سەرسوڕهێنەرو عەجائیب و رووداوی نهێنیی لێ دەردەکەوتن، خوا لێخۆشبووی ناوبراو لە رێکەوتی (١٩٩٩/١٢/٣)دا گیانی پاکی گەیشتە بارەگای خودا..



مەلا محمد سالح

*ژیاننامەی مامۆستا مەلا محمد سالح*

بەڕێز مامۆستا مەلا محمەد سالح بەم شێوەیە ژیاننامەی خۆی نووسیوەو لە دوای خۆی بەجێی هێشتووە. دەفەرمووێت: ناوم (محەمەد سالح هەمزە حەسەن)ـە لە رێکەوتی (١٩٣٣/٧/١) لە گوندی "دەروینە" هاتوومەتە دونیاوە، کە دەروینە گوندێکە لە نێوان "دەشتێوو مرە" لە ناحیەی هێرو سەر بە ناوچەی پشدەرە. لە دوای ئەوەی خوێندنی قورئانی پیرۆزو هەندێک لە پەرتووکە وردەکانی وەک (ئەحمەدی و عەقیدەی کوردیی شێخ سەمیعی بانەیی) تەواوکرد، چوومە ناو فەقێیان. بۆ گوندی پێماڵك کە

نیوسەعات لە شاری قەڵادزەوە دووره، لەو کاتەدا تەمەنم (١٤) ساڵان بوو، هەر لەم گونده (عەواميل و فتح القريب)م دەخوێند، جارجارەش دەرسی (تەصریفی زنجان)یشم لە لای مەلا حسەینی شێنیە دەخوێند. ئەو زستانە لە پێماڵك لەگەڵ هاوڕێکەم بە ناوی (خدر بێورەیی) بردەسەر. بە دەستووری فەقێیان (راتب)مان دەکرد سێ جەمە نانو چێشتو چی خوا بە نسیبی کردبوو کۆمان دەکردەوەو دەمان خوارد. ئەوانەی لێشمان زیاد بووایە، دەمان برد بۆ قەڵادزەو دەمان فرۆشتو پارەکەیمان دەدا بە شەکرو چاو پێویستیی حوجره. لە چۆمی قەڵادزە ئاومان بە شان دەهێنا بە تەنەکە. ئا بەو شێوەیە ئەو زستانە رامان بوارد، لە دوای زستان دەستمکرد بە گەڕان؛ هەر مزگەوتو حوجرەیەك کە بۆی دەچووم، هێندەی فەقێ لێبوو جێگام نەدەبووەوە، لە زۆر جێگاو شوێنەکانی کوردستانی خۆمان گەڕاومو لێم خوێند، بە تایبەتی لەم شوێنانە: پشدەر، مەنگوڕایەتی، ئاکۆیایەتی، باڵەیان، باڵەکان، خۆشناوان، بیتوێن، مەرگە، جافایەتی، شینکایەتی، سیوەیل، شارباژێر، شارەزوورو لە شارەکانی: قەڵادزە، رانیە، کۆیە، سلێمانی. ئەوە بێجگە لەوەی کە چەندەها شارو شارۆچکەو دێهاتو هۆبەو هاوینە هەوارەکانی کوردستانی خۆمان گەڕاومو لە لای زۆربەی زۆری مامۆستاو زاناکانی خۆمان خوێندوومە، وەکو مامۆستای باڵەیی کەمودەریس بوو لە قەڵادزە، هەر لە خزمەت ئەویشدا بڕوانامەی مەلایەتیم وەرگرتووەو دیسانەوە جارێکی دیکەیش لە خزمەت حاجی مامۆستای گەڵاڵەیش بڕوانامەی مەلایەتیم وەرگرتەوە. لەخزمەت مامۆستا مەلا حسێنی دەشتێوی و مامۆستا مەلا عەبدوڵڵای گەناوی و مامۆستا مەلا محەمەدی رەش و مامۆستا مەلا برایمی دوڕێ و مامۆستا مەلا عەبدوڵڵای شارستێنی و مامۆستا مەلا محەمەدی عەرەب و مامۆستا مەلا کەریمی موفتی و مەلا سەعیدی دێلێژەیی و لای چەندان مامۆستای پایەبەرز خوێندوومەو ئەو

گوندانەی مەلایەتیم لێکردوون: سەید ئەحمەدان، گەرمکان، گردە شێخاڵ، دەروونە، گەناو، شێنیە، کەستانە، کۆمەڵگەی پێماڵك.. مامۆستا جگە لە عیلم و زانیاریی ئایینی دەستی شاعیرییشی هەبووە و نازناوی (دەروونی) بووە. یەکێك لە هەڵبەستەکانی بۆ قوتابی و هاوولاتانی داناوە ئەمەیە:

هەموو کاتێ وەها چاکە بە کاری

کە پەیدا بکەیت دەوای دەردی هەزاری

ئەوا بۆم نووسین بۆم کردنە دیاری

وەربیگرن قوتابیی کوردەواری

دەبێ زانا لەگەڵ یەك وەك برابێ

لە بۆ خاك و ولاتی وەك چرا بێ

دەبێ مرۆڤ بەرێز بێ لای هونەرمەند

وتەی خۆش و شیرین بێ وەك قەند

بە وتەو رووی گرژ دڵی خەڵك دەیەشێ

وتەی شیرین هەموو کەس رادەکێشێ

بە بێ چاری نەبێ هەرگیز مەکە درۆ

لەگەڵ خەڵکا بە ئارام بن لەسەرخۆ

رۆژی پێنج شەممە رێکەوتی ١٩٩٩/٨/١٢ ماڵئاوایی لە دنیا کردووە.

*ژیاننامەی مەلا ئەحمەدی خطیب*

مەلا ئەحمەد کوڕی مەلا عەبدوڵلای کوڕی سەعیدە و لە ساڵی ١٩٥٩ لە گوندی (گربداغ) نزیك شاری قەڵادزە لە دایك بووە و لە بنەماڵەیەکی ئایین پەروەر و مەلا زادەیە.

بەرێز مەلا ئەحمەد هەر لە منداڵییەوە لای باوکی خوێندوویەتی، مامۆستا کەمێکیش لە قوتابخانە خوێندوویەتی، پاشان چووەتە حوجرەو لای



مامۆستا ئەحمەد عەبدوڵڵا سەعید

مامۆستایانی ئایینی خوێندوویەتی، لە حوجرەکانی سلەو زارگەڵی و ناوەندو نێوخـان و پێماڵك و ماوەیەکیش لە کۆیە لای مەلا محەمەدی برای خوێندوویەتی. لە ساڵی (١٩٧١ز) بەشداریی تاقیکردنەوەی ئەوقافی (مادەی موەقەتە)ی کردووەو لە مەعهەدی ئیسلامیی قەڵادزە وەرگیراوە، سێ ساڵ لە قەڵادزە خوێندوویەتی لە ساڵی (١٩٧٤ز) چووە بۆ مەعهەدی ئیسلامیی سلێمانی و هەر لەو ساڵەیشدا بە پلەیەکی باش دەرچووە. پاشان هەر لە هەمان ساڵدا ژنی هێناوەو لە زانکۆی بەغدا لە کۆلێجی ئاداب-بەشی ئایینی وەرگیراوە. پاش چوار ساڵ خوێندنی زانکۆ لە ساڵی (١٩٨٢ز) دەرچووە. لە دوای دەرچوونی بووە بە سەرباز لە موسڵ و دیانان و عەربەت و چوارتا و فائیدەو مەعەسکەر سەلام و چەند مانگێکیش لە کودیت سەربازیی کردووە. هەر لە ساڵی (١٩٨٢) بە ئینتیداب تەعین بووەو کراوە بە مامۆستای دواناوەندی لە شاری قەڵادزە، کە بەڕێز مامۆستا خدری حەسەن ئاغا بەڕێوەبەر بوو، ناوبراو لە کاتی ڕاگواستندا چووە بۆ کۆمەڵگای زۆرەملێی بازیان-٢، ماوەیەك مامۆستای دواناوەندیی بەعس بوو، پاش ڕاپەڕینی (١٩٩١) گەڕایەوە بۆ قەڵادزەو لە دواناوەندیی قەڵادزە مامۆستا بوو. لە ساڵی (١٩٩٥ز) کارەکەی لە وەزارەتی پەروەردەوە بۆ ئەوقاف گواستەوە، واتا بۆ مەلایەتی و لە مزگەوتی گەورەی قەڵادزە، ماوەیەك ئیمام و خەتیب بوو.

که مزگەوتی جامیعەی کۆمەڵگای پێماڵك کرایەوە، لەسەر داوای مەلا مەحمودی حاجی سلێمانی کرا بە ئیمامو خەتیب. بەڕێز مەلا ئەحمەد لە ساڵی (١٩٩١) هەتا ساڵی (١٩٩٩) ئەندام ناوچەی یەکێتیی زانایانی ئاییی ئیسلامی کوردستان بووە.

لە چوارەمین کۆنگرەی یەکێتیی زانایاندا بە چوارەم کەس دەرچووەو بووە بە ئەندام لە مەکتەبی تەنفیزیی یەکێتیی زانایان، هەتا ئێستاش بەردەوامەو لە سەرپەرشتیی ناوچەکانی پشدەری یەکێتیی زانایانو لە ساڵی (١٩٩٦ز) بووە بەڕێوەبەری دواناوەندیی ئاییینی قەڵادزەو هەتا ئێستاش زۆر بە سەرکەوتووانە خزمەتی دەکاتو بەڕێوەی دەبات، نزیکەی (٦٤) فەقێی هەیەو شەش پۆلەو حەوت مامۆستا وانەی ئاییینی تێدا دەڵێنەوە. ئەمەش ناوی مامۆستاکانە:

١-مەلا محەمەدی خانەقا-مودەڕیس. ٢-حاجی مەلا محەمەد ئەمین مام قاسمە-مودەڕیس. ٣-مەلا حاجی خدر جووتکانیان.
٤-مەلا عەلی ئیبراهیم-ئیمامی مزگەوتی نەقشبەندیی. ٥-مەلا محەمەدی گربداغ. ٦-مەلا عەلی سەعید هەولێری. ٧-مەلا خدری گردەسپیان.

موسوڵمانانی بەڕێز، هیوام وایە هەموو مامۆستایانی ئاییینی، بە تایبەتی مامۆستایانی خەتیبو وتاربێژەکان ڕۆژانی هەینی هەر وەك چۆن بەڕێز مامۆستا مەلا ئەحمەد بە ڕاشکاویو بە بێ چاوترسانو بێ بیرکردنەوە لەئەمو لەئەو دژی ئەو کەسانە دەوەستێت کە دژ بە ئاییینی پیرۆزی ئیسلامن لەبەرچاوی موسوڵمان سووكو ریسوایان دەکات، ئێوەش هەر وەکو مەلا ئەحمەد دژیان ڕابوەستنو سووكو ریسوایان بکەنو وەکو کیسەڵ ملی شکاویان بەرنەوە ناو قاوغیان، وایان لێبکەن لە ناو موسوڵماناندا ڕوویان نەبێت چاو هەڵێنن.

## ژیاننامەی مەلا رەسوڵی باوزێ


مامۆستا رەسول حەمە سەلیم

ناوم مەلا رەسوڵی کوڕی حەمەی کوڕی سەلیمە، لە ساڵی ١٩٣٦ لە گوندی باوزە لە دایک بووم‌و ئێستاش هەر لە گوندی باوزەم‌و لە تەمەنی (٦) شەش ساڵیدا دەستم بەخوێندن کردووە‌و لای مامۆستا مەلا محەمەد مەلا ئیبراهیم قورئانی پیرۆزم خەتم کردووە. لە دوای ئەم مامۆستا بەڕێزە چوم بۆ ئەشکەنە بۆ لای مامۆستا مەلا محەمەد رەسوڵ هێرۆیی‌و هەر لە ماڵی ئەویش بووم وەك كوڕی خۆی تەماشای دەكردم، لای ئەم بەڕێزە كتێبی گولستان‌و بۆستانی سەعدی شیرازیم لای ئەو خوێندووە، بەڕێزی زۆر شارەزای زمانی فارسی بوو، بە داخەوە لە ساڵی (١٩٨٩) كۆچی دوایی كرد.

هەروەها كتێبە شەرعییەكانم لە هێرۆ، نورەدین، قەڵادزە، گەناو دۆڵكان، گەرمكان‌و لۆتەرو بنگردو بۆسكێن، رانیە. سەركەپكی بیتوێن. بێتواتە. دەرگەڵەی مەنگووڕان، كوزینە، گربداغ، پێماڵك‌و لە ئێران بێوری سەرەوەو باساوەو ئەڵاس.

بڕوانامەی مەلایەتیم لە خزمەت مامۆستا مەلا محەمەدی نورەدینی وەرگرتووە‌و لە ساڵی (١٩٥٦) لە گوندی باوزە بووم بە ئیمام‌و خەتیبی باوزەو لە ساڵی (١٩٧٦) چووم بۆ هەولێر بۆ تاقیكردنەوەی مەلایەتی، لە تاقیكردنەوەكە دەرچووم‌و بووم بە ئیمام‌و خەتیبی مزگەوتی باوزە.

*ژیاننامەی مەلا برایمی حەداد*



مامۆستا مەلا برایمی حەداد


ناوم ئیبراهیم عەبدوڵڵا ئیسماعیلەو لە ساڵی (١٩٢٨) لە گوندی (خرەبەردان) لە دایک بووم و لە بنەماڵەی وەستا خاڵانم. لە تەمەنی شەش ساڵیدا لە لای مامۆستایانی ئاییني دەستم بە خوێندن کردووە. لە حوجرەکانی گرمەیتەرو دێرەو هێرۆو ئەشکەنەو پێماڵك و گربداغ و نورەدین، هەروەها لەکۆتایی خوێندنم لە لای مامۆستای باڵەکی بڕوانامەی مەلایەتیم لە ساڵی (١٩٥١) لە قەڵادزە وەرگرت. لەدوای وەرگرتنی بڕوانامەی مەلایەتی لەم گوندانە مەلایەتیم کردووە: چۆڵیاوا، حەسار، خرەبەردان، پێماڵك، دێگە، قەڵادزە. لە ساڵی (١٩٧٢) بووم بە ئەندامێکی قەزاوات، لە ساڵی (١٩٨٢) راگوێزکرام بۆ کۆمەڵگا زۆرە ملێیەکەی بازیان، لە راپەڕینی (١٩٩١) گەڕامەوە شاری قەڵادزەو لە ساڵی (١٩٩٢) بووم بە لیژنەی فتوای قەڵادزەو پەیوەندیشم بە هیچ گرووپ و لایەنێکەوە نەبووە.

*ژیاننامەی مەلا حەمەد ئەمین مەلا حەسەن*

بەڕێز مامۆستای ناوبراو بەم شێوەیە باسی ژیاننامەی خۆی دەکات. ناوم محەمەد ئەمین مەلا حەسەن شێخ بیلالەو لە ساڵی (١٩٣٢) لە گوندی هێرۆ لە دایک بووم. کە هێرۆ ناحیەیەکە لە ناوچەی پشدەرو لە تەمەنی (٦) ساڵیدا لە لای باوکم دەستمکردووە بە خوێندن.

پاش چەند ساڵێك هەستام بە گوندەکانی ناوچەی پشدەردا گەڕام بۆ خوێندن گەڕام. هەتا خوێندنەکانم تەواو کرد، هەر لە ناوچەی پشدەر

مامەوە. بڕوانامەی مەلایەتیم لە لای بەڕێز مامۆستای پایە بەرز مامۆستا حاجی مەلا عەبدوڵڵای مەولانا لە شاری سلێمانی وەرگرت، لە دواییدا هاتمەوە پشدەرو لە گوندی هێرۆ دەستم کرد بە تەبلیغاتی ئایینیی ئیسلامو دەرس وتنەوە. هەتاکو ناوچەی پشدەر ڕاگوێزرا بۆ کۆمەڵگا زۆرە ملێیەکانو لە کۆمەڵگای پێماڵك دەستم کردەوە بە تەبلیغاتی ئایینیو دەرس وتنەوە.



مەلا محەمەد ئەمین حەسەن بیلال

کاتێك دووبارە ڕژێمی بەعس کۆمەڵگای پێماڵکی ناوچەی پشدەری ڕاگوێز کرد، من نە ڕۆیشتم بۆ کۆمەڵگای تر هاتمە شاری ڕانیەو لە ڕانیە لە مزگەوتی گەورەی ڕانیە دامەزرامو لەوێش بە ئیشوکاری دینەوە خەریك بووم ئێستایش بە بەردەوامی لە مزگەوتی گەورەی ڕانیە بەردەوامم بە تەبلیغاتی دینییەوە دەرس وتنەوەو فتوادانی کارەکانی شەریعەتی ئیسلامی.

*ژیاننامەی مەلا سەعیدی گردە شێخانی*

بەڕێز مامۆستا مەلا سەعید بەم شێوەیە باسی ژیاننامەی خۆی دەکات:

من ناوم مەلا سەعید محەمەد هەمزەیە، لە ساڵی (١٩٣٧ز) لە گوندی (گردە شێخاڵ) لە دایك بوومو لە تەمەنی (٨) ساڵیدا دەستم بە خوێندن کردووە. یەکەم ڕۆژی دەست پێکردنم بە خوێندن لە مزگەوتی هێرۆ بووە، پاش ماوەیەك بۆ پێماڵكو لەوێوە ڕۆیشتم بۆ ئێران بۆ مزگەوتی (قەڵەڕەشە)، لەوێوە بۆ مزگەوتی ( بێوڕێی خواروو ) لەوێوە بۆ (ئاڵوەتان) و



مامۆستا سەعید محەمەد هەمزە

چەندین شوێن و مزگەوتی تر.

لە دوای چەند ساڵ، لە ئێران گەڕامەوە بۆ عێراق و چوومە سندۆلان لەوێوە بۆ مزگەوتی گەورەی سلێمانی و چەند شوێنی تر لە ناوچەی سلێمانی و لە سلێمانیشەوە هاتمەوە بۆ مزگەوتی قەڵادزە، لە لای مەلا محەمەدی باڵەیی خوێندنم تەواو کردو هەر لە لای مامۆستا باڵەیی بڕوانامەی مەلایەتیم وەرگرت.

بۆ یەکەمین جار لە مزگەوتی (سوڵتانە دێ) بووم بە مەلاو لەوێوە بۆ (بێشیر)و لە بێشیریشەوە بۆ کۆمەڵگای پێماڵك، کاتێك ڕژێم ناوچەی پشدەری ڕاگوێزا، چوومە کۆمەڵگا زۆرە ملێکانی (بازیان-٢)، لە ڕاپەڕینە مێژووییەکەی ساڵی (١٩٩١) گەڕامەوە بۆ گوندی (دارەشمانە)و لەوێوە بۆ کۆمەڵگای پێماڵك. لە مزگەوتی ناو هێزڕۆیان نیشتەجێ بووم و ئێستا بە بەردەوامی بە تەبلیغاتی دینییەوە خەریکم و دەرس بێژیی دەکەم و موسوڵمانان ئاگادار دەکەمەوە لە ئایینی ئیسلام.

*ژیاننامەی مەلا عەلی سرێجی*

مامۆستا مەلا عەلی سرێجی یەکێك بووە لەو مامۆستا خزمەت گوزارانەی ناوچەی پشدەر، مامۆستای ناوبراو لە ساڵی (١٩٤٦) لە گوندی (چۆمخرکە)ی نزیك شاری قەڵادزە لە دایك بووە، کە لە بنەماڵەو عەشیرەتی میراودەلییانەو لە تائیفەی ڕۆستەم ئاغایە. مامۆستای ناوبراو چوار ساڵ لە گوندی (سیدە حەمەدان) خوێندوویەتی و لە دواییدا گەڕاوەتەوە چۆمخرکەو ساڵێکیش لە گوندی چۆمخرکە خوێندوویەتی، هەروەها وەکو خەسڵەتی



مامۆستا عەلی محەمەد حوسێن

پیرۆزی زانایانی پێش خۆی زۆر شوێن بۆ خوێندن گەڕاوە، لەوانە گوندی پێمالك، شاری سلێمانی، کە دوو سال خوێندوویەتی، لەوێوە بەرەو ناوچەی بازیان بۆ گوندی (قەلاشکەریان)و ماوەیەکیش لە مەڵبەندی گەورەی ئیسلامو زانایانی (هەڵەبجە) خوێندوویەتیو لەوێ بە فەقێ هەمزە ناسراوە، لەوێوە بەرەو شێران رۆیشتووەو پاش ماوەیەك گەڕاوەتەوە مەڵبەندی بابو باپیرانی، پشدەر. لە ساڵی (١٩٧٥ن)دا بڕوانامەی مەلایەتی واتا عیلمی لە خزمەت مامۆستای خواناس، خوا لێخۆشبوو مامۆستا مەلا سەید سلێمان وەرگرتووەو لە تاقیکردنەوەی حکومی، بە رەسمیش لە هەولێر بە یەکەم دەرچووە، پاشان لە گوندەکانی بێشیرو نورەدینو بۆ ماوەیەکی زۆریش لە شاری قەڵادزە مەلایەتیی کردووەو ئەندامی لیژنەی فتوای شاری قەڵادزە بووە. خوا لێخۆشبوو، هەر لە منداڵییەوە بەبەر چاوی خەڵکەوە پیاوێکی موسوڵمانو رەوشت پاك دیاربوو. مامۆستای خوا لێخۆشبوو دوای چوار مانگ بە نەخۆشی لە دووشەممەی رێکەوتی (١٩٩٧/٦/٢٣) لە نەخۆشخانەی قەڵادزە گەڕایەوە بەرەو بارەگای خودای گەورە.

### *ژیاننامەی مەلا عەبدوڵلای گەناوی*

مەلا عەبدوڵڵای گەناوی کوڕی مەلا عەبدولڕەحمانە، خوێندنی سەرەتایی لای مامۆستا محەمەد دەڵگەیی دەست پێکردووە. لە دواییدا چووەتە لای مامۆستا محمد بۆکانی لە گوندی گەڵاڵە بڕوانامەی مەلایەتیی وەرگرتووە.

بۆ تەردیس و دەرس وتنەوە چووەتە ئێران لە گوندی بێوران ماوەیەك ماوەتەوە. لە دوای ماوەیەك هاتووەتە گوندی گەرمكان، لە دواییدا چووەتە نەڵاس و ماوەیەك لەوێ بە تەدریسەوە خەریك بووە، لەو ماوەیەی کە نەڵاس بووە پەیوەندیی لەگەڵ قازی محەمەد پەیدا کردووە. لە شاری سابلاغ دەبێتە رەئیسی عولەماکانی سابلاغ. تا هەرەس هێنانی حکومەتی قازی محەمەد. لە دوای هەرەس هێنانی دەسەڵاتی قازی محەمەد دەگەڕێتەوە بۆ عیراق و لە گوندی پێماڵك دەبێتە مەلا، چەند ساڵ لە پێماڵك دەمێنێتەوە.

لە دواییدا دەچێتە گوندی میرزا رۆستەم و بە تەدریسەوە خەریك دەبێت، بەڕێز مامۆستا مەلا عەبدوڵڵا چەند عولەما پێدەگەیەنێت، یەکێك لەوانەی کە ئیجازەیان لە لای ئەو وەرگرتووە مەلا حسێن شێنێی، مەلا رەسوڵی شارستانی، مەلا عەبدوڵڵای مامەش، مەلا نەجمەدینی ئێرانی و مەلا موسا و چەند عولەمایەکی دیکە.

*ژیاننامەی مەلا محەمەدی باڵەکی*

مەلا محەمەد کوڕی عەبدولقادری باڵەیە خوێندنی سەرەتایی لای مامۆستا مەلا محەمەدی دەڵگەیی دەست پێکردووە، واتا خوێندووە، بەردەوام بووە لە خوێندن و هەر لای ئەم بەڕێزە تەواوی کردووە. ئینجا مامۆستا مەلا محەمەد دەڵگەیی کچێکی خۆی داوەتێ، لە پاش چەند ساڵێك کۆچی دوایی دەکات و چوار کچی لە پاش بەجێ دەمێنێت. کاتێك مەلا دەڵگەیی کۆچی دوایی دەکات، هاوسەرەکەی سکی پڕدەبێت، مەلا محەمەدی باڵەك ژن و منداڵەکانی بردوونە لای خۆی.

مەلا محەمەدی باڵەکی عالمێکی بەرزو بێ وێنە بووە، چەند عولەمای پێگەیاندووە، زۆربەی زۆری مەلاکان لای ئەو بڕوانامەی مەلایەتییان

وەرگرتووە. ساڵی (١٩٦١) وەفاتی کردووە، بە زۆری لە شەقڵاوەو هەرتەل خوێندوویەتی، بە داخەوە مامۆستای ناوبراو بێ پاشەوار بووە.

**گرتنی قەڵای کۆیە لە لایەن خدر ئاغاو مەحمود ئاغای کوڕی میراودەلی**

لە سەردەمی سولتان مەحمودی یەکەمدا ناکۆکیی نێوان میرنشینە کوردییەکان زۆر بووە. لەو سەردەمەدا شاری کۆیەو دەوروبەری لە ژێر دەسەلات و قەڵەم ڕەویی میر ئۆغری کوڕی شا عەلی بەگ دا بووە.

خانە پاشای بابان هەر لەو سەردەمەداو لە ساڵی (١٧٢١)دا کە میری بابانەکان بووە لە سلێمانی. لەگەڵ میر ئۆغری شا عەلی بەگدا نێوانیان زۆر ناخۆش بووە.. میر ئۆغر لەو سەردەمەدا دەسەلاتدارێکی دەست درێژکار بووەو دەست درێژیی دەکردە سەر سنوورەکانی دەوروو پشتی و دەیویست سنووری حوکمڕانییەکەی فراوانتر بکات. ئەم غروری و سەرکەشی و دەست درێژی کردنەیشی بە هۆی ئەم قەڵایەوە بووە کە لە شاری کۆیە بارەگای حوکمڕانیی خۆی بوو.. وەك دەگێڕنەوە ئەم قەڵاتە زۆر قایم و سەخت بووەو چوار دەوری شوورەیەکی زۆر بڵندو پان و قایم بووە، ئەم قەڵاتە یەك ڕێگای هەبووە، ئەویش دەروازەیەکی پۆڵایینی سەختی پێوە بووەو هەموو پێویستییەکی خواردن و خواردنەوەو کەرەستەی جەنگیی تێدا عەمبار کرابوو لە دوژمنانی زۆر بێ منەت بوو.. دەیزانی گرتنی ئەم قەڵایە لای دوژمنانی کارێکی ئاسان نییەو سەختە، ئەوە بوو خانە پاشای بابانی هەراسان کردبوو.. خانە پاشا بە ناچاری پەنای بردە بەر والیی عوسمانییەکان لە شاری ڕانیە، کە داواو تەکلیفێك لە عەشایەرەکانی پشدەر بکات بەڵکو دەستی ئەم دەستدرێژ کارە کورت بکەنەوە*.. لەم سەردەمەدا لە

*زانیاریی ئەم باسەم هەتا ئێرە لە بەڕێز مامۆستا دارا خدر حەسەن ێ ئەشکەنەیی وەرگرتووە کە دەرچووی بەشی مێژوویەو پسپۆرە لە بەشی مێژوودا.

ناوچەی پشدەر دوو عەشیرەتی بە تواناو ئازاو نەبەردی لێبووە، ئەوانیش میراودەلیو سەکر بوون. والیی عوسمانییەکان بە نامەی تایبەت ئاگاداری میراودەلیو سەکرەکان دەکات کە سەردانی بارەگای والی بکەن لە شاری رانیە، هەر لەو سەردەمەدا سێ کوری میراودەلی کوری میربداغ حوکمی سنووری ناوچەکەی خۆیان کردووە لە پشدەر، بە ناوەکانی رۆستەم ئاغا خدر ئاغا مەحمود ئاغا نازناوی محمودە کورە بووە رۆستەم ئاغا لەسەر نامەی والی خدر ئاغاو محمود ئاغای برای دەنێرێت.. کاتێک خدر ئاغاو مەحمود ئاغا دەگەنە بارەگای والی حەمەد ئاغای سەکر لەوێ یەو زوو تر گەیشتووەتە بارەگای والی..

حەمەد ئاغای سەکر ژن برای والیی رانیە دەبێت واتا حەمەد ئاغای سەکر خوشکێکی خۆی دەدات بە والیی رانیە.. بە گەیشتنی خدر ئاغاو مەحمود ئاغا بۆ بارەگای رانیە، والی پێشوازییەکی زۆر گەرمیان لێ دەکاتو رێزێکی تایبەتییان بۆ دەدەنێت، والی روو لە خدر ئاغای میراودەلیو حەمەد ئاغای سەکر دەکات، دەڵێت:

لە میراودەلیو سەکران کامەتان دەتوانێت قەلای کۆیە بگرێتو لە دەست میر ئۆعز شا عەلی بەگی دەربهێنێت..؟ لە هەمان کاتدا حەمەد ئاغای سەکر مات دەبێتو دەنگ ناکاتو بێ دەنگ دەمێنێتەوە.. خدر ئاغا کە دەزانێت حەمەد ئاغای سەکر دەنگ ناکاتو بێ قسە ماوەتەوە، خدر ئاغا دەڵێت: من دەتوانم بیگرم.

حەمەد ئاغای سەکر وەلامی خدر ئاغای زۆر پێناخۆش دەبێتو دەڵێت: قەلای کۆیە بە پیاو دەگرێت بە تۆ ناگیرێت..!

خدر ئاغا لە وەلامی قسەی حەمەد ئاغادا دەڵێت: ئەی ئەگەر گرتم..؟!

حەمەد ئاغا دەڵێت: ئەگەر گرتت، کلاو رەشت دەدەمێ، ئەگەر نەشت گرت لە پێش چاوی والی پێتێک لەسەر لووتت دەدەم.

کلاو رەش ئەسپی حەمەد ئاغای سەکر دەبێت و تاکە ولاغی ئەو سەردەمە بووە.. خدر ئاغا ئەم قسەیەی حەمەد ئاغای زۆر پێ ناخۆش دەبێت و لە بارەگای والی دێتە دەرەوەو لەگەڵ مەحمود ئاغای برای دێتەوە بۆ دەشتێو بۆ لای ڕۆستەم ئاغای برایی و داوای والی و قسەی حەمەد ئاغای سەکری بۆ دەگێڕنەوە.

ڕۆستەم ئاغا لەشکرێکی باش بۆ خدر ئاغاو مەحمود ئاغای برای کۆدەکاتەوەو بەرەو کۆیە ڕەوانەیان دەکات. کاتێك دەگەنە کۆیەو دەوری قەلا دەگرن و دەبێتە شەڕو لێکدن، وردە وردە لە قەلای خۆ نزیك دەکەنەوەو چوار دەوری قەلای حەسار دەکەن، بەلام بە هیچ شوێنێکدا ڕێگایان نابێت بچنە ناو قەلاکەوە. خدر ئاغا کە تەماشا دەکات (باگردێن)ێك لەوێیە، با گردینەکە هەلدەگرێت و چەندین جار بە دەروازەکەیدا دەدات و دەروازەکەی دەشکێنێت و هێرش دەبەنە ژوورەوەو خدر ئاغا لە پێشەوەو مەحمود ئاغا لە دوای خدر ئاغاو باقیی تر لە دوای خدر ئاغاوە هێرش دەبەنە، بەلام پێش ئەوەی کە هێرش بەرن. دەروازەکەی بشکێنن، خدر ئاغا بە مەحمود ئاغای برای دەڵێت: ئەگەر من کوژرام نەکەیت لەسەر مەیتەکەم بگەڕێیتەوە، پێم لێ بنێ و برۆ هێرش بەرەو نەگەڕێیتەوە.

لە کاتی هێرش بردندا بە داخەوە خدر ئاغا دەگاتە ناو قەلاکەو شەهید دەبێت، بەلام مەحمود ئاغا ناگەڕێتەوەو هێرش دەبات و دەبێتە شەڕ لە ناو قەلاکەدا، لە دوای شەڕێکی سەخت قەلاکە دەگرن، ئەوەی دەکوژرێت دەکوژرێت، ئەوەی تر خۆیان دەدەن بە دەستەوە، لە ناو کوژراوەکاندا ئۆعز شا عەلی دەبینرێت و دەس بەسەر هەموو کەلوپەل و قەلاکەیشدا دەگرن.

ئینجا مەحمود ئاغا ئاگاداری والیی رانیە دەکات و دەڵێت: وا قەلامان گرتووە، سەرباز بنێرە با تەسلیمی بکەین، بەلام بە داخەوە خدر ئاغاو چەند کەسێکمان شەهید بووە..

والی بە بیستنی گرتنی قەڵای کۆیە زۆر خۆشحاڵ دەبێت و بە شەهید بوونی خدر ئاغا نارەحەت دەبێت. دوای کۆتاییهاتنی شەڕ مەحمود ئاغا بە لەشکرەکەیەوە دەگەڕێتەوە رانیەو دەچێتە بارەگای والی.. والی داوا لە حەمەد ئاغای سەکر دەکات دەڵێت: لەسەر بڕیارو قسەی خۆت دەبێت کڵاورەش بدەیت بە مەحمود ئاغا، حەمەد ئاغا دەڵێت: جەنابی والی، هەتا من بمێنم هیچ پیاوێك توانی ئەوەی نییە سواری پشتی کڵاورەش بێت.

کە مەحمود ئاغا گوێی لە قسەی حەمەد ئاغا دەبێت، دەڵێت: ئەگەر مەحمود پیاوبێت کڵاورەشت لە ژێر دەردەهێنێت، ئەگەر پیاویش نەبوو هیچ.. مەحمود ئاغا لە بارەگای والی دێتە دەرەوەو بە لەشکرەوە بەرەو پشدەر دەروات.

پاش ماوەیەك رۆستەم ئاغاو مەحمود ئاغا، حەمەد ئاغای سەکر ئاگادار دەکەن کە یان کڵاورەش، یان شەڕ یان رۆیشتن..

حەمەد ئاغابە بیستنی ئەم هەواڵە نوێنەرێکی خۆی بە پەلە دەنێرێتە لای والی و رووداوی تێ دەگەیەنێت، کە هەڵوێستی مەحمود ئاغا ئاوایە، والییش بە پەلە نوێنەرێکی خۆی دەنێرێتە لای حەمەد ئاغای ژن برای و دەڵێت: ئەگەر بە قسەی من دەکەیت، ئەوە کڵاورەشی بۆ دەنێریت و خۆت تووشی نارەحەتی و شەڕو ئاژاوە ناکەیت.

حەمەد ئاغا ناچار دەبێت کڵاورەش زین و لغاو دەکات و بۆ مەحمود ئاغای دەنێرێت و نوێنەری والییش دێتە لای مەحمود ئاغاو رۆستەم ئاغا، بە زمان والییەوە داوای لێبوردن دەکات و دەڵێت: نابێت هیچ ئاژاوەیەك لە ناوچەکەدا بەرپابێت، ئەوانیش لەبەر خاتری والی چاوپۆشی لەو هەموو سووکایەتییەی حەمەد ئاغا دەپۆشن، بەڵام حەمەد ئاغای سەکر مەترسیی ئەوەی دەبێت رۆژێك لە رۆژان مەحمود ئاغا تۆڵەی ئەو هەموو بێ حورمەتییەی لێبکاتەوە کە لە بەردەم والی پێی کردووە.. حەمەد ئاغا لەگەڵ

مۆزی میر شاسوارییەکان تێکەڵاوییەکی زۆر گەرم و گور پەیدا دەکاو هەوڵی ئەوەی دەدا میر شاسوارییەکان مەحمود ئاغا لە ئاستی یەک رابهێنێت، بەڵکو مەحمود ئاغا لە ناو بچێت..

لەو کاتەدا میر شاسوارییەکان لە گوندی (ئیسیوە) نیشتەجێبوون، میراودەلییەکانش لە گوندی دەشتێو نیشتەجێبوون.. حەمەد ئاغای سەکر بۆ بەرژەوەندیی خۆی، بە هەموو توانایەکی خۆی هەوڵ دەداتو هانی میر شاسوارییەکان دەدات کە میر شاسوارییەکانو میراودەلییەکان بە گژ یەکدا بکات. چەند جار میر شاسوارییەکانو مەحمد ئاغا بە فیتی حەمەد ئاغای سەکر ناکۆکییان لە نێواندا دروست دەبێتو جار جاریش وردە شەڕیان دەبوو. لە ئەنجامی ئەم ناکۆکییە رۆژێک سەرکردەی میر شاسوارییەکان لەگەڵ مەحمود ئاغا بەرەو رووی یەک دەبنەوەو دەبێتە شەڕو میری میر شاسوارییەکان دەکوژرێت، ئینجا میر شاسوارییەکان بە دزیو بە ئاشکرا بە هەموو شێوەیەک هەوڵی کوشتنی مەحمود ئاغا دەدەن..

رۆستەم ئاغای برای مەحمود ئاغا بۆ ئەوەی کێشەکە زیاتر پەرە نەسێنێت. مەحمود ئاغای برای دەنێرێتە ئێران بۆ گوندی (بناوێ)ی نزیک گوندی (بێژیلە)، ماوەیەک لە گوندی بناوێ دەمێنێتەوەو خەڵکی ئەم ناوە رێزێکی زۆری لێ دەگرن.

وەک دەگێرنەوە دانیشتوانی گوندی بناوێ لەگەڵ دانیشتووانی گوندی (نێوچاوانو ئەحمەد بریو) ناکۆکییەکی زۆریان دەبێت، رۆژێک خەڵکی گوندی نێو چاوانو ئەحمەد بریو بە لەشکرەوە دێنە سەر گوندی بناوێو مەڕو ماڵاتو گاو گوێلی گوندەکەی هەموو بە تاڵان دەبەنو شوانەکەی دەنێرنەوە کە هەواڵ بباتەوە بۆ ئاوایی بناوێ، بەبڵاوبوونەوەی ئەم هەواڵە دانیشتووانی گوندی بناوێ، خۆیان کۆ دەکەنەوەو تاو دەدەنە چەکو دەڕۆن تا پێیان دەگەنو دەبێتە شەڕو پێکدادان، بەڵام مەڕو ماڵاتو

تاڵانەکەیان بۆ ئاگەڕێتەوەو بە دەستی بەتاڵ دەگەڕێنەوە. کاتێك بە دەستی خاڵی دەگەڕێنەوە، مەحمود ئاغا سوار دەبێتو بە تاکە سوار، پێشیان دەگرێتو داوایان لێ دەکات بێ شەڕو کوشتار بیدەنەوە، بەڵام تاڵان بەرەکان گوێ بۆ داخوازییەکەی مەحمود ئاغا را ناگرنو دەبێتە شەڕو پێکدادان تا مەحمود ئاغا وایان لێ دەکات، ناچاریان دەکات تاڵانەکەیان پێ بەجێ دەهێڵێتو تاڵانەکە بۆ بناوێ دەهێنێتەوە.. رۆژان دێتو رۆژان دەڕوات، رۆژێك خەڵکی نێوچاوان و ئەحمەد بریوان بە هەلی دەزانن، کە مەحمود ئاغا لەوێ نییەو بە سەفەر رۆیشتووە، دیسانەوە دێنەوە سەر بناوێو مەڕو ماڵاتو گاو گۆلییان بە تاڵان دەبنەوە..

ئەم جارەیش خەڵکی بناوێ بە تێکڕایی خۆیان چەکدار دەکەنو دەڕۆن، پاش چەند سەعات شەڕو پێکدادان، تاڵانەکەیان بۆ ناگەڕێتەوەو بە دەستی خاڵی دەگەڕێنەوە، بەڵام لە هەمان ساتو کاتدا (هۆمەر ئاغاو حەمەد ئاغا)ی کوڕی خدر ئاغا، واتا برازای مەحمود ئاغا بە میوانی لە دەشتێوەوە بۆ بناوێ دێن بۆ ماڵی مامیان، لە هەمان کاتدا هۆمەر ئاغاو حەمەد ئاغا مێردمنداڵ دەبنو تازە پێدەگەنو یەکەم جاریان دەبێت چەك هەڵبگرنو سوار بن.. کە دەزانن بە دەستی بەتاڵ گەڕاونەتەوە، سوار دەبنو دەڕۆن تا دەیان گەیەنێو داوایان لێ دەکەن کە بێ شەڕو خوێنڕشتن بیان دەنەوە، بەڵام تاڵان بەران گوێ نادەنە ئەم دوو مێردمنداڵە، لە ئەنجامدا دەبێتە شەڕو لێکدان، لە دوای سەعاتێك شەڕ، تاڵانەکە دەسێننەوەو بەرەو بناوێ دەگەڕێنەوە.. لەم کاتەدا مەحمود ئاغا لە سەفەر دەگەڕێتەوەو دەپرسێت: دەنگو باس چییە؟ پاشان کە رووداوەکەی بۆ دەگێڕنەوە، هەڵدەستێت چاوی هۆمەر ئاغاو حەمەد ئاغا ماچ دەکاتو دەڵێت بە قوربانتان بم: ئێوە ئەو پیاوەن، تازە منەتم لە دوژمن نییە.. دەرحاڵ ماڵ باردەکاتو دەگەڕێتەوە دەشتێو..

### شەڕی میراودەلییان لەگەڵ سوپای رووس

لە شەڕی یەکەمی جیهانیدا بەریتانیاو رووسیا هاوپەیمان بوون بۆ داگیرکردنی خاکی ئێران و خاکی عیراق، کە لە دەست دەوڵەتی عوسمانیی دەربهێنن و بەروبوومو کانزاکانی کوردستانی عیراق بە تاڵان بەرن، ئەوەبوو لە ساڵی (١٩١٦) رووسیا بە سوپایەکی زۆر بە هێزەوە لە ئازەربایجانی ئێرانەوە هاتە ناو خاکی ئێران و لەوێشەوە پێشڕەویی بکات بۆ عیراق، بە مەبەستی پێشێلکردنی ئایینی پیرۆزی ئیسلامو نەهێشتنی بەرنامەی قورئان و بلاوکردنەوەی فەسادی و پێشێلکردنی سەروەری و سەربەخۆیی کوردو کوردستان، ئەوەبوو یەکەم جار هاتە تەورێزو لەوێشەوە بەرەو شارەکانی ماکۆ، سلماس، ورمێ، شنۆ، سابلاغ، پیران شار، سەردەشت، کاتێک سوپای رووس گەیشتە سنووری (خۆ)و سلماسی ناو کوردستانی ئێران، شەڕ لەگەڵ خەڵکی ناوچەکە دەستی پێکرد. لە هەموو لایەکەوە پێشەوایانی ئایینی ئیسلام دەستیان کرد بە بانگەواز کردنی موسوڵمانان دژ بە سوپای کوفر رابوەستن، واتا سوپای رووسی و جیهاد بکەن. غەزایەو غەزا لەبەر دەرگایە.

بە بانگەواز کردنی پێشەوایانی ئایینی ئیسلام، موسوڵمانانی ئەو ناوچەیەو دەوروبەری راپەڕین و پێشیان بە سوپای رووس گرت، بۆ بەخت کردنی گیانیان لە پێناو ئایینی پیرۆزی ئیسلامدا، وەك لە کۆنە پیاوێکی بە تەمەنی ئەو ناوچەیە بیستراوە، لێپرسراوی سوپای رووس (پولینگ ئەلیکساندەر) دانیشتووی سلماس و ورمێی کۆکردووەتەوەو قسەی بۆ خەڵکەکە کردووەو وتوویەتی: "ئێمە بەرەو سەردەشت و عیراق دەڕۆین، ئایا هیچ هێزێك، دەسەڵاتێك، عەشیرەتێك هەیە بتوانێت پێشمان پێ بگرێت و بەرگریمان بکات و شەڕمان لەگەڵ بکات؟".

یەکێك لە ریش سپییان و ئامادەبووان دەڵێت: "بەڵێ عەشیرەتێك هەیە لە

خاکی عیراق، لەسەر سنووری عیراق-ئێران، کە سنووریان بە ئێرانەوە بەستراوە، بە ناوی عەشیرەتی میراودەلی، ئەوان دەتوانن بەرەو رووتان بینەوەو شەرتان لەگەڵ بکەن".

لێپرسراوی سوپای رووس وتی: "چەکی ئەمانە چییە؟".. پیاوە ریش سپییەکە وتی: "چەکی ئەوان هەر وەکو چەکی ئەو خەڵکانە تفەنگە". دیسانەوە لێپرسراوی سوپای رووس وتی: "چۆن دەتوانن بە تەنها تفەنگ شەڕ لەگەڵ ئێمە بکەن، کە ئێمە خاوەنی ئەم هەموو سەربازو چەكو تەقەمەنییە بین؟!".

پیاوە ریش سپییەکە وتی: "گەورەم شەڕ بە سەربازی زۆرو چەكو تەقەمەنی ناکرێت، بەڵکو شەڕ بە بیرو باوەڕ دەکرێت، ئەم عەشیرەتەیش بیرو باوەڕێکی زۆر پتەویان هەیە بە خۆیانو ئایین و نیشتمانەکەیان، لایان کارێکی زۆر نەنگە کە بێگانە ئایینو نیشتمانییان پێشێل بکات". دیسانەوە پیاوە ریش سپییەکە وتی: "چەکی هەرە گەورەی ئەم عەشیرەتە خەباتو خوێنە، زۆر جار بە چاوی خۆمان بینیومانەو بیستوومانە کە چەندان جار بە چاوی خۆمان دیومانەو بیستوومانە کە چەندان جار قوربانییان داوە لە پێناو ئایینو نیشتیمان، ئامادەش نین بۆ گەورەترین دەسەلاّت مل کەچ بکەن". پولینگ ئەلیکساندەر دوای چەند چرکە بێدەنگی، دەڵێت: "ئێمە بەرەو عیراق دەڕۆین، ئەگەر هاتو ئەم عەشیرەتە توانییان روو بە رووی سوپای ئێمە بوەستنو شەڕ لەگەڵ سوپای رووس بکەن، کە گەرامەوە گەورەترین خەڵاتت دەکەم، بەڵام ئەگەر نەیان توانی روو بە رووی ئێمە بوەستن، بە دەستی خۆم گوللە بارانت دەکەم".

با لێرەدا پولینگ ئەلیکساندەرو مامەڵەی ریش سپیی بەجێ بهێڵینو بزانین سوپا ملهوڕەکەی رووس چ دەکات لەگەڵ موسوڵمانانی کوردستانی ئێران.. بەڵێ سوپا ملهوڕەکەی بێ بروا دژ بە ئایینی پیرۆزی ئیسلام لەگەڵ

ئەو ناوچەیە کەوتە شەڕێکی زۆر سەخت و خوێناوییەوە. سوپای رووس وەکو درندەیەکی کێوی پەلاماری خەڵکی ئەو ناوچەیەی دەدا، بە کوشتن و سووتاندن و تالآن و فەساد کردنی ئافرەتانی داوێن پاك بە زۆری زۆرداری.

جا لەبەر ئەم شالآوە درندانەیە، خەڵکی ئەم ناوچەیە بە ناچاری ناوچەکەیان چۆڵ کردو بەم لاو ئەو لادا بلآو بوونەوە بۆ خۆ پاراستنی سەرو گیان و نامووسیان.

جا لەبەر چۆڵبوونی ناوچەکەو نەبوون و نەگەیشتنی خواردن و خواردنەوەو کەم بوونی تەقەمەنی، جیهاد کاران بەرە بەرە کشانەوە بەرەو سنووری عیراق–ئێران، سوپا درندانەکەی رووسیش وەك گورگی هارو برسی دەستی بگەیشتایە هەر شوێنێك لە تالآن کردن و سووتاندن، کەمتەرخەمیی نەدەکرد. سوپا سەرکێشەکەی رووس گەیشتە ناو شاری سەردەشت، کەوتە گرتن و تالآن کردنی شارەکە.

هەر وەکو (حاجی حەمەخان)ـی شینوێ دەفەرمووێت و بۆ مان دەگێڕێتەوە کە پیاوێکی بە تەمەنی ئەو سەردەمەیە: "بە گەیشتنی سەردەشت سەربازەکانی رووس سەردەشتیان سووتاندو (٨٥) نەفەر لە گەنج و پیر لە خانووی (ئەحمەد ئاغای ئالآخانی)دا زیندانی کردو ئاگریان بەردایە خانووەکەو هەموو نەفەرەکان بە زیندوویی لە خانووەکەدا سووتان. هەر لە ناو شاری سەردەشت پیاوێکی ناودار دەبێت و ئەسپێکی زۆر بە ناوبانگی دەبێت، رۆژێك بیانووی پێ دەگرن و خۆی و ئەسپەکەی دەهاونە ناو سەرچاوەی سەردەشت و هەر دوروکیان دەخنکێن، هەر لەناو شاری سەردەشت، پیاوێك دەبێت ژنێکی زۆر جوان و داوێن پاکی دەبێت چاوی بێ نامووسیی تێ دەبڕن و هەوڵی فەسادکردنی دەدەن، بەلآم ژنەکە خۆی نادات بە دەستەوە.. داوێن پیسە رووسەکان رۆژێك دەچنە سەریان بە بەرچاوی پیاوو ژنەکەوە دوو کوڕیان دەبێت هەر دوو کوڕەکەیان دەکوژن و ژنەکەش

چار مێخە دەکێشن ئەوەی نە دەبوو بکرێت، بە بەرچاوی مێردەکەیەوە لەگەڵ ژنەکەی دەیکەن.

هەر لە ناو شاری سەردەشتو لەم کاتەدا خەڵکێکی زۆر کۆدەکەنەوە لە گەنجو پیر دەیان خەنە ناو ئەو گەرماو (حەمام)ـەی کە دەستکردی (عەزیز خانی موکری) بوو، ئاگر لە حەمامەکە بەردەدەن، لە کۆی ئەم هەموو خەڵکە تەنها پیاوێك بە ناوی (رەشیدی مام ئالاّ) لە کولانەی حەمامەکەوە بۆی دەردەچێتو دەچێتە ئەشکەوتی (پوور مرۆت) خۆی حەشار دەداتو لەوێوە بە (خڕێ گارانە) ڕێدا رادەکاتو رزگاری دەبێت".

هەر (حاجی حەمەخان) دەڵێت: "لەو سەردەمەدا بە تواناترین سەرەك هۆز (برایم ئاغای کوڕی بابەکر ئاغاو حەسەن ئاغای بەرباجی) بوون، بەلاّم توانای شەڕیان نەمابوو.

هەر لەو سەردەمەدا (عەزیز خانی موکری) کە بە ناوبانگترین پیاوی ئەو سەردەمە بووو هاوپەیمانو چەکداری حکومەتی (رەزاخان) بوو، بەلاّم بە بێ قسەی حکومەتی رەزاخان پەیوەندیی دەکات بە حکومەتی تورکەوەو چەكو چۆڵێکی زۆر وەردەگرێتو بەسەر خەڵکی سەردەشتو دەوروبەریدا دابەشی دەکات.. کاتێك کە ئەم شاڵاوە وەحشییەت گەرییەی سوپای رووس گەیشتە گوێی پیاوانی هۆزی میراودەلیی پشدەر، لەشکرێکی بەهێزیان رێکخست بەرەو ئێران، لەشکرو هێزی پشدەر دەگاتە دەشتی (کەپرانو گردە سوور)و ئەو ناوەو بەرەنگاری شەڕێکی زۆر سەختو خوێناوی دەبن.

ئەم هێزو لەشکرەی میراودەلییان بریتی بوون لە شێرە پیاوانی پشدەر بیتوێنو مەرگەو شارباژێرو دەوروبەری.. سوپای رووس، پەلامار لەسەر پەلامار بۆ سەر لەشکری میراودەلیو پشدەر دەبات، بەلاّم هێزی پشدەر لێیان رادەپەڕنو وەك گەلاّ ڕێزان سەربازی رووس دەکەوێتە سەر زەویو بە دۆزەخیان دەسپێرن. چەند رۆژ بەم شێوەیە سوپای رووس هێرشو

پەلاماری دەهێنایە سەر لەشکری پشدەر، بەڵام شێرە پیاوانی پشدەرو بیتوێن و مەرگەو شاربازێڕ پەیمانیان دابوو بە خوای گەورە کە نەهێڵن پێی پیسیان لەسەر بستێك خاکی پشدەر دابنێن.

هەر وەکو بەڕێز (حسێن حوزنی موکریانی) لە ڕۆشنبیریی نوێی ژمارە (١٢٠)دا دەڵێت: "کاتێك (پولینگ ئەلیکساندەر) زانیی توانای پێشڕەویی نییەو سوپاکەی نتوانێت هێزی پشدەر بشکێنێت، نامەیەکی نووسی بۆ دوو سەرۆك هۆزی پشدەر، کە (بابەکر ئاغاو هەباس ئاغا) بوون، داوای لێکردن کە هێزەکەیان بگێڕنەوەو داواکارییان چییە بۆیان جێبەجێ دەکەین. لە وەڵامی (پولینگ ئەلیکساندەر)دا هەر دوو سەرۆك هۆزی پشدەر دەڵێن: ئێمە ناتوانین بە سەروەت و سامان و پلەو پایە واز لە ئایین و نیشتمانی باب و باپیرانمان بهێنین، بێگانە ئایین و نیشتمانمان پێشێل بکات.. بۆ جاری دووەم پولینگ هەمان نامە بۆ دوو سەرۆك هۆزی پشدەر دەنێرێتەوە، ئەم جارە بابەکر ئاغاو هەباس ئاغا لە وەڵامی نامەی دووەم هەرچی چەکداری پشدەرو مەرگەو شاربازێڕو دەوروبەری هەیە کۆی دەکەنەوەو خۆیشیان بۆ شەڕ دەڕۆن.

هەتا دەگێڕنەوە زۆر کەسی ئازای بێ چەکیان لەگەڵ خۆیان بردووە بۆ کاتی پێویست. کاتێك لەشکری دووەم دەگاتە بەرەکانی جەنگ و لەگەڵ لەشکری یەکەم تێکەڵاو دەبنەوە. کە بابەکر ئاغاو هەباس ئاغا تەماشا دەکەن (مەلا حسێنی هەڵشۆ) دیار نییە، کە ناسراوە بە (مەلا سێنە پیرە). بابەکرئاغاو هەباس ئاغا نامەیەکی بۆ دەنووسن و دەڵێن: "حەیف و بە داخەوە مەلاسێن، پیاوێکی وەك تۆ کەخۆت بە ناودارو پیاو دەزانیت، کەچی لە ڕۆژێکی وەك ئەمڕۆ لەگەڵ پیرێژنە هەڵشۆیان لاقان لە خۆڵەمێشی بنێیت و سوپای کوفریش بەردەرگات پێ بگرێت و موسوڵمانان شەهید بکەن و ئایین و نیشتمانمان پێشێل بکەن.. تۆیش هیچ دەنگ و ڕەنگت نیە".

کاتێک (مەلا سێن) ئەم نامەیەی پێ دەگات، زۆر بە پەلە هەرچی چەکداری خۆی هەیە لە هەڵشۆیی و غەیری هەڵشۆیی کۆیان دەکاتەوەو بەرەو بەرەی شەڕ دەکەوێتە ڕێ، کاتێک مەلا سێن دەگاتە بەرەی جەنگ، بە بابەکر ئاغاو هەباس ئاغا دەڵێت: چاوەڕوانی فەرمانی ئێوە بووم، هەر لە ئێستاوە بەرەیەکم پێ بسپێرن، بە پشتیوانی خوای گەورە دەرسێکیان دادەم لووتی قەیسەریان پێ بشکێنم. ئینجا هەردوو لەشکری کۆن و تازە تێکەڵ دەبنەوەو بەرنامەی شەڕو پێکدادان دادەمەزرێنن و هەر دەستەو تاقمە سەنگەری دوژمنی بۆ دیاریی دەکرێت و پەلاماری سوپای رووس دەدەن و دەبێتە دەنگی (الله أکبر) و (لا إله إلا الله) و لە هەموو لایەکەوە هێرش دەبەن و دەبێتە شەڕێکی زۆر سەخت و خوێناوی.

لەم لایشەوە دوو سەرکردەی شەر وەکو شێری ناو بێشە هانی جەنگاوەران دەدەن و دەڵێن: "ئەی موسوڵمانان، ئەی جیهادکەران ، ئەی ئەو کەسانەی کە دەتانەوێت خوداو پێغەمبەری خودا لە خۆتان رازیی بکەن.. ئەی شێرە پیاوانی پشدەرو بیتوێن و مەرگەو شارباژێر چاوتان لێیە وا سوپای کوفر بەر دەرگای پێ گرتوون و دەیەوێت ئایین و نیشتمان و سەربەرزی و داب و نەریتی باب و باپیراتان پێشێل بکەن.. جا ئەمرۆ رۆژی هیممەتە، رۆژی غیرەتە، رۆژی پیاوانە، ئەو رۆژەیە سەری خۆتان و نیشتمان و عەشیرەت و گەلەکەت بەرز بکەنەوە، ئەو رۆژەیە داستانێک تۆمار بکەیت، خۆت بە هەموو جیهان بناسێنیت و لە لاپەڕەیەکی مێژوودا جێی پەنجەت دیاربێت و بە دوژمنی بسەلمێنیت؛ کە تۆ ئەوەی هەیت، هەیت.. کە شێرە پیاوان و جیهادکەران گوێیان لە قسەکانی ئەم دوو سەر لەشکرە بوو.. هەی لەوەی لەبەرەی خۆیەوە پەلاماری سوپای رووس بدات و دەنگی (الله أکبر) بەرز بکاتەوە. کاتێک سوپای سەرکەشی رووس گوێی لە دەنگی (الله أکبر) بوو، غیرەت لە لەشیاندا نەما و ئەژنۆیان کەوتە لەرزین و بەرەو شاری

سەردەشت رایان کرد، بەڵام شێرە پیاوانی پشدەر لە دوویان نەبوونەوە تا ناو شاری سەردەشتو لەوێش لە کۆڵیان نەبوونەوەو کەوتنە دوایان بە هاوکاریی خەڵکی سەردەشتو دەوروبەری لە ناو شاری سەردەشتیان دەرپەڕاندنو بەرەو (چۆمی کەڵوێ) دەکەونە رێ.. بە شکانی سوپای رووس لە ناو شاری سەردەشت، خەڵکی ناو شاری سەردەشت هاوکاریی لەشکری پشدەر دەکەنو دوایان دەکەون بە (دەشتی رەبەت) دا راویان دەنێن لە (چۆمی کەڵوێ)یان دەپەڕێننەوەو کوشتارو تاڵانێکی زۆریان پێ بەجێ دەهێڵن. موجاهیدانی پشدەرو سەردەشتو دەوروبەری بەرەو شاری بۆکان بەدوای سوپا بەزیوەکەی رووسدا دەڕۆن.

بە وتەی بەڕێز (عومەری حاجی هەباس ئاغا)، لە نزیک شاری بۆکان لە شەڕێکی مانو نەماندا هێزی پشدەر تەنگ بە سوپای رووس هەڵدەچنێت، بەڵام بە داخەوە لە نزیک (گوندی ناچیت) لە پڕ دەستەیەك لە هێزی پشدەر بەسەر کەمینێکی گەورەی رووسەکاندا دەکەونو لە شەڕێکی دەستەو یەخەدا ئەم بەڕێزانە شەهید دەبن:

١-حاجی سەید گوڵ. ٢-تۆفیق بەگی تابووره غازی. ٣-ساڵحی بابەکر ئاغا. ٤-حەمەی مەمەند ئاغا. ٥-حاجی حەسەنە خرە لەگەڵ دوو نەفەری تر کە ناوەکانیان نازانم، ئەم حەوت شەهیدە لە (گوندی ناچیت) تەسلیم بە خاك دەکرێن کە ناچیت (٦) کیلۆمەتر لە رۆژئاوای بۆکانەوەیە. گۆڕی ئەم حەوت شەهیدە ئێستا زیارەتگای موسوڵمانانی ئەو ناوچەیەیە.

لەو کاتەی کە شەڕو پێکدادان لە دەوروبەری بۆکانە، شۆڕشی (ئۆکتۆبەر) بەرپا دەبێتو رژێمی پاشایەتیی قەیسەری رووس کۆتایی بەدەسەڵاتەکەی دێت، کە دەکەوێتە ساڵی (١٩١٧)ەوە لە هەموو بەرەکانی جەنگ سوپای رووس دەگەڕێتەوەو ناوچە داگیرکراوەکانیش بە جێ دەهێڵێت، بەڵام بە داخەوە لەم شەڕە خوێناوییەدا گەلێك لە کەڵە پیاوانی میراودەلیو پشدەرو

بیتوێن‌و مەرگەو شارباژێڕو دەوروبەری شەهید دەبن، ئەوەی کە من ناوەکانیان بزانم ئەم شەهیدە نەمرانەن:

١-حاجی سەید گول. ٢-عەلی عەبدوڵڵا ئاغای خڕەبەردان. خدری عەبدوڵڵا ئاغای خڕەبەردان. ٤-باپیری ئەحمەد ئاغای بێشیری. ٥-سمایلی برایم ئاغای ئالاوی. ٦-پیرۆتی سەلیمی بێورێی خواری مەرەسەنە. ٧-مەمەندی سەلیمی بێورێی خوار مەرەسەنە. ٨-ساڵحی بابەکر ئاغا. ٩-هەباسی حەمە ئاغا. ١٠-حەمەی مەمەند ئاغای دەشتێوی. ١١-حاجی حەسەنە خڕە. ١٢-مام ئاغای فەرخە. ١٣-مەحمودی رەشید ئاغا. ١٤-فەقێ ئەحمەدی گردەچاڵی. ١٥-هەمزەی رەشید ئاغا. ١٦-بابەکری قادر ئاغا. ١٧-برایمی کاکە حەمەدی ئیسێوێ. ١٨-کا رەسوی کا حەمەدی ئیسێوێ. ١٩-مەلا وەسمان بەگی دارەشمانە. ٢٠-مام کا ئەحمەدی دارەشمانە. ٢١-برایمی حەسەنە سوورو (١٠) کەسی تر کە خەڵکی مەرێ بوون، بەڵام بە داخەوە ناوەکانیان نازانم.

٢٢-حەسەنی بایزی حەمەدی ناسراوە بە حەسەنە زەدی بێگەلاس. ٢٣-حوسێنی مام مەحمود ناسراوە بە حوسێنە بەلەی بێگەلاس. ٢٤-حاجی فەقێ. ٢٥-حەسەنی ئاڵی. ٢٦-عەبدوڵڵای فەرخە. ٢٧-بایزی وەیس ناسراوە بە بایزە کوێر. ٢٨-سەلیم برایمی هەڵشۆیی. ٢٩-مستەفا شینی سێمانە چەپی هەڵشۆیی. ٣٠-فەرخەی برایمی هەڵشۆیی. ٣١-حەمە چەپی رووزەی. ٣٢-مستەفای ئاورەحمانی ناسراوە بە مستەفا بەڵکیسێ لە شەڕی رووس ئەسیر بووە لە بەندیخانەی (قەفقاز) کۆچی دوایی کردووە، خەڵکی (گوندی گەناو) بووە. ٣٣-سمایلی کاکە مەلاو عەزیزی حاجی حەمەدیش هەر لەم بەندیخانەیە زیندانیی بوون‌و پاش چەند مانگێك ئازاد بوون‌و گەڕانەوە (گوندی گەناو). ٣٤-حەمە سووری مەلا برایمی بەرسوڵێ کە یەکێك بووە لە جەنگاوەرانی پشدەر لە شەڕی رووس لە هێرشێکدا هەر دوو

دەستی دەشکێنو بە ددانەکانی قایشی تفەنگەکەی دەگرێتو دەیهێنێتەوەو بەجێی ناهێڵێت. ٣٥- ئەحمەدی حەسەنی مەحمودی دووریو گەلێکی تر کە ژمارەی شەهیدانی پشدەر لە شەڕی رووس لە (٣٠٠) کەس تێپەڕیوە.

بە داخەوە ناوی ئەو شەهیدانە نازانم کە خەڵکی بیتوێنو مەرگەو شارباژێڕن، بەڵام زۆربەی زۆری میراودەلییەکان لە گردێك شەهید بوونو نێژراون لە نزیك سەردەشت، ئێستا بە گردی ئاغایان ناو دەبرێت. کاتێك سوپا ملهوڕەکەی رووس بە کوژراوو برینداری تاڵانێکی زۆرەوە دەگەڕێتەوە، دەچێتەوە ئەو شارو شارۆچکەیەی کە کۆبوونەوەی بە خەڵکەکە کردبوو، داوایی ئەو پیاوە دەکات کە دەربارەی میراودەلییان وتوویژی لەگەڵ کردبوون. بەڵام ئەم پیاوە خۆی دەشارێتەوە، لەبەر ئەوەی بە کوژراوو زەرەرێکی زۆرەوە گەڕابووەوەو داوا لەخەڵکەکە دەکات ئاشکرای نەکەن. پولینگ داوای دەکاتو دەڵێت خەڵاتی دەکەم، بەڵام خەڵکەکە پێی ناڵێن. پولینگ بێ هیوا دەبێت لە چاوپێکەوتنی.. سەعاتێکی ئاڵتوونی لە دەستدا دەبێت دەیدات بەیەکێك لە دانیشتووانو دەڵێت: ها بەخەڵات ئەم سەعاتەی بدەنێ، بەڵام ئەگەر منو دەسەڵاتی قەیسەر بمێنێت، دەبێت ئەم عەشیرەتە بکەمە هاوپەیمانی رووسیا، لەم کاتەدا یەکێك لە ئامادەبووان دەڵێت: ئەگەر بە وردی لە مێژووی ئەم عەشیرەتە بکۆڵنەوە ئەم عەشیرەتە نەوەی قەیسەری رووسەو لەگەڵ ئێوە خاڵو خوارزان. پولینگ دەڵێت: چۆن ئەم عەشیرەتە نەوەی قەیسەری رووسەو لەگەڵ ئێمە خاڵو خوارزان؟

ئینجا پیاوەکە مێژووی فەقێ ئەحمەدی دارەشمانەی بۆ دەگێڕێتەوە کە فەقێ ئەحمەد یەکێك بووە لە ئەمیرەکانی کوردو لە شەڕێکی تورکو رووسدا قەیفانی کچی قەیسەری رووسی بە دیل لە مەیدانی شەڕ گرتووەو مارەی

کردووەو کوڕێکی لێ بووە بە ناوی (میرب داغ)، ئەم عەشیرەتە نەوەی ئەم (میرب داغ)ەیە.

**ڕوونکردنەوەیەك لەسەر هاتنی سوپای ڕووس و ئاوارەبوونی خەڵکی کوردستانی ئێران**

لە دوای جەنگی جیهانیی یەکەم لە ساڵی (١٩١٦)دا سوپای ڕووس بە هێزێکی زۆر گەورەوە لە ئازەربایجانی ئێرانەوە هاتە ناو خاکی ئێران بۆ داگیرکردنی کوردستانی ئێرانو عیراق. بە گەیشتنی بۆ ناو خاکی ئێران، سوپای سەرکەشی ڕووسیای قەیسەری دەستیکرد بە کوشتنو بڕینی موسوڵمانانو سووتاندنو تاڵانکردنی ماڵی موسوڵمانانو فەسادکردنی ئافرەتی داوێن پاکی موسوڵمانو پێشێلکردنی خاکی ئیسلام. خەڵکی کوردستانی ئێران لە ترسی ئەم شاڵاوە تاریكو دڕندانەیە دەستیان کرد بە کۆچو ڕەوو ئاوارە بوون بۆ کوردستانی عیراق. ئەم کۆچو ڕەوە قاتو قڕیو هەژارییەکی زۆر سەختی خستە کوردستانی عیراق. پیرو کۆنە ساڵەکانمان دەگێڕنەوە لە وەرزی پاییزی هەمان ساڵ تا وەرزی بەهار بەردەوام بوو.

*خوێنەرانی ئازیزو خۆشەویست، وا کورتەیەکی زۆر کورت لە ژیانی ئەم ئاوارانە دەخەینە بەر دیدەی خوێنەران:*

کۆنە ساڵو پیرەکانمان، ئەوانەی کە ئەو کاتە هەبوونو ماون، ئێستا لە ژیاندان، دەگێڕنەوەو دەڵێن: کاتێك کۆڕەوەکە گەیشتە ناوچەی پشدەر، حەشاماتەکە هێندە زۆر بوو لە حەوزی پشدەر نە دەحەوانە، وە ناچار بوون بەرەو بیتوێنو دۆڵی شاورو کۆیەو سلێمانیو دەشتی هەولێر بڕۆن.

ئەو ئاوارانەی کە لە حەوزی پشدەر مانەوە حاڵیان زۆر زۆر خراپ بوو، ئەوانەی کە زێڕو پارەو کەلوپەلی نەختینەیان پێبوو ماوەیەك باش بوون،

بەلام ئەوانەی کە هیچیان پێ نەبوو حاڵیان زۆر زۆر خراپ بوو، لەسەر حیسابی خەڵکی ناوچەکە دەژیانو خەڵکی ناوچەکەیش ژیانیان کەوتە مەترسیو لێیان براو خواردنو خواردنەوەیان نەدەدانێ، ناچار بوون کەوتنە خواردنی ولاغی تۆپیوو مردارەوە بوو.

تا وای لێهات مردارەوە بووەکەیش نەما، ئینجا ناچاربوون کۆمەڵ کۆمەڵ پەلاماری ماڵانیان دەدا بۆ سەندنی خواردنو خواردنەوە، خەڵکی ناوچەکەش وایان لێهات مەترسیی ئەوەیان هەبوو کە وەکو ئەوان ئاوارە بن. لە هەمان کاتدا هێرشو پەلاماری کۆچ کردووانو ئاوارەکان گەیشتە رادەیەك بەربەست کردنیان زەحمەت بوو. دەبووایە هەموو ماڵێك لە ترسی ئەم کۆچ کردووانە دەرگای لەسەر خۆی دابخستایە. دەڵێن زۆر جار هەبووە بە دوو سێ نەفەر بە کوتەكو لێدان لە کوڵ ماڵێکیان دەکردنەوەو واش لە برساندا نە دەگەڕانەوە. نەبوونیو برسێتییەکە گەیشتبووە رادەیەك، هەموو شەوێك (١٠-١٥) کەس لە کۆڵانانو لە بن گوێسبانان لە برسانو لە سەرمان دەمردن، یەکێك لەوانەی کە ئەو رووداوە دڵتەزێنەمان بۆ دەگێڕێتەوە؛ دایکمە کە تەمەنی (١١٦) ساڵەو دەڵێت: ئەو کاتە من گەورە بوومو ماڵمان لە گوندی گەرمکان بووە، هەر کاتێك ئەم قسانەو ئەم رووداوانەمان بۆ دەگێڕێتەوە، دەست دەکات بە گریانو دەڵێت: وەك فیلم دێتەوە بەر چاوم.

دەڵێت: بەیانیان کە خەڵکی گەرمکان لە خەو هەڵدەستان، دە تا دوانزە کەس لە ژنو منداڵو پیاوو گەنجو پیر لە کۆڵانو بن گوێ سوانان دەمردن، بە تایبەتی بە زۆریی لەو ئەشکەوتانەی کە لە ئەو بەر ئەو بەری گوندی گەرمکاندان. ئینجا خەڵکەکە کۆیان دەکردنەوەو گردێك لە خواری گەرمکانەوە هەیەو بەسەر (زێ)دا دەڕوانێت، لەم گردە هەندێك ئەرزیان بۆ هەڵ دەکەندو لە ناو چاڵەکەیان دەناو گەلای داربەرروویان لەسەر جەنازەکەی دادەناو گڵیان بەسەردا دەدا، ئەم گۆڕستانە ئێستا بە

(گۆڕستانی کێله شینه) بەناوبانگە. هەر ئەو ساڵە قەبرستانێکی گەورەی لێ دروست بوو. لەم ڕۆژە ڕەش و تاریکەدا (حاجی ڕەسوڵ ئاغای مەحمود ئاغا) کە ئاغای گوندی گەرمکان بووەو خوا پێداویش بووە، لەم ژنە کۆچکردووانەو چەند ژنێکی تری گوندی گەرمکانی دانابوون بۆ نان کردن. ڕۆژانە چەند تەشت هەویریان دەکرد بە نان و نانەکەش بریتی بوو لە ئاردی هەرزن و زورات و گەنم و جۆو شتی لەم بابەتانەو دەیان کردە ئەستوک. هەروەها چەند ژنێکی تریشی دانابوو بۆ چێشت لێنان. چێشتەکەیش بە هەمان شێوە نیسک و نۆک و ساوەر بوو پڕیان دەکرد لە ئاو. سێ ژەمە چەند پیاوێکی دانابوو بۆ ڕیزکردنیان هەریەکەو کەوچکێک چێشت و ئەستوکێکی دەدرایە، ڕۆژانە زیاتر لە (١٥٠) کەس بەم شێوەیە خواردنی دەدرایە.

دەنگ و باسی ئەم خواردنە بڵاو بووەوەو کۆچکەران دەستە دەستەو کۆمەڵ کۆمەڵ دەهاتن بۆ گەرمکان و لەو زێیە دەپەڕینەوە، بەڵام زۆریان لە برساندا هێزیان نەمابوو ئاو دەیبردن و دەخنکان. جگە لەو منداڵانەی کە دایک و باوکیان دەهاتن لەماڵی حاجی ڕەسو ئاغا فڕێیان دەدان و بەجێیان دەهێشتن، حاجی ڕەسو ئاغایش چەند ژنێکی بۆ ئەو منداڵانە پەیدا کردبوو بەخێویان دەکردن. هەروەها بابەکری مەحمود ئاغای نورەدینییش بە هەمان شێوەی حاجی ڕەسو ئاغای گەرمکان کۆچکردووانی بەخێو کردووە.

دەگێڕنەوە ئاوارەو کۆچکەرەکان هێندە زۆر بوون لە سنووری گوندەکانی ئاسۆس خەڵکە بە زۆری و بە کوتەک و دار لێدان کردوویاننەتە ئەو بەری چەمەکە. دیسان ئەوانیش کردوویاننەتەوە ئەو بەری چەمەکەو لەم ئەم بەرو ئەو بەرەدا دەستیان دەگرت بۆ پەڕینەوە لەبەر ئەوەی هێندە بێ هێز بوو بوون، زۆربەی زۆریان ئاو دەیبردن و دەخنکان.

دایکم گێڕایەوە وتی: ڕۆژێکیان گەنجێکی تەمەن (٢٠) ساڵان لە سەرەنگوێلکی نزیک ماڵی ئێمە لوولاقە ولاغێکی بە دەستەوە بوو دەی

کراندەوە-(دەی کورستەوە)و دەیخوارد. دەڵێت عەبدوڵڵای برایشم منداڵ بوو چاوی لێبوو، هات بۆ لای دایکمو دەستی بە گریان کردو وتی: دایە دوو نانم بدەرێ بۆ ئەو کورە وا لە برسان ئێسکە وڵاغ دەکرێنێتەوە، دایکم وتی: دوو نانەکەم دایەو چووە ماڵەکەی دراوسێمانو دوو نانیشی لەوێ هێناو بۆی برد، کورەکە نانەکە دەخواتو دەڵێت جامێك ئاویشم بدەنێ، ئاوەکەیشی دەدەنێ، کە ئاوەکە دەخواتەوە بە لادا دەکەوێتو تەمەنی درێژی بۆ حازری بەجێ دەهێڵێت.

دەڵێن: لە گوندی کەڵەکان کابرایەکی خواناسو بە دینو موسوڵمان هەبووە بە ناوی (ئاڵڵا) صۆفی دەبێت دەوڵەمەندو خودا پێداو دەبێت وا رێك دەکەوێت ئەو ساڵە هاوسەرەکەی کۆچی دوایی دەکات. ژنێکیش بە ناوی (فاتیمە موهاجیر) لە کەڵەکان پەیدا دەبێت، لە ژیان دەگەرێت فاتمە موهاجیر ماوەیەك بە نانە سکی ئیشو کار بۆ مام ئاڵڵا دەکات، رۆژێکیان فاتمە موهاجیر دەڵێت بۆ مارەم ناکەیت یەك جاریو کەسم نییە.. مام ئاڵایش لەبەر ئەوەی لێی قەوماوە زۆری پێ باش دەبێت، فاتمە موهاجیر مێردەکەی دەبینێتەوەو دەڵێت شتێکی وا هەیە، دەڵێیت چی؟ تۆیشو منداڵەکانیش بەخێو دەکەمو دەژیێنم، بەڵام خۆتان ئاشکرا مەکەن، مێردەکەیشی لەبەر بێ چارییان زۆری پێ باش دەبێت.

ژنە مێرد بە مام ئاڵڵا دەکاتو دەچێتە سەر ماڵ بە یەکجاری. ژنە بە دزییەوە دوو منداڵەکەیو مێردەکەی بەخێو دەکات هەتا هەرزانی پەیدا دەبێت، کاتێك هەرزانی پەیدا دەبێت (فاتمە موهاجیر) بە مام ئاڵڵا دەڵێت من مێردم هەیەو لە برسا مەجبووری مێردم بە تۆ کردووە.. مام ئاڵایش دەست بە گریان دەکاتو دەڵێت: ئای ماڵی دنیا.. قیامەتیشم لە دەست چوو، مام ئاڵڵا دەچێتە گوندی گەرمکان بۆ خزمەت مەلا حەمەدی دەڵگەیی گەورەو کارەساتی بۆ دەگێرێتەوە، مامۆستایش دەفەرمووێت: هیچ لایەکتان

تاوانبار نین، لەبەر ئەوەی رۆژگار ژنکەی زەرووری ئەم حاڵە کردووەو پیاوەکەیشی بێ خەبەرە واتا مام ئاڵڵا. ئێستا لە ناوچەی پشدەر خەڵکێکی زۆر لە ژنو پیاو هەن، کە ئێستا لە ژیاندا ماون لە ژنو پیاو، کە پیاوەکە ژنی هێناوەو ژنەکەیشی شووی کردووەو منداڵ و نەوەیان هەن.

خوێنەری بەڕێز: دەگێڕنەوە خەڵکی ناوچەی پشدەریش بە هۆی هاتنی ئەم تاوارانەوە، ئەوانیش تووشی ئەم رۆژە رەشە بوون. دەگێڕنەوە هەر خەڵکی ناوچەی خۆیشمان بە هۆی هاتنی ئەم تاوارانەوە تووشی قاتو قڕی بوونو بەرووو بەری (زی)و بەرە (خربووک-خرنووک)و جۆو زوراتو هەرزنو گەلێك شتی لەو بابەتەیان تێکەڵاو کردووەو ئینجا لە ئاشیان کردووەو هاڕیویانەو کردوویانە بە نانو خواردوویانە.

**تێبینی:**

بەڕێز ئەحمەدی حەمە ئاغا لە لاپەڕە (١٥)ی پەرتووکی بیرەوەرییەکاندا دەفەرموێت کە شەڕی رووسمان کرد من زۆر منداڵ بووم، بەڵام لە لاپەڕە (١٧)ی هەمان پەرتووکدا دەفەرموێت بۆ شتی گەورە پرسو رایان بە من دەکرد، من بڕیارم بۆ دەدان، هەر بەڕێز ئەحمەدی حەمە ئاغا لە لاپەڕە (١٦)ی بیرەوەرییەکانیدا دەفەرموێت: (مینۆرسکی) سەر لەشکری رووس بوو، بەڵام (حوسێن حوزنی موکریانی) لە رۆشنبیریی نوێی ژمارە (١٢٠)دا دەفەرموێت سەر لەشکری سوپای رووس ناوی (پولینگ ئەلیکساندەر) بووە، بە وتەی بەڕێز (عەبدولڕەقیب یوسف) بە ژمارە (١٠)ی لاپەڕە (١٦)ی هەمان پەرتووکی بیرەوەرییەکانی ئەحمەد ئاغادا دەفەرموێت: (مینورسکی) سەر لەشکر نەبووە، بەڵکو ساڵانی (١٩٠٤و ١٩٠٨) لە باڵوێزخانەو قونسوڵخانەی رووس لە تارانو تەوریز راوێژکار بووەو لە ساڵی (١٩١٣) کراوە بە ئەندامی لیژنەی رێکخستنی سنووری نێوان دەوڵەتی ئێرانو عوسمانیی ئەو کاتە.

## شەڕی میراودەلییان لەگەڵ ئێران



بابەکری سەلیم ئاغا

لە سەدەی نۆزدەهەمدا، دوای ئاڵۆزیو گرژیی نێوان ئیمپراتۆریەتی عوسمانیو ئێران، ئەگەرچی لە هەندێك رووەوە زیانی لە گەلی کورد دەدا، چونکە ئەم ململانێیەی نێوان ئەم دوو دەوڵەتە، دەکەوتە خاکی کوردستانەوەو پێکدادانی سوپای هەردوو لا زیانێکی ماڵیو گیانیی بۆ کورد لەگەڵ خۆی دەهێنا. لە هەمان کاتدا کورد لەو نێوانەدا جار جار هەناسەیەکی هەڵدەکێشا لەو ململانێیەی لاوازیی لایەکیان بۆ لایەکەی دیکەی دەکردە هەلو دەیقۆزتەوە. ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کە چەندین میرنشین لە کوردستاندا دروست بن. نەك تەنیا میرنشینە کوردییەکان ئاگری شەڕی نێوان حکومەتی ئێرانو چ لە لایەن رووسیاوە دوو چاری جەنگو کوشتار بوون، لەوانە ناوچەی پشدەر کە لە لایەك لەگەڵ رووس روو بە رووی شەڕ بووەتەوەو لە لایەکی دیکە لەگەڵ تورکو لە لایەکی دیکە لەگەڵ ئێران.

لە دوای شەڕی رووس، عەشیرەتی میراودەلیی پشدەر حاکمییەتی ناوچەی سەردەشتیان گرتە دەست، چەندان گوندو زەویو زاریان بە بەڵگەنامەوە کڕی لەو ناوچەیەدا، نۆ کەس لە پیاوی زاناو هۆشمەندو دادپەروەر لە عەشیرەتی میراودەلی وەکو لیژنەیەکی ئیداری ناوچەکەیان بەڕێوە دەبرد.

کاتێك رەزا شای پەهلەوی هاتە سەر حوکم لە ئێران، سوپایەکی زۆری هێنایە سەردەشت، بێ ئەوەی کەس بەرگریی لێ بکات، ماوەیەك مایەوە تا بە تەواوەتی جێگیربووو دۆستو هاوپەیمانی لە ناوچەکەدا پەیدا کرد،



لەراستەوە بۆچەپ (١-حەسەنی بایزئاغای مەنگور. ٢- سەلیم مەمەند ئاغا. ٣- رەسول پیرۆت ئاغا ٤- رەشید عەلی ئاغا. ٥- بابەکر سەلیم ئاغا.

کاتێك رەزا شا بە تەواوەتی جێگیر بوو بە یەك رۆژ لە سەعاتی (سفر)دا پەلاماری ئەو ماڵە میراودەلییانەی دا کە لە ئێراندا بوون و تالآنی کردن.

ئەو نۆ کەسەیشی بانگکرد بە ناوی میوانداری و تووێژەوە هەمووی گرتن و لە زیندانی هاویشتن، ماوەی ٨-٩ مانگ مانەوە ئینجا میراودەلییەکانی پشدەرپارەیەکیان کۆ کردەوە و هەر نۆ کەسەکەیان بە پارە کرییەوە و هەر میراودەلییەك لە خاکی ئێراندا بوو، هەمووی بە دەستی بەتاڵ دەرکردن و بە تەواوەتی دەستی بەسەر هەموو ماڵ و موڵك و سەروەت و سامانی میراودەلییاندا گرت.

رەزا شا ویستی بە نەخشەیەکی وا توندو تیژ میراودەلییان چاو ترسێن بکات، نەوێرن جارێکی تر بە سەفەریش بە ئێراندا برۆن. ئینجا رەزا شا سوپایەکی زۆر بە هێزی ناردە سەر سنووری ئێران-عیراق واتا سنووری

پشدەر، بۆ ئەوەی بە دزیش نەتوانن بێنە ناو خاکی ئێرانەوە. میراودەلییان چەند جار نوێنەریان دەنارد چارەسەرێکی ئەم گرژیو ئالۆزییەی نێوانیان بکەن کە لەبەرژەوەندیی هەردوو لادا بێت، بەڵام حکومەتی رەزا شا ئامادەی وتووێژ نەبوو، کاتێك میراودەلییان لە رەزا شا بێ هیوا بوون، بابەکر ئاغاو هەباس ئاغا کە دوو سەرۆکی میراودەلییان بوون، کۆبوونەوەیەکە بەرفراوانیان کرد. دوای وتووێژو قسە هێنانو بردن، بڕیاریاندا شەڕ لەگەڵ حکومەتی رەزا شا بکەن، قبووڵی ئەم بێ ڕێزییە نەکەن. ئەوەبوو لە ساڵی (١٩٢٧) لەشکرێکی زۆر بەهێزیان کۆکردەوە لە میراودەلیو نورەدینیو بیتوێنو مەرگەو جافایەتیو شینکایەتی، روو بە رووی سوپای رەزا شا بوونەوە.

شەڕ لە سنووری ئێران-عیراق واتا پشدەر دەستی پێکرد، لە یەکەم شالاوی لەشکری پڕ هێزی پشدەر، سوپای رەزا شا شکاو رایکرد بەرەو گوندەکانی بێورەو بێورانو نێشکۆڵانو دەشتی کەپرانو گردە سوور، بەڵام هێزو لەشکری شێرە پیاوانی پشدەر لێیان نەگەڕانەوە لە دوویان ڕۆیشتن. ماوەیەك لە دەشتی کەپرانو گردە سوور خۆی گرتەوە، بەڵام سوپای رەزا شا نەترەی نەبوو بەرەو شاری سەردەشت هەڵهاتو خۆی گەیاندەوە سەربازگەیەکی سەردەشتو تەنها سەنگەرێك مابوو لە گردە سوور خۆی نەدەدا بە دەستەوە، یەکێك لە شێرە پیاوانی میراودەلییان لە تائیفەی وسوو ئاغا بە ناوی (بابەکری خدری ئەولا ئاغا)، وەك شێری ناو بێشە لە سەنگەرەکەی هاتە دەرەوەو دەنگی (الله اکبر)ی بەرز کردەوەو وتی: شێرە پیاوانی پشدەر یاڵلا رۆژی پیاوانە، رۆژی سەنگەر شکێنەرانە، رۆژی رزگارکردنی خاكو ئاوو نیشتمانە.

کاتێك هاوسەنگەرەکانی گوێیان لە هاوارو (الله اکبر)ی بابەکر ئاغا بوو لە سەنگەرەکانیان هاتنە دەرەوەو پەلاماری سەنگەری دوشمنیان داو

هێرشیان بردنە سەر. سەربازانی رەزا شا هەر ئەوەندەیان پێکرا بە لاقی خۆ خۆ نەجات بدەن، بە پەلەقاژەیەکی سەخت گەیشتنەوە سەربازگەیەکی سەردەشت، بەڵام شێرە پیاوانی میراودەلی و هاو لەشکرەکانیان لێیان نەگەڕانەوەو دەورەی سەربازگەکەیان داو ماوەی (٤٥) رۆژ ئابلۆوقەیان داو لە هیچ لایەکەوە نە دەرچوونیان دەکراو نە فریاکەوتن، بەڵام بە داخێکی زۆرەوە زۆر لە کەڵە پیاوانی پشدەرو بیتوێن و مەرگەو ناوچەکانی تر شەهید بوون و بریندار بوون، کە تەنها ناوی ئەم دوو شەهیدەم دەست کەوتووە، بە ناوەکانی: ١-حەمزەی سمایل ئاغا. ٢-حاجی رەسو ئاغا برا گەورەی هەباس ئاغا.

کاتێك رەزا شا بۆی روون بووەوە سوپاکەی ئابلۆوقە دراوەو دەرباز بوونیان نییە، یان دەبێت خۆ بە دەستەوە بدەن یان دەبێت لە برسان بمرن، رەزا شا بە ناچاری پەیوەندیی کرد بە سلێمانییەوە داوای لە شێخ مەحمود کرد کە شێخ داوا لە میراودەلییان بکات کە رێگا بدەن سەربازەکانی بگەڕێنەوە بەرەو مهاباد، چونکە رەزا شا زانیی شێخ دۆستی میراودەلییانەو بێ دڵیی ناکەن، جا لەسەر ئەم داوایەی رەزا شا، شێخ مەحمود نووسراوێکی تایبەتی نووسی‌و (سەید ئەحمەدی مورەخەس)ی ئامۆزای نارد بە وەکالەتی خۆی داوایان لە بابەکر ئاغاو هەباس ئاغا کرد کە سەربازەکانی ئازاد بکەن بابەکر ئاغاو هەباس ئاغایش لەبەر خاتری شێخ مەحمود رێگایانداو سەربازەکان رۆیشتن بەرەو مهاباد. ئەگەر شێخ مەحمود نەبووایەو فریای ئەم هێزە سەربازییە نەکەوتایە ناچار بوون خۆیان دەدا بە دەستەوە. لە دوای ئاشتبوونەوەی ئێران لەگەڵ میراودەلییان، فەرماندەی ئەم سوپایە بە ناوی (عەقید عەلی ئەصفەر) ناسراوە بە پزیشکیان، وتبووی؛ هیچ ئازووقەو خواردنێکمان نەمابوو، کەوتبووینە خواردنی ئەسپ‌و هێسترەکانمان‌و ئەوانیشمان کەم کردبوو. ئەمجا لە دوای ئەوەی سوپای



بابەکری خدری ئەولا ئاغا

ئێران شکاو ناوچەکەی چۆڵکرد، میراودەلییەکان وەکو جاری جاران دەسەڵاتی خۆیان وەرگرتەوەو زەوی و زاری خۆیان دەست بە سەردا گرتەوەو بەرهەمی ساڵانەی خۆیان وەردەگرت، کاتێک حکومەتی رەزا شا بۆی ئاشکرابوو ناتوانێت بەرهەڵستییان بکات، شەڕ کردن لەگەڵ میراودەلییان بە زەرەری حکومەتەکەی تەواو دەبێت، ناچار بوو لە ڕێگای وتووێژەوە چارەسەری ئەم کێشەیە بکات.

ئەوە بوو حکومەت پەیوەندیی کرد بە چەند پیاوانی ریش سپیی و بە تواناى شاری سەردەشتەو و لیژنەیەکی پێکهێناو سەرۆکی ئەم لیژنەیە بە ناوی (حاجی غولامی)ی سەردەشتی بوو، ئەم لیژنەیە بە نوێنەرایەتیی حکومەتی رەزا شا هاتە پشدەر، لای بابەکر ئاغاو هەباس ئاغا، بۆ رێککەوتن و ئاشتی و ئاشت بوونەوە لەگەڵ ئێران. بابەکر ئاغاو هەباس ئاغایش قبوولی ئەم رێککەوتننامەیە و ئاشت بوونەوەیان کرد، کاتێک وەفدەکەی حکومەت گەڕایەوە بۆ سەردەشت، وەفدەکە ئاشتبوونەوەو رێککەوتنی میراودەلیانیان راگەیاند، حکومەتیش زۆری پێ باش بوو، ئەمجا حکومەتی ئێران لە هاوینی ٢١ی مردادی ١٣٠٨دا دوو نوێنەری لە سوپای ئێران ناردە لای بابەکر ئاغاو هەباسا ئاغا لە باژار، بە ناوەکانی سەرتیپ (سەیفی ئەفشاری)و (عەلی ئەکبەر) خان، ئەم وەفدەی حکومەتی ئێران چەند رۆژ لە

کوێستانەکانی باژار مانەوەو گفتوگۆ لە ڕێککەوتننامەی ئاشتی کراو هەردوو لا گەیشتنە ئەنجام، لە باتیی ئەم گوندانەی کە حکومەت دەستی بە سەردا گرتبوون، ئەوەی کە لەسەر گوندەکەی دەمێنێتەوە لە میراودەلییان، دەبێت ببێتە ئێرانی واتا قەومییەتی بگۆڕێت، ئەوەی نامێنێتەوەو دەگەڕێتەوە بۆ عیراق، حکومەت تەعویزی گوندو زەویوزارەکانی بداتێو بە مەرجێك پارەکە زێڕ بێت نەك ئەسکیناس‌و زیو بێت.

بەڵێ ئێران پارەیەکی یەکجار زۆری دانێ‌و لە ناو خۆیاندا دابەشیان کرد، لە باتی گوندو زەویوزارەکەیان، بەڵام ناوچەی باژاریان بە دەستەوە نەداو هەر هێشتیانەوە، چونکە باژار سەنگەرێکی پۆڵایین بوو بۆ ڕۆژی لێقەومان‌و شکاندنی دوژمنان، با ئێمە لێرەدا ئاوڕێك لە سەربازگەکەی حکومەت بدەینەوە، کە لە ناو شاری سەردەشت لە لایەن میراودەلییانەوە (٤٥) ڕۆژ ئابڵووقە درابوو، کاتێك سوپاکە لەسەر داوای شێخ مەحمود ڕوخسەت دراو ڕۆیشت، خەڵکی سەردەشت پەلاماری سەربازگەکەیان داو ئەوەی هەبوو بە تاڵان بردیان‌و نەیانهێشت، بەڵام لە ناو سەربازگەکەدا هەندێك شوێنی نهێنی هەبوون هەڵکەندرابوون، خەڵکی ناوچەکە شوێنەکەیان هەڵدەکەندەوەو بزانن چیی تێدایە، کاتێك هەڵیان دەکەندەوە تووشی مەیتی ئەفسەرو سەرباز دەبوون کە لە کاتی شەڕەکەدا کوژرابوون‌و لەوێدا شاردبوویانەوە، لە دوای ئاشتی‌و ڕێککەوتن‌و گەڕانەوەی حکومەت بۆ سەردەشت، بە تایبەتی بۆ سەربازگەکە، هەڵسابوون پێش ئەوەی سەربازگاکە چۆڵ بکەن؛ چەند چاڵێکیان هەڵکەندبوو، هەرچی چەکی گەورەو زیادە هەبوو وەکو تۆپ‌و مەترەلۆزو تفەنگی زیادە لە ناو ئەو چاڵانەدا دایاننابوو لە سەرەوەیش ئەو ئەفسەرو سەربازەی کە لە ناو سەربازگەکەدا لێیان کوژرابوو، لەسەر چەکەکانەوە ناشتبوویان‌و گڵیان دابوونەوە بە سەریانداو کەس نەیدەزانی لە بن ئەو مەیتانەدا چەکی شاردراوەی تێدایە، تا حکومەت نە گەڕایەوە سەربازگەکەو ئاوەدان نەبووەوە، ئەو کاتە ئاشکرابوو کە ئەو چەکانە لە ژێر مەیتەکاندا بووە.

روزنت قرار آذرسی


| نمره | اسم ملک | متعلق | مقدار | ملاحظات |
| --- | --- | --- | --- | --- |
| ۱ | زمین کانی برد | [illegible] | | |
| ۲ | یورگر تمک | « | | |
| ۳ | یورگز تمک برسی آقا | « | | |
| ۴ | احمد آقا | « | | |
| ۵ | « محمود بابیر | « | | |
| ۶ | « ترکاران وری | « | | |
| ۷ | « ترکاران | « | | |
| ۸ | « چکوانیان | « | | |
| ۹ | « عمرآقا | | | |
| ۱۰ | « مروبان | | | |
| ۱۱ | « باروزنی | | | |
| ۱۲ | « دشتبر | | ........ | [illegible] |
| ۱ | « رستم آقایان | | | |
| ۱۴ | « سیه ال | | | |
| ۱۵ | عینوپال | | | |
| ۱۶ | یوسف زنی | | | |

سی و نه قطعه مزارع که ... طبق نمره شده صحیح و فرق بر حسب [illegible]
با خطوط ... محمد آقا ... [illegible] نوه آقا حاج رسول آقا زاده [illegible]

نمره ۱۰۴ کوبستان

| نمره | اسم مملکت | | |
| --- | --- | --- | --- |
| ۱۷ | خره و [illegible] | کوبستان | |
| [illegible] | « دکه نی | | |
| ۱۹ | « دیشره برجوگ | | |
| ۲۰ | « دیشره بری | | |
| ۲۱ | « بری بیرودان | | |
| ۲۲ | « حمه زرد | | |
| ۲۳ | « زبانی سرچاوه | | |
| ۲۴ | « کانی بیسیان | | |
| ۲۵ | « نزال | | |
| ۲۶ | « کانی کی | | |
| ۲۷ | « مشک | | |
| ۲۸ | « کندشینه | | |
| ۲۹ | « قلاسره [illegible] | | |
| ۳۰ | « قلاسوره علیا | | |
| ۳۱ | « [illegible] | | |
| ۳۲ | « پاشش قوت | | |
| ۳۳ | « سرودل | | |
| ۳۴ | « قوله | | |
| ۳۵ | « دیشره بادین | | |
| ۳۶ | « کونه عاره | | |
| ۳۷ | « کانی بیرانب | | |
| ۳۸ | « سرچینه وزبانی قرنا | | |
| ۳۹ | « [illegible] | | |

[illegible] منعقده بین اینجانب سرتیپ علی [illegible] خان سیف الله و روسای عشیرت [illegible]
ت علیه ایران گذارده می شود — بتاریخ [illegible] ۱۳۰۸ نامه [illegible] اعلیحضرت شاهنشاهی ا
سرتیپ



لەدوای شەڕی ساڵی ١٩٢٧ ئێران لەسەر ئەم بەڵگەنامەیە پێکهاتن لەگەڵ میراودەلیانی پشدەر

## شەڕی میراودەلییان لەگەڵ ئینگلیز

لەو كاتەی دەسەڵاتی سوپای ئینگلیز لە هەموو شارەكانی عیراق دەسەڵاتدار بوو، بە تایبەتی لە كوردستانی عیراق، هێرش و پەلاماری زۆر ئازەوای دەكردە سەر دانیشتووانی گوندو شارەكان و بە رادەیەك بوو بووە بێزاریی هەموو خەڵكی گوندو شارەكان، خەڵكان گەیشتنە رادەیەك، بیر لە حاڵی خۆیان بكەنەوە. گەلێك لە سەرەك هۆزەكان پەنایان بردە بەر شێخ مەحمود بۆ چارەسەری ئەم هەموو زوڵم و زۆرەی ئینگلیز.

شێخ مەحمودیش پەیوەندیی كرد بە هەباسی مەحمود ئاغاوە كە سەرەك هۆزی میراودەلیی پشدەر بووو دژ بە دەسەڵاتی ئینگلیز راوەستا بوو. شێخ مەحمود داوای لە هەباسی مەحمود ئاغا كرد كە پشتیوانیی لێ بكات و هەولبدات كە سەرەك هۆزەكانی كورد بهێنێت و دژ بە دەسەڵاتی ئینگلیزەكان رایان بپەرێنن، لەسەر ئەم داوایەی شێخ مەحمود، هەباس ئاغا پشتیوانیی خۆی راگەیاندو هەباس ئاغا پەیوەندیی بە (كەریم بەگی فەتاح بەگ) سەرەك هۆزی هەمەوەندو (مەحمود خانی دزڵی)یەوە كردو هەر سێ سەرەك هۆز بوونە هاوپەیمان دژ بە دەسەڵاتی ئینگلیز.

لە دوای هاوپەیمانیی ئەم سێ سەرەك هۆزە، شێخ مەحمودو هەباس ئاغا داوایان لە مەحمود خانی دزڵی كرد بە لەشكرێكی (٣٠٠) كەسییەوە بچێتە ناو سلێمانی و ئینگلیزەكان دەربكات و بیگرێت.

بۆ ئەم مەبەستەیش مەحمود خانی دزڵی لە (١٩١٩/٥/٢١) بە (٣٠٠) سواری چەكدارەوە بەرەو سلێمانی رۆیشت، كاتێك مەحمود خان بە خۆی و لەشكرەكەیەوە گەیشتە شاخی (گۆیژە)؛ (مێجەرسۆن) بەم لەشكرەی مەحمود خانی زانی، داوای لە شێخ مەحمودو هەباس ئاغا كردكە مەحمود خان نەیەتە ناو شارەوە، شێخ و هەباس ئاغا وتیان؛ مەحمود ئاغا دێتە زیارەتی كاك ئەحمەدی شێخ، نە ئێمەو نە ئێوە بۆمان نییە رێگا لە

موسوڵمانان بگرین بێن بۆ زیارەت. ئینجا مێجەرسۆن دووبارە شێخ مەحمودو هەباس ئاغای ئاگادار کردەوە کە (مەحمود خان) بە خۆی و سێ سواری بێ چەك بێن بۆ زیارەت، لە کۆتاییدا هەباس ئاغاو شێخ جوابی مێجەرسۆنیان رەتکردەوەو مەحمود خان چووە ناو سلێمانی و لەگەڵ سوپای ئینگلیزەکان بوو بە شەڕ، بەڵام لە ماوەیەکی کەمدا ئینگلیزەکان شکان و خۆیان دا بە دەستەوە. ئەم شەڕە لە (١٩١٩/٥/٢٣)دا بوو، بەڵام پێش ئەوەی لەشکری مەحمود خان بگاتە ناو سلێمانی، مێجەرسۆن بەرەو کەرکوك هەڵهاتبوو (گریناهۆس)ـی لە شوێنی خۆی دانابوو، مێجەرسۆن دەیزانی شەڕ دەبێت و بەرگریشیان پێ ناکرێت بۆیە بەرەو کەرکوك هەڵهاتبوو.

بە گرتنی مێجەر گریناهۆس، ئینگلیزەکان زۆر نارەحەت بوون، لە هەمان کاتدا لە کەرکوکەوە لەشکرێکیان بەرەو سلێمانی نارد، بۆ رزگارکردنی گریناهۆس لە دیلی، بەڵام لە (تاس قوروجە–تاسڵووجە) تووشیان بوو بە تووشی شەڕێکی زۆر سەخت و خوێناوی و لەشکری ئینگلیز لەوێشتێك شکا، سەر لەشکری ئینگلیز لە بەغداوە فەرمانێکی زۆر توندو تیژی بۆ جەنەراڵ (فرایەزر) نارد، کە سەرکردەیەکی بەناوبانگی ئینگلیز بوو لە موسڵ، تاکو جەنەراڵ فرایەزر لە موسڵەوە بە خۆی و بە فیرقەیەك سەربازەوە بگاتە سلێمانی و فیرقەیەکیش لە پیادە لە ژێر فەرماندەیی (کۆلۆنێل بۆدی) نێردرایە دەوروبەری خانەقین بۆ رێگاگرتنی یاریدەدەرانی شێخ مەحمود.

لەم بەینەدا لەشکری شێخ مەحمودیش گەیشتە دەربەندی بازیان و چاوەڕوانی لەشکری ئینگلیزی دەکرد تا لە کەرکوکەوە بە گەرووی دەربەندی بازیاندا بێن و شێخ و لەشکرەکەی لێیان بدەن، بەڵام شێخ نەیزانی و بیری لەوە نەدەکردەوە کە یەکێك لە دۆستەکانی خۆی بە ناوی (موشیری حەمەی سلێمان)ی بەگزادەی هەمەوەند کە شێخ کردبووی بە

سەرکردەی سوارەی چەمچەماڵ، تا ناپاکیی لەگەڵدا بکاتو لە ڕێگایەکی نادیارەوە دەستکێشیان بکات.. لەبەرە بەیانی ڕۆژی (١٩١٩/٦/١٨)دا، شێخ ئەوەندەی زانی بە هەموو جۆرە چەکێك بەرو پشتیان لێ گیراو لە ئاسمانیشەوە فڕۆکە ئاگربارانیان دەکرا، هەر دوو لەشکری شێخو ئینگلیزەکان تێك ڕژانو بوو بە شەڕێکی دەستەو یەخەی زۆر سەختو خوێناو، کە لەم شەڕەدا چەقۆو خەنجەرو مشتو شەق بەکار هات.

لەم شەڕەدا (٤٨) قارەمانی کورد شەهیدبوون جگە لە بریندارێکی زۆرو زیاتر لە (١٢٠) کەسیش بە دیل گیران. هەر لەم کاتەدا شێخ دوو جار برینـدار بووو بە دیل گیراو بەرەو بەغدا ڕەوانە کراو لەوێشەوە بۆ هیندستانو لە لایەن دادگای عورفییەوە حوکمی خنکاندنی بەسەردا درا.

بە هۆی دەرچوونی حوکمی خنکاندنی شێخ لە لایەن دادگای عورفییەوە، لە هەموو ناوچەکانی کردستان دەنگی نارەزایی بەرز بووەوەو جموجووڵ دەستی پێکرد، ئینجا بە هۆی ئەم جموجووڵەی خەڵکی کوردستانەوە حوکمی شێخ گۆڕدرا بۆ (١٠) ساڵ زیندانیو لەم کاتەدا ئینگلیز بە تەواوەتی دەستی بەسەر سلێمانیدا گرتەوەو هەرچی لە توانایدا بوو لە خراپەکاری کردیو دەستی کرد بە ئازارو ئەشکەنجەی خەڵکی سلێمانی.. مێجەرسۆن بە سەیارەوە بە ناو بازاڕدا دەگەڕا، گەیشتبایە بەردەمی هەر کەسێك دەبووایە لەبەری هەڵبستایە، ئەگەر هەڵیش نەسانایە ئەوا بە شەقو زللە دەکەوتنە لێدانیان.

دەگێڕنەوە جارێك گەیشتبووە بەردەم (مەلا ساڵح)ی خاڵی (ئەحمەد تەقی)، مەلا ساڵح لەبەری هەڵنەستێت، مێجەرسۆنیش لە سەیارەکەی دادەبەزێتو زۆر قسەی سووکی پێ دەڵێتو دەڵێت: ئەی بێ نامووس بۆ لەبەرم هەڵناسیت؟ مەلا ساڵحیش بەهۆی دینداریییەوە پێی ئەنگ دەبێت لێی قبووڵ بکاتو قسەکانی پێ دەڵێتەوە. ئەمجا دەیگرێتو لێی دەداتو

دەیبات زیندانیی دەكاتو بڕیار دەدات بەیانی گولله بارانی بكات، بەڵام یەكێك لە دۆستەكانی، مەلا ساڵح ئاگادار دەكاتەوەو دەڵێت؛ هەر چۆنێك بێت خۆت دەرباز بكە، بڕیاری گولله بارانی بۆ دەركردوویتو مەلا ساڵحیش بە هۆی یەكێك لە پاسەوانەكانی زیندانەوە رادەكاتو دەچێتە ماڵی حاجی مەلا عەلیو لەوێشەوە بە هۆی دۆستو برادەرانەوە لە سلێمانی دەردەچێت. ئەمە كردەوەی مێجەرسۆن بوو لە دوای گرتنەوەی سلێمانی، بە تایبەتی هەر كەسێكی بە شەخسییەتو خاوەن نفوزو ناوداری بزانییایە، بێ حورمەتییەكی زۆری پێ دەكرد.

(ئەحمەد تەقی)یش خۆی بە یەكێك لە پیاوە سیاسییەكانی سلێمانی دەزانی لە ترسی هەڵوێستی مێجەرسۆن سلێمانیی بە جێهێشتو بەرەو پشدەر دەكەوێتە رێو پەنا دەباتە بەر میراودەلیی پشدەر، لە پێشەوە دەچێتە مەرگەو لەوێوە بە شاخی ئاسۆسدا دەچێتە گوندی گەرمكان. لەسەر كەڵەكی گەرمكان چاوی بە عەبدوڵڵا ئاغای برای هەباس ئاغا دەكەوێتو پرسیاری هەباس ئاغای لێ دەكات، عەبدوڵڵا ئاغایش دەڵێت؛ هەباس ئاغا وا لە گوندی هێرۆیە، ئەحمەد تەقی دەڵێت؛ پێم خۆشە هەباس ئاغا ببینمو بە خزمەتی بگەم رێنماییم بكات. عەبدوڵڵا ئاغایش دەڵێت: خەبەرت لێ دەگێڕمەوە. عەبدوڵڵا ئاغا پاش چەند رۆژێك لە قەڵادزە چاوی بە ئەحمەد تەقی دەكەوێتەوەو دەڵێت؛ هەباس ئاغا وتوویەتی بێت بۆ گوندی (نورەدین) وا لە نورەدین چاوەڕوانتە. ئەحمەد تەقی دەڵێت: كە چوومە نورەدین؛ هەباس ئاغاو ئاغای قەرەنی ئاغا چاوەڕوانیی منیان دەكرد، لە بن دارتوویەكدا دانیشتبوون.

هەباس ئاغا بە دانیشتنو قسە لەگەڵ كردنی ئەحمەد تەقی، بە پیاوێكی زاناو زیرەكو سیاسیی دەزانێتو دەچێتە دڵییەوەو لای خۆی

دەیهێڵێتـەوەو زۆر ڕێـزی دەگرێـت و بـۆ زۆر ئیـش و کـاری سیاسـی و عەشایەری دەینارد و دەیکردە وەکیلی خۆی.

ڕۆژێك هەباس ئاغا و ئەحمەد تەقی دەچنە سلێمانی و میوانی ماڵی شێخ مەحمود دەبن، لە لایەن دائیرەی سیاسیی ئینگلیزەوە داوای هەباس ئاغا دەکەن بۆ لای مێجەر گریناهۆس. گریناهۆس بە گرژییەوە لە هەباس ئاغا دەپرسێت: بۆچی هاتوویت بۆ ماڵی شێخ مەحمود؟ هەباس ئاغا لە وەڵامدا دەڵێت: بۆچی.. تاوانمان کردووە چووینە ماڵی شێخ؟ هەر ئێوە نەبوون کە لەگەڵ شێخ پەیوەندیتان هەبوو، بە زۆر ئێمەتان دەبردە ماڵی شێخ و بەیعەتتان پێ دەکردین؟ ئێستایش بۆ پێتان ناخۆشە؟ خۆ ئێمە جڵەومان بە دەست ئێوە نییە چیتان پێ خۆشبوو وا بکەین..! چەند جار (مێجەر نۆئێل) ئێمەی بە زۆر دەناردی لای شێخ، ئەگەر وا دەزانن ئێمە نۆکەری ئێوەین، ئەوا زۆر بە هەڵەدا چوون. لەو کاتەی کە هەباس ئاغا ئەو قسانەی دەکرد: مێجەر گریناهۆس بە ڕقێکی زۆرەوە دەیڕوانییە هەباس ئاغا و ورتەشی لە دەمـەوە دەر نـەدەچوو. لـەم کاتـەدا گریناهـۆس هەڵسا چـوو بـۆ لای مێجەرسۆن و زۆری پێ نەچوو مێجەرسۆن ئێمەیشی بانگ کردە لای خۆی.

کە ئێمە چووینە ژوورەوە، لە دوورەوە پێشوازیی لێ کردین و زۆر ڕێزی لێ گرتین، بەڵام هیچ باس و خواسی هاتنی سلێمانیی لێ نەپرسین، جا هەر لەم کاتەوە مێجەرسۆن و گریناهۆس: هەباس ئاغایان بە گەورەترین دوژمنی خۆیان دەزانی و هەباس ئاغایش هەروەها، ئینجا هەباس ئاغا و ئەحمەد تەقی دەگەڕێنەوە بۆ پشدەر.

هەباس ئاغا بە ئەحمەد تەقی دەڵێت: تۆ بڕۆ بۆ قەڵادزە لەگەڵ دۆست و هاوپەیمانەکانی بابەکر ئاغا قسە بکەو ڕێڕەویـان بگـۆڕە بـۆ لای خۆمـان، هەرچەندێك دەتوانیت.. منیش لەگەڵ خزمان و دۆستان و ئاسیاوانی خۆم قسە دەکەم و هەوڵدەدەم.

لەم کاتەی کە ئەحمەد تەقی لە قەلآدزە دەمێنێتەوە، ڕێڕەوی خەڵکێکی زانا دەگۆڕێت بۆ لای هەباس ئاغا، ئەحمەد تەقی دەڵێت: دۆستێکم بە ناوی (حەسەن ئەفەندی) پەیدا کرد، بە هۆی حەسەنە فەندییەوە بووم بە فەرمانبەری تەخمینی گەنمو جۆو ڕۆژانەیش هەواڵی جموجووڵی خۆمو خەڵکیم بۆ هەباس ئاغا دەنارد.

ئەحمەد تەقی دەڵێت: ئەم وەزیفەیەم شتێکی باش بوو بۆ پەیوەندیی کردن بە خەڵکییەوە، لەبەر ئەوەی تەخمینەکەم باش بوو.

حاکمی سیاسیی دەربەند، بابەکر ئاغای ئاگادار کرد کە ئەحمەد تەقی بنێرێتە ناوچەی ڕانیە بۆ تەخمینکردنی دانەوێڵە، دەڵێت: منیش چووم بۆ ڕانیەو لەوێوە چووم بۆ دۆڵی شاوری. دەڵێت: هەتا تەخمینەکەم تەواو کرد گەلێك پیاوی ناودارم دی و قسەم لەگەڵ کردن و بیروڕام گۆڕین بۆ لای هەباس ئاغاو دژ بە بەرنامەی بابەکر ئاغا جووڵامەوە. ئینجا هەباس ئاغا دێتە (سندۆلان) بۆ ماڵی (شێخ ئەمین)و منیش چووم بۆ سندۆلان، لەوێ بڕیاریاندا کە من (ئەحمەد تەقی) بنێرن بۆ ڕەواندن.

هەباس ئاغا لەگەڵ پیاوێکی شێخ ئەمین کە ناوی (حەمید) دەبێت دەینێرێت بۆ ڕەواندز بۆ دیتنی خەڵکی ناودارو سەرەك هۆزەکانی ئەو ناوە، ئەحمەد تەقی لەم سەفەرەدا چاوی بە غەفوور خان و باوێل ئاغاو نوری کوڕی باوێل ئاغاو حەمە شینی سەرچیاو خدر ئاغا کوڕی حەمە شین و شێخانی بێجیل و کاك ئەمین و ئەحمەد بەگی بگۆك و گەلێك لە شۆڕش گێڕانی ئەم ناوچەیە دەکەوێت و یەکە یەکە لەگەڵیان دادەنیشێت و قسەیان بۆ دەکات و وتەکانی هەباس ئاغایان پێ ڕادەگەیەنێت. لەم سەفەرەیدا گەلێك سەرەك هۆزی ئەو ناوەی دی و لەم چاو پێکەوتنەدا ڕایان وابوو کە ئێمە دەبێت شوێنێکمان هەبێت پشتی پێ ببەستین بۆ یارمەتیدانمان. وامان پێ باشە پەیوەندیی بکەین بە (والیی وان) بۆ یارمەتی دانمان.

منیش لە وەڵامدا وتم: هەباس ئاغا بۆ هەمان مەبەستی ناردووم، کە پێتان باش بێت بچم بۆ وان، داوا لە والیی وان بکەم کە چەک و تەقەمەنیمان بداتێ و بێتە ڕەواندز، لەسەر بڕیاری سەرەک هۆزەکان و شۆڕش گێڕەکان.

ئەحمەد تەقی دەڵێت: لەگەڵ (فەتاح بەگ)ی شانەگەری بە نوێنەر بەرەو وان کەوتینە ڕێ لەبەر ئەوەی فەتاح بەگی شانەگەریم لەگەڵ بوو، چونکە لەمەو پێش دۆستایەتیی لەگەڵ والیی وان هەبوو لە هەمان کاتدا حەمیدی پیاوی شێخ ئەمینیشم لەگەڵ خۆم برد بۆ ئەوەی خەبەری ڕەواندزو والیی وان بۆ هەباس ئاغا بەرێتەوە، لە دوای ئەوەی کە بە والیی وان گەیشتم، دەنگو باسی هۆزەکانی کوردستانی عیراقم تێگەیاندو داواکاریی هەباس ئاغاشم پێ ڕاگەیاند، کە هەباس ئاغا داوای مەفرەزەیەکی تورکی کردووە بۆ ڕەواندز.

والیی وان بەم خەبەرە زۆر خۆش حاڵ بوو، بەڵام لە دڵدا بڕوای وا نەبوو کە لەسەر قسەی هەباس ئاغا هاتووم، بۆیە دوو دڵیی تێدا دیاربوو، ئەحمەد تەقی دەڵێت: پاش چەند هەفتەیەک والیی وان پێی ڕاگەیاندم: کە حکومەتی مەرکەزی بڕیاری داوە مەفرەزەیەکی تورک لە ژێر سەرکردەیی (محی‌الدین بەگی یۆزباشی) بنێرێت بۆ ڕەواندز، بەڵام لەبەر ئەوەی زستانەو سەرمایەو بەفرو سەهۆڵ بەندانە، ڕێگاکان گیراون، دەبێت سەبر بکەیت تا هەوا خۆش دەبێت تۆش لە لای من بمێنەوە با فەتاح بەگی شانەگەری بگەڕێتەوە بۆ ڕەواندز، ئەم دەنگو باسە بگەیەنێتە ناوچەکانی و خەڵکەکە دڵنیا بکات؛ کە هەوا خۆش بوو، مەفرەزەکە دێت.

ئەحمەد تەقی دەڵێت: فەتاح بەگی شانەگەریم ناردەوە ڕەواندزو بۆ ڕاگەیاندنی ئەم هەواڵەیش نامەیەکیشم بۆ هەباس ئاغا نووسی و دەنگو باسی وانم پێ ڕاگەیاند، بەڵام حەمیدی پیاوی شێخ ئەمینم لای خۆم هێشتەوە، لەو کاتەی کە من لای والیی وان بووم، ڕۆژانە بە تەلەگراف

پەیوەندیی بە ئەنقەرەوە دەکرد. لە پاش ماوەیەك والی وتی: من وای بە باش دەزانم حەمید لەگەڵ (قۆمیسەرێك)ی خۆم بنێرم بۆ لای هەباس ئاغا لە سنووری ئێرانەوە. لێرەدا والی مەبەستی لە ناردنی قۆمیسەرەکە ئەوەبوو؛ ئایا من هەر لەسەر قسەی خۆم هاتووم، یان هەباس ئاغا و هاوپەیمانەکانی هەباس ئاغا منیان ناردووە. والی وتی: تا حەمیدو قۆمیسەرەکە دەگەڕێنەوە؛ هەوایش خۆش دەبێت و ڕێگاو بان باش دەبن و خۆش دەبن، ئینجا مەفرەزەکە ببەن و بڕۆن بۆ رەواندز.

ئەحمەد تەقی دەڵێت: زۆر باشە ئیسماعیل حەقی کە قۆمیسەرێکی خەڵکی سلێمانی بوو، بە جل و بەرگی مولکییەوە ئامادەی کردو لە ڕێگای ئێرانەوە رەوانەی کردن، لە دوای چەند ڕۆژێك فەتاح بەگی شانەگەری گەڕایەوەو وتی: هەباس ئاغاو هاوپەیمانەکانی زۆر بە پەلەن کە مەفرەزەکە زوو بگاتە رەواندز. پاش ماوەیەك حەمیدو قۆمیسەرەکە لە پشدەر گەڕانەوە، ئەوانیش وتیان هەباس ئاغاو هاوپەیمانەکانی زۆر بە پەلەن، ئەحمەد تەقی دەڵێت: کە والی بۆی دەرکەوت و روون بووەوە کە من هەر لە خۆمەوە نەهاتووم، زۆر خۆشحاڵ بوو، هەتا حەمیدو قۆمیسەرەکە چوونە پشدەرو هاتنەوە دوو مانگی پێ چوو، هەوایش خۆش بوو.

ئەحمەد تەقی دەڵێت: لەگەڵ محێدینی یوزباشی کەوتینە رێ بەرەو رەواندز، مەفرەزەکە بریتی بوو لە یەك تۆپ و یەك مەترەلۆزو چەند تفەنگو جبەخانەیەك کە ژمارەی سەربازەکانیشی نزیکەی (١٠٠) سەربازو (٥) ئەفسەر بوون.

کاتێك ئەحمەد تەقی دەگەڕێتەوە بەرەو رانیە، کە تەماشا دەکات خەڵکی رانیە کەوتوونەتە شەڕ لەگەڵ ئینگلیز، لەبەر ئەوەی ئەحمەد ئەفەندی پیاوێکی کەپتان کۆکی حاکمی دەربەند بوو، دەستی کردبوو بە سووکایەتی کردنی خەڵکی رانیەو کەپتان کۆکیش بە دەستی خۆی فەتاح بەگی

کوشتبوو، به شێوەیەکی زۆر ناشیرین و نامرۆڤانە.. بە کوشتنی فەتاح بەگ شەڕ لە رانیە دروست بوو بوو، بە دروست بوونی ئەم شەڕە حاکمی سیاسی دەربەندی قایم کردبوو، بەڵام هەباس ئاغا ئاگاداری ئەحمەد تەقیی کردو وتی: تا دەربەند نەگیرێت و پاک نەکرێتەوە، گرتنی رانیە سوودو کەڵکی نییەو بگەڕێنەوە رانیە بەجێ بهێڵن.

لەسەر قسەی هەباس ئاغا، شۆڕشگێڕەکان رانیەیان بەجێ هێشت، بابەکر ئاغایش هێزی خۆی لە دەربەند کشانەوە بۆ قەڵادزە. لە هەمان کاتدا بابەکر ئاغا خۆی و لەشکرەکەی هیچ هەڵوێستی نەبوو بەرامبەر بە لەشکرو هێزی هەباس ئاغاو هێزی غەفورخانی هەمەوەند کە لە دەربەند کۆ بوو بوونەوەو هەردوو لوتکەی دەربەندیان گرتبوو.

کات گەیشتە ئەوەی هەباس ئاغا پەلاماری دەربەندی دا، بەڵام سێ رۆژ پێش ئەوەی هەباس ئاغا پەلاماری دەربەند بدات، بە دژی ئینگلیزەکانەوە ئاوی قوڵی رانیەو بۆسکێنیان خستە سەر دەشتی بۆسکێن، بۆ ئەوەی کە لە دەربەند لێیان دان و شکان (قاتر-ئێستر) سوارەکان دەرنەچن، واتا بارو جبەخانەکەیان دەرنەچێت و بەتاڵان بگیرێت.

دوای سێ رۆژ، لە بەرە بەیاندا هەباس ئاغاو لەشکرەکەی پەلاماری دەربەندی داو هێزی ئینگلیز رایکردو هێزی هەباس ئاغایش بە دوایاندا رۆیشت، هەر ئەوەندەیان خۆشبوو تا گەیشتنە ئاوەکە، هەرچی قەتارو جبەخانە بوو بە ئێسترەکانەوە دەرنەچوو، چونکە ئێسترەکان لە قوڕو چڵپاو دەر نەدەچوون، ناچار بوون ئێسترەکانیان بە هەموو کەل و پەلێکەوە بەجێ هێشت و رووەو قەڵاتی بۆسکێن چوون و تۆزێک لە وێ خۆیان گرتەوە، بەڵام هێزی هەباس ئاغاو پشدەر لێیان نەگەڕانەوەو لە قەڵاتی بۆسکێنیش هەڵاتن و بەرەو شاخی (دەڵو بزماری) رۆیشتن، بەڵام پێش ئەوەی ئینگلیزەکان بگەنە ئەوێ جەماوەری رانیە شاخەکەیان لێ گرتن و گەڕانەوە

بەرەو (گردە بلوێر)، بەڵام لێرەیشەوە پێش ئەوەی ئینگلیزەکان بگەنە جێ، هێزی هەباس ئاغاو سوارەی پشدەر گردە بلوێریشیان گرت.

ئینجا بە ناچاری لە دەشتی بیتوێن ئەو چەکو جبەخانەیەی پێیان بوو فڕێیان داو لە ژێر چاودێریی فڕۆکەکانی ئینگلیزدا خۆیان گەیاندە گوندی (سەرخمە)و لەوێوە بەرەو شاخی هەیبەت سوڵتانو ئەو دیو شاری کۆیەو لەوێشەوە بەرەو هەولێرو موسڵ کشان.

کە دەربەند گیرا، بابەکر ئاغا هێزی خۆی لە قەڵادزە کشانەوەو هەباس ئاغا بە خۆیو هێزەکەیەوە گەڕایەوە ناو شاری قەڵادزەو ئینجا تەشکیلات لە قەڵادزە دامەزرا.

بایز ئاغا بوو بە قائیمقامی قەڵادزە، شێخ ئەمینی سندوڵانیش بوو بە قائیمقامی رانیە، رەمزی بەگ ناوێك بوو بە مەفرەزەیەك، ئاغایەکی پشدەریش بوو بە لێپرسراوی دەربەند، فەوزی بەگی یوزباشی بوو بە قومانداری پشدەرو رانیەو ئەحمەد تەقیش بوو بە موفەتیشی رانیەو قەڵادزەو قادری مستەفا ئاغایش بوو بە مدیری مەرگە.

ئینجا لە پاش تەشکیلاتو حەسانەوەی شەڕو هەرا، ئەحمەد تەقی داوای لە هەباس ئاغا کرد؛ بە یەکەوە بچن بۆ لای بابەکر ئاغا و لەوێشەوە بچنە سلێمانی بۆ بەخێر هاتنەوەی شێخ مەحمود کە لە زیندانی هیندستان گەڕابووەوە بۆ سلێمانی.

هەباس ئاغا لەگەڵ ئەحمەد تەقی چوونە لای بابەکر ئاغاو بە یەکەوە چوونە سلێمانی، بۆ بەخێر هاتنەوەی شێخ مەحمود. ئینجا لە سلێمانی (کاپتان چەکمان) داوای لە هەباس ئاغا کرد کە تورکەکان لە ڕەواندز دەربکاتو هەرچیی بوێت بۆی بکەن..

هەباس ئاغا لە وەڵامدا وتی: هێنانی تورك بۆ ڕەواندزو دەربەندو رانیە، ئۆباڵی لەئەستۆی ئینگلیزە، ئەگەر ئێوە ئەو هەموو زوڵمو

تەعدایەتان نەکردایە سەر هۆزەکانو خەڵکی کوردستان ئێمە چ کارێکمان بە تورک هەبوو؟ هێندەمان خێرو خۆشی لەتورک دیوە تا بیان هێنینە ناوچەکەمان؟ بەڵام بە هەر حاڵ ئێمە خۆمان خاوەنی قسەی خۆمانین لە هاتنیان پەشیمان نین.

### شەڕی میراودەلی لەگەڵ تورک



حەسەنی سلێمان ئاغای ناودەشت

لە سەردەمی فەرمانڕەوایی و دەسەڵاتی تورکدا بە پێی گێڕانەوەی خەڵك، لەساڵی (١٨٨٩)ی زایینیدا، کە باجو سەرانەیەکی زۆریان خستبووە سەر خەڵك. لە دەرەنجامی ئەوەدا خەڵك بێزاریی خۆیان دەردەبڕی. زۆر لە مێژوو نووسان باسی ئەو سەردەمەی دەسەڵاتی تورکیان کردووە؛ کە تورك چ فەرمانڕەواییەکی گێرە شێوێنو تێکدەری ئاسایشی ناوچەکە بوون، لەو ماوەیەی کە تورك لە عیراقدا فەرمانڕەوا بوون، هەروەها چ دەستدرێژییەکیان کردووەتە سەر هەموو چینو توێژەکانی جووتیاران لە کاتی خەلەو خەرماندا، کە زۆر بێ ڕەحمانە موڵکانەیان لێ دەسەندن.

دەستدرێژیی تورکەکان گەیشتە رادەیەك قوبووڵ نەکرێت. زۆر جار تێکهەڵچوونیان لەگەڵ میراودەلییان دەبوو، بۆ نموونە جارێکیان دەستەیەك جاندرمەی تورك دێن بۆ گوندی کەلەکان، بۆ وەرگرتنی سەرانەو موڵکانەو

زەکاتی دانەوێڵەو گەلێك شتی تر.. ئەو کاتە حەسەنی سلێمان حسێن ئاغای ناودەشت ئاغای برا گەورەو لێپرسراوی کەڵەکان بووە.

حەسەن ئاغا بە پێی توانای خۆی سەرانەو موڵکانەو زەکاتیان دەداتێ، جاندرمەکانیش بەمە رازیی نابن، شتێکی وا داوا دەکەن لە حەسەن ئاغا، کە لە توانادا نابێت. حەسەن ئاغا دەڵێت ئەمە لە توانای مندا نییە. جاندرمەکانیش خۆیان گێڤ دەکەنەوەو بەهانەی پێدەگرن، تا بە گژیدا بچن، حەسەن ئاغا تاو دەداتە تفەنگو بەر تفەنگیان دەداتو تا ئەو بەر زێو بەرەو قەڵادزە راویان دەنێت.

چەندین جاری دیکە ئاوا لەگەڵ میراودەلییان تێکهەڵچوونیان بووە، هەر لەسەر ئەم دەست درێژییانە بوو میراودەلییەکان کەوتنە دارشتنی نەخشەیەك بۆ لێدانو دەرکردنی تورکەکان لە ناوچەی پشدەر، تا لە بەرامبەر ئەم دەست درێژییەیان تەمبێیان بکەن. کۆمەڵێك لە ریش سپیو پیاو ماقووڵانی میراودەلییان لەگەڵ کۆمەڵێك پیاو ماقووڵو ریش سپیی نورەدینی دادەنیشنو باس لە دەست درێژییەکانی تورکەکان دەکەن، کە تا چ رادەیەك بێ رێزی بەرامبەر بە پشدەر دەکەن.

جا لەسەر ئەم بنەمایە داوایان لە پیاو ماقووڵانی نورەدینی کرد؛ کە هاوکارییان بکەن بۆ لێدانی تورکەکان، بەڵام پیاو ماقووڵانی نورەدینی وتیان: ئێمە وامان پێ باشە قسە لەگەڵ مەنگورو مامەشەکان بکەین. میراودەلییەکان وتیان ئەوان لەگەڵماندا ناخۆشییان هەیە، بڕوامان وایە ئەوان هاوکاریمان ناکەن، بەڵکو پلانەکەمان ئاشکرا دەکەنو ئاگاداری (حوسنی بەگ) دەکەن. بە هەر حاڵ پیاو ماقووڵانی نورەدینی وایان پێ باش بوو قسەیان لەگەڵ بکرێت. بەڵێ لەسەر قسەو داوای پیاو ماقووڵانی نورەدینی دانیشتنیان لەگەڵ مەنگورو مامەشەکان کردو قسەیان لە دەست درێژیی تورکەکان کرد، کە چەند بێ حورمەتی بەرامبەر بە خەڵکی پشدەر

دەکەن، هەر لەم کاتەدا چەند دەست دریژییەکیان باس کردو هێنایانەوە بیر، یەکێك لەو دەست دریژییانە؛ دەستدریژی تورکان بوو بۆ سەر ئافرەتان.

لە پاش وتووێژو هێنانەوە بیرو بەرچاوی هەندێك لەو دەست دریژییانەی تورکەکان، مەنگوڕو مامەشەکان وتیان؛ زۆر باشە ئێمەش هاوکاریتان دەکەین، هەر چوار لایان وەکو میراودەلی و نورەدینیو مەنگوڕو مامەش بڕیاریان دا لە تورکەکان بدەنو دەریان بکەن. بۆ ئەم مەبەستەیش ڕۆژی دیاریکراویان دانا تا لە سەعاتی سفردا لێیان بدەن. میراودەلی و نورەدینی لە خەتی گردە سپیانو بادەڵیان هێرش بکەن. مەنگوڕەکانیش لە خەتی دۆڵی کەستانێ وە هێرش بکەن. لە دوای تەواو بوونی دانیشتنەکە هەر کەسەو خەریکی خۆ ئامادە کردن بوو بۆ ڕۆژی دیاری کراوو لێدانی تورکەکان.

لە دوای بڵاوە کردنو گفتوگۆ، مەنگوڕەکان وتیان؛ هەلەو هاتووە با ئەم هەلە لە دەست نەدەین بۆ لێدانو فەوتاندنی میراودەلیو نورەدینی، وا باشە هەر ئێستا بچین بۆ قەلادزە بۆ لای حوسنی بەگو ئەم نهێنییە ئاشکرا بکەینو پەیمان لەگەڵ تورکەکان ببەستین ئێمەش لەگەڵ تورکەکان لێیان بدەین.

ئەو کاتە مەنگوڕەکان بابیز پاشا لێپرسراویان بوو، بابیز پاشاو چەند ریش سپییەك چوون بۆ قەلادزە بۆ لای حوسنی بەگو ئەم نهێنییەیان ئاشکرا کردو بوونە هاوپەیمانی حوسنی بەگ.

مەنگوڕەکان بە حوسنی بەگیان وت: ڕۆژی دیاریکراو ئێوە هێزی خۆتان بنێرن با ببێت بە شەڕ، کە شەڕ گەرم بوو، با هێزی ئێوە بگەڕێتەوە دواوە، میراودەلیو نورەدینییەکان بە دواتاندا دێن تا پشتیان دەکەوێتە ئێمە، ئینجا ئێمەش لە دواوە لێیان دەدەین.

بەڵێ ڕۆژی دیاریکراو دەست کرا بە شەڕ، پاش نیو سەعات شەڕ هێزی تورک بەرەو دوا گەڕایەوەو میراودەلی و نورەدینییەکان دوایان کەوتن، تا پشتیان کەوتە مەنگورەکان، ئینجا مەنگورەکان لە دواوە بێ ڕەحمانە لە میراودەلی و نورەدینییەکانیان داو تورکەکانیش دەگەڕێنەوە سەریان و دەبێتە شەڕێکی سەخت و خوێناوی.

کاتێک میراودەلییەکان زانییان مەنگوڕەکان پەیمانیان شکاندووە بڕیاریاندا بە ناو مەنگوڕەکاندا بدەن و بجەنگن تا ڕێگا دەکەنەوە بۆ دەرچوونیان. میراودەلی و نورەدینییەکان بەرەو مەنگوڕەکان گەڕانەوەو دڕیان پێدان و ڕێگایان کردەوەو بە حاڵێکی زۆر سەخت دەرباز بوون و ڕوویان کردە شاخی گردە بێناو و بەکاوو باپیرکوژو ئەو ناوە. لەو ناوە دەمێننەوەو بڕیار دەدەن بە هەر قوربانییەک بێت تۆڵەی خۆیان لە مەنگوڕو تورکەکان بکەنەوە.

لە کۆبوونەوەیەکی بەرفراواندا دەڵێن: کێ دەتوانێت خۆی فیدا بکات و حوسنی بکوژێت؟ لە ناو لەشکری پشدەردا دوو پیاوی لە خۆ بوردوو هەڵدەسنە سەر پێ و دەڵێن: ئێمە، بە مەرجێک چەک و وڵاغی باشمان بۆ دابین بکەن. ئەم دوو کەڵە پیاوە بە ناوەکانی (حەسەنە خرەو حەسەنە کوێر) مەشهور بوون. کاتێک پێداویستییەکانیان بۆ دابین دەکەن و بە ڕێیان دەکەن، نامەیەکی لێبوردنیش دەنووسن و تیایدا داوای گەڕانەوە دەکەن بۆ خلافاندنی حوسنی بەگ.

دوو پیاوەکە سوار دەبن و بەرەو قەڵادزە دەکەونە ڕێ و دەستەیەکیش لە سوارەی ئازاو چاپووک و نەبەرد بۆ پاڕێزگاریکردنیان لە کاتی گەڕانەوەدا لەگەڵیان دەچن، نەوەک سوارەی تورک دوایان بکەن.. کاتێک جووتە سوار دەگەنە بارەگای حوسنی و دەبینن حوسنی لەبەر دەرگای بارەگاکەیدا پیاسە دەکات، ئەم دوو کەڵە پیاوە سڵاو دەکەن و نامەکەی دەدەنە دەست حوسنی

بەگو ئەویش بە خوێندنەوەی نامەکەوە خەریک دەبێت، ئینجا هەردووکیان یان بابڵێین ئەم دوو شێری ناوبێشە یان دوو پڵنگی چنگ بە خوێن، دوو بەوری بەیان، دوو ڕۆستەمی تەلیسم شکێن بە دەمانچەکانیان هێرش دەکەنە سەر حوسنی بەگو دەیکوژن، ئەم جووتە سوارە بە ناو لەشکرو سوپای تورکەدا بە سواری دەگەڕێنەوە بە سەلامەتی تا دەگەنە ئەو کۆمەڵە سوارەی کە بۆ پاڵپشتیان لەگەڵیاندا بوون و پاشان هەموویان دەگەڕێنەوە شوێنی دیاریکراوی خۆیان. ئەم دوو پیاوە هەتا مابوویشن لای میراودەلییەکان زۆر بەرێز بوون، ئێستاش نەوەکانیان هەر بەرێزەوە تەماشا دەکرێن، بەڵام بە داخەوە حەسەنە خرە لە شەڕی رووسدا شەهید دەبێت و پلەی شەهادەت بە دەست دەهێنێت.

دوای کوشتنی حوسنی بەگ، بۆ تۆڵە سەندنەوەی حوسنی بەگ، سوپایەکی زۆر گەورە بۆ پشدەر دێت، پاش گەیشتنی ئەم سوپا گەورەیە تورکەکان دووبارە پەیوەندی بە مەنگوڕەکانەوە دەکەنەوە، هەر وەکو لە سەرەوە وتمان سەرکردەی مەنگوڕەکان بابیز پاشا بووە. بابیز پاشاو چەند ریش سپییەک دەچن بۆ قەڵادزە بۆ لای (والی)و قسە لە لێدانی میراودەلییەکان دەکەن و وال بە بابیز پاشا دەڵێت: ئەگەر ئێوە هاوکاریی تەواومان بکەن و بتوانین بە تەواوی دەریان بکەین و بیان فەوتێنین، ئەوە پشدەر دەخەینە ژێر دەسەڵاتی تۆوە.. والی بە بابیز پاشا دەڵێت: ئێوە چەکدارەکانی مەنگوڕ لەنێوان عیراق و ئێران لە دۆڵی هەڵشۆ کۆ بکەنەوەو ئێمەش زیاتر لە فیرقەیەک سەرباز دەهێنین و دەچین لێیان دەدەین. ئێوە لە خەتی ئێرانەوە پشتیان بگرن و لێیان بدەن، بۆ ئەوەی دەرچوونیان نەبێت تا بە یەکجاری ڕەگو ریشەیان دەربهێنین. ئەمجا بە بۆنەی (حەمەدی کاک وەتمان)ـەوە پەیوەندی دەکەن بە پیاو ماقوولانی نورەدینییەوە کە واز لە میراودەلییان بهێنن و ئەوەی کە لەگەڵیشیان ڕۆیشتووە بیان گێڕنەوە، لەبەر

ئەوەی نەخشەکەمان وایە دەبێت ئەمجارە میراودەلی بفەوتێن و ڕەگ و ڕیشەیان دەربهێندرێت، بڕیاری تورکیش وایە دەبێت لە تۆڵەی حوسنی بفەوتێن. بە داخەوە نوردینییەکان تەفرە دەخۆن و بڕوایان پێ دەکەن و لە میراودەلییان هەڵدەگەڕێننەوە و پەیوەندیی بە مەنگوڕەکانەوە دەکەن. بە تەواو بوونی نەخشەکەیان ڕۆژی دیاریکراو دیاریی دەکەن.

ڕۆژی دیاریکراو هات، هەرچی چەکداری مەنگوڕی ئێران و عیراق هەبوو لە دۆڵی هەڵشۆ بە سەرۆکایەتیی بایز پاشای مەنگوڕ کۆ بووەوە و تورکەکانیش زیاتر لە فیرقەیەک سەربازیان بە هەموو جۆرە چەکێکی قورس و سووکەوە بردە ئەو ناوچەیەی کە میراودەلییەکانی لێبوون، بەلام پێش ئەوەی شەڕ دەست پێبکات سێ شێرە پیاوی ناوچەی پشدەر دێنە خوار بۆ دامێنی چیای (گردە بێناس)، ئەوانیش مەمەندی سەلیم ئاغا واتا مەمەندە قیت و عەبدوڵڵای ڕەسوو ئاغا و حەسەنە خڕەی تۆقێنەری سوپای تورک، لەگەڵ چەند کەسێکی تر دامێنی چیای گردە بێناسیان لێ دەگرن.

سەربازی تورک هەر ئەوەندەیان خۆشبوو تا گەیشتنە ناو گڕی ئاگرو بڵێسەی ئەم کۆمەڵە سوارانەو لەگەڵ دەنگی (الله اکبر)دا دۆزەخێکیان بۆ سوپای تورک داخست، کە مێژوو نووسان بە ئەفسانە ئەم داستانە بنووسنەوە، وەك گەڵای دار سەربازی تورکیان وەراندە بن دارو دەوەن و خڕو شیوو دۆڵان، هات و هاواری سەربازی تورک گەیشتبووە کەشکەلانی فەلەک. ئێستایش لە دامێنی گردە بێناس گۆڕستانێك هەیە پێی دەڵێن: (قەبرە نیزام)، بەلام بە داخێکی زۆرەوە دیسانەوە مەنگوڕەکان لە پشتەوە کەوتنەوە لێدانی میراودەلییەکان و زۆر کەڵە پیاوی ئازایان شەهیدو بریندار کرد، ئەمجا بوو بە شەڕێکی زۆر سەخت و گەرم. ئەگەر مەنگوڕەکان نەبوونایەو فریای تورکەکان نەکەوتنایە، لە باتی تۆڵەی حوسنی بەگ، قڕیان تێدەکەوت.

پاش شەڕێکی شەوو ڕۆژی و بەرگری کردن، میراودەلییەکان ناچاربوون بڕۆن و بچنە شاخی (نۆری) لە ناوچەی ئالان و لەوێ خۆیان گرتەوە. کاتێك لە شاخی نۆری جێگیر بوون، دوو پیاوی زانا و زیرەکیان نارده لای شای ئێران، کە (موزەفەرەدینی قاجار) بوو، ئەو کاتە پایتەختی ئێران (تەوریز) بوو. تا شای ئێران بە ڕەسمی وەریان بگرێت و پەنایان بدات، ئەم دوو نوێنەرە عەبدوڵلای ڕەسو ئاغا و وەتمانی بابەکر ئاغا بوون کە هەردووکیان نەوەی حەمەد ئاغای گەورە بوون.

ئەمانە بە سواری ولاغ چوون و هاتنەوە، لەم سەفەرەدا دوو مانگیان پێ چووو فەرمانی پاشایان هێنایەوە بۆ وەرگرتنی مافی پەنابەری و میراودەلییەکان دوو ساڵ لە ناو خاکی ئێراندا مانەوە. ئەوەشمان لە بیر نەچێت لەو کاتەی دەربەدەر بوون، لە شاخی نۆری جێگیر بوون، لە هەمان کاتدا هیچ شتێکیان بۆ دەر نەچوو بوو، تەنها مەڕو ماڵات نەبێت، هەرچی ماڵاتێکیش کە هەیان بوو تێکەڵیان کردو ژنەکان دەیان دۆشی و دەیان کردە ماست و پەنیرو لۆرتکو شیرێژ. ئینجا دوو پیاو ماست و پەنیرو لۆرتکو شیرێژەکەیان دەبردو بە دێهات و ماڵانەوە دەگەڕان دەفرۆشت و بە پارەو ئاردو نانیان دەداو بەم حاڵە دەژیان. لەسەر ئەم برسێتی و دەربەدەری و ماڵ وێرانییە بەردەوام بوون و قبووڵی سەر شۆڕییان نەدەکرد بەرامبەر بە دەوڵەتێکی زلهێزی وەك تورك.

با ئەم جارە سەرێکی لە پشدەرو نورەدینی و بابیز پاشا بدەینەوە، بزانین کە شێر لە بێشەی نەما، ڕێوی چ جەژنێکیتی، کاتێك میراودەلییەکان شکان و پشدەریان بەجێ هێشت، بابیز پاشا هەلی دەست کەوت و ناوچەی پشدەری سووتاندو تاڵانی کرد، بە تایبەتی ئەوەی سەر بە میراودەلییان بوو، والییش لەسەر قسەی خۆی پشدەری خستە ژێر دەسەڵاتی بابیز پاشاوە. بابیز پاشا لە ناوچەی پشدەردا هەر چیی بکردایە کەس نەبوو

بلێت بۆ وا دەکەیت؟ دوای تێپەڕبوونی حوکمڕانیی ساڵێك لە پشدەردا، باییز پاشا ئەو هەلەیشی دەست کەوت، بۆ سووکایەتی پێکردن بە پیاو ماقووڵانی نورەدینی، ئەمجا کەوتە وەرگرتنی سەرانەو مەڕانەو مولکانەو بێگارو سوغرە بە نورەدینییان. بەوەشەوە نەوەستا، بانگی ریش سپیو پیاو ماقووڵانی نورەدینیانی کردو وتی: لە ئەمڕۆ بە دواوە چیتان پی دەڵێم دەبێت بیکەن، ئەگەر نا ئێسكو پێستتان لێك دەئاڵێنمو تەسلیم بە والیتان دەکەم.. باییز پاشا وتی: ئەو زۆنگاوانەی دەوری گوندی دێرێو گوندەکانی دەورو بەریتان لێ بەش دەکەم، دەبێت هەر پیاو ماقووڵێکتان ئاگای لە زۆنگاوی خۆی بێت، نابێت بە هیچ شێوەیەك بهێڵن (بۆق) بقیڕێننو ئەگەر بێتو گوێم لە دەنگی بۆق بێت، توندترین سزاتان دەدەمو تەسلیم بە والیتان دەکەم، بۆ ئەوەی تۆڵەی حوسنی بەگ لە ئێوە بکاتەوە. ریش سپیو پیاو ماقووڵانی نورەدینی بە رۆژ لە ناو زۆنگاودا دەگەڕانو بەردیان بە بۆقدا دەداو کشەیان لێ دەکردن، بەڵام بۆقی سەگباب زەوت نەدەکران. تا رۆژێك خێرخوایەك بە لای یەکێك لەو پاسەوانانەدا تێپەڕیو وتی: ئەگەر دەتەوێت بۆ قەکانت زەوت بکەیت، بڕۆ گوریسێك بهێنەو بە ناو زۆنگاوەکەدا رای بکێشەو جار جار رای بوەشێنە بۆ ئەوەی بەرزو نزمی بکات، کاتێك بۆقەکان چاویان پێی دەکەوێت وا دەزانن مارەو لە ترساندا بێ دەنگ دەبن، چونکە بۆق لە مار زۆر دەترسن. پاسەوان وایکردو بۆق بێ دەنگ بوونو هەموو پاسەوانەکان ئەم کردەوەیەیان رەچاو کرد، پاسەوانەکان واتا پیاو ماقووڵەکان؛ کە بۆ قەکان بێ دەنگ دەبوون، هەڵیان دەست دەکەوتو قەلنەیەکیان* تێ دەکردو خێرا خێرا مژیان لێ دەدا تا بۆقەکان نەیان قیراندووە قەلنەکەیان تەواو بکەن.

---

*"قەلنە" مەبەست لەدار جگەرەو پڕ دەکرێت لە تووتنو ئاگری پێوە دەنرێت وەك (پایپ-سەبیل) کە تووتنی تێ دەکرێت وەك جگەرە مژی لێ دەدرێتو دەکێشرێت.

بـاییز پاشـا بـەم شـێوە ناشـیرینەو بـێ حورمەتییـە کەوتـە سـووکایەتی پێکردنـی ریش سپیو پیـاو مـاقووڵانی نورەدینـی. لـەم ماوەیـەدا ریـش سـپیو پیـاو مـاقووڵانی نورەدینـی زۆر پەشـیمان بوونـەوە لـەوەی کـە لـە میراودەلییـەکان هەڵگەڕانـەوەو هاوپـەیمانی مەنگورەکان بوون.

رۆژێکیان بە نهێنی کۆبوونەوەو یەکیان گرتو باسی ئەو رۆژە رەشـەی خۆیان کرد کە تێی کەوتوونو چۆن بە دەست باییز ئاغاوە گرفتار بوون. پاش قسە هێنانو بردن، بڕیاریان دا دوو کەسی زاناو ریش سپی بنێرن بۆ ئێران بۆ لای میراودەلییەکانو دان بە هەڵەی خۆیاندا بنێنو لاپەڕەیەکی سپیو نوێ هەڵدەنەوەو رێگا چارەیەك بدۆزنەوە.. بەڵێ دوو پیاوی ریش سپییان نـارد بۆ ئێران، بـۆ لای میراودەلییـەکانو داوای لێبوردنیـان کـردو دانیـان بـە هەڵـەی خۆیـاندا نـا. میراودەلییـەکانیش وتیـان: ئێمـەو ئێـوە گۆشتو نینۆکین، دەبێت بە یەکەوە بژین، میراودەلییەکانو نورەدینییەکان ئاشت بوونەوەو لاپەڕەیەکی سپییان هەڵدایەوەو بڕیاریان دا تۆڵەی خۆیان لە مەنگورەکان بکەنەوە.

لە دوای دوو ساڵ کە میراودەلییەکان لە ئێران مانەوە، حکومەتی تورك پێی وابـوو بـەو لێدانودەربەدەرییـە، میراودەلییـەکان دەفـەوتێن، بـەڵام کـە تەماشایان کرد لە باتی ئەوەی بفەوتێن، رۆژ لە دوای رۆژ ریزەکانیـان لـە زیادبوون دایەو پەیتا پەیتا خەڵك پەیوەندییان پێوە دەکەنو حکومەتی ئێرانیش بە هەموو شێوەیەك یارمەتییان دەدات.

بۆیە تورکەکان لە هەڵوێستـی خۆیـان پەشیمان بوونـەوەو پـەیوەندییان بە میراودەلییەکانـەوە کـردو نوێنـەریان نـارد تـا پێیـان رابگەیـەنێت؛ کـە بگەڕێنـەوە سەر موڵكو ماڵی خۆیانو داوایشیان چییە بۆیان جێ بەجێ بکەن.

میراودەلییەکان داواکارییەکەیان قبووڵ کرد بە چەند مەرجێك:

١-نابێت حکومەتی تورك بە هیچ شێوەیەك دەست بخاتە خۆشیو ناخۆشیو شەڕو ئاشتیی میراودەلیو مەنگوڕەکان، واتا پشتیوانی لە هیچ لایەکیان نەکات.

٢-یارمەتییان بدات بۆ دروست کردنەوەی ناوچەکەیان.

٣-بژاردنەوەی هەندێك لەو زەرەرو زیانانەی کە لێیان کەوتووە..

حکومەتی تورك داواکاریی میراودەلییەکانی قبووڵ کرد. ئەوجا میراودەلیو نورەدینی بە شەو دەوری بابیز پاشایان گرتو لە بەری بەیاندا لێیان دانو لێیان کردنە تەقو تۆقو هەراو لە دوای شەڕێکی کەم کاتێك بابیز پاشا خۆیو لەشکرەکەی شکاو هەڵات، لە هەڵاتندا پەیوەندیی کرد بە والیی قەڵا دزەوە کە پشتیوانیی لێ بکات، بەڵام والیی قەڵادزە دەریکردو گوێی پێ نەدا.

بابیز پاشا شکاو رۆیشت تا گوندی دوو بێ ئاوری نەدایەوە، بەڵام میراودەلییەکان لە سەید ئەحمەدانو سرێجێو ئەو ناوە زیاتر نە رۆیشتنو بەم خۆ راگریو چاو نەترسییە تۆڵەی خۆیان لە مەنگوڕەکان کردەوەو نورەدینییەکانیش لە ژێر زەبرو ستەمی بابیز پاشا رزگاریان بووو ریش سپیو پیاو ماقووڵانیشیان لە کۆڵ پاسەوانیی بۆق بوونەوە.

ئەوجا حکومەت لێبوردنی بۆ میراودەلییەکان دەرکردو گەڕانەوە پشدەر، لەم شەڕانەدا زۆر لە کەڵە پیاوانی پشدەر شەهید بوون، بەو شەڕەش میراودەلییەکان بە تورکەکانیان سەلماند کە میراودەلی شوورەیەکی پۆڵایینو ناشکێن، ئەگەر بشکێن نابەزنو بەمەش بە هەموو دوژمنی میراودەلییان سەلماند کە سەنگەرێکی پۆڵایینو کوشتنی حوسنی-یش دەنگێکی گەورەی دایەوە بۆ چاوترسێنیی دوژمنان.

قەبری حوسنی کەوتووەتە رۆژئاوای شاری قەڵادزە، لەسەر گردێکە بەرامبەر بە شاری قەڵادزەو ئەم گرە ئێستا بە گردی حوسنی بەگ بە ناوبانگە.

دروست بوونی شەڕی وەراز

زۆر جار هەبووە کە رووداوێك روویداوە کەسێکی بێ ئاگاو بێ خەبەر رووداوەکەی گێڕاوەتەوە، بە بێ ئەوەی بچێتە بنج و بناوانی. ئەو جۆرە کەسانەی کە ئەو هەواڵە ناڕاستانە بەو جۆرە دەگێڕنەوە، دەگەڕێتەوە بۆ دوو هۆی سەرەکی:

یەکەم: یان لە رووی نەفامیی و نەزانییەوە دەیگێڕێتەوە. دووەم: یان لە رووی چینایەتی، واتا لەبەر بەرژەوەندیی لایەك، بەڵام لە ئەنجامدا راستییەکە هەر دەر دەکەوێت. هەر وەکو چۆن لە ئێستاو رابوردوودا کەسانێك دەگێڕنەوەو گێڕاویانەتەوە، لە کۆڕو کۆبوونەوەکاندا وتوویانە؛ میراودەلیی پشدەر لەشکر کێشییان کردووەتە سەر کوێخا (رەسوڵی وەراز) و کوێخا رەسوڵیان کوشتووەو گوندەکەیان تاڵان کردووەو سوتاندوویانە، کاتێك گوێبیستی ئەم قسانە دەبووم، زۆر نارەحەت دەبووم و خۆم لە خۆمم دەپرسی بۆ میراودەلی هەر ئەو میراودەلییە نەبوون، خۆ ئەوانی رابوردوو درندە نەبوون، چۆن بەبێ تاوان ئەم تاوانە گەورەیەیان ئەنجام داوە؟!

زۆر جار کە ئەم قسەیە دەهاتە کایەوە دەم پرسی بۆ؟ لە وەڵامدا دەیان وت؛ داگیرکار بوون..

منیش کەوتمە گەڕان بە دوای ئەم راستییەداو پرسیار لە ئەمو ئەو، تا رۆژێك دۆستێك وتی؛ بۆ روونکردنەوەی ئەم راستییە بچۆ بۆ لای (خاڵەباس-خاڵە هەباس-خاڵە عەباس)ی بێخڕێ واتە هەباسە کۆڵ.

تا ڕۆژێک لەگەڵ کاک خدری کوڕی چوومە لای و داوام لێ کرد، هۆی دروستبوونی شەڕی وەرازم بۆ ڕوون بکاتەوە، تا بزانم لە چییەوە ئەم شەڕە خوێناوییە دروست بووە؟

خاڵەباس لە وەڵامدا وتی: ئەوەی من بیزانو بە چاوی خۆم دیومە، پێت دەڵێم، لەبەر ئەوەی لەم شەڕەدا بەشداریم کردووە، بەڵام ناوی دوو کەسی تریشت پێ دەڵێم، کە لەم شەڕەدا بەشدارییان کردووە؛ یەکێکیان ئەحمەدی حاجی هەباس ئاغای گەناوی، ئەوی دییان مەمەندی خدری بابەکر ئاغای گردە سپییان، پاشان خاڵە هەباس چیی لە لابوو دەربارەی ئەو شەڕە بۆی گێڕامەوە.

لە دوابیدا چوومە گردە سپییان لە ماڵی ئەحمەدی بابەکر ئاغا، چاوم کەوت بە بەڕێز مەمەندی خدر ئاغاو داوای گێڕانەوەو باسکردنی هۆی دروستبوون و هەڵگیرساندنی شەڕی وەرازم لێ کرد. بەڕێز مەمەند ئاغایش هەر وەك بەڕێز خاڵە هەباس بەم شێوەیەی خوارەوەی باس کردو گێڕایەوە، کە چۆن ئەم شەڕە دروست بووە: بەڕێز مەمەند ئاغا فەرمووی لە ساڵی (١٩٣٧) شێخ مەحمود بە هۆی تێکچوونی لەگەڵ ئینگلیز، لە سلێمانی هاتە دەرەوەو چووە گوندی سیتەک.. ئینگلیز دەیویست شێخ مەحمود بەزیندووی یان بە مردوویی بگرێت و هێزێکی سەربازیی زۆری کۆکردەوە بۆ هێرش کردنە سەر شێخ مەحمود.

شێخ مەحمودیش نامەیەکی بۆ سەرۆکی عەشیرەتی میراودەلی نووسی و داوای لێ کردبوون کە هێزێکی بۆ بنێرن، چونکە ئینگلیز نیازی وایە بەرەو ناوچەی شارباژێر لەشکر کێشی بکات، ئەگەر هاوکاریم نەکەن، ئەوا شکست دەهێنم چونکە هێزم کەمە.

ئەوەبوو میراودەلییان زیاتر لە (٦٠٠) چەکداریان بۆ کۆکردەوە لە سوارەو پیادە. ئەم (٦٠٠) چەکدارە بەرەو دەقۆڵی سەفرە کەوتنە ڕێ، تا گەیشتنە

گەلاڵەو قامیش و کاریزە. کاتێك دەگەنە سوورە قەڵاتو ماوەت، نامەیەکی شێخ مەحمود دێت بۆ لێپرسراوی هێزی میراودەلی و لە نامەکەدا نووسرابوو؛ سوپای ئینگلیز جاریّ راوەستاوەو هیچ جووڵەی نییە، ئێوەش لەو گوندانەی دەورو بەری سوورەقەڵاتو ماوەت بمێننەوەو بەسەر ئەو ناوچەیەدا دابەش بن، ئەو خواردن و بارگەیەشی پێتانە، دەستی لیّ مەدەن و بۆ کاتی پێویستی هەڵیگرن.

بەرێز مەمەند ئاغا وتی: چەند رۆژێك لەو گوندانەی دەوروبەری ماوەت ماینەوە، لەو ماوەیەدا ئینگلیز هەواڵی زانیبوو کە میراودەلییان لەشکرو هێزێکی زۆریان بۆ پشتیوانیی شێخ مەحمود هیناوە، بۆیە دەبێت سیاسەتمەداران سیاسەتێك بەکار بهێنن کە لە بەرژەوەندیی خۆیاندا بێت و باری قورسی سەر شانی خۆیان سووك بکەن. مێجەرسۆن دەیزانی کە کوێخا رەسوڵی وەراز، لەگەڵ (رەشیدی ئەوڵا ئاغای سورەقەڵات)دا نێوانیان باش نییەو کەمێك ناخۆشییان بووە، بۆیە نامەیەك بۆ کوێخا رەسوڵ دەنووسێت؛ کەوا میراودەلییان لەشکرو هێزێکی زۆریان کۆکردووەتەوە، کە لە رواڵەتدا بۆ سەر ئینگلیزو پشتیوانیی شێخ مەحمودە، بەڵام ئێمە زانیاریمان زیاتر لایە، ئەم هێزو لەشکرە بۆ سەر تۆیان هێناوەو کۆیان کردووەتەوە، ئەویش بە فیتی رەشیدی ئەوڵا ئاغا. جا ئەگەر توانای ئەوەت هەیە بەرگری لە خۆت بکەیت تا سوپای ئێمە دەگاتە پاڵت، ئەوە شەڕیان لەگەڵ بکە. ئێمەش بە دروستبوونی شەڕ سوپای خۆمان دەنێرین و فڕۆکەکانیشمان دەنێرین و دەستیان لیّ ناپارێزین تا لە ناوچەکە پاکیان دەکەینەوە.

کوێخا رەسوڵیش لەبەر ئەوەی کە لەسەر پووش و پاوان و سنووری موڵکایەتی تۆزێك ناکۆکیی لەگەڵ رەشیدی ئەوڵا ئاغا هەبوو، بڕوای بەم نامەیەی مێجەرسۆن کرد. کوێخا رەسوڵ چی خزم و چەکداری خۆی هەبوو هەمووی کۆکردنەوەو لە دەوروبەری وەراز سەنگەرو حەشارگەیان

هەڵکەندو ئامادەی شەڕبوون. بەڕێز مەمەند ئاغا فەرمووی ئێمەی میراودەلی لەو پیلانە شوومەی ئینگلیز بێ ئاگابووین، تا ڕۆژێك سەرلەشکری خۆمان بانگی کردمو وتی: مەمەند ٤٠ تا ٥٠ کەس لە سوارەو پیادە بەرەو برِۆ بۆ وەراز دوو شەوو ڕۆژ لەوێ بە، بەڕێز مەمەند ئاغا فەرمووی ٤٠ تا ٥٠ چەکدارم لەگەڵ خۆم بردو بەرەو وەراز ڕۆیشتین، هەر ئەوەندەمان خۆش بوو تا گەیشتینە گۆڕستانەکەی نزیك وەراز.. لە پڕ هەر ئەوەندەمان زانی لە هەر چوار لاوە کەوتینە بەر دەستڕێژی تفەنگ، یەکەم دەستڕێژ زیاتر لە ٦ تا ٧ چەکدارمان لێ کوژرا، ئێمەش بە پەلە پەل لە ولاغەکان خۆمان فڕێدایە خوارەوەو خۆمان خستە بن کەڵەکو بەردو خڕو دۆڵ، ئێمەش دەستمان کرد بە بەرگری لە خۆمان، بەڵام نەمان دەزانی کێیە تەقەمان لێدەکات، بیرمان لەوە دەکردەوە ئینگلیز بە کوێدا هاتووەتە ئێرەو ئێمە نەمان زانیوە.؟!

لەم تەقەو پێکدادانەدا خەبەر گەیشتبووە چەکدارەکانی ترمان، ئەوان زانیبوویان کوێخا رەسوڵ لێی داوینو خەڵکمان زۆر کوژراون، چەکدارەکانمان بە سوارەو پیادەوە هاتبوون دەوری گوندی وەرازیان گرتبوو، بوو بە شەڕێکی زۆر سەختو خوێناوی.

لەم شەڕەدا کوێخا رەسوڵ خۆیو کوڕێکی کوژراو لەشکرەکەی تێك شکێندرا، لە هەردوو لا خەڵکێکی زۆر بێ تاوان کوژراو ئینگلیزیش نە سەربازی نارد بۆ پشتیوانیی کوێخا رەسوڵو نە هیچ، ئینجا لە تۆڵەی ئەو کوژراو بریندارانە وەرازمان سووتاندو تالانمان کرد.

ئائەمەیە سیاسەتی دەوڵەتانو سیاسەتمەداران بۆ بەرژەوەندیی خۆیان چ ئاگرێك هەڵدەگیرسێنن. جا با کەسانی خاوەن هەستو نەستی پاك ئەم شەڕە هەڵبسەنگێننو بزانن ئۆباڵی ئەم شەڕە لە ئەستۆی کێیەو تاوانباری شەر کێیە.

من لێرەدا خۆم بە بەرپرسیاری ئەم شەرە دەزانم لەبەر ئەوەی ڕێگای نووسینی شەری عەشایەریم پێ نەدراوە لەبەر چەند هۆیەك، بەڵام بە هەر حاڵ ئەم شەرەم نووسیوەتەوە. وەك بەڕێز ئەحمەدی حەمەد ئاغای پشدەر لە بیرەوەرییەکانیدا لە لاپەرەی (۱۰۹)و (۱۱۰)دا باسی شەری شیوەکەڵ دەکاتو دەفەرمووێت: ئێمە لەسەر قسەی شێخ سەعیدی باوکی شێخ مەحمودو هاندانی ئەو چووینە سەر شیوەکەڵو تاڵانمان کردو ڕەسوڵ ئاغامان دەرکردو گوندەکانمان لەگەڵ شێخانی سلێمانیدا دابەشکرد. من بزانم ئەمە لە ڕاستییەوە دوورە، لەبەر ئەوەی ئەحمەد ئاغا لەسەر ئەم باسە زانیاریی تەواوی نەبووە، بۆیە وا بە سادەیی باسی کردووە. لای هەموو کەس ڕوونو ئاشکرایە کە میراودەلیی پشدەر لە ژیانیاندا نە داردەستی کەس بوونو نە دڕندەی کێوانیش بوون، تا پەلاماری نێچیریان دابێتو ورگی خۆیانیان پێ پڕکردبێت. دەبووایە ئەحمەد ئاغا لە ڕووی ڕاستییەوە باسی شەرەکەی بکردایە نەك بەم شێوەیە، هەر وەکو بەڕێز عەبدولڕەقیب یوسف لە بیرەوەرییەکانی ئەحمەد ئاغادا لە لاپەرەی ۱۱۰ی هەمان بیرەوەریدا دەڵێت: هۆی دروستبوونی ئەم شەرە ئەوە بووە مەحمود ئاغای شیوەکەڵ کابرایەکی دەسەڵاتداری ناوچەکە بووە، زۆر بە زەبروزەنگ بووە، پێشتر لەشکرکێشیی کردە سەر میراودەلییەکانی گەڵاڵەو تاڵانی کردنو دەربەدەری کردن. ئینجا میراودەلییەکانی پشدەریش بۆ شکایەتی ئەم کارەساتە چوونە لای حاکمی تورك لە ڕانیە، کە ئەو کاتە تورکەکان حاکمی ناوچەکە بوون، شکاتیان کردو داوایان کرد کە تورك ئەم حەقەیان بۆ بسەنندنەوە، یان ڕێگایان پێ بدەن خۆیان بیسەننەوە. ئەوەبوو تورکەکان ڕێگایان پێدان، پشدەرییەکانیش پەلاماری شیوەکەڵیان داو شیوەکەڵیان گرتو سووتاندو تاڵانیان کردو ڕەسوڵ ئاغای کوڕی ئەحمەد ئاغا هەڵهاتو چوو بۆ گوندی سێرینو میراودەلییەکانیش حەقی خۆیان وەرگرتەوە.

**(دروستبوونی تەشکیلات لە ناوچەی پشدەر)**

هەر لەو ڕۆژەوە کە حکومەتی عیراق بە هۆی دەسەڵاتی ئینگلیزەوە لە خاکی عیراق دروستبوو، تەشکیلاتی دامەزراند لە سەروو خوارووی عیراق جگە لە حەوزی پشدەرو مەرگە. ئەوە نەبێت حکومەت حەزی لە دامەزراندنی تەشکیلات نەبووبێت لە پشدەر، بەڵام حکومەت دەیزانی عەشیرەتی میراودەلی ئامادەنین قبووڵی ئەوە بکەن هیچ حکومەتێك یان دەسەڵاتدارێك خۆیان بخزێننە ناوچەی پشدەرو بەسەر دانیشتووانی ناوچەکەیاندا خۆیان فەرز بکەن. دەسەڵاتدارانی میری دەیانزانی چەندەها ساڵە میراودەلییان سەربەخۆیی و سەروەریی خۆیان بە خوێن و بە ماڵ پاراستووە، هەر وا بە ئەسانی ناچنە ژێر باری هیچ دەسەڵاتدارێکەوە. هەر وەکو عەبدوڵلا ئاغا لە پەرتوکەکەیدا لە لاپەرە (٣٦)دا ئیشارەی پێ داوە کە (جەمیل مەدفەعی) کرا بە سەرۆك وەزیرانی عیراق، کاربەدەستانی عیراق بڕیاریان دا بە هەر نرخێك بێت، دەبێت پشدەر تەشکیلاتی میریی تێدا دابمەزرێت. جا لەسەر ئەو بنەمایە کاربەدەستانی عیراق سوپایەکی زۆر بە هێزیان پێکهێناو لە مانگی تەمموزی ساڵی (١٩٣٧) بەرەو پشدەر هات و هاتە سەر زێی بچووك و لە میرزا ڕۆستەم، کە ئەو کاتە بەنداوی دووکان دروست نەکرابوو. کاتێك سوپای عیراق گەیشتە میرزا ڕۆستەم، سەرەك هۆزەکانی پشدەر لە هاتنی سوپای عیراق ئاگاداربوون، هەرچی زووتر لەشکرو چەکداری خۆیان کۆکردەوەو لە دەربەندی ڕانیەدا زنجیرە چیای ئاسۆسیان تا پشتی بەردەشان و سێوکان قایمکرد.

کاتێك کاربەدەستانی عیراق بە لەشکر کێشیی عەشیرەتی میراودەلییان زانی، کە پێشیان بە سوپای عیراق گرتووە، بۆیان ڕوون بووەوە کە گرتنی ناوچەی پشدەرو بە زۆر دانیشتن تێیدا بە گران لە سەریان دەکەوێت، بۆیە کاربەدەستانی عیراق ناچاربوون ئەم نەخشەو پیلانەیان هەڵبوەشێننەوە.

پاشان بۆ چوونە ناو چوارچێوەی پشدەر بەرنامەیەکی تریان دارشت، ئەوەبوو لە رێگای ئاشتیو وتووێژەوە لە ئەنجومەنی وەزیرانەوە داوای دوو نوێنەری میراودەلییان کرد تا بچن بۆ بەغدا، تا چارەسەری ئەم کێشەیە بکەن. ئەوەبوو بابەکر ئاغاو هەباس ئاغا بۆ دانیشتن لە رێگای وتووێژەوە رازیبوونو لەسەر داوای ئەنجومەنی وەزیرانی عیراق: دوو نوێنەریان ناردە بەغدا بە ناوەکانی (باپیری بابەکر ئاغا)و (مەحمودی حاجی ئاغا)و پاش وتووێژێکی درێژخایەن گەیشتنە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە:

١-قائیمقامو بەرێوەبەرانو مووچەخۆرانی میری دەبێت کوردبن.

٢-بەرێوەبەرانی ناحیەکانی پشدەرو مەرگە، میراودەلی بن.

٣-دەبێت میری تا حەوت سالّی دیکە، لە خەلّکی ناوچەکە داوای سەرباز نەکات.

٤-نابێت بە هیچ شێوەیەك میری یاسای زەویوزار لە ناوچەی پشدەرو مەرگەدا جێبەجێ بکات.

بەم مەرجانە هەردوولا رازیبوونو لە پشدەرو مەرگەدا تەشکیلات بەم شێوەیەی خوارەوە کرا:

١-یەك فەوج سەرباز بۆ بەرێوەبەرایەتیی مووچەخۆران بۆ پشدەر هات.

٢-هەمزە بەگ، ناسراوە بە هەمزە شاسوار، کرا بە قائیمقامی قەلّادزە.

٣-باپیری بابەکر ئاغا کرا بە مدیر ناحیەی پشدەر واتا قەلّادزە.

٤-خدری حاجی ئاغا کرا بە مدیر ناحیەی بنگرد واتا مەرگە.

٥-ئەحمەدی بابەکر ئاغا کرا بە مدیری شارەوانیی قەلّادزە.

بەم شێوەیە تەشکیلات بەردەوام بوو.

لەم ماوەیەدا هەباس ئاغا کۆچی دوایی کردو مەحمودی حاجی ئاغا لە شوێنی دانیشت. بە کۆچی دوایی هەباس ئاغا هەندێك گیرو گرفت لە ناوچەکەدا بەرپابووو گۆرانکاری بە تایبەت لە ناو میراودەلییاندا روویدا.

## ڕوونکردنەوەیەك لەسەر تەشکیلاتی پشدەر

با بۆ خەڵکی پشدەرو کەسانی تری ڕوون بکەینەوە بۆچی عەشیرەتی میراودەلی ڕازیبوون تەشکیلاتی میری لە پشدەر دابمەزرێت.. هەموومان دەزانین دونیا لەسەر یەك قەبارەو یەك بەرنامە نامێنێتەوەو گۆڕانکاریی تێدا ڕوودەدات، کە بێگومان ئەوە لە دەسەڵاتی مرۆڤدا نییەو هەر ڕۆژگارەی بەرنامەی خۆی پێیە.

هەموو ئەو کەسانەی ە بە خزمەت بابەکر ئاغاو هەباس ئاغا گەیشتبن، بۆیان ڕوون بووەتەوە کە دوو کەسایەتیی زاناو داناو هۆشمەند بوون، بە تایبەتی بابەکر ئاغا لە ڕووی سیاسییەوە کە مێژوو نووس (ئەندمۆندز) لە پەرتووکی کورد، تورك، عەرەب لە لاپەڕەکانی (١٩٦ تا ٢٠٠) دا دەڵێت: بابەکر ئاغا مرۆڤێکی زۆر سیاسیی و کەم وێنەیە. هەباس ئاغایش، جگە لە زانایی و دانایی، سەرکردەیەکی سەربازییە..

جا لێرەدا مەبەستمان لە هاتنی کاربەدەستانی میری بۆ پشدەر، ئەوەیە؛ هاتنی کاربەدەستانی میری نە لەبەر بێ هێزیی عەشیرەتی میراودەلیی پشدەر بووەو نە لەبەر ناکۆکیی سەرەك هۆزەکانیشی بووە، بەڵکو بۆ خزمەتکردنی ناوچەی پشدەر بووە. بۆ ئەوەبوو پشدەر لە ڕووی زانستیی و زانیاریی و خزمەتگوزارییەوە لە ناوچەکانی تر دوانەکەوێت. دیارە هەر شوێنێك یان ناوچەیەك تەشکیلاتی میریی تێدا نەبێت، لە هەموو بوارەکانەوە دوادەکەوێت.. ئێمە لێرەدا هەندێك لەو خزمەتگوزاریانە دەخەینە بەر چاوی خوێنەران، کە سوودێکی زۆر زۆریان بۆ ناوچەکە هەیە. کە ئەم خزمەتە لە دەست تیرەو عەشیرەتەکان نایەت؛ قوتابخانە کە جێگای زانست و زانیارییە، ئاوو کارەباو ڕاکێشانی بۆ شارو گوندەکان، دروستکردنی جادەو ڕێگاو بان، دروستکردنی ئاوو ئاوەڕۆو دروستکردنی باخ و دارستانی دەستکرد بۆ ڕازاندنەوەو جوانیی ناوچەکە.

دروستکردنی گەلێك پرۆژەی جۆراو جۆر بۆ خزمەتگوزاریی خەڵك و گەلێك شتی تر کە پێویست ناکات ناوی ئەم هەموو خزمەتگوزارییانە بهێنێت کە هاووڵاتیان خێرو خۆشیی لێ دەبینن، هەر چەندە عەبدوڵڵا ئاغا لە پەرتووکەکەیدا دەڵێت: بۆیە دەسەڵاتی میری بەسەر پشدەردا زاڵبووو تەشکیلاتی میریی تێدا دامەزرا، لەبەر دوو بەرەکیی سەرەك هۆزەکان بوو، سەرەك هۆزەکان تەفرەقەیان خستە ناو میراودەلییان و.

### قاچاغبوونی گورگە بۆرە لە میری



ئەحمەد سەلیم حمە ئاغا

هەر وەکو هەموو لایەکمان دەزانین زرووفی سیاسی زۆر خەون و خەیاڵ و بەرنامەی داڕێژراو لە یەك هەڵدەوەشێنێتەوەو زیندە بە چاڵیان دەکات و ناهێڵێت بێنە بەرو خاوەنەکەی بەرو بوومیان بخوات.

ئەوە بوو بە هۆی کۆچی دوایی هەباسی مەحمود ئاغاو جێنشینی مەحمودی حاجی ئاغا، لە رووی عەشایەرییەوە گۆڕانکاریی بەسەر ناوچەی پشدەردا هات، ئەو گۆڕانکارییە بوو نوری سەعید کابرایەکی درندەو ئاژاوەچیی کردە پارێزگاری سلێمانی بە ناوی (عومەر عەلی). حکومەت بۆیە عومەر عەلیی کردە پارێزگاری سلێمانی، بۆ ئەوەی بتوانێت دەسەڵاتی حکومەت لە ناوچەی پشدەر بسەپێنێت و

عەشیرەتی میراودەلی بهێنێتە ژێر باری حکومەتەوە. ئەوە بوو عومەر عەلی هات بۆ پشدەرو میوانی بابەکری سەلیم ئاغاو مەحمودی حاجی ئاغا بوو. داوای لە هەردوو سەرۆک کرد کە رازی بن دائیرەی تەجنیدو تەسویە بێتە قەلادزەو بکەوێتە کار. لەبەر هەر هۆیەك بوو بەم دوو بریارە رازی بوون، کە هەردوو سەرۆك دەیانزانی کارێکی زۆر خراپەو دەبێتە هۆی تێکچوونی سەروەری و سەربەخۆیی پشدەرو پشدەر لێك هەلدەوەشێت و دەبێتە مەیدانی گێرەو کێشەو ئاژاوە نانەوەو دووبەرەکیی نێوان خاوەن مولّك و جووتیار. هەر لە هەمان کاتدا لە عیراق چەند گرۆی سیاسی لە سەرووو خوارووی عیراق ئیشیان بۆ رووخانی رژێمی پاشایی دەکرد، بە تایبەتی لە کوردستان دوو گرۆی سیاسی ئیشیان دەکرد، وەك پارتی دیموکراتی کوردستانی عیراق و حیزبی شیوعیی عیراقی، بەلام ئەم ئیش کردنە زۆر نهێنی و لە ژێرەوە بوو.

کە ئەم یاسای تەسویەیە هاتە پشدەر، پشدەر بە جارێك شلەژاو بوو بە مەیدانی شەڕو ئاژاوەو دووبەرەکی لە نێوان خاوەن مولکو جووتیاردا. کۆمەلێکی سیاسی هەبوون بۆ بەرژەوەندیی گیرفان و سوودی خۆیان هانی خەلکییان دەداو خۆیان کردبوو بە دەم سپیی کۆمەلێکی نەزان و نەفام، لە هەمان کاتدا میراودەلی تێگەیشتن جگە لە مولك بڕی و داگیرکردن مەبەستیان نەهێشتنی نفوزو دەسەلاتی میراودەلییانە. ئەوە بوو چەند گەنجێکی خوێن گەرم بەم کردارەی شیوعییەکان رازی نەبوون و کەوتە دژایەتیی حکومەت و خەلکی خراپ بە لێپرسراویی ئەحمەدی سەلیمی حەمە ئاغای شۆڕان.

ئەوە بوو کاك ئەحمەد لە حکومەت قاچاغ بووو چەکی هەلگرت و دژ بە کەسانی خراپ و حکومەت دەرکەوت. کاك ئەحمەد زۆر بە بێ منەتانە لە دەوری قەلادزە دەگەڕاو چالاکییەکانی خۆی ئەنجام دەدا. تا رۆژێك لە (دۆلی تەنگژە) لەگەل کۆمەلێکی پیاو خراپ کەوتە شەڕەوە بە فیتی

حکومەت لەم شەڕو لێکدانەدا حکومەت هێزێکی زۆری ناردە سەر کاک ئەحمەدو چوار دەوریان گرت و لە ئەنجامی تەقەیەکی زۆر کاک ئەحمەد لوولەی تفەنگەکەی بچڕاو لە یەك هەڵوەشا، ئەوجا بە دەمانچەکەی دیفاعی لە خۆی دەکرد، بۆ ئەوەی کەلێنێکی بیێت و خۆی دەرباز بکات، بەڵام تەماشای کرد لە هیچ لاوە بواری نەماوە.. کە بەرامبەرەکەی زانییان فیشەکی لێ بڕاوە پەلاماریان داو گرتیانو بردیان بۆ قەڵادزەو لە پۆلیس خانە سجنیان کرد، پاش گرتنی بە چەند مانگێك بە هۆی دۆستێکییەوە لە تۆپە جگەرەی قامیشدا مشاری ئاسن برینەوەیان بۆ بردو زۆر بە وەستایی و کارامەیی خەریکی برینەوەی شیشی پەنجەرەکان بوو، کە ئەو خەریکی برینەوەی شیشی پەنجەرەی زیندانەکە بوو، لە دەریشەوە لە نزیك دائیرەی پۆلیس و زیندانەکە وڵاخی بۆ ئامادە کرابوو.

کاتێك هاتە دەرەوە خۆی گەیاندە شوێنی دیاریکراو سوار بوو بۆ گوندی دێرە. لە وێشەوە وردە وردە بەرەو سنووری ئێران کەوتە ڕێو لەو سنوورانە مایەوە. کە پاش ماوەیەك دەستەیەك چەکداری ئازاو لێهاتووی بە یەکەوە ناو چەندین جار دەهاتە سەر دامودەزگاکانی میریو پیاو خراپان لە شاری قەڵادزە، کە ئەو دەمەش هێشتا هەر زەمانی مەلیك بوو کودەتای ١٤ی تەمموز نەکرابوو، شەوانە وەکو شێری بێشە پەلاماری شوێنێکی دەداو سەری ڕەقی بۆ نەرم دەکردن و بۆی دەردەچووو ون دەبوو، لەو کاتەی کە ئەم چالاکییانەی دەکرد، ناویان نابوو (گورگە بۆرە) و ناوی گورگە بۆرە بوو بووە بنێشتە خۆشەی سەر زاری خەڵکی، ئینجا لەم ماوەیەدا کودەتای ١٤ی تەمموز کراو سەرکەوت و عەبدولکەریم قاسم بوو بە سەرۆکی کودەتاکەو دەسەڵاتی پاشایی نەماو بوو بە کۆماری.

عەبدولکەریم قاسم مەیلی شیوعیی هەبوو، دەسەڵاتێکی زۆری دایە شیوعییەکان، خەڵکی هەژارو نەفامیش بە هاشو هووشی شیوعییەکان

مێشکیان پڕبوو بوو، ئیش و کارو کاسبییان بوو بوو بە چەپڵە لێدان، خەڵکێکی کەم بوو بوو بە پارتی، بەڵام خەڵکی پارتی کەم و پوخت و سیاسی بوون و شارەزای یاسا بوون.

ئینجا کە شیوعییەکان ئەو دەسەڵاتەیان درایە، مقاوەمە شەعبییان پێکهێناو ڕۆژانە تاقیبی گورگە بۆرەیان دەکرد بۆ ئەوەی بیگرن، تا ڕۆژێك جاسوس خەبەری دانێ کە گورگە بۆرە لە دەوروبەری گوندی داودییە.. حکومەت و مقاوەمە شەعبی بۆ گورگە بۆرە دەچن، دەستەی حکومەت و مقاوەمە شەعبی هەر ئەوەندەیان خۆشدەبێت تا دەگەنە گورگە بۆرو دەستەکەی، بوو بە تەقەو لێکدان.. حکومەت و مقاوەمە شەعبی زانییان چۆن چوون، بەڵام نەیان زانی چۆن گەڕانەوە، ئینجا بە هۆی بابەکری سەلیم ئاغاوە گورگە بۆرە پەیوەندیی بە حکومەتی ئێرانەوە کردو لە لایەن حکومەتی ئێرانەوە جێگاو ڕێگاو چەك و تەقەمەنی و خواردن و پێویستییەکانی بۆ دابین کران، وردە وردەو ڕۆژ بە ڕۆژ گورگە بۆر قوەت و دەسەڵاتی زیاد دەبوو، بەرە بەرە شیوعییەکان لەگەڵ خەڵکی خاوەن زەوی دەکردو زۆر زیادە ڕەوییان دەکرد. تا میراودەلییان ناچارکرد بچنە ئێران و چەك و تەقەمەنی و هەموو پێویستییەکیان بۆ دابینکرا، ئینجا دەستە دەستە دەهاتنە خوار بۆ سەر پیاو خراپان.. کاتێك عەبدولکەریم قاسم هۆشی هاتەوە بەر، سەیری کرد کە ئەگەر دەسەڵاتی شیوعی بمێنێت خەتەری زۆر بۆ سەر دەسەڵاتی ئەو دەبێت، ناچار بوو دەستە جڵەوی بۆ توند کردن و لە شوێنی خۆیان ڕایوەستانن، کە عەبدولکەریم قاسم دەسەڵاتی شیوعییەکانی کەمکردەوە، پیاو خراپان و ئاژاوە چییان لە ترسی گورگە بۆر کونە مشکیان لێ بوو بووە قەیسەری. ئەگەر لە شوێنێك تەقەیەك، ڕەقەیەك ببوایە، پیاو خراپان و ئاژاوە چییان ڕایان دەکردەوە بۆ کولانەکەی خۆیان و دەیان وت: گورگە بۆرەیە..!!

ئەگەر دوو کەس بە یەکەوە ناخۆشییان لە نێواندا دروست ببووایە لایەنێك دەیوت: راوەستە؛ شەرت بێت بچمە لای گورگە بۆرەو وەك مار پێتەوە بدەم. بەلام دەلێی چی لەگەل مەرگ، هەر وەك خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا دەفەرموویت: (کـل نفـس ذائقـةُ المـوت) واتـا هـەموو گیاندارێك دەبێت تامی مردن بچێژێت.. بەرێز کاك ئەحمەدی خۆشەویست وەك خۆشەویستی هەموو کەس، لە مانگی (٢)ی سالی (١٩٧٠) لە رووداوێکدا شەهید بوو، خوای گەورە بە کەرەمی خۆی لەویش و لە هەموو موسولمانان خۆش بێت.. ئامین.

**ئەمە ناوی ئەو سەرچاوانەیە کە ئەم پەرتووکەیان لێ پێکهاتووە**

١-شاکیر فەتاح، گەشتی شارباژێر، ١٩٢٩.

٢-مینورسکی، کورد، ١٩٨٤.

٣-ئیدموندز، کوردو تورك و عەرەب، ١٩١٩.

٤-عەبدوللا ئەحمەد پشدەری، یاداشتەکانم، ١٩٩٢.

٥-ئەحمەد تەقی، یاداشت، ١٩٧٠.

٦-حسێن حوزنی موکریانی، رۆشنبیریی نوێ، ١٩٨٨.

٧-رەفیق حیلمی، یاداشتەکانم، ١٩٧٥.

٨-مەسعود محەمەد، گەشتی ژیانم.

٩-رەنگینی ژمارە (٥٥،٥٦)، ١٩٩٣.

١٠-محەمەد فیدا، فەقێ ئەحمەدی دارەشمانە، ١٩٨٧.

ئەمەش ناوی ئەم بەرێزانەیە کە وەك سەرچاوەیەکی مێژوویی وان کە زانیارییان لێ وەرگیراوە بۆ دەولەمەند کردنی ئەم پەرتووکە، کە ئێستا بەشی زۆریان لە ژیاندا ماون:

١-خالە باسی بێخری، نازناوی هەباسە کۆلە.

٢-حاجی خدری شیوه ڕەزی.
٣-ڕەسوڵی حەسەن ئاغای ئاودەشت، پشدەری.
٤-دیوانی ویسالی، ساڵی ١٩١٩.
٥-برایمی خدر ئاغای گەرمکان، پشدەری.
٦-عەلی حەسەن ئاغای ئاوکورتێ، نازناوی عەلی پاشا.
٧-مامۆستا شێخ بیلالی هێرۆ، ساڵی ١٦١٤ هیجری.
٨-مەلا ئەحمەدی ئاوەکێ، نازناوی فانی.
٩-عەلی حاجی عەبدوڵڵای شیوه ڕەزی، شیوه ڕەزی.
١٠-کاکە مەری میناغا، گرمەیتەری.
١١-حاجی میناغا، کەویە.
١٢-حاجی حەمە خانی شینوێ، ئێران.
١٣-سەفارەت خانەی تاران، ئێران.
١٤-سەفارەت خانەی ورمێ، ئێران.

زیاتر وەرگرتنی زانیاری دەربارەی شەڕی رووس، لە سەفارەت خانەی تاران و ورمێ بە هۆی بەڕێز مامۆستا ساڵحی کوڕی عەلی حەمە ساڵحی بیتووشییە، کە لێپرسراوی کۆڕی ئەدیبان و نووسەرانی شاری سەردەشتە. هەروەها حاجی حەمە خانی شینوێیش، یەکێک بووە لەبەشداربووانی شەڕی رووس.

١٥-مریەم حەسەن سوڵتان کە دایکمە و سەرچاوەیەکی مێژوویی بە توانا بوو کە تەمەنی (١٢٠ساڵ) دەبوو، زۆربەی زۆری شەڕەکانی بە چاوی خۆی دیبوو، بە تایبەتی شەڕی رووس و ئاوارە بوونی خەڵکی ئێران لە کاتی هێرشە دڕندانەکەی سوپای رووس کە تەڕو وشکی بە یەکەوە دەسووتاند، دایکم لە (٢٠٠١/٨/١٨) کۆچی دوایی کرد و بیرەوەرییەکانی لەگەڵ خۆی بردە ناو خاک.

**هەڵوێستی میراودەلییان لە شۆڕشەکانی شێخ مەحمود**

لە شەڕی جیهانیی یەکەمدا ئینگلیزەکان ویستیان عیراق لە ژێر حوکمی تورک دەربهێنن و داگیری بکەن، ئینگلیزەکان بەرە بەرە بە شەڕ هاتن تا بەغدایان گرت، لە بەغدایشەوە بەرەو کەرکوک هاتن، شێخ مەحمودیشبە لەشکرێکی (١٠٠٠) سوارەو پیادەوە لە عەشایەرە کوردییەکان پێشی بە لەشکری ئینگلیز گرت، بە ناوی ئەوەی سوپای ئینگلیز کوفرەو دەیەوێت خاکی کوردیی موسوڵمانان داگیر بکات، هەرچەندە لەمەو پێش تورکەکان شێخیان زۆر ئازار دابوو شێخ سەعیدو هاوڕێکانی لە لایەن تورکەوە شەهید کرابوون و لە شەڕی روسیشدا شێخ سەرکەوتنێکی گەورەی بە دەست هێنابوو، تورکەکان ئەم ازایەتییەی شێخ و عەشایەرە کوردییەکانیان پێ خۆش نەبوو.

کە رووسەکان لە پێنجوێنەوە ئەودیو سنوور کرانەوە، دووبارە تورکیا وەکو پیشەی هەمیشەیی کەوتەوە لێدانی کوردو کوشتنی چەند سەرەک هۆزێکی کوردو بە شەستتیر گوللە بارانی کردن، گوایا لە کاتی شەڕی رووسدا چەند گوندێکیان تاڵان کردووە، بەڵام ئەمە لە راستی بە دوور بوو. مەبەستی ئەوەبوو چاوی خەڵکی کورد بترسێنێت.. ئەم کردارانەی تورک بوو بە هۆی تووڕەبوونی شێخ مەحمود لە تورکەکان، کاتێک لەشکرەکەی (ژەنەراڵ مارشاڵ)ی ئینگلیز گەیشتە کەرکوک، شێخ نامەیەکی بۆ (وڵسن)ی حاکمی عیراق نووسی، لەم نامەیەدا داوای لێکردن ئینگلیز یارمەتیی بدات بۆ دامەزراندنی حکومەتێکی کوردیی لە سلێمانی. لە ژێر چاودێریی ئەواندا، واتا ئینگلیز.

تورک بە ناردنی ئەم نامەیە ئاگاداربوون و شێخیان گرت و پاش مەحکەمەکردنی بڕیاری خنکاندنی شێخیان دا بە ناوی ئەوەی شێخ خیانەتی لە دەوڵەتی عوسمانی کردووە، بەڵام لە ترسی راپەڕینی کوردو

لایـەن گرەکـانی پەشیمان بوونـەوەو ئازادیـان کـردو خـەڵاتو پارەیـەکی زۆریشیان دایە. لە تشرینی دووەمی (١٩١٨) گەڕایەوە سلێمانیو کردیانە قائیدی مەدەنیی ناوچەکـە. هـەر لـەم کاتـەدا خـەریکبوو شـەڕی جیهانیی یەکەم تـەواو ببێت، بۆیە تورکەکان دڵنەوایی شێخیان دەکرد، مەبەستیان ئەوەبوو شێخیان بە دەستەوە بمێنێت بۆ ترساندنی ئینگلیزو پاراستنی ناوچەکە لێیان، هەر بەم بۆنەیەوە پلەی نەقیبییان دایە. لەو کاتەوە بە شێخ مەحمودی نەقیب ناسرا.. لە تشرینی دووەمی (١٩١٨) ئاگر بەست شەڕی جیهانی ڕاگەیەندرا، ئیحسان پاشای سەرۆکی لەشکری ئۆردووی شەشەم لە عیراق بە ناچاری فەرمانیدا بە موتەسەڕیفی سلێمانی کە ئیدارەی ناوچەکە بداتە دەست شێخ مەحمودو خۆی دەرباز بکات. بەم جۆرە شێخ مەحمود بە نـاوی حکومـەتی عوسمانییـەوە بـوو بـە موتەسـەڕیفی سـلێمانی، دووبـارە نامەیەکی نارد بۆ ئینگلیزەکانو ئەمجارەیان داوای لێکردن کە بە بێ هیچ مەرجێك بێنە سلێمانی، ئینگلیزەکان ئەمەیان زۆر پێ خۆشبوو.

بەڵێنی هەمە چەشنەیان پێدا، ویلسۆن بە ناوی خۆیەوە (مێجەر نۆئێل)ـی نارد بۆ سلێمانی، کە ئەفسەرێکی شارەزای خاکی کوردستان بوو، بەم جۆرە ئینگلیز بە ئاسانیو بێ شـەڕو تـرس هـات بـۆ سـلێمانیو پێشـوازییەکی گەرمیشـیان لێ کـرد. مێجـەر نۆئێـل لـە تشـرینی دووەمـی (١٩١٨) لـە کۆبوونەوەیەکدا بە ناوی ویلسۆنی حاکمی گشتیی ئینگلیزەوە بەیعەتی بە شێخ مەحمودەوە کردو بوو بە حوکمداری کوردستان.

مێجەر نۆئێل بە هـۆی شێخ مەحمودەوە دەیویست دەسـەڵاتی خـۆی لـە ناوچەکەدا بچەسپێنێت. لە ٢٧ی تشرینی یەکەمی ساڵی (١٩١٩)دا مێجەر نۆئێل یاداشتێکی دایە ویلسـۆنو تێیدا دەڵێت: کـورد چـوار سـەد ساڵە گیرۆدەی دەستی تورکـەکانو دەیـان چەوسـێننەوە، بـا ئـەوانیش مافێکی خۆیان هەبێت، بەڵام هەوڵەکەی نۆئێل بێ سوود بوو. مێجەر نۆئێل زانیی کە

له بنەوە ئینگلیز خەریکە کوردستان پارچە پارچە بکات، بۆیە داوای لە ویلسۆن کرد نەقڵی بکات، ویلسۆن نەقڵی کردو (مێجەر سۆن)ی لە جێگادا دانا.

هەر لە یەکەم ڕۆژی هاتنی مێجەر سۆن بۆ سلێمانی، کەوتە دژایەتیی شێخ مەحمودو کەم کردنەوەی دەسەڵاتی.. ئەوانەی کە لەگەڵ شێخ مەحمود بوون، زۆربەیان پوولەکی بوون، بۆ پارەو دەسەڵات خەڵکێکی زۆر لە شێخ مەحمود هەڵگەڕایەوە، شێخ زانیی ئینگلیز دژایەتیی دەکات و مێجەر سۆن-یش لە لایەن ئینگلیزەکانەوە هاندراوە.. بۆیە لە سلێمانی هاتە دەرەوەو بە خۆ کەوتو نوێنەری ناردە لای هەموو سەرەك عەشایەرەکان و داوای هاوکاریی لێ کردن کە دژی ئینگلیزەکان شۆڕشێك بەرپا بکەن.. پێش هەموو عەشایەرەکان پشدەر واتا میراودەلی ئامادەیی خۆیان پێشاندا، هەباسی مەحمود ئاغا بە خۆی و (٦٠٠) چەکدارەوە چووە خزمەت شێخ، ئینجا کەریم بەگی فەتاح بەگی هەمەوەندو مەحمود خانی دزڵی و چەند عەشیرەتێکی تر. لەسەر بڕیاری شێخ مەحمودو سەرەك عەشیرەتەکانی تر، مەحمود خانی دزڵی بە (٣٠٠) چەکدارەوە بەرەو سلێمانی کەوتە ڕێ. مەحمود خان گەیشتە گوێژەی سنووری سلێمانی. مێجەر سۆن بەم لەشکر کێشییەی مەحمود خانی زانی، ناردییە لای شێخ و داوای لێ کرد کە مەحمود خان بە لەشکرەوە نەیەتە ناو شارەوە، لە وەڵامدا شێخ فەرمووی ئێمە ڕێگا لە موسوڵمانان ناگرین کە دەچنە زیارەتی کاك ئەحمەدی شێخ.

دووبارە مێجەر سۆن داوای لە شێخ مەحمود کردەوەو وتی: با مەحمود خان بەخۆی و سێ سوارەوە بە بێ چەك بێن بۆ خزمەت کاك ئەحمەدی شێخ، بەڵام شێخ ئەم داوایەی ڕەت کردەوە.

کاتێك مەحمود خان گەیشتە ناو شاری سلێمانی، شەڕو پێکدادان لەگەڵ ئینگلیز بەرپا بوو، لەگەڵ هەڵگیرساندنی شەڕ، سەربازە کوردەکان بە

چەکەوە خۆیان گەیاندە لەشکری مەحمود خان و لە (٢٣ی مایسی ١٩١٩) سلێمانی گیرا. مێجەرسۆن هەر کە زانیبووی مەحمود خان هەر دێت بۆ سلێمانی، بۆیە بەرەو کەرکوک هەڵهاتبوو (مێجەر گرینهاوس)ی لە شوێنی خۆی دانابوو. لە هەمان کاتدا کە شەڕ لە سلێمانی بەرپا دەبێت، لەشکری پشدەرو هەمەوەندو لەشکری دەستەی شێخ مەحمود، دەچنە تاسلوجەو ڕێگای کەرکوک-سلێمانی دەبەستن.

لەگەڵ بەرپابوونی شەڕ لە سلێمانی، لە کەرکوکەوە لەشکرێکی ئینگلیز بۆ پاڵپشتیی مێجەر گرینهاوس هاتبوو، لە تاسلوجە لەشکری ئینگلیز بەرەنگاریی لەشکری پشدەرو هەمەوەندو شۆڕشگێران دەبێت، لێیان رادەپەڕن و لە ماوەیەکی کەمدا لەشکرەکە بە هەموو کەلوپەلێکەوە خۆی بە دەستەوە دەدات.

ئەوانەی لەم شەڕەدا بەشداربوون لە میراودەلییان، وەك لێپرسراو، هەر یەکەو بەرپرسی (٥٠) چەکدار بوون:

١-ئەحمەدی قادر ئاغا. ٢-حەمەی عەلی ئاغا. ٣-رەشیدی عەلی ئاغا. ٤-بابەکری قادر ئاغا. ٥-بابەکری خدری ئەوڵا ئاغاو چەند میراودەلییەکی تریش؛ وەکو بەرپرسی چەکدار بەشداریی ئەم شەڕەیان کردووە، کە ناویان نازانم.

لە هەمان کاتدا ویلسۆن داوای لە شێخ مەحمود کرد کە بێتە بەغدا بۆ وتووێژ. بەڵام شێخ داواکەی رەت کردەوەو نەچوو، لەبەر رەتکردنەوەی ئەم گفتوگۆیە، ئینگلیز لەشکرێکی بەهێزی تری لە کەرکوکەوە نارد، لە ڕێگادا دیسانەوە بەرەنگاری شێرە پیاوانی پشدەرو هەمەوەندو شۆڕگێڕان بوونەوەو لە ماوەیەکی کەمدا بە کوژراوو بریندارو تاڵانێکی زۆرەوە بەرەو کەرکوک گەڕانەوە، شێخ مەحمود دەیزانی کە ئینگلیز بۆ کرینەوەی سومعەی خۆی زەربەیەکی گەورە دەوەشێنێت. بۆیە ناردیە لای سەرەك

عەشیرەتەکان کە لەشکری بۆ بنێرن، لە هەموو لایەکەوە لەشکر گەیشتە سلێمانی و لەوێوە بەرەو دەربەندی بازیان. لەوێ لەشکری شێخ واتا لە دەربەندی بازیان خۆیان لە سەنگەردا ئامادەی رۆژی مان و نەمان کردو چاوەڕوانی هاتنی لەشکری ئینگلیزیان دەکرد. شێخ و لەشکرەکەی دڵنیابوون کە گەرووی دەربەندی بازیان دەبێتە گۆڕستانی ئینگلیز، بەڵام وەك بەرێز ئەحمەد تەقی لە یاداشتەکانیدا دەڵێت: شێخ هەرگیز بیری لەوە نە دەکردەوە کە یەکێك لە دۆستەکانی خۆی ناپاکیی لەگەڵدا بکات بە ناوی (موشیری حەمەی سلێمان) بەگی بەگزادەی هەمەوەندی کە شێخ بۆ خۆی کردبووی بە سەر لەشکری سوارەی چەمچەماڵ، کە پێش لەشکری ئینگلیز بکەوێت و بیهێنێتە سەر شێخ.. شێخ ئەوەندەی زانی لە بەرە بەیانی رۆژی (٨ی حوزەیرانی ١٩١٩) پشت و پێشی لێ گیراو لە ئاسمانیشەوە فڕۆکە ئاگر بارانی دەکردن، لەم شەڕەدا شێخ دوو جار بریندار بوو، لە دواییدا بە برینداری بە دیل گیرا، ئەم شەڕە شەڕێکی دەستەو یەخە بوو کە خەنجەرو چەقۆو مست و دار بەکار هاتبووو تێك رژان بوو..

زیانەکانی ئەم شەڕە کوژرانی (٤٨) قارەمان و (١٢٠) کەسیش بە دیل گیرا، ئەم خیانەتە بووە هۆی لەشکری شێخ و شێخ و لەشکرەکەی شکان..

لەم شەڕەو چەندین شەڕی تریشدا میراودەلییان بەشدارییان کردووەو پاڵپشتی لەشکری شێخ بوون.. بە وتەی مێژوو نووس حسێن حوزنی موکریانی لە رۆشنبیریی نوێی ژمارە (١٢٠)ی کانوونی یەکەمی ساڵی (١٩٨٨)دا دەڵێت: هەر کاتێك میراودەلیی پشدەر پشتی شێخیان بگرتایەو هاوکاریی لەشکری شێخیان بکردایە، شێخ باوی بوو، ئەگەر پشتیان لێ بکردایەتەوە ئەوا لە شکستدا بوو.

میراودەلی بەشداریی شەڕی دەربەندی بازیان و تاسلوجەو سورداش و کۆتەل و تابین و گەلێك شوێنی تر، لە سەرووی هەمووانیشەوە دەربەندی

رانیه، کە چوونو چ کارەساتێکیان بە سوپای ئینگلیز کرد، بە رابەرایەتیی هەباسی مەحمود ئاغا. وەکو ئەوەی من زانیومەو بیستوومە، ئەم بەرێزانە وەکو بەرپرسی لەشکر سەرپەرشتیی هەر یەکەو بەر پرسی (٥٠) تا (٧٠) چەکدار بوون، وەك:

١-حسین ی حەسەن ئاغای کۆنە گەناوی. ٢-حەسەنی رەشید ئاغا.
٣-بابەکری قادر ئاغا. ٤-ئەحمەدی وەتمان ئاغا. ٥-رەسوڵی مام ئاغا.
٦-بابەکری خدری ئەولا ئاغا. ٧-حەمەی عەلی ئاغا. ٨-بابەکری رەسوڵی قادر ئاغا. ٩-سەلیمی مەمەند ئاغا. ١٠-ساڵحی ئەحمەد ئاغا.
١١-حەسەنی جوانمێر ئاغا.

(هاتنی سمکۆ بۆ پشدەر)

پێش ئەوەی سمایل ئاغای شوکاك لە حکومەتی رەزا شا قاچاغ ببێتو بچێتە دەرەوە. جەوهەر ئاغای برای سمکۆی شوکاك کە لە گوندی (چاریە)ی ئێران دادەنیشت. جەوهەر ئاغا لە سەردەمی خۆیدا دەسەڵاتدارێکی بێ وێنە بووەو حوکمرانی زۆربەی زۆری شارۆچکەو گوندەکانی دەوری تەورێزیشی دەکردو بەشێکی زۆریش لە شاری تەورێزی خستبووە ژێر رکێفی خۆیەوەو بەرهەڵستیی حکومەتیشی دەکرد، بەلام لە دواییدا لەگەڵ بەرپرسێکی حکومەت تێکچوو، کە ناوی (عەلی نیزام) بوو. عەلی نیزام دەستپێشخەریی خۆی کردو جەوهەر ئاغای کوشت.. یەکەم لە ترسی خۆی. دووەم بە دەسیسەی حکومەت. کە جەوهەر ئاغا کوژرا، سمایل ئاغا لە حکومەت هەڵگەرایەوەو لە هەر شوێنێك سەربازو پیاوانی حکومەتی دەست بکەوتایە دەیکوشتن.

وەك دەگێرنەوە کە سمایل ئاغا سەربازی دەگرتو ریزی دەکردنو تفەنگی ساڵداتی لێ تاقی دەکردنەوەو دەیوت ئاخۆ چەند سەرباز بەسەر یەکەوە

دەپێکێ و بە گوللەیەك چەندیان دەبڕێت.. بەم شێوەیە تەنگی بە حکومەت هەڵچنی. لە دوای چەند شەڕو پێکدادانێك لەگەڵ حکومەت، حکومەت چەند کەسێکی دژی سمایل ئاغا وەك جاش بە کرێ گرت و بە شوێن سمایل ئاغادا دەگەڕان. تا وای لێهات ناچار بوو پەنای بۆ عەشایەرە کوردەکانی عێراق هێنا بە خۆو (٧٠) سوارەوە پێشەکی بەرەو خۆشناوەتی هات و میوانی جەمیل ئاغای بەحرکە بوو. کاتێك کە دەگاتە بەحرکە میراودەلی بە (٥٠) سوارەوە بۆ پێشوازیی دەچنە رانیە. بە هاتنی سمایل ئاغا بۆ کوردستانی عیراق، شێخ مەحمود بە وتەی هەندێك لە مێژوو نووسان (١٥٠٠)و بە وتەی هەندێکی تریش (١٠٠) لیرەی بۆ ناردووە، بۆ خەرجیی خۆی و سوارەکانی. پاش چەند رۆژێك لە بەحرکەوە بەرەو بیتوێن دەکەونە رو میوانی سوارە ئاغای سەرچەمە دەبن.

لە پاش چەند رۆژێك سمایل ئاغا لەگەڵ ئەو کۆمەڵە سوارەی کە بۆ پێشوازیی چوو بوون، بەرەو پشدەر دەکەونە رێ، لە پێشەوە میوانی بابەکر ئاغا دەبن و ئینجا میوانی هەباس ئاغا دەبن. هەر لە پشدەر ماوەیەکی زۆر دەمێنێتەوەو میوانی چەند میراودەلییەکی تریش دەبن، تا رۆژێکیان میواندارییەکی زۆر گەورەو قەرەباڵغ دەبێت، بابەکری هۆمەر ئاغای دێگە لەبەر ئەوەی جێگا و رێگای باشی دەبێت و خوا پێداویش دەبێت. ئەم میواندارییە دەگرێتە ئەستۆی خۆی. لە کاتی مانەوەی لە پشدەر لە ناو میراودەلییان چی پێویستییەکی هەبوو بۆیان جێبەجێ کرد، لە دواییدا داوا لە میراودەلییەکان دەکا تا لەگەڵیدا بچنە لای شێخ مەحمود، لە (١٩٢٣/٢/٢٣) لەگەڵ کۆمەڵێك میراودەلی سواربوون بەرەو سلێمانی بۆ لای شێخی مەزن، بە گەیشتنیان بە سلێمانی، شێخ مەحمود پێشوازییەکی زۆر گەرمی لێ کردن.

## هەڵوێستی عەشیرەتی میراوەدلی لە شۆڕشی ئەیلوولی ١٩٦١


حەمەی کانەبی ئاغا

هەر وەکو هەمووومان دەزانین کە ڕژێمی پاشایەتیی لە ساڵی (١٩٥٨) هەرەسی هێناو کۆتایی بە دەسەڵاتی هاتو عەبدولکەریم قاسم دەسەڵاتی عیراقی گرتە دەست، لەم هەلومەرجەدا چەند گۆڕانکارییەک هاتە کایەوە، یەکێک لەوانە عەبدولکەریم قاسم بەڕێز مەلا مستەفای لە (١٣) ساڵ ئاوارەیی هێنایەوە عیراقو لە بەغدا شوێنی حەوانەوەی پێشانداو ڕێزی تایبەتیی لێ گرت. لەم هەلومەرجەدا ماوەیەک بەرەڵڵایی و پاشاگەردانی پەیدا بوو، هەر کەسێک لە ماڵ بهاتایەتە دەرەوە هێتلەرێک بوو بۆ خۆی. جا لەم کاتو ساتەدا شۆڕە سواری مەیدانەکە حیزبی شیوعیی بوو، جا وەرە موسوڵمانینە شوانی مێگەلە مەرەکەت گورگ بێتو خێری لێ ببینیت.. لەو بوارەدا حیزبی شیوعیی دوو بەرەکیو تەفرەقەیەکی زۆر خراپی خستە ناو جەماوەری کوردستان بە پاڵپشتیی دەسەڵاتی عەبدولکەریم قاسم.

ڕۆژگار وای لێهات هەندێ لەفەرمانبەرانی حکومەت بوو بوون بە شیوعیی و دەستی ئاژاوەیان تێوەرداو فەرمانی زۆر ناڕەوایان بەسەر خەڵکی ڕەشو ڕووتو سەرەک هۆزەکاندا دەکرد. کاتێک مەلا مستەفا لە ئاوارەیی لە ڕووسیا گەڕایەوە، زیاتر لە (٨٥) کەس لە سەرەک هۆزەکانی کوردستان کۆبوونەوەو بڕیاریان دا بچن بۆ بەغدا بۆ بەخێر هاتنەوەی، بە بۆنەی هاتنەوەی لە ئاوارەیی و داوایشی لێ بکەن کە شۆڕشێک بەرپا بکات

دژ بە حوکمی شیوعیی بوەستێتو کوردستان لە ژێر پۆستاڵی حوکمی شیوعیی دا ئازاد بکەن. ئەوە بوو لەسەر بەرنامەی ئەم کۆبوونەوەیە زیاتر لە (٨٠) کەس لە ناودارانی کوردستان کۆبوونەوەو رۆیشتن بۆ بەغداو سەردانی بەڕێز بارزانییان کردو خۆشحاڵیی خۆیان پێشاندا، بە گەڕانەوەی بۆ عیراقو بە تایبەتی بۆ خاکی کوردستانو شاد بوونەوەی بە گەلی کوردو کوردستان.



حوسێنی حەسەن ئاغای کۆنە گەنەو

لە دانیشتنەکەدا داوایان لە بارزانی کرد؛ کە پێویستە هەر لە ئێستاوە شۆڕشێك بەرپا بکەین بە رابەرایەتیی بەڕێزت، بارزانی بەرپاکردنی شۆڕشی پێ باش بوو، بەڵام بارزانی وتی: من پێم باشە سەبر بگرینو بزانین چۆن دەبێتو گۆڕانکاریی دیکە بەرپا نابن، زیاتر لە بەرژەوەندیی گەلی کورددا بن، بەڵام ئامادەبووان رازی نەبوون بە سەبرگرتنو وتیان تا زووە هەڵسەو خەریك بەو تەشکیلات دابمەزرێنە، ئێمەش وەك عەشایەر تاو دەدەینە چەكو سەنگەر دەگرینو پەلاماری دامو دەزگاکانی حکومەت دەدەین، بارزانی فەرمووی کە هێندە سوورن بۆ بەرپا کردنی شۆڕش، باشە لە پێشدا لە کوێ دەست بە هەڵگیرساندنی شۆڕش بکەین..؟!

لە وەڵامی بارزانیدا نوێنەری هۆزی میراودەلیی پشدەر وتی: لە پشدەرەوە دەست پێ دەکەین.. ئەمجا هەباسی مەمەند ئاغای سەرتەپکانو سوارە ئاغای سەرخمەو یەکە یەکە نوێنەرانی هەموو هۆزەکان ئامادەیی خۆیانیان پێشاندا، ئینجا لە دوای کۆتاییهاتنی زیارەتی بارزانی دوعا خوازییان لە

بارزانی کردو گەڕانەوە بەرەو کوردستانو بڕیاریاندا هەر بە پەلە هەر کەسەو لە ناو تیرەو هۆزی خۆی تەشکیلاتو تەنزیماتی خۆیان بکەنو چەکو تەقەمەنیی زیاد بکاتو خۆ ئامادە بکات بۆ ڕۆژی دیاریکراو.. ئەوە بوو کە نوێنەری میراودەلییان گەڕایەوەو گەیشتەوە پشدەرو لە هەموو لایەکەوە میراودەلییان چەکو تەقەمەنیيان زیاد کردو ئاگاداری ناوچەی قەڵادزەيان کرد؛ کە ئەوانیش دەست بەکار بن بۆ پتەوکردنی ڕیزەکانیان. ئەوەبوو میراودەلیی پشدەر هێزێکی چەکداری باشیان کۆکردەوەو بەرەو دۆڵی خەلەکان ڕۆیشتنو لە چەند شوێنێ جیاجیا لە سەر جادەی خەلەکان کەمینو بازگەيان دانا. کاتێك میراودەلییان دەرگایان شکاندو دەست پێشخەرییان کرد بۆ هەڵگیرساندنی شۆڕش، ئەوجا هۆزی ئاکۆ بە سەرۆکایەتیی هەباسی مەمەند ئاغاو هۆزی پیران بە سەرۆکایەتیی سمایلی سوارە ئاغاو مەحمودی کاکە زیاد لە دۆڵی خەلەکان سەنگەرییان گرتو شان بە شانی هێزی میراودەلییان ئامادەی ڕۆژی جەنگ بوون.

لە دوای ڕاگەیاندنو بەرپا بوونی شۆڕش لە دۆڵی خەلەکان، هۆزە جیاجیاکانی تریش لە نزیك شوێنە نزیکەکانی خۆیان سەنگەریان گرتو ئامادەی هاوکاریی شۆڕشی خەلەکانیان کرد.

ئەوە بوو لە دەربەندی بازیان دەستەی شێخ فەتاحی عەودالانو شێخ تەیفووری سەرگوڵو کوڕانی شێخ عەبدولکەریمی شەدەڵەو حاجی حەمە ئەمینی قەرەوەیسیو حاجی ئیبراهیمی چەرمەگاو کوێخا سمایلی تەلانو شێخ ڕەئووفی هەنجیرە.. لە دەربەندیخان-یش هۆزی جاف بە هەموو تیرەکانیانەوەو حەمە ڕەشید خانی شلێرو حەمە سەدیق خانی میشاو، لە ئەزمڕو سەرسیری چوارتایش، هۆزەکانی شیوەکەڵو سیوەیلوناوچەی ماوەتو چەکدرەکانی حیزب، واتا پارتی دیموکرات لە کادیرو پسپۆڕانی شارەزا لە سەفین کۆ بوو بوونەوە بە مەبەستی ئەوەی ئەو شوێنانەی کە

لەشكری عەشایەری لێیە چەند كادیری پسپۆڕی بۆ بنێرن، بۆ ئەوەی شەڕەكانیان بە نیزام و بەرنامە بێت.

كاتێك حكومەت بەم جموجووڵەی عەشایەری زانی، داوای نوێنەرانی هۆزەكانی كرد، بە تایبەتی هۆزی میراودەلیی پشدەر، ئەوە بوو بابەكری حاجی ئاغاو مەسعودی مەلای كۆیە، بە نوێنەریی هەموو عەشایەرەكانی كوردستان بۆ بەغدا چوون بۆ وتووێژو چارەسەری ئەم گرژی و ئاڵۆزییەو گەورە نەبوونی، بەڵام لە دوای چەند دانیشتنێك، دانشتنەكان بێ ئاكام بوو، لەم ماوەیەشدا حكومەت نەیدەویست گرژییەكە ئاڵۆزتر ببێت و لە نێوان رانیەو دووكانیشدا هاتوچۆی حكومەت پسابوو..

كە هێزەكانی پشدەرو بیتوێن زانییان حكومەت لە نێوان رانیەو دووكاندا هاتوچۆی نییە، وردە وردە هێزە چەكدارەكانیان گێڕایەوە بەرەو دەربەندی رانیەو كێوەڕەش. ئەو چەكدارانەی كە لە دۆڵی خەلەكان گەڕانەوە لە بناری شاخی كێوەڕەش و بنەی بنسووری جێگیر بوون و كەمین و رەبایەیان هەڵكەندو بازگەیان دانا.

هێزی میراودەلییان بە لێپرسراویی حسەین ی حسەن ئاغای كۆنە گەناوی، لە كەلێنی دەربەندی رانیە بەرەو بناری شاخی كێوەڕەش دابەش بوو بوون و هێزێكی حیزبیشیان بە لێپرسراویی حەمەی كا نەبی ئاغا لەگەڵ بوو، كە ئەو كاتە حەمە ئاغا ئەندام ناوچەی قەڵادزە بوو.. لەو كاتەی كە هێزی پشدەرو بیتوێن بەرەو رانیە دەگەڕێنەوە، دەستەیەك خۆ فرۆش و نیشتمان فرۆش خەبەر دەدەنە حكومەت و دەڵێن؛ شەش چەكداری پشدەر لە گوندی باداوان بەجێماون. حكومەتیش بە هەڵی دەزانێت و هێزێكی گەورەیان دەنێرێتە سەر بۆ گرتنیان، كاتێك كە هێزەكەی حكومەت دەگاتە باداوان، ئەم شەش چەكدارە لێیان رادەپەڕن و پێشیان پێ دەگرن و دەبێتە شەڕێكی زۆر گەرم، لە دوای دوو بێ سەعات حكومەت دەشكێت و


هۆمەری باپیر ئاغای نوردەدینی

کەلوپەلێکی زۆری سەربازیی پێ بەجێ دەهێڵن و دەستکەوتێکی باشیان دەبێت..

کاتێک دەنگی ئەم شەڕەی شۆڕشگێڕان بەناو خەڵکی کوردستاندا بڵاو بووەوە، کۆمەڵێک خەڵکی سلێمانی کە دەنگی ئەم شەڕە دەبیستن زۆر خۆشحاڵ دەبن و هەستی نەتەوایەتی دەیان جووڵێنێت و دەیانەوێت ئەم شۆڕشگێڕانە ببینن، دەستەی ناوبراو سواری سەیارە دەبن و بەرەو خەڵەکان دێن، کاتێک سەیارەکە دەبینن و نزیکی شۆڕشگێڕان دەبن، دەست دەکەن بە هەلهەلەو چەپڵە لێدان، دەگەنە بازگەی شۆڕشگێڕان، واتا ئەم شەش کەسەی کە لەسەر جادەن.. سەیارەکە دەگاتە بازگەی ئەم شۆڕشگێڕانەو راناوەستێت و نازانێت بازگەیە، یەکێک لەم شۆڕشگێڕانە بە ناوی (عەلی هەڵێس) تەقەیان بە سەردا دەکات بۆ ئەوەی رابوەستن، فیشەکێک بەر لاقی زەلامێک دەکەوێت و بریندار دەبێت.عەلی هەڵێس کە دەزانێت زەلامێکی بریندار کردووە، هەڵدێت بۆ شاخ لەو کاتەدا ئەحمەدی سەلیمی حاجی ئاغا لەوێ دەبێت، وەکو شۆڕشگێڕ دوای دەکەوێت و دەیگرێت و دەیهێنێتەوە بۆ بنکەو دایدەنێت تا ئاکامی ئەم بریندارە بە شوێنی خۆی دەگات.

پاش چەند رۆژێک بابەکری مەحمودی حاجی ئاغا چەند کەسێکی ریش سپی دەنێرێتە لای کەسوکاری بریندارەکە بۆ سوڵحکردن، بەڵام کەسوکاری بریندارەکە عەلی هەڵێس دەبەخشن و ئازادی دەکەن، کە چەکداری بابەکری

مەحمودی حاجی ئاغای هێرۆ دەبێت. لە دوای شەڕەکە، رێکەوتی (١٢/٩/١٩٦١) لە کاتی وەتمان کۆبوونەوەی شۆڕشگێڕان دەکرێت، لەو کاتەدا فڕۆکە دێتە سەر ناوچەکەو بۆردومانی کۆبوونەوەکە دەکات، کە لەو بۆردومانەیشدا چەند سەیارەیەکی شۆڕشگێڕان تێك دەشکێت و چەکدارێکی هەباسی مەمەند ئاغا شەهید دەبێت.. لە دوای شەڕی خەلەکان و گەڕانەوەی هێزی چەکدار بۆ ناوچەی پشدەرو رانیە، لێپرسراوان و لایەنگرانی ناوچەی قەڵادزە لەگەڵ مەمەندی سەلیم ئاغای سەرتەپکان بڕیاردەدەن کە دائیرەی پۆلیسی قەڵادزە تاڵان بکەن بە هەموو کەلوپەل و تەقەمەنییەکانییەوە، ئەم بڕیارە نهێنییە گەیشتە تەواوی میراودەلییان، دەستەیەك لە ریش سپییانی میراودەلی داوایان لە لێپرسراوی ناوچەی قەڵادزە کرد کە عەبدوڵڵای مام ئەحمەد بوو، لەگەڵ مەمەندی سەلیم ئاغا کە هەر کەلوپەل و تەقەمەنییەك لە ناو دائیرەی پۆلیسی قەڵادزەدا بێت، دەبێت بگەڕێتەوە بۆ تەواوی میراودەلی و حیزب، جا لەسەر ئەم بڕیارە میراودەلییان ئەوەی لە ناو دائیرەکەدا بوو تاڵانیان کردو بەسەر هەردوو لادا بە یەکسانی دابەشکرا، لە هەمان کاتدا لێپرسراوی پۆلیسی قەڵادزە پیاوێکی زۆر باش و کورد پەروەر بوو بە ناوی (ئەحمەد قادری چەرمەگایی).. کاتێك دائیرەکە تاڵانکرا بەڕێز کاك ئەحمەدی قادری خۆی و براکەی بە ناوی کاکە حەمە، هەردووکیان هاتنە (گوێزیلە) ماوەیەك لە دیوەخانی مەمەندی حاجی خدر ئاغا مانەوە، تا پەیوەندییان کرد بە حیزبەوەو بوون بە پێشمەرگە. لە دوای تاڵانکردنی دائیرەی پۆلیسی قەڵادزە حکومەت هێزێکی زۆری سەربازی لە شاری رانیە کۆکردەوەو ویستی بە دەسەڵاتەوە بێتەوە قەڵادزەو لە کاتی دیاریکراوی خۆیاندا بەرەو قەڵادزە هات، بەڵام لە شاخی (بنەی بن سووری) تووشی بوو بە تووشی هێزی پشدەرو بیتوێن، هێزەکانی حکومەت هەر ئەوەندەی خۆشبوو تا گەیشتە هێزەکانی پشدەرو بیتوێن، تووشی شەڕێکی سەخت و



حەمەی عەباسی هۆمەر ئاغا

، هێزەکەی حکومەت بە شێوەیەک سەری لێ شێوا بوو کە نەیدەزانی بەرەو کوێ بچێتو جێ نەمابوو خۆی تێدا بگرێت، پاشان لە دوای چەند سەعاتێك شەڕ، هێزەکەی حکومەت شکاو بە کوژراوو تالأنێکی زۆرەوە بەرەو رانییە گەڕایەوە، یەکێك لە دەستکەوتەکانی ئەم شەڕە، دوو زیلی سەربازی بوون، یەکێکیان خوالێخۆشبوو (خدری حەسەنی خانمی مەرەسەنە) بردی بۆ بێشەلأنی (شێخ کۆڕپە) کە لە سنووری گوندی کەڵەکانو ناو دەشتێدایەو مەزارگای پیاو چاکێکە. زیلەکەی دیکەیان بەرەو سەرتەپکانی هەباسی مەمەند ئاغایان برد، لە بن شاخی حاجیلە گازی لێ دەبڕێتو دەمێنێتەوە، لەم کاتەدا هێزێکی هەباسی مەمەند ئاغا لەو ناوە دەبێتو هێزێکی ئاغای بایزی باڵوو ئاغا لەسەر شاخی حاجیلە دەبێت. کاتێك حکومەت دەزانێت زیلەکە لە بن کێوی حاجیلە بەجێماوە، هێزێکی سەربازیی بۆ دەنێرێت بۆ هێنانەوەی زیلەکە، بە گەیشتنی هێزی حکومەت بۆ بن شاخی حاجیلە تووشی شێرە پیاوانی بیتوێن دەبنو دەکەونە شەڕێکی سەختەوە، پاش

چەند سەعاتێك شەڕ ، هێزەکەی حکومەت بە پەلە پرووزەو دەستی بەتاڵو زەرەرو زیانێکی زۆرەوە، بەرەو رانیـە دەگەڕێتـەوە. لـەم شـەڕەی بنـەی بنسووری ئەم شۆڕشگێڕانە لە هێزی پشدەر بریندار بوون:

١-حسێنی حەسەن ئاغای کۆنە گەناو، کە لێپرسراوی هێزی پشدەر بوو.

٢-هۆمەری بایـیر ئاغـای نورەدینـی، یـەکێك بـوو لـە شۆڕشـگێڕان و لـەم شەڕەدا چاوێکی لە دەست دا.

٣-حەمەی هەباسی هۆمەر ئاغای چۆمی کانیان.

٤-چەکدارێکی مەمەندی حاجی خدر ئاغای گوێزیلە بە ناوی حوسێنە چەنگە، خەڵکی قەلەڕەشەی ئێران بوو.

٥-چەکدارێکی بایپری بابەکر ئاغای نورەدینی بە ناوی کاك حسین.

٦-حەمەی مەلا حەسەن بەبرینداری بەدیل گیرا، بەڵام لەدواییدا ئازاد بوو.

هێزەکەی حکومەت هەر ئەو رۆژە کە گەڕایەوە رانیە، بۆ جاری دووەم هێزەکانی خۆی رێکخستەوە بە مەبەستی رۆیشتن بەرەو قەڵادزە، بەڵام هێزی پشدەر لەسەر جادەی قیر نزیك گوندی قورە گۆیە کەمینێکیان بۆ هێزەکەی حکومەت نایەوە، کە هەر ئەوەندەی خۆشبوو تا کەوتە ناو کەمینەکەوە، ئەمجارە زۆر لە جاری پێشوو خراپتر شکستی هێناو بە پەلەقاژەیەکی زۆر خراپ رزگاری بووو بەرەو رانیە گەڕایەوە..

**(کودەتای ١٤ی تەممووز)**

هەر وەکو لای هەمووومان روونو ئاشکرایە، کەوا رژێمی پاشایەتی لە عێراق دەسەڵاتێکی زیاد لە پێویستیی هەبوو، لەبەر ئەوەی سەر بە دەوڵەتە رۆژئاواییەکان بوو. پشتیوانیی تەواویان لێ دەکرد، بەڵام لە ناوەوەی عێراق چەند گرۆیەکی سیاسیی هەبوون بەرەیەکی سیاسییان پێکهێنابوو بۆ رووخاندنی رژێمی پاشایەتی کاریان دەکردو هەوڵی کودەتایەکی

سەربازییان دەدا، ئەوەبوو (١٤)ی تەمموزی (١٩٥٨) کودەتاکە هەڵسا بە کاری خۆی‌و بە سەرۆکایەتیی عەبدولکەریم قاسم سەرکەوت، لە کوردستانی عیراقیش دوو گرۆی سیاسی کاریان دەکردو بەشداربوون، بۆ ئەم کودەتایە، ئەویش پارتی دیموکراتی کوردستان‌و حیزبی شیوعیی عیراق بوون، بەڵام لە راستیدا عەبدولکەریم قاسم لە کوردستاندا دەسەڵاتێکی زۆری دایە دەست شیوعییەکان‌و دەستە جڵەوی بۆ شلکردن.



حاجی مەحمود ئاغای هیڕۆیە

شیوعییەکان کە ئەم دەسەڵاتەیان وەرگرت، دەستە جڵەویان بۆ شلکرا، دەستیان کرد بە دژایەتیکردنی هەموو چین‌و توێژەکانی خەڵکی کوردستان، بە تایبەتی خاوەن زەوی‌و زارو خوا پێداوەکان، تاوایان لە خۆ کرد؛ هەموو خەڵکی کوردستان بوون بە ناحەزیان‌و دژایەتییان دەکردن، شیوعییەکان پەیتا پەیتا دوژمنکارییەکەیان زیادی دەکرد، تەڕو وشکیان بە یەکەوە دەسووتاند.

ئەوەیە پێشینانمان وتویانە؛ هەموو پەتێك لە باریکیدا دەبچڕێت، بەڵام پەتی زوڵمو زۆری لە ئەستووریدا دەپسێت.

لەم هەلومەرج‌و رۆژگارەدا، چەند کەسانێکی زیرەك‌و زمان لووس‌و هۆشمەند خۆیان خزاندە ناو شیوعییەکانەوە بۆ بەرژەوەندیی گیرفانی خۆیان.

چەند خەڵکانێکی نەزان و نەفام و ساویلکە و نەخوێندەواریان لە خۆ کۆکردەوە، بۆ بەرژەوەندیی خۆیان هەڵیان دەسووڕاندن، کۆمەڵ کۆمەڵ کۆیان دەکردنەوە و دوا خۆیان دەخستن و وتاری وایان بۆ دەخوێندنەوە؛ دەتوت هەر ئێستا بە لێشاو پارە دەبارێت.

جار جاریش وتاربێژ دەیوت چیتان دەوێت ئەی هەژار، کۆمەڵە نەزان و هەژارەکەیش بە یەک دەنگ دەیانوت دابەشکردنی زەوی و زار بە گوریسەکەی دوانزە باڵ.

لە پڕ دەبوو بە چەپڵە لێدان و چەپڵە ڕێزان دەنگی دەدایەوە، لەو کاتەوە ساڵی (١٩٥٨) بووەتە ساڵی (چەپڵە).

ئەم خەڵکە ساویلکە وایان لێهاتبوو لەبەر چەپڵە و هات و هاوار بێ کار و کاسبی مابوونەوە، ئەم خەڵکە نەفام و نەزانە وایان لێهاتبوو کاربەدەستان و لێپرسراوانی شیوعییەکانیان وەک بت دەپەرست، بۆ نموونە ڕۆژێکیان کابرایەکی شیوعی بە ناوی (ڕەئیس مستەفا) دێتە شاری قەڵادزە، شیوعییەکانی قەڵادزە ڕەیس مستەفایان لەسەر شان دانا و بە ناو بازاڕی قەڵادزەدا تا گەیاندیانە بنکەی پۆلیسخانەی قەڵادزە. لەوێوە بەرەو بارەگای شیوعییەکان.

کابرای شیوعی لە هەموو ژیانیدا قەت وای بە خۆوە نەدیبوو، لەسەر شانی شیوعییەکان زیاتر خۆی قیت دەکردەوە و ملی درێژ دەکرد و لە وتارەکەیدا وای دەردەخست کە لە ماوەیەکی کەمدا هەموو ماڵێک دەبێتە خاوەنی زەوی و زار و کۆشک و تەلار و سەروەت و سامان و هەموو شتێک.

لە هەمان کاتدا کار بە دەستانی میری لە شاری قەڵادزە بەشی زۆری شیوعی بوون، بە تایبەتی قائیمقام کەوتە دژایەتیی میراودەلییەکانی پشدەر و کوێخاکانی مەنگوڕ و مامەش و کەسانی خاوەن بنەماڵە و نفوز بە

تایبەتی ئەوانەی کە سەر بە پارتی بوون، چونکە پارتی ئەو هاتو هاوارەی نەبوو. قائیمقام دەستی کرد بە ئاژاوە نانەوەو دووبەرەکی لە نێوان خاوەن زەویوزارو کرێکارو دووکاندارو خوا پێداوەکاندا.

قائیمقام بەوە شەوە نەوەستا کەوتە گرتنو ئیهانەکردنی میراودەلییەکان، بە شێوەیەکی زۆر ناشەرعییانە، رۆژێک لە پڕ بێ هیچ تاوانێک حاجی مەحمودی حاجی ئاغاو شێخ حسێنی حاجی سەید گوڵو میناغای گربداغ دەگرنو رەوانەی بەندیخانەیان دەکەن، جگە لە میراودەلییەکانی پشدەر زۆری تر لە پیاوە ناودارو سەرەک هۆزەکان دەگرنو رەوانەی بەندیخانەیان دەکەن.

میراودەلیی پشدەر بە گرتنی ئەم سێ کەسە ناودارە، کۆبوونەوەیەکی کتوپڕ دەکەنو چەند چەکدارێک دەنێرنە ئێران، بەڵام لە ناو بەندییەکانی میراودەلییان، حاجی مەحمود ئاغا رەوانەی بەندیخانەی سلێمانی دەکەنو لەوێیشەوە بەرەو بەندیخانەی کەرکوك، شەوێك لە بەندیخانەی خانەی کەرکوك دەمێنێتەوەو بۆ بەیانی رەوانەی بەندیخانەی بەغدای دەکەن، پاشان رۆژی دواتر بەیانی رەوانەی بەندیخانەی (دیوانییە)ی دەکەن وەك نەفیکردن، لە دیوانییە شوێنی نوستنو حەوانەوەی پێشان دەدەنو ماوەی سێ مانگ دەمێنێتەوە، زیاتر لە (٣٠٠) کەسی ناوداری سەرەك هۆزەکان لەسەر بڕیاری شیوعییەکان نەفی دەکرێنو لەو دیوانییە دەست بەسەر دەبن..

خوێنەری بەڕێز ئەگەر راستەوخۆ راستیو کردارو رەفتارە نەفامەکانی شیوعییەکانی (١٩٥٨) بخەمە بەرچاوی خوێنەرو بینەرو بیستەران، ئەوە خەڵکی ئەم سەردەمە بێزیان لە رەفتارەکانیان دەبێتەوەو خاوەنەکانیشیان عەرەقی شەرمەزاری دەسڕنەوە، کە چ کردارێکی نا شەرعییان کردووە.

( چاوپێکەوتنی کۆمەڵێک گەنجی میراودەلی بە بابەکر ئاغا لە گردە سپییان )

هەر وەکو لە دوای هەرەسهێنانی رژێمی پاشایەتیو هاتنی حکومەتی کۆماریو فرە حیزبی لە عیراقو بە تایبەتی لە کوردستانی عیراق، دوو گرووهی سیاسی رێگایان پێدرابوو کە خەباتی سیاسیی خۆیان بکەن، وەک حیزبی شیوعیو پارتی دیموکراتی کوردستان.

لە لایەن ئەم دوو حیزبەوە دەست کرا بە بانگەوازی خەڵکی کوردستان بۆ کوردایەتی.. گەلێک وتاری جۆراو جۆر دەخوێندرایەوەو لافیتەی رەنگاورەنگ هەڵدەواسرانو خەڵکێکی زۆر بوو بە شیوعیو بە بانگەوازی دڵخۆشکەر: "چیتان دەوێت ئەی هەژار، دابەشکردنی زەویوزار".

جا کەسانی ئەو سەردەمە نەزانو نەخوێندەوار بە وتەی هەموو کەسیان بڕوا دەکردو پێی هەڵدەپەڕین، بێ ئەوەی گوێیان لە دەنگی دەهۆڵ بێت، بەڵام پارتی دیموکراتی کوردستان لەبەر ئەوەی خەڵکی زیرەکو خوێندەوارو هۆشمەندیان هەبوو، هەڵوێستێکی سیاسییان هەبوو لەگەڵ هەموو چینو توێژێکی ناوچەکە.

لەم کاتەدا گەلێک لە گەنجانی میراودەلی پەیوەندییان کرد بە پارتی دیموکراتی کوردستانەوەو نیشیان دەکرد، زۆر دڵشادو دڵخۆش بوون بە پارتی، کە بە رێبازی راستیان دەزانی، زیاتر بەوەی کە کوردستان ئازادەو سەربەخۆ دەبێتو بێگانە حوکمڕانیی لە کوردستاندا ناکات، حوکمڕانی کوردستان کورد دەبێت، رۆژێک کۆمەڵێک لە گەنجانی میراودەلی بە کۆمەڵ دەچنە گردە سپییان بۆ خزمەت بابەکر ئاغا، ئەم سەردانە لەو کاتەدا بووە کە تازە کودەتایەکە کرابوو، بابەکر ئاغا لە دوای بەخێرهاتنو چۆنیو چاکی لە ژێرەوە سەرنجێکی قووڵی دانێو کە تەماشای کرد: هەموویان زۆر دڵشادو کەیف خۆشبوون وەکو بۆ ئاهەنگێکی زۆر خۆش خۆیان رازاندبێتەوە وابوو.



بابەکری حەسەن ئاغای قندوڵ

بابــەکر ئاغــا زەردەخەنەیــەکی زۆر خۆشی پێیان هـاتو وتـی؛ گەنجینـە دیارە دڵتان زۆر خۆشەو زۆر بەختەوەر دیارن..؟ لە وەڵامدا وتیان: بەڵێ، چۆن دڵمان خۆش نابێت لە دەسـت رژێمی پاشـایەتی رزگارمــان بــووەو کەوتووینەتە ژێر ئاڵای ئازادی.. بـە چەند مانگێکی تر حکومەتی کوردیی دادەمەزرێتو بە کوردیی دەنووسینو بە کوردیی دەخوێنینەوە، پێشەواو حاکممان کورد دەبێت.. دووبارە بابەکر ئاغـا زیـاتر بـە قسـەکانیان پێدەکـەنیو سـەری بـۆ دەلـەقاندن، یـەکێك لـە گەنجەکان وتی: جەنابی بابەکر ئاغا وا دیارە باوەڕت بە کوردو کوردایەتی نییە، بۆیە بە قسەکانمان پێدەکەنیت..؟!

بابەکر ئاغا وتی: "نا نا کوڕم من زۆر خۆم بە کورد دەزانمو زۆریش حەز لە کوردایەتی دەکەمو هیوایشم سەرکەوتنو رزگاریی نیشتمانە بە مەرجێك تێیدا سـەربەرز بم. یـەکێك لـە گەنجەکان وتـی: بـۆ جـەنابی بابـەکر ئاغـا سەرکەوتنو رزگاریی کوردستان هەموو چینو توێژەکان ناگرێتەوە؟ بابەکر ئاغا وتی: نا سیاسەتی حیزبایەتی لەگەڵ بەرنامەی عەشایەری نایەتەوە. گەنجەکان وتیان ئێمە هـەمووومان بە کۆمەڵ رووماــن لە بابەکر ئاغـا کـردو وتمان: قوربان جـەنابت بە هەڵە لێکت داوەتەوە، کوردایەتی فـەرقی کـەس ناکات. بابەکر ئاغا بە هێمنیو لەسەر خۆ وتی: گەنجینە، عەقڵ دوو جۆرە؛ جۆری یەکەم: وەکو خەڵفە نەمامێکی ساوا وایە، هـەر بـە ئاستەم شنەبایەك بێت بەملاو ئەولادا رایدەوەشێنێت، چونکە لە تەمەنی ژیانیدا تووشی هیچ ناخۆشیو سەرماو گەرماو بەفرو زریانو رەشەبا نەبووەو نەیدیوە.



بایزی بابەکری سەلیم ئاغا

جۆری دووەم: وەکو پیرە دارێکی کۆنە ساڵی بە تەمەن وایە، چەندان سەرماو گەرماو بەفرو باران‌و کرێوەو زریان‌و لافاوو رەشەباو گەردەلوولی دیوە. بۆیە دەتوانێت بەرگریی بکات وەك خۆی بمێنێتەوە.. رۆڵەکانم عەقڵی ئێوە وەك ئەو شلکە نەمامەیەو بێ تەجروبەیە، بەڵام عەقڵی من وەکو ئەو کۆنە دارە پیرەیە کە چەندان تەجروبەی دیوە، بابەکر ئاغا وتی: وا دیارە ئێوە پێکەنینتان بە عەقڵی من دێت، بەڵام من ئێستا وەسیەتێکتان بۆ دەکەمو باش لە گوێی بگرن، فەرامۆشی مەکەن: چۆن ئێستا خۆتان رازاندووەتەوەو زۆر دڵشادو دڵخۆشن بەم حیزبە سیاسییانەو بە وتاری کوردو کوردایەتی، رۆژێك دێت بەم زووانە لە ژێر رەحمەتی بەفرو باران‌و رەهێڵەو زریان لەسەر ئەم لوتکە شاخانە لە ناو سەنگەردا هەڵبلەرزین، تفەنگمان لە دەستدا بێت دژی هەندێ لەم حیزبە سیاسییانە.

رۆڵەکانم هەندێ لەم حیزبانەی کە لەسەر زەویی هەن، بە بوونی میرنشین‌و عەشایەر رازی نین. ئێنجا رۆڵەکانم من بۆیە نوێژ بۆ خوا دەکەم، کە لێم رازی بێت، کە لێم رازی نەبێت بۆ سەر لە خۆیشم بشێوێنم؟!

کۆمەڵە گەنجەکە وتیان: ئێمە زۆر پێکەنینمان بە ئامۆژگارییەکانی بابەکر ئاغا دەهات، کە هەرگیزاو هەرگیز بیرمان لەم داهاتووە نەدەکردەوە، بەڵام

ورده ورده لـه (١٤ى تـەممووز)ەوە تـا گـەیشتـە كـانوونی یەكـەم، هـێرش‌و پـەلامارەكانی حیزبی شیوعی هێنـدە نـارەوا بـوون، كـە ڕۆژ بـە ڕۆژ زیـاتر دەبوون. ناچاربووین دەست بدەینە چەك‌و بچینە دەرەوەو پەنا بەرینە بە شاخان‌و ئەو سەنگەرانەی بابەكر ئاغا پێشنیازی كردبوون. جا لـەو كاتەی كە لە ناو سەنگەردا بووین‌و لە ژێر ڕەحمەتی بەفرو باران‌و زریاندا بووین، قسەكانی بابەكر ئاغامان دەهاتەوە یادو دەمانوت: بە ڕاستی تێبینییەكانی بابەكر ئاغا وەك كەراماتی پیاوچاكان وابوون، كە ئێمە هـەرگیزاو هـەرگیز بیرمان لەم ڕۆژە نە دەكردەوە كە بابەكر ئاغا بیری لێ كردبووەوە.

## ڕۆیشتنی میراودەلییان بۆ ئێران

هەر وەكو زۆربەی زۆری خەڵكی كوردستان دەزانن‌و بیستوویانە، بابەكری سەلیم ئاغا سیاسەت مەدارێكی بێ وێنەی سەردەمی خۆی بووەو سـەرۆكی عەشیرەتی میراودەلییـان بـووەو جێگـای بـڕوای هۆزەكـەی بـووە، سـاڵی (١٩٥٨) شیوعییەكان بە زنجیرە؛ كردار لەسـەر كردار، كرداری نارەوایـان بەرامبەر بە عەشیرەتی میراودەلی دەكرد.

جا لەسەر ئەم كرداره ناهەمووارانەی شیوعییەكان، بابەكر ئاغا لە هـەر تائیفەو چـەند كەسـێكی ریـش سـپی‌و هۆشمـەندی داوا كـرد، لـە كـاتی دیاریكراودا، لە سەعات نۆی شەو لـە خڕێ سێدەری نێوان گوندی گـردە سپیان‌و بادین ئامادەبێت بۆ كاری پێویست‌و لە كاتی دیاریكراودا نزیكەی زیاتر لە (٢٠ تا ٢٥) كەس ئامادەبوون، بەڵام بابەكر ئاغا پێش ئەوەی كە كۆبوونەوەكـە بكـات نەخشـەی كێشـابوو بـۆ خـۆ ڕزگـار كـردن لـە دەسـت شیوعییەكان.

بابەكر ئاغا لە كاتی كۆبوونەوەكەدا نەخشەو بەرنامە داڕێژراوەكەی خۆی بۆ ئامادە بووان ڕوون كـردەوە، وتـی: ئـەوە ڕای منـە، نـازانم ئێوەش چیتـان

پێ باشە ئاوا بکەین. ئامادە بووان بە تێکرا نەخشەکەی بابەکر ئاغایان پەسەند کرد؛ ئینجا هەر ئەو کاتە بابەکر ئاغا دوو گەنجی میراودەلی بە نووسراوێکی خۆیەوە نارده لای مەمەندی حاجی عەباس ئاغای گەرماوان کە بە نوێنەرایەتیی میراودەلیی پشدەر بچێت بۆ تاران بۆ لای شای ئێران. هەر بە گەیشتنی نامەی بابەکر ئاغا، مەمەندی حاجی عەباس ئاغا بە نوێنەرایی میراودەلیی پشدەر بەرەو تاران کەوتەڕێو چاوی بە شای ئێران کەوت، هەڵوێستی شیوعییەکانی بۆ شا روون کردەوە کە چۆن دژایەتیی هۆزی میراودەلییان دەکەنو میراودەلییەکانیش ناتوانن لەگەڵیان بژین.

شای ئێرانیش زۆر بە رێزەوە پێشوازیی لە مەمەند ئاغا کردو داخوازیی عەشیرەتی میراودەلیانیشی قبووڵ کردو وتی من ئامادەم بە هەموو پێداویستییەکەوە یارمەتییان بدەم.. ئینجا میراودەلییەکان بۆ پاییزی (١٩٥٨) دەستەیەك کە ژمارەیان (٦٠) چەکدار بوو بە لێپرسراویی بایزی بابەکر ئاغاو حەمەی هەباس ئاغا بەرەو ئێران رۆیشتن.

کاتێك میراودەلییەکان گەیشتنە بەردەپان، حکومەتی ئێران بە پیریانەوە هاتو پێشوازییەکی زۆر گەرمیان لێ کردنو بردیاننە سەردەشتو جێگاو رێگایان بۆ دابین کردن، بۆ نەورۆزی هەمان ساڵ، شیوعییەکان زیاتر کرداری نارەوایان ئەنجام دەدا، ئەم کردارانە بوون بە هۆی قبوڵ نەکردنی عەشیرەتی میراودەلیو دەستەیەکی تری (٨٥) چەکداریی تریان بەرەو ئێران رەوانە کردو رۆیشتن، کاتێك شیوعییەکان پێیان زانی، هەرچی چەکدارێك هەیانبوو لەگەڵ (موقاوەمە شەعبی)و قائیمقامی قەڵادزە (خولە نامە) بە مەفرەزەیەکی پۆلیسەوە ناردیانە سەر میراودەلییان.

کاتێك میراودەلییەکان زانییان شیوعییەکانو موقاوەمە شەعبییان بۆ دێن، روویان کردە شاخی گردە بێناسو بەکاو، باپیرکوژو لووتکەی کونی گوڵوان. شیوعییەکان لە هەموو لایەکەوە هێرشی خۆیان دەست پێکردو بوو

بە تەقەو لێکدان و شەڕێکی قورس. لە تەقەو لێکدانەکەدا شیوعییەکان خۆیان نەگرت و بەرەو هێرۆ سەرەو خوار بوونەوە، کە شیوعییەکان بەرەو هێرۆ کشانەوە، خولە نامەش بە دوویاندا یەك نەدەگەیشتنە یەك بەرەو هێرۆ.

میراودەلییەکان گەیشتنە سەر سنووری ئێران، لە موقاوەمە شەعبی و شیوعی و پۆلیس بێ منەت بـوون. کاتێك وەجبەی دووەم گەیشتە سەردەشت، شای ئێران داوای سێ کەسی میراودەلیی کرد کە بچن بۆ تاران، بابەکر ئاغایش لەسەر داوای شا و بە نوێنەرایەتیی میراودەلییانی پشدەر، ئەم سێ کەسەی بۆ تاران نارد:

١-بایزی بابەکری سەلیم ئاغای گردە سپییان.

٢-بابەکری حەسەن جوانمێر ئاغای قندۆڵ.

٣-حەمەی هەباسی مەحمود ئاغای چۆم خرکە.

بە گەیشتنی ئەم بەڕێزانـە، شا پێشوازییەکی گەرمی لێکردن و (٢٠٠) پارچە چەکی دانێ، کە بریتیبوون لە: تەیارە شکێن، برنەو، زید، ئینجا وەجبەی سێیەم بە ماڵەوە بەرەو ئێران ڕۆیشتن و لە مانگی حوزەیراندا لەو کات و ساتەی میراودەلییەکان بە ماڵەوە دەڕۆیشتن بۆ ئێران، توندوتیژی و کاری ناڕەوایان دەکردە سەر میراودەلییان و دڵیان بەوە زۆر خۆش بوو، کە میراودەلییەکان کۆچ دەکەن و پشدەر بەجێ دەهێڵن و دوایی خۆیان حوکمی وڵاتەکە دەکەن. وردە وردە کەوتنـە دەستدرێژی بـۆ سـەر سـەرەك هـۆزە ناودارەکانی تر وەك: دارا بەگی جاف، شێخ ڕەشیدی لۆلان، ئاورەحمانی حەمە ڕەشید ئاغای لورك و ئەمانەو گەلێکی تر کە لە دەست شیوعییەکان هەڵاتبوون و پەنایان بۆ ئێران هێنابوو. حکومەتی ئێرانیش بە هەموو پێویستییەکەوە یارمەتیی دەدان. کاتێك حکومەتەکەی عەبدولکەریم قاسم بۆی روون بووەوە کە میراودەلی قبووڵی ئەو بێ حورمەتییەی شیوعییەکان

ناکەو بەرەو ئێران کۆچیان کردووەو شەڕو ئاژاوە لە حەوزی پشدەر دروستبووەو پەیتا پەیتا خەڵکی عەشایەرو سەرەک هۆزەکان لە دەست زوڵمی شیوعییەکان پەنا دەبنە بەر ئێران و ئێرانیش بە هەموو توانایەک یارمەتییان دەدات. ئینجا عەبدولکەریم قاسم وەفدێکی نارد بۆ پشدەر بۆ دانیشتن و چارەسەرکردنی ئەو کێشەیەی کە لە پشدەر پەیدا بووەو وەفدەکەی حکومەت لەگەڵ چەند کەسێکی میراودەلییان دانیشتن و سەرۆکی میراودەلییان باپیری بابەکر ئاغای گردە سپییان بوو لە دوای وتووێژێکی زۆر لەسەر ئەم خاڵانە پێکهاتن:

١-تێکدان و نەهێشتنی مقاومە شەعبی.

٢-بەردانی ئەو کەسانەی کە گیراون و نەفی کراون، بگەڕێنەوە ناوچەی خۆیان، لەگەڵ چەند خاڵێکی تردا کە لە یاد نەماون، بە گەڕانەوەی وەفدی حکومەت و گەیشتنەوەیان بۆ بەغدا، لەسەر ئیزاعەو تەلەفزیۆن ئەم خاڵانە ڕاگەیەندران و هەموو گیراوە نەفییەکان گەڕانەوە ناوچەی خۆیان.. کاتێک میراودەلییەکان جێگیر بوون، لە خاکی ئێران دەستەی چەکداریان پێکهێنا و بە شەو دەهاتنەوە بۆ عیراق و هەر گوندێکی ئاژاوەچیی تێدا بووایە، چەند جارێک ئامۆژگارییان دەکرد، کە لە ئاژاوەو خراپە نەگەڕاینەوە، تەمبێ خواردوویان دەکرد.. لە لایەکی ترەوە عەبدولکەریم قاسم بەم شێوەیە هەڵوێستی شیوعییەکانی دی، بۆی روون بووەوە مانەوەی ئەمانە خەتەرێکی زۆر گەورەیە لەسەر حکومەتەکەی.

بە ناچاری دەستە جڵەوی بۆ توندکردن و دەم کوتی کردن، وردە وردە وەکو قاڵبە سەهۆڵی هاوین لە دوو لاوە توانەوە، لە لایەکەوە لە لایەن حکومەت و لە لایەکی ترەوە لە لایەن سەرەک هۆزەکانەوەو بەشێک لە جەماوەر، ئەمەش بۆ زیادەرەوی و زوڵم و زۆریان لە جەماوەر دەگەڕێتەوە. عەیبی شیوعییەکان ئەوەبوو بە قەد لێفەکەیان لاقیان ڕانەکێشا، تا

لاقەکانیان سەرما بردی.. ئینجا وردە وردە ریش سپی و پیاو ماقووڵ بەرەو ئێران ڕۆیشتن بۆ لای میراودەلییان بۆ لێبووردن و گەڕانەوەی برایەتی، میراودەلییەکانیش هەر وەکو پیشەی هەمیشەییان برایەتییان هەڵبژارد.

### ڕۆیشتنی میراودەلییەکانی گوندی گەرمکان بۆ شاخی کوریس



برایمی خدری حاجی ئاغا گەرمکان

لە دوای گەڕانێکی زۆر بۆ وەرگرتنی زانیاری سەبارەت بە ڕۆیشتنی میراودەلییەکانی بناری ئاسۆس، چاوم بە بەڕێز برایمی خدری حاجی ئاغا کەوت و وتی: کاتێك شیوعییەکان لە لایەن عەبدولکەریم قاسم-ەوە دەسەڵاتی تەواویان درایە، لە شاری قەڵادزە کۆبوونەوەیەکی بەرفراوانیان کردبوو بە لێپرسراویی قائیمقامی قەڵادزە، ئاخیر بڕیاریان کە دابوویان ئەوە بوو کە ڕۆژی جەژنی ڕەمەزان لە سەعاتی سفردا واتا لە یەك کاتدا لە هەر گوندێك چەند میراودەلییەك بگرن بۆ چاو ترساندن.

یەکێك لە دۆستەکانی میراودەلییان ئامادەی ئەو کۆبوونەوەیە بوو بووو ئاگای لەو بڕیارە بوو بوو، ئەویش وەکو دۆستێکی بە وەفا ئەم بڕیارە ناهەموارەی بە عەبدوڵڵای ئەحمەدی جوانمێر ئاغای بێمووشی گوتبوو، عەبدوڵڵا ئاغایش وەك کوڕێکی عەشیرەت پەروەر سواری وڵاغ بوو بوو بە پێی توانای خۆی ئەم خەبەرەی بە ناو میراودەلییاندا بڵاو کردبووەوە، بەڕێز برایمی خدر ئاغا وتی: ڕۆژی عەرەفە بوو واتا ئاخیر ڕۆژی ڕەمەزان،

عەبدوڵڵای ئەحمەد ئاغا بە سواری هات بۆ سەر زێو بانگی کردو ناسیمان، یەکێکمان چوو بە درێژی خەبەرەکەی تێگەیاندبوو، ئێمەش وەکو میراودەلیی گوندی گەرمکان هەر ئەو شەوە خۆمان کۆکردەوەو بەری بەیان بەرەو ئاسۆس کەوتینە رێ، ژمارەی چەکدارەکانمان بریتی بوو لە (٧) کەس، بۆ مەلا بانگدان گەیشتینە (خڕە ئەشکەوتێ)، لەو تەنگە دۆڵەدا ماینەوە، بەیانی کاتژمێری نۆی بەیانی نانمان بە دزی بۆ هات بۆ خڕە ئەشکەوتێ، واتا نانی جەژن لە دوای نان خواردنی جەژن بەرەو سەر چیا کەوتینە رێ، لە نزیك گۆڕستانی سەر چیا لە ناو خڕە بەردەکاندا خۆمان پەنادا، بەلام رەسەدی دووربینمان هەبوو، پێش ئەوەی بگەینە سەر چیا چاومان لێبوو دوو نەفەر دوورو نزیك لە دوامان دێن تا گەیشتنە شوێنی دیاریکراو. کە لێمان نزیك بوون، ناسیمانن، خەڵکی خانەڵەی بوون، کاتێك زانیبوویان جێگیر بووین، بە خەڵکی سەر چیایان وتبوو ونیان نەکەن، ئەوە دەچین لە مەرگە مەفرەزەی پۆلیسو مقاوەمە شەعبییان بۆ دەهێنین.

کاك برایم وتی یەکێك لە دۆستانو دانیشتووانی سەر چیا هاتو ئەم خەبەرەی داینێو وتی: من پێم باشە بڕۆن خۆتان تووشی نارەحەتی نەکەن. بە بیستنی ئەم خەبەرە هەندێك بریارمان دا بچین بیان کوژین، بەلام سەلیم ئاغای مامم واتا سەلیمی حاجی ئاغا رازی نەبوو، وتی ئەوانە بێ عەقڵن نەفامن، هەرزەکارن بێ تەجروبەن شیوعییەکان مێشکیان پڕکردوون لێیان گەڕێن، بەلام بڕۆن رێگای مەرگە بخەنە ژێر چاودێریی بە دووربین، ئەگەر هاتو مەفرەزەی پۆلیس یان مقاوەمە شەعبی هاتن، دەچین لە دۆڵی (فێلان) لێیان دەدەین یان بە مەردی یان بەوان. زۆر چاوەڕوانیمان کرد تا ئێوارە کەسیان بە دەنگەوە نەهاتبوو، ئێوارە بەرەو شاخی کوریس رۆیشتین، بۆ بەیانی گەیشتینە شاخی کوریس لە کوخی تالاوان جێگیربووین شەوێك لەوێ بووین. بۆ بەیانی رەسوڵی حەسەن ئاغای ناودەشت هاتو ساڵحی

برایم ئاغای لەگەڵ بوو لەگەڵ چەکدارێکی دڵسۆزی خۆی، بە ناوی مەولود حسێن. بۆ دوو بەیانی کانەبی وەتمان ئاغاو مەحمودی حسێن ئاغا هاتن‌و دوو چەکداریان لەگەڵ بوو، ماوەی (١٥) شەو ماینەوە؛ لەم ماوەیەدا زیاتر لە (٥٠ تا ٦٠) چەکدار لە بەری پشدەرەوە ڕۆیشتبوون‌و کەتبوونە شاخی پشتی بەکاوو باپیر کوژو گردە بێناس، چەکدارانی شیوعی‌و موقاوەمە شەعبی‌و خولە ئامە بۆیان چوو بوون‌و بوو بووە تەقەو لێکدان. شیوعییەکان دەزانن ئەگەر زیاتر زیاد ڕەوبکەن خراپتر دەبێت، (پیرۆتی مەمەند) دەنێرنە لای بابەکر ئاغا لە گردە سپییان کە ئێمە لە هەڵوێستی خۆمان پەشیمانین، با بگەڕێنەوە.. ئەوەی کەوا پیرو پەککەوتە بوو گەڕایەوە، زیاتر لە (٥٠ تا ٦٠) چەکدارمان ڕۆیشت بەرەو ئێران.

### ڕۆیشتنی میراودەلییەکانی گوندی کەلەکان و ناودەشت و بناویلە بۆ ئاسۆس



مەحمودی حوسێن ئاغای کەلەکان

بۆ هەمان مەبەست‌و وەرگرتنی زانیاری سەبارەت بە ڕۆیشتنی میراودەلییەکانی گوندی ناودەشت‌و کەلەکان‌و بناویلە، چاوم بە بەڕێز ڕەسووڵی حەسەن ئاغای ناودەشت کەوت‌و وتی: هەر وەکو هەموومان دەزانین دوای هەرەس هێنانی ڕژێمی پاشایەتی‌و هاتنی حکومەتی کۆماری، حیزبی شیوعی بوو بە خاوەنی دەسەڵات‌و دەسەڵاتی تەواوی لە لایەن عەبدولکەریم قاسمەوە پێ درا.

حیزبی شیوعیی لە خۆیان بایی بوون‌و دەستیان کرد بە ئاژاوەو دەستدرێژی کردن بۆ سەر ماڵ‌و زەوی‌و زاری خەڵکی. ئەوەبوو ڕۆژی



رەسول حەسەن ئاغای ناودەشت

عەرەفە واتا ئاخیر رۆژی رەمەزانی موبارەك، سوارێك هات بۆ سەر كەندی كونان‌و بانگی منی كرد، منیش چووم، كە چووم؛ بەڕێز عەبدوڵڵای ئەحمەد ئاغای بێمووش بوو، بەڕێزی وتی: هەر ئەم شەو بڕۆ بۆ ئاسۆس، بەیانی مەفرەزەی پۆلیس دێت‌و دەتگرن، بە درێژیی رووداوەكەی تێ گەیاندم، بەڕێز عەبدوڵڵا ئاغا وتی: ئەم شەو دەبێت تەواوی میراودەلییان تێ بگەیەنم.. بەڕێز رەسوڵ ئاغا وتی: هەر ئەو شەوە خۆم كۆكردەوەو پێش مەلا بانگدان بەرەو ئاسۆس كەوتمە رێ، چوومە پشتی كەڵەكان، لەگەڵ ساڵحی برایم ئاغاو چەكدارێكی تریشم لەگەڵ بوو بە ناوی (مەولود حسێن)، دەڵێت كاتێك رووناك بووەوە ئەو رێگاو رێبازانەم بە دووربین خستە ژێر چاودێرییەوە، كە بۆ ناودەشت دەچوون، وتی: لە كاتژمێری (٨)ی بەیانی بە دزیی شیوعییەكان نانی جەژن بۆ پشتی كەڵەكانم بۆ هات‌و نانی جەژنم خواردو لەگەڵ دارو بەردو دەوەن‌و باڵندەكانی ئاسۆسدا جەژنە پیرۆزەم كرد، ناوبراو وتی: كاتژمێری (١٠)ی بەیانی بە دووربین چاوم لێبوو مەفرەزەیەكی پۆلیس بەرەو ناودەشت چوون‌و روویان كردە ماڵی ئێمە. پاش سێ چوار دەقیقە راوەستان‌و بەرەو قەلادزە گەڕانەوە، پاش دوو شەو مانەوە لە ئاسۆس، لە پشتی سەرچاوەی كەڵەكان چاوم بە كانەبی ئاغای بناویلەو مەحمود ئاغای كەڵەكان كەوت، ئەوانیش لەو ناوە خۆیان پەنا دابووو لە لایەن عەبدوڵڵای ئەحمەد ئاغا ئاگادار كرابوون‌و هەر لەوێ بڕیارمان دا بڕۆین بۆ شاخی

کوریس، بەڕێز ناوبراو وتی: کاتێک گەیشتینە شاخی کوریس، رووماان کردە کوخی (تالاوان)، کە تەماشامان کرد؛ سەلیمی حاجی ئاغای گەرمکان و خزمەکانی لەوێ بوون، بە چاوپێکەوتنی ئێمە زۆر خۆشحاڵ بوون، ئێمەش هەروا بووین. ناوبراو وتی: کانەبی ئاغاو مەحمود ئاغا چەند رۆژێک مانەوە، زۆر نارەحەت بوون، لەبەر ئەوەی زۆر پیرو پەککەوتە بوون. وردە وردە زرووفەکەش هێدی دەبووەوە بە هۆی


ساڵحی برایم ئاغای کەلەکان

ڕۆیشتنی ئەو کۆمەڵە میراودەلییانەی چووبوون بۆ ئێران.

ئێمەش داوامان لە کانەبی ئاغاو مەحمد ئاغا کرد کە بۆ ماڵەوە بگەڕێنەوە، لە دوای مانەوەی چەند شەوو رۆژ، نان و خواردەمەنییان لێ دەبڕێت، ساڵحی برایم ئاغاو کاک مەولود حسێن بە دزییەوە شەو دێنەوە بۆ ناودەشت، کاتێک دەگەنەوە ناودەشت، خەڵکی گوندەکە دەزانن، هەموو بە پیرو گەنجەوە کۆدەبنەوە، بە دارو بەردو پێمەڕەو تەورو تەورداسەوە دەچن دەوری ماڵی رەسوڵ ئاغا دەگرن و یەکێک دێتە ژوورەوەو بە ساڵح ئاغا دەڵێت: دەبێت هەردووکتان چەکەکە تەسلیم بکەن و بڕۆن، نابێت نان و خواردنیش بەرن.

ساڵح ئاغا زۆر لە بەریان دەپاڕێتەوە کە وازیان لێ بهێنن و پێیان دەڵێت: هیچ زەرەرو زیانمان بۆ ئێوە نییەو هاتووین نان دەبەین لەو کێوە بۆ خۆمان دەیخۆین. ئینجا دایکی رەسوڵ ئاغا کە سەر سپی و لە شێخەکانی مەنداوە

دەبێت، زۆر لەبەریان دەپارێتەوە، کە وازیان لێ بهێنن و فیتنەیەك دروست نەکەن، بەڵام بە هیچ شێوەیەك رازی نەبوون بڕۆن و وازیان لێ نەهێنان.



کانەبی عوسمان ئاغا بناویلە

ساڵحی برایم ئاغا کە تێدەگات بە خۆشی واز ناهێنن، بانگی کاك مەولود دەکات و دەڵێت: لێیان بدەو بیان کوژە. یەکسەر میلی تفەنگ دەهێننەوەو چەند تفەنگێك بە هەوادا دەتەقێنن، خەڵکەکە هەر یەکەو بە لایەکدا رادەکات و بڵاوەی لێ دەکەن، ساڵح ئاغاو کاك مەولود بە قەدەر توانای خۆیان نان و خواردەمەنی هەڵدەگرن و بەو شەوە ملی رێگا دەگرن و بەرەو شاخی کوریس دەگەرێنەوە. بە حاڵێکی زۆر ناخۆش و نارەحەت دەگەنەوە شوێنەکەی خۆیان.

رۆژان دێت و دەروات، دیسان پاش چەند رۆژێك نان و خواردنیان لێ دەبڕێت، کاك مەولود دەڵێت: ئەم جارەیان بە تەنها دەچم و بە پەنامەکی دەچم ناهێڵم کەس بم بینێت. کاك مەولود دەکەوێتە رێ و دەگاتە نێوان گەرمکان و ناودەشت لە خڕێ (بیە)و نزیك گوندی گەرمکان، لە پڕ بەرەنگاری چەند چەکدارێك دەبێت و تێی دەخوڕن و دەڵێن چەك بەو میلی لێ دەهێننەوە، کاك مەولودیش میلی تفەنگەکەی دەهێنێتەوەو خۆی دەهاوێتە پەنا کەڵە بەردێکەوە، لەم بێنەو بەردەیەدا تەقە دروست دەبێت، لەم تەقەو لێك دانەدا خەڵکی گەرمکان بەم تەقەو لێك دانەدا بە دەنگی تەقەکەوە دێن و دەوری کاك مەولود دەگرن و دەبێتە شەڕو لێکدان، لەم تەقەو لێکدانەدا کاك

مەولود تفەنگەکەی قەوانی تێدا دەپچڕێت و راودەوەستێت. کە دەزانن تفەنگەکەی راوەستاوە، پەلاماری دەدەن و دەیگرن و تەسلیم بە حکومەتی دەکەن. کاک مەولود دەگێڕێت تا گۆڕانکاری روو دەدات و رەسوڵ ئاغا لە شاخی کوریس دێتەوە و بە هەر شێوەیەك بێت کاك مەولود بەرەڵڵا دەکات، بەڵام تفەنگەکەی نادەنەوە، کاتێك دەسەڵاتی شیوعییەکان هەرەسی هێنا و نەمان، رەسوڵ ئاغا چەکەکەی بە کۆمەڵێك لە گەرمکان دەبژێرێت.. خەڵکینە.. زوڵم باش نییە، با دەرس لە شیوعییەکانی (٥٨) وەربگرین.

**شەڕی شاخی حەسارۆست**


ئەحمەدی بابەکری سەلیم ئاغا

لە ساڵی (١٩٦٢) بەڕێز مەلا مستەفا لە بارزانەوە بەرەو ناوچەی باڵەکایەتی هات و کاغەزێکی بۆ ریش سپی و نوێنەرانی میراودەلیی پشدەر نووسی و داوای هاوکاریی لێ کردن، کە هێزێکی چەکداری بۆ بنێرن بۆ سەر شاخی حەسارۆست، کە حکومەت هێزێکی زۆری لە جاش و جەیش هێناوە بۆ ئەم ناوچەیە و دەیەوێت سەری حەسارۆست بگرێت، نزیکە بەم زووانە بەرەو رووی شەڕێکی سەخت و خوێناوی ببینەوە. نوێنەرو ریش سپییانی میراودەلییان لەسەر داوای بارزانی (٣٠٠) چەکداریان ئامادەکرد بە لێپرسراوێتیی شێخ حسەینی بۆسکێن و ئەحمەدی بابەکر ئاغای گردە سپییان و رووەو ناوچەی باڵەکایەتی بە رێ کەوتن، لەوێوە بەرەو شاخی حەسارۆست، کاتێك

هێزەکەیان گەیشتە شاخی حەسارۆست، لەسەر شاخی حەسارۆست سەنگەرو ڕەبایەیان هەڵکەند. ئامادەی ڕوو بە ڕوو بوونەوە بوون. لە هەمان کاتدا، هێزێکی حیزبیش بە لێپرسراوێتیی (عومەر دەبابە) نزیکەی (٣٠٠) چەکدار دەبوون لە ناو گوندی ڕۆستێ.

هێزی حکومەتیش هەر لەم ناوچەیە بوو، چەند هێزێکی عەشایەرییشی لەگەڵ بوو، کاتێك حکومەت دەستیکرد بە هێرش و پەلامار دان، هێزەکەی حکومەت بوو بە دوو بەشەوە. بەشێکیان بۆ سەر هێزەکەی عومەر دەبابە، واتا حیزب، بەشێکیشیان بۆ سەر هێزی پشدەر، لە دوای بەرگریو شەڕێکی زۆر سەختی یەك شەوو ڕۆژێ، هێزەکەی عومەر دەبابە شکاو بەرەو دوا کشایەوە.

لە دوای شکانی عومەر دەبابە، هەمان هێزی حکومەت چووە پاڵ پشتی ئەو هێزەی کە لەگەڵ میراودەلییان شەڕیان دەکرد، هەر دوو هێزی حکومەت لەگەڵ هێزی پشدەر کەوتنە شەڕێکی زۆر سەختو خوێناوی، بەڵام هێزی پشدەر وەکو پیشەی هەمیشەییان تادێت لە تاوا ورەیان بەرز تر دەبوو، سێ شەوو سێ ڕۆژ حکومەت بە هەموو جۆرە چەکو توانایەکەوە ئاگرو ئاسنی بەسەر هێزی پشدەردا دەباراند. جگە لە فڕۆکە شەڕکەرەکانی، دوای سێ شەوو سێ ڕۆژ بەرگریی هێزی پشدەر، سەربازو هێزە بە کرێ گیراوەکەی حکومەتیان دڕ بە دڕ کردو شکاندیانو تا مۆڵگاکانیان ڕاویان نان. لەم کاتە سەختو شەڕە گەرمەدا حەمەد ئاغای دۆڵەمەڕ نامەیەکی نووسی بۆ بەڕێز مەلا مستەفا. لە نامەکەیدا دەنووسێتو دەڵێت: شەڕو لێکدان لەگەڵ میراودەلییان زۆر گەرمە، ئەگەر هێزێکی حەساوەیان بۆ نەنێرێت وەزعیان زۆر لە خەتەر دایە، لەبەر ئەوەی هەردوو هێزی حکومەت تێکەڵاو بوونەتەوەو لە دژیان لە شەڕدان، مەلا مستەفایش دەڵێت: میراودەلی ئەو کەسانە نین بە کەمێك تەنگانە سەر بۆ دوژمن شۆڕ بکەن. من دەزانم

میراودەلی ئامادەن هەموویان خۆیان بە کوشت بدەن، بەلام ئامادە نین پشت لە دوژمن بکەن.

### شەری داری قەمتەران

لە سالی (١٩٦٩) مەلا مستەفا داوای لە میراودەلییان کرد کە هێزێك بکەنەوە بۆ بەرگریی لە خۆیان و لە شۆرش و لە نیشتمان، ئەوە بوو لقێکیان کردەوە بە ناوی لقی چواری پشدەر، کە ژمارەیان لە (٣٠٠) چەکدار پێك هاتبوو، بە لێپرسراوێتیی ئەحمەدی بابەکر ئاغا و مستەفای مەحمود ئاغا. هێزەکەیان لە گوندی دارەشمانە کۆکردەوەو تەشکیلاتیان کرد.



هۆمەری سەلیم ئاغای سەرکەپکان

لە دوای خۆ ڕێکخستن، هەر دەستەو تاقمێك لێپرسراوێکیان بۆ دانا. داوایان لە حەسۆ میرخان کرد کە ئەو کاتە حەسۆ لێپرسراوی هێزی کاوە بوو، کە شوێنێکیان پێ بسپێرێت، لەسەر بڕیاری حەسۆ چوونە گوندی (گرنگی) لە بناری قەندیل، هەر لەم کاتەدا (عەلی شەعبان) لێپرسراوی هێزی بیتوێن بوو، داوای لە حەسۆ کردبوو لە هێزی پشدەر واتا میراودەلی (٥٠) پێشمەرگەی بۆ بنێرێت، بۆ سەر ڕێگای (قەمتەران)، لەبەر ئەوەی حکومەت نیازی وایە لە کۆیەوە هێزێکی گەورە بنێرێت بۆ ڕانیە بۆ پالپشتیی هێزی ڕانیە.

لەسەر داوای عەلی شەعبان، حەسۆ (٥٠) پێشمەرگەی بە لێپرسراوێتیی (هۆمەری سەلیم ئاغای سەرکەپکان) بەرەو قەمتەران کەوتە ڕێ و لەسەر جادەی قەمتەران لەمبەرو ئەو بەری جادەکە سەنگەریان هەڵکەندو خۆیان ئامادەی شەڕو ڕوو بە ڕوو بوونەوە کرد. لە دوای شەوو ڕۆژێك، حکومەت بە هێزێکی زۆری سەیارەو تۆپ و دەبابەو ئاقیلەو سەربازەوە لە ژێر سێبەری فڕۆکە شەڕکەرەکانی بەرەو شاری ڕانیە هات، حکومەت هەر ئەوەندەی خۆش بوو تا گەیشتە قەمتەران، لە پڕ شێرە پیاوانی پشدەر لێیان ڕاپەڕین و ئاگر بارانیان کردن، پاش شەڕێکی (٣) سەعاتی حکومەت هاواری لە ڕانیە بەست کە بێن بە هاوارییەوەو لە هەردوو لاوە هێرش بکەن و یەکتر بگرنەوە، لە پڕ هێزێکی حکومەت بە هەموو پێویستییەکەوە گەیشتە قەمتەران، هێزی پشدەر ناچار بوون هێزەکەی خۆیان کرد بە دوو بەشەوەو بەشێکیان ڕوویان کردە هێزەکەی کۆیەو بەشێکیشیان ڕوویان کردە هێزەکەی ڕانیە، لەم هەڵ و مەرجەدا شەڕ گەرم و سەخت بوو، لە ئەرزو ئاسمانەوە ئاگرو ئاسن بەسەر هێزی پشدەردا دەباری، بەڵام شێرە پیاوانی پشدەر سات لە دوای سات ورەیان بەرزتر دەبووو پەلامارەکانی حکومەتیان دەشکاند.

لەو کاتەدا کە شەڕ لەگەڵ هێزی میراودەلییان گەرم بوو، عەلی شەعبان داوای لە هۆمەر ئاغا کرد، کە بگەڕێتەوەو سەنگەری بەرگری چۆڵ بکات، بەڵام هۆمەر ئاغا ئەم داوایەی عەلی شەعبانی ڕەت کردەوەو وتی: لام کارێکی زۆر نەنگە پشت لە دوژمن بکەم و سەنگەر چۆڵ بکەم. ئەو ڕۆژە تا ئێوارە، شەڕو لێکدان بەردەوام بوو، ئێوارە حکومەت لە هەردوو لاوە بەرەو ڕانیەو کۆیە گەڕایەوە، هێزی پشدەریش بە سەر بەرزی گەڕایەوە. لەم شەڕەدا پێشمەرگەیەك بە ناوی (خدر مەرەن) بە تەیارە باسکێکی لە دەست دا..

**کردنەوەی لقێک بە لێپرسراویی رەسوڵی حەسەن ئاغا**

لە دوای ئاگر بەستە چوار ساڵییەکەی ١١ی ئازاری (١٩٧٠) دووبارە ئاگری شەڕ لەگەڵ رژێمی عیراق هەڵگیرسایەوە، ئەوە بوو ساڵی (١٩٧٤) بەرێزان مەحمودی هەباس ئاغاو رەسوڵی حەسەن ئاغا سەردانی بەرێز مەلا مستەفایان لە دیلمان کرد، لە دوای چاو پێکەوتنی، داوایان لێکرد بۆ هاوکاری، کە چەکو تەقەمەنییان بداتێ بە مەبەستی کردنەوەی هێزێک بۆ خزمەت کردن بە گەل و نیشتمان.

ئەوە بوو بارزانی خۆش حاڵیی خۆی پێشانداو (٥٠) پارچە چەکی پێدان، کاتێک بەرێزان رەسوڵی حەسەن ئاغاو مەحمودی هەباس ئاغای گەڕاندەوە بۆپشدەر، دەست بەکار بوون و (٧٥) چەکداریان ئامادە کردو تەشکیلاتیان کردو لقێکیان تەشکیل کرد، بە لێپرسراویی رەسوڵی حەسەن ئاغای ناودەشت، جێگری لقەکە ئەحمەدی کانەبی ئاغا بوو. ئەم لقە سەر بە هێزی کاوە بوو، لە هەمان کاتدا لێپرسراوی هێزی کاوە حەسۆ میرخان بوو، کاتێک ئاگر بەستە چوار ساڵییەکەی (١١)ی ئازار تەواو بوو، ئاگری شەڕ هەڵگیرسایەوە، بەرێز رەسوڵی حەسەن ئاغا داوای لە حەسۆ کرد کە شوێنێکی پێ بسپێرێت.

ئەوە بوو کە حەسۆ میرخان داوای لە رەسوڵ ئاغا کرد کە (٤٥) پێشمەرگە بۆ چیای شەکرۆک ئامادە بکات، کە خۆم لەم لقەدا وەکو پێشمەرگە بەشدار بووم، لە دوای خۆ ئامادە کردنمان، بەرەو چیای شەکرۆک کەوتینە رێ، بۆ شەوێ گەیشتینە گوندی (چیوەو چیوان) بۆ بەیانی گەیشتینە چیای شەکرۆک. لەم کاتەدا لێپرسراوی میحوەری چیای شەکرۆک (مام غەزالی)یی برای کاک حەسۆ میرخان بوو، مام غەزالی شوێنێکی پێشاندان بە ناوی چیای زەرکی، بەرامبەر بە هێزی حکومەت، کە هێزی حکومەت زۆر گەورە بوو موجەهەز بوو بە تۆپ و دەبابەو ناقیلەو هەموو جۆرە چەکێک، کە ئێمە

لە پێش هەموو هێزەکانەوە بوین، ماوەی (٣٠)سی شەوو ڕۆژ لە چیای زەرکی ماینەوە، شەوانە کەمینمان بۆ دامێنی چیاکە دادەبەزی. بەرە بەیانیش دەگەڕاینەوە سەر چیاکە کە شوێنێکی زۆر گەرمو ناخۆش و بێ ئاوو دیمەکار بوو، بە شەوو ڕۆژێك دوو جلیکانەی (٢٠) لیتریمان ئاو بۆ دەهات بۆ خواردنەوەو هەموو پێویستییەکی (٤٥) پێشمەرگە.

ڕۆژێکیان مام غەزالی هات و وتی: خزمینە شوێنەکەتان زۆر ناخۆشەو نارەحەتن، هەر لە چیای شەکرۆك شوێنێکی باشتر هەبوو بە ناوی خدرە خول، ئێمەی بردە خدرە خول و هێزێکی خەسرەو کاوانیی بردە شوێنەکەی ئێمە، ماوەی (١٥) شەوو ڕۆژیش لە خدرە خول بەرامبەر بە چیای هەریر ماینەوە. لە دوای (٤٥) شەوو ڕۆژ، ئێمە ڕوخسەتی حەوانەوەمان بۆ دەرچووو گەڕاینەوە بۆ پشدەر، لە دوای ئێمە بە چەند ڕۆژێك حکومەت پێشڕەویی دەکات و دەبێتە شەڕو لێکدان، لە دوای چەند ڕۆژ، هێزی خەسرەو کاوانی توانای بەرگرییان نامێنێت. وردە وردە شەڕ بەردەوام بوو، تا دەهات شەڕەکە گەرمترو سەختتر دەبوو، حکومەتیش لە پێشڕەویی دا بووتا گەیشتە شاری ڕانیە، حکومەت ماوەیەکی زۆر لە شاری ڕانیە مایەوەو لەم ماوەیەدا حکومەت خۆی زۆر بە هێز کردو جاش و جەیشێکی زۆری کۆ کردەوە، لەگەڵ تۆپ و دەبابەو ناقیلەو هەموو جۆرە چەکێکی تازەو پێشکەوتوو.

هێزی پێشمەرگەیش، ئەو زنجیرە چیایەی کێوە ڕەشی توند کرد، هەر دەستەو تاقمە شوێنێکیان پێ سپارد، ئێمەش وەکو لقی پشدەر نامادە بووین، بۆ هەر شوێنێك پێمان بسپێرن، ئەوە بوو کاك حەسۆ داوای لە ڕەسوڵی حەسەن ئاغا کردو وتی: بە وتەی بڕوا پێکراوی خۆمان حکومەت لەم یەك دوو ڕۆژەدا، بە تەمایە پەلاماری کێوە ڕەش بدات و بەرەو قەڵادزە پێشڕەویی بکات. هەر بە وتەی بڕوا پێکراومان حکومەت فکری وایە سەرباز

بە پەرەشووت لە سەنگەسەری کۆنەوە تا سەنگەسەری تازە دابەزێنێت، منیش ئێوەم هەڵبژاردووە لە سەنگەسەری کۆنەوە تا سەنگەری تازە رەبایە لێ بدەن و ئەو ناوە بگرن و بیخەنە ژێر چاودێرییەوە. هەر چەندە شوێنەکەیش زۆر خەتەرەو بە زۆربەی زۆری هێزەکانم وتووە قبووڵیان نەکردووە، هێشتا دەست مایەم ئێوەن کە لێم قبووڵ بکەن، ئێمەش لەسەر داوای حەسۆ، بنکەمان هێنایە سەنگەسەری تازە، هەر چەندە شوێنەکە زۆر خەتەرو ترسناک بوو، لەبەر ئەوەی دەشتێکە بێ بەردو بێ پەنا، بەڵام لەبەر بەرژەوەندی گشتی شۆڕش قبووڵمان کردو خۆمان ئامادەی روو بە روو بوونەوەیەکی خەتەر کردو چاوێکمان کرد بووە چوار چاو بۆ ئاسمان. ئاخۆ کەی جەیش بە پەرەشووت دادەبەزێت، لەو ماوەیەدا حکومەت بۆ گرتنی چیای کێوە رەش شاڵاو لەسەر شاڵاوی دەکرد. لەم حاڵەتەدا ئێمە بە رۆژ ئاسمانمان لە ژێر چاودێریدا بوو، بە شەویش هەموو شەوێک (٤٠) پێشمەرگەمان بۆ کەمین دەچووە کەلێنی دەربەند، یان لەگەڵ دەستەی هەندەسە بۆ ئەڵغام ناشتن. لە دوای گرتنی کێوە رەش، رۆژێکیان کاک حەسۆ هاتە بنکەکەمان و وتی: بەیانی حکومەت بە جادەدا دێت، دەبێت (٥٠) پێشمەرگەمان بدەنێ بۆ دەربەند، تا لەگەڵ دەستەی هەندەسەدا بچن بۆ تێکدانی جادەی کەلێنی دەربەند.

بۆ شەوێ (٥٠) پێشمەرگەمان لەگەڵ دەستەی هەندەسە رۆیشتین بۆ کەلێنی دەربەندو چاڵێکی زۆر گەورەمان هەڵکەندو چەند فەردە (T.N.T)مان تێ هاویشت و دەستەی هەندەسە ئامادەی کردو ئێمە رۆیشتین وەکو پێشمەرگە لەبەر بۆردومانی سەخت خۆمان شاردەوە، کاتێک تەقینەوەکە بوو، وەك نەوەوی بتەقێتەوە ئاوا بوو، کە تەماشامان کرد دەت وت قەت جادە نەبووەو جارێکی دییش نابێتەوە بە جادە. لەگەڵ تەقینەوەی جادەکە حکومەت لە رانیەوە ئەو ناوەی کەلێنی دەربەندی دایە بەر تۆپ، لە

دەقیقەیەکدا زیاتر لە (١٥) تۆپ دەهات. لە دوای هەفتەیەک شەڕێکی زۆر سەختو خوێناوی روویداو حکومەت دەستی بەسەر هەموو چیای کێوە رەشدا گرت لەگەڵ دەربەند. هەر ئەو شەوەی ئێمە جادەی دەربەندمان تەقاندەوە، حکومەت بەیانی هاتە دەربەندو جادەکەی چاک کردەوە. ئەو رۆژە لە دەربەند مایەوە، بۆ بەیانی بەرەو قەڵادزە هات، هەر ئەو شەوە هاتبووە سەر ئەو زنجیرە کەندانەی کە بەسەر سەنگەسەردا دەیڕوانی، واتا تووە سووران، شەوی کاک حەسۆ هەمووی ئاگادار کردبوون، کە بەرەو قەڵادزەو قەندیل بگەڕێنەوە، بەڵام تەنها ئێمە ئاگادار نەکرابووین. چونکە ئەو تەتەرەی کە کاک حەسۆ ناردبووی پێشمەرگەکان ئاگادار بکاتەوە بگەڕێنەوە بە ئێمەی نەوتبوو. بەیانی کە رۆژ بووەوە، تەماشا دەکەین ئەوبەر سەنگەسەر، واتا بەری تووە سووران پڕە لە جاشو جەیش، ئێمەش کە تەماشامان کرد؛ یەك پێشمەرگە لە سەنگەسەر نەمابوو، بۆیە بە ناچاری بەرەو بەستە ستێن رۆیشتین.

کاتێك نزیك بەستە ستێن بووینەوە، دوو تەیارەی مێك بە سەرماندا هاتنو دوو دەورەیان بەسەردا کردین، ئێمەش هەر ئەوەندەمان لە دەست هات هەر کەسە لە شوێنی خۆی دانیشت، تەیارەکان دوو سێ دەستڕێژیان لێ کردین، بەڵام شوکر بۆ خوا سەلامەت بووین.

لەم کاتەدا کاک حەسۆ بە سواری سەیارە لە قەڵادزەوە دەهات بۆ بەستە ستێن. تەیارەکان کە سەیارەکەیان دی؛ روویان کردە سەیارەکەو دایانە بەر دەستڕێژی شەستتیر، دواوەی سەیارەکە بەرکەوتو پێکرا، بەڵام بەشی سایەق سەلامەت بوو، واتا کاک حەسۆ سەلامەت بوو، لە دوای رۆیشتنی تەیارەکان چووینە بەستە ستێن، ئینجا شەڕی زۆر سەختو خوێناوی کەوتە شاخی بەری ئاسۆس، بە تایبەتی سەری لووتکەی بەڵاڵوێ تا خڕێ پەندانان، حکومەت بە هەموو جۆرە چەکێك لێی دەدا، جگە لە فڕۆکە

شەڕکەرەکان کە دەقیقەیەک چۆڵیان نەدەکرد. ئاگرو ئاسن بەسەر ئەو ناوچەیەدا دەباری، دەت وت بورکانی لێ هەڵساوە، ئەم شەڕە هەر لە توانای پیاوانی کورددا بوو، کە بتوانن لەم شوێنەدا بمێننەوە.

ئینجا حەسۆ میرخان بە ڕەسوڵ ئاغای وت: ئەم شەو بچنە گوندی پیرن و بحەوێنەوەو سبەی ئێوارە بچنە شاخی بلۆقین، ئەو شەوە چووینە پیران و کەمێك حەساینەوە، هەر ئەو شەوە بلۆقینیش گیرا.

کە بلۆقین گیرا، حکومەت بەرەو قەڵادزە هات، لەم هەلو مەرجەدا بارەگای هێزی کاوە چووە (کووزینە)، ئێمەش لەسەر داوای کاك حەسۆ بنکەمان بردە (کوڵ کوڵە)و لەوێ ماینەوەو چاوەڕوانی فەرمانی کاك حەسۆ بووین، لەسەر فەرمانی کاك حەسۆ شەوانە مەفرەزەمان بۆ ئەڵغام نانەوە لەگەڵ دەستەی هەندەسەدا دەچووە سەر جادەی قیری ژاراوە، تا کۆبوونەوە شوومەکەی (جەزائیر)و هەرەسهێنانی شۆڕشی ئەیلوول، لقەکەمان لە چالاکییەکانی خۆی بەردەوام بوو.

**پشدەر لە روانگەی شاعیرانەوە**

ناوچەی پشدەر وەك پێگەو مەڵبەندێکی ئاوەدانی، بە هۆی بوونی بنەما ئابووری و جوگرافی و سروشتییەکانەوە، لە سەردەمێکی زووەوە جێ مەنزڵی دانیشتووان بووە، ئەمەش بووەتە هۆی دروستبوونی دەیان مەڵبەندی ئاوەدانی لە گوندو شارۆچکەکاندا رەنگی داوەتەوە.

فەراهەم بوونی پێداویستییە بنچینەییەکانی ژیان لە رووی کشتوکاڵی و بازرگانییەوە، بووەتە هۆی راکێشانی خەڵکانێکی زۆر تر لە ناوچەکانی ترەوە، کە سەرەنجام لەم دەڤەرەدا وەك هەر تاکێکی تری ناوچەکە تیایدا نیشتەجێ بوون و پەرەیان بە کارە ئابووری و ژیارییەکانیان داوە.

دیاره کۆبوونەوەی دانیشتووان بە شێوەیەکی چڕ لەم ناوچەیەدا، ڕێی بۆ فەراهەم بوونی دیاردە زیندووەکانی تری ژیان خۆش کردووە، کە یەکێك لەوانە لایەنی ئەدەبیات و جیهان بینی و ئەندێشەکان دەگرێتەوە.

ئەگەر بە لاپەڕە جۆراو جۆرەکانی مێژووی ئەم ناوچەیەدا بچینەوە دەبینین هەر لە زووەوە دەیان نووسەرو هونەرو شاعیر لەم ناوچەیەدا دەرکەوتوون و هەر یەکەیشیان لە بواری تایبەتمەندیی خۆیدا ئەسپی خۆی تاوداوە.

لە سەردەمی بابانییەکاندا چەندین پێگەی ئایینی و ڕۆشنبیریی لەم ناوچەیەدا دامەزراوە، کە یەکێکیان قوتابخانەو کتێبخانەی (گەناو)ە لە گوندی گەناودا. ئەمەش یاریدەرێك بووە بۆ زیاتر تەشەنە کردنی پرۆسەی خوێندن و خوێندەواری و ئاشنا بوون بە مەسەلەو لایەنە شاراوەکانی جیهانی ئەدەب و نووسین.

نەك هەر ئەمە، بەڵکو نزیك بوونی ناوچەکە لە سنووری وڵاتی ئێران و هات و چۆی بەردەوامی دانیشتووان لە نێوان هەر دوو بەشی هۆکارێك بووە بۆ ئاشنا بوونی هونەرو نووسەرانی ناوچەکە بە زمان و ئەدەبی فارسی؛ بۆیە هەردەم زمان و ئەدەبی عەرەبی وەك زمانی (قورئان و ئایین) و هەم زمان و ئەدەبی فارسی کاریگەریی خستووەتە سەر نووسەران و شاعیرانی ناوچەکەو جیهانێکی فراوانتری پێ بەخشیون. ئەمەش وایکردووە لە تێرامانە شیعرییە کانیان و بەرهەمە ئەدەبییەکاندا قووڵتر تەعبیر لە بابەتە زیندووەکانی ژیان و دەورو بەریان بکەن.

ئێمە لێرەدا بە کورتی ئاماژە بۆ هەندێك لە شاعیرانی ناوچەکە دەکەین، کە بە گوێرەی سەردەمەکان هەر یەکەیان خاوەن ناوو ناسنامەو شێوازی شیعریی خۆی بووە.

ئەمەش ناوی ئەم چەند شاعیرە بەرێزانەیە کە لە ناوچەکەماندا دەنگیان داوەتەوە:

١-مەمەندی رەسوڵ ئاغا.. نازناوی (فانی).

٢-کەمال مەمەند رەسوڵ.. نازناوی دکتۆر کەمال مەمەند میراودەلی.

٣-خدر حەمە قادر ئاغا.. نازناوی کێوی.

٤-مەلا مەحمودی گەناوی.. نازناویغەریب.

٥-موحەمەد.. نازناوی فیدا.

٦-عەلی.. نازناوی بەردە شانی.

٧-غەریب پشدەری.

٨-مەلا ئەحمەدی ئاوەکێ.. نازناوی فانی.

٩-رەفیق سابیر.. ئێستا لە وڵاتی سویدە.

١٠-سارا فەقێ خدر.

١١-حاجی عەلی ئیسماعیل باوزێ.. بە حاجی عەلی کەویە ناسراوە.

١٢-شـێخ بیـلالی هـێرۆ.. شـێخ بیـلال نـەوەی ئەحمـەدی قرمـز بـەگی ئەفغانستانییە.

**کورتەیەک لە ژیاننامەی مەمەند ئاغای فانی**

(فانی) ناوی (مەمەند رەسوڵ ئاغا)یە، لە عەشیرەتی میراودەلیی پشدەرە، بـە مەمـەند ئاغـای قائیمقام ناسـراوە، چونکـە بـاوکی لـە کـاتی حوکمـی عوسمانیدا قائیمقامی قەزای چەمچەماڵ بووە.

لە ساڵی (١٩١٠)دا لە دێی مەرگە لە دایک بووە، ماوەیەکی کەم لە حوجرە خوێندوویـەتی، تـا فـێری خوێندنـەوەو نووسـین بـووە، ئینجـا بـە هـۆی کۆششێکی زۆری خۆی، فێری زمانی فارسی بووەو وەک رۆشنبیرێکی تەواو خۆی پێگەیاندووە.



مەمەند رەسول ئاغا
نازناوی شاعیری (فانی)

لە ساڵی (١٩٥٧)دا بووەتە سەرۆکی شارەوانیی مەرگەو لە ساڵی (١٩٦٤)دا وازی لە وەزیفەکەی هێناوە. هەموو ژیانی خۆی لە سەردەمی گەنجێتییەوە تەرخان کردووە بۆ بڵاوکردنەوەی بەربەرەکانێی دەرەبەگ، بە قەڵەمو بە کردەوە، تێکۆشاوە بۆ بڵاوکردنەوەی بیری نوێو کردنەوەی قوتابخانە لە لادێکاندا. لە شەوی ٤\١٣ی مانگی یەکەمی ساڵی (١٩٧٣) لە گوندی مەرگە کۆچی دوایی کردووە.

(فانی) شەش کوڕی لە پاش بە جێ ماوە، کە ئەمە ناوەکانیانە: سەلیم، محەمەد، ئەنوەر، کەمال، فەرەیدون، پشتیوان.. فانی لە سەردەمی خۆیدا شاعیرێکی بێ وێنە بووەو لە لای رۆشنبیران جێگای شانازیی بووە.

سەدان هۆنراوەی بە زمانی کوردیی داناوەو هۆنراوەکانی هەموو بوارەکانی گرتووەتەوە، فانی دیوانێکی نزیك بە (٣٠٠) لاپەڕەیی لە لایەن کەمال-ی کوڕییەوە بە چاپ گەیەندراوەو هۆنراوەکانی تریشی ئێستا وا بەڕێز سەلیم-ی کوڕی خەریکی کۆکردنەوەو نووسینەوەو ئامادەکردنیەتی بۆ چاپکردن.

لێرەدا بە پێویستمان زانی یەکێك لە پارچە هۆنراوەکانی بخەینە بەر دیدەی خوێنەران کە ساڵی (١٩٤١) بۆ ئەو کۆمەڵە خەڵکەی داناوە کە گرووپێکی سیاسییان بەرپا کردووە بە ناوی (قۆمیتە) بە لێپرسراویی باپیری بابەکر ئاغای نورەدینی، ئەمەش دەقی هۆنراوەکەیەتی:

تاقمی قۆمیتەی ئازا کە هەق داوا دەکەن
وەك سكەندەر یەك بە یەك تەئدیبی سەد دارا دەکەن
حیرس و بێ رەحمی و نیفاق، غەدرو بەد فیعلی و درۆ
هەر شەش مەعدوم و سەر گەشتەی هەموو دنیا دەکەن
دانشی بطری کەبیرو عەزمو ئازای شەرەل
هەستی ئەم خزمانەیە ئەم مەشقە ئاشکرا دەکەن
ئەم دلێرانە وەفا پەروەر بەسەر پەنجەی شەرەف
سیلسیلەی سەد لای ناکۆکی و خەتا یەك لا دەکەن
یەعنی هەر وەك میللەتان یەك جارە گیانی یەکیەتی
مەرتەبەی ئەو نابێ ئێستەی دەم بە دەم ئیعلا دەکەن
هەر بمێنن هەر بژین ئەم دەستە تا رۆژی جەزا
موسلیمین موستەقبەلی میللەت بە جارێ چا دەکەن
گیانی کۆمەڵ رێکییەو فەوتانی هەر ناکۆکییە
ئەم کەڵە رێکی دەوێ ناکۆکیی بێ جێگا دەکەن
غایەی ئەم حیزبە فەوتانی حیرس و بێ مەعنایییە
تف لە چارەی پیسی تەمماعاتی بێ مەعنا دەکەن
غەدرو بێ رەحمی لە لای ئەم دەستە باوێکی نییە
چاکە پەروەرن و لە ماڵی میللەت ئیستیغنا دەکەن
ئەم عەدو بەندانە رۆژو شەو بە شێوەی یەکیەتی
ناو (میر ئەبدال)ی جەدی گەورەیان ئیحیا دەکەن
تا بڵێی شایانی شوکرە هەوڵی ئەم خزمانە زۆر
بۆ صلاحی موڵك و میللەت ئاشنا پەیدا دەکەن
ئەم نەزانانەی کەسوودی شەخصیە ئامانجیان
زدی ئەمخ ئەحواڵەن و لەم رێکییە حاشا دەکەن

هیچیان بێ ناگرێ ئەمما لەبەر دەردی دەروون
هەڵ دەتیزێنن وەکو گا بۆرەی بێ چیا دەکەن
ئەو کەسانەی هەوڵیان هەر بۆ رەفاهی شەخصیە
ناپیاون ئەحمەقن گێژن هەرا بەرپا دەکەن
هەر کەسێ کرداری وا بێ جێیە ڤیسمێکی بەشەر
هەر وەکو شەیتان (علیه اللعنة) خۆ ریسوا دەکەن
واسیتەی ئەم حاڵەیە درهەم پەرستان رۆژو شەو
پشتی نامەردی لە پشتی لەشکری ئەعدا دەکەن
با بکەم باسێکی عەزمی حیزبی قۆمیتەی دلێر
تا نەڵێن بۆچی بە ناحەق شۆڕشو غەوغا دەکەن
بۆ دەبێ ئەم کوردە کەمتر بێ لە زۆر کەمتر لە خۆی؟
گەر لەسەر ئەم سیڕڕە سەر دانێن شەرەف پەیدا دەکەن
پڕ دڵی وایان هەیە ئەم دەستە رۆژی پڕ دڵی
بۆ خەباتی نیشتمانیان گیانیان سەودا دەکەن
رۆژی دەستەوکەر بە نووکی خەنجەری پۆڵا شکێن
کون لە شانو پشتو سینەو کەللەی ئەعدا دەکەن
لەشکری دوژمن لە خەوفی هەو هەوەی چاپووك سوار
هەر وەکو رێوین لە ساحەی ئیستیقامەت را دەکەن
ڤارەمانیو هیممەتی پڕ دڵانەی گیان ڤیدا
حەلقەیی تاعەت لە نەرمەی گوێی گەداو شا دەکەن
زەل زەلەی مەیدانی مەحشەر دێتە سەر ساحەی زهور
تا بە عەزمی رەزمو خوێن رێژیی عەلەم باڵا دەکەن
رۆژی دەستەو کەر لەبەر زۆریی بریقە ئەسلەحە
چاوی هێزی دوژمنان بێ نوورو نابینا دەکەن

وا لە خەوفی نووکی گوللەو خەنجەری خوێن ڕژان

ئاحەزی پەتیارە مەشقی شینو واوەیلا دەکەن

ڕۆژی مەیدانی ڕەشادەت مەیتو لاشەی دوژمنان

هەدییەی گورگو دڕندەو کەوکەسی سەحرا دەکەن

ڕوو بە ڕووی ئەم دەستە شێرە کێ هەیە خۆی ڕاگری

مەرکەزی دوژمن بە مەردی غارەتو یەغما دەکەن

شێرە وەك ڕێوی بەرامبەر ئەو شێرانە شێر

شێری شەڕیان دێ لە ڕوتبەو ئیستیعفا دەکەن

هێندە چالاکن لە مەیدانا بە گوللەی بێ خەتا

کون لە کەللەی دوژمنانی کورد جۆش سیما دەکەن

دوژمنی ئەو جۆرە شەخسانەن کە هەر وەك زاڵی پیر

زینەتی دنیا قیامەتیان بە گڵ ئیخفا دەکەن

خۆشە ئەحواڵی ئەهالی با خەریکی کار بێ

تاقمی قۆمیتە ئازانو وەتەن ئاوا دەکەن

فرسەتە کوردینە هەستن با بچینە کوێستان

گەر وەکو من حەز لە سەری لەشکرو ئازا دەکەن

ڕۆژی عەزمو ڕەزمو خوێن ڕێژیو تەمکینو سییات

هەر لە بەرقی ئاسمانو پایەیی پۆلا دەکەن

هەر وەکو نەوشیرەوان ئەمڕۆ بە دەستی مەعدەلەت

یەك بە یەك شیرازەیی جەمعیەتی دڵ چا دەکەن

(فانیا) ئاحەز بەرامبەر شیعرەکانی ساغی تۆ

وەك شەیاتینن کەوا نەفرەت بسم الله دەکەن

(فانی)

هەر لەو کاتەوە کە حەمەد ئاغاو کوڕو نەوەکانی حەمەد ئاغا سەریان هەڵداوەو برا گەورەیەتیی پشدەریان وەرگرتووە، بوونە سەرپەرشتکەری ناوچەی پشدەرو دەورو بەری.

گەلێك لە داگیرکەران چاوی تەماعیان بڕیوەتە ناوچەی پشدەر بۆ داگیر کردنو تاڵان کردنی سەروەتو سامانی پشدەر، چ لە لایەن دەوڵەتە داگیرکەرەکانەوە بێت یان لە لایەن عەشیرەتەکانەوە بێت، هەمیشە گەراون بۆ فرسەتێك، تا دەستێك لە سەروەریی پشدەر بوەشێنن، بەڵام میراودەلییان هەمیشە سەروەریی پشدەرییان بە خوێنو سەرو ماڵ پاراستووە. زۆر جار بەرەنگاری شەڕێك بوون کە لە دەسەڵاتی ئەواندا نەبوویێت، بەڵام بە ناچاری روو بە رووی بوونەتەوەو بە پشتیوانیی خوای گەورەو عەشیرەتی نورەدینیو هەموو تیرەو هۆزەکانی دیی.

لەبەر ئەوەی شەڕی حەقیان کردووە، خوای گەورە سەری خستوون، وەك شەڕی دژ بە رووسو تورکو عەجەمو ئینگلیز، کە ئەوانە خاوەنی دەسەلاتێکی زۆر گەورەنو ویستوویانە پشدەر بخەنە ژێر رکێفی خۆیان. بۆیە مێژوو نووسان شاعیران لەسەر ئازایەتیو مێژووی پشدەریان نووسیوە، بە تایبەتی شاعیران چەندان پارچە هەڵبەستیان لەسەر میراودەلییان نووسیوە کە لە شەڕەکانیاندا سەرکەوتوون. ئێمەش چەند پارچە شیعرێك دەخەینە بەر دیدەی خوێنەران، ئەمەش یەکێکە لە پارچە هەڵبەستەکانی مەلا ئەحمەدی ئاوەکێ:

ئبتیدات کردم بە ئیسمی خالقی کەونو مەکان
بەس سەلاوەت بێ لەسەر ئینسانو جان

رەبی تۆفیقم بدەی وەك شاعیرانی ما سەبەق
حەربی رووسو قەومی پشدەر جوزئێ بکەم بەیان

ساڵی هیجری بوو ١٣٣٥ شای عەروسان ئەمری دا
رووس بێتە ملکی شای ئێران

ئەم لەعینە وای ئومێد بوو بێت بەپیلی نەوتەوە
داگیر بکا ئەملاکی رۆمو جێگا فەخری جیهان

ئەی دەزانی ئەم غرورانە کە میراودەلین
شێری غەرەن مەردی مەیدانن بە گوللە ناشنان

هاتنە پێشێ کێشمە کێشی ناوی ئێشی پێدەدەن
تاکو ئێشی جەرگی رێشی وان دەماودەم بێتە ژان

هەرچیو پەرچی بوو رەعیەت حەیفێ خۆیان ئەگرت
پاش هەڵگردەن رەعیەت پاشی هەڵگردەی رووسەکان

تا نەهاتن مەردی مەیدانو شا سواری خانەدان
فرکە فرکی شا سواران میسلی لێشاو وا بە تاو

بوو بە مەحشەر خاکی سەردەشتو گردە سوورو مارەغان
من بە فیدای شاڵو ناڵی ئەسپەکەت بم حەفیزان

زاڵی پیر وەك کە رووست دایە بەر شەقان
بوو بە سەر کۆنەی سەدان هەوهەوەی سواران

وەك هەرای رۆژی جەزا کەوتنە فوڕ پێوان
رۆ رۆی رووسەکان لە دونیا بوون رووسیا

ئەم پارچە هەڵبەستەی لای خوارەوە بەڕێز شێخ بیلال کوری مەلا بیلالی کوڕی ئەحمەد کوری قرمز بەگە لە ئەفغانستانەوە هاتووە، لە کاتێکدا کە میراودەلییان لەگەڵ سوپای تورك شەڕیان بووە، ئەم پارچە هەڵبەستەی لەسەر میراودەلییان وتووە:

حەیف بۆ خاکو بوومی پشدەرو نەسلی بەبان
وا خەراپیان کرد نیزامو حاکمانی رومیان

چەند عەشایر چەند قەبائل با نیزامو قوللەری
جەمعیان کردن بە جاریٚ زابتانی رۆمیان

تفەنگی میری و تۆپ خانەو لەشکری
وا بە جاریٚ دارژان و هاتنە سەر میراودەلیان

دەفعەی ئەوەل سەلیم ئاغا کە حەملەی بردنە سەر
چەند کەسان مەقتولو مەجروح بوو لە خاسەی مەردان

دەفعەی ثانی کە والی ئیرتیکابی کردو هات
با عەشایر با عەساکر با جەمیعی زابتان

ئۆردو ئەسپانی دەهاتن و قۆڵ بە قۆڵ سەف بە سەف
دا دەمەزرا تۆپ خانە ئاسەواری رۆمیان

کردیان تابور بە تابور تفەنگی میریو وەنگڵی
تۆپ خانەو سەر مل کەوتنە جنبۆش دەر زەمان

زابتان فەرمان دەدەن ئاگرێك کەوتە زەمین
دارو پووش سەنگو خارا بە جارێ داگران

شێر مەردان زیندە تەرەف کەوتنە جەولانو خرۆش
یا سەڵاوەت بێ ئەز پەیامبەر یا رسول الله بدەن

حەق بە دەستی رەعیەتەو زولمو توغیانی زابتان
حەملە یان بردنی بە جارێ تۆپو تانکیان گیران

چەند کەسان کوژران چەند کەسانیش بوون بە دیل
چەند نیزامی چەند میری جوملەیان عەفوو کران

دەفعەی سێهەم عەشائیر هەم لیوای عەسکەری بە جاری
کەوتنە دەعوا بەجاری گەرچی هەردووکیان شکان

هەر بەوە ئێوە بەڤین کەن بە دەستی رەعیەتە
چەند کەسان مەشهوورو مەقتوول بوو لە جوملەی زابتان

پادشای ئیسلام بزانێ تۆ قبووڵ ناکەی ئیتر
تەعەدا دەکەی لەو رەعیەتەو ئاغاوەتی کورد زوبان

خصوص نورەدین و ئاغاواتی پشدەری
بە عەقیدەی وا تەواو فەوتیان کەن ئیسلامییان

سالی تأریخی وقوعی ئەم شەڕو شۆڕە یەقین
یەك هەزارو سێسەدو چوار بێ گومان

سالی دوایی سووتێنرا بە دەستی میر ئالا
حەمدو لله چابوو شا کەوتە تاریکیو نەمان

یا رەبی چی دی نەبینین فیتنەییو شەڕو هەرا
تا لە مەحزوون خەلاس بینو دەفعی غەمان

بە پێی سەرنجدان لە هەڵبەستەکانی (ویصالی) وا دەردەکەوێت کە ویصالی ئاشنایەتیو تێکەڵاویی لەگەڵ هەندێك لە پشدەرییەکاندا هەبووە، بۆیە لە زۆربەی زۆری هەڵبەستەکانیدا ناویان دەهێنێت. دیارە میراودەڵییەکانیش کە لە ناوچەی پشدەر ئەو کاتە بە ئازایەتیو دڵسۆزیو وەفاداریو نیشتمان پەروەریی ناوبانگیان دەرکردووە، بۆیە ویصالی-ش بە پارچە هەڵبەستێکی نایاب ستایشیان دەکاتو دەڵێن، کە بەڕێز (جەمال محەمەد) لە پەرتووکەکەیدا لە لاپەڕە (٢٦٤)دا نووسیویەتەوە..

**( پاکو خاوێنیو نیشتمان پەروەریی میراودەڵی )**
بەزمی دونیا لەسەر ئاغای میراودەلییە
چەرخی ئەم بەختە ئیعانەت دەری میراودەلییە
عالەم جوملە عەشیرەت لە نزیکانو دوور
سەیری ئەمڕۆکە بە دڵ نۆکەری میراودەلییە

مودعی حەلقە بە گۆشێکە نییە مانەندی
دوژمن چار تەرەفی یاوەری میراودەلییە
عەکسی فەوقانی بە رووناکی لەسەر دنیا کەوت
پرتەوی ئاوێنەی خەنجەری میراودەلییە
گەر دەبێ مەردی نەبەرد بەبێ تەنو صاحیب بەد
سەعاتەن حەربە خۆرو بێ سەری میراودەلییە
هەر ئەمیرێ کە بەیداغی بولندیی هەلکرد
بەستی نیو فکری فوو ئادەی میراودەلییە
لەشکری فەتحە کەدێنو نیەتی پەرواى
تیپی فورسانو صەفی عەسکەری میراودەلییە
پشدەر ئەمرۆکە کە مەحفوزە کە نابینی سەختی
یەکسەر ئەمەری سێبەری میراودەلییە
کەلەکی چەرخە کە دەرواتو سەرەو بن نابن
باعیثی صەولەزەنی لەنگەری میراودەلییە
هەر کە نافەوتێ لە کاکۆکی زەفەری یەك دانە
سەبەبی تەسویەتی بێدار میراودەلییە
ئولفەتی جانو تەنی عالەمی ئەم خاکە لەبار
ئاوی باژارو هەوای پشدەری میراودەلییە
فەلەکی دەهرەکە مەعمورە محمد نەچۆڵ
رەوشتی میهرو مەهۆ ئەختەری میراودەلییە

بۆ زیاتر ئاشنابوون بە (ویصالی)

ناوی محەمەدی کوڕی شێخ ئەحمەدی کوڕی شێخ تەهای مەردۆخییە لە شێخەکانی قەرەداغەو لە گوندی تەکیەی قەرەداغ لە دایك بووە.

ئەمەش یەکێکە لە پارچە هەڵبەستەکانی گەنجێکی میراودەلی بە ناوی "جەوهەر رەسوڵ حەسەن میراودەلی":

بەڕاستی کورد عەشیرەتی وای هەبێ

ئەبێ سامی لە کێ بێ‌و ئەیکا بە پەند

ئەوانە رۆڵەی میر ئەحمەدی پشدەرین

کە کەیفانی باڵەوانی لە رووس سەند

ئامۆزای بابانەکان‌و تیرەی گەردین

میرنشینیان لە سلێمانی پەرەی سەند

هەتا ئەوانە لە پشدەر یەکگرتوو بوون

هیچ حکومەتێك نەگەیشتە پشتی دەربەند

لە مەیدانی شەڕ پڵنگی جەنگ بە خوێنن

لە ئاشتیدا زۆر بەخشندەو هیدومەند

تەماشا مێژووی کوردستان بکەن

بزانن کێیە باڵەوانەکەی دەربەند

گەر بۆ خۆتان ئیتیفاق‌و بێ باش بزانن

هیچ دوژمنێك ناتوانێ سەردا لە سەنگ

چونکە دەستی ئێوە کێوی قەندیلە

شاهیدە بۆ ئەم وتەم شەڕی دەربەند

هەر بژی بۆ کورد ئەی نەوەی میرب داغ

بێگومان ئەم جارەش دوژمن بوودتە پەند

چونکە ئێوەن پێشڕەوی عەشیرەتان

ئێستاش زۆرن پیاوی ئازاو مەرد رەند

دەست پێ بکەن وەلا نێن تەماع‌و فێڵ

پاك بن بە کۆمەڵ یەکتر مەخەنە ناو کۆت و بەند

دە خۆ سازدەن گشت پێکەوە بە یەك دەنگ

بە هیوای هیچ کەس مەبن بۆ ئێوە بێتە گوللەبەند

شێر کە شایە هی دەستو مەقامی خۆیەتی

بە تەما رێوی نییە نەجاتی دا لە کۆت و بەند

مست لە مستی دەگەڕێتەوە پەندێکی قەدیمە

گەر بۆ خۆت یەکگرتووبی پشتیوانە خواوەند

وەك زانراوە بابەکری هۆمەر ئاغای دێگە پیاوێکی مەنگوڕی ئێرانیی لە لا بووە، وەك دەگێرنەوە پیاوێکی زاناو زیرەك و هۆشمەندو شاعیریش بووە، بابەکر ئاغا زیاد لە پێویست ڕێزی لێ گرتووەو خۆشی ویستووە.

کاتێك میراودەلی لەگەڵ حکومەتی ئێران تێك دەچن، لە ساڵی (١٩٢٧) میراودەلی لەشکرێکی زۆر بەهێز کۆدەکەنەوە بۆ شەڕکردن لەگەڵ ئێران، کاتێك لەشکرەکە کۆکرایەوە لە گوندی دێگە بە سەرۆکایەتیی بابەکری سەلیم ئاغاو هەباسی مەحمود ئاغا، لەو کاتەی کە لەشکری پشدەر بەرەو ئێران رۆیشت، ئەم پیاوە شاعیرە لەو کاتەداو لەو کاتەی بابەکر ئاغاو هەباس ئاغا سواردەبن، هەر یەکەو پارچە هەڵبەستێکیان بەسەردا دەڵێت.

سەرچاوەی ئەمەش ئەمەیە، لەم کاتەدا (مینەی مام ئاغای کەویە) گەنج دەبێت و بەشداریی ئەم شەڕە دەکات و ئەم بەڕێزە ئاگای لە وتنی ئەم دوو پارچە هەڵبەستە بووە، مینە ئاغایش دەرحاڵ لەبەری کردوون و فێریان بووە..

( هۆنراوە لەسەر بابەکر ئاغا )

بابەکر ئاغای بەهونەر
سەر زینی دۆشەك مەخمەر
فەرمووی ئەسپیم بۆ بێنەدەر
سواربوو شای ئەسکەندەر
بابەکر ئاغا دەفەرموێ بە خزمانە
وەخۆ کەون بۆ شەڕی عەجەمانە
بێورەو ژوورانیان نێوانە
لەگەڵ دەوڵەتی ئێرانە
لەبەر شەڕی دوو نەڕە شێرانە
دوژمنیان کرد ماڵ وێرانە.

( هۆنراوە لەسەر هەباس ئاغا )

لەبەر هەباس ئاغای نوورەدینی
سواری ئەسپی قولە شینی
سامی هەر وەکو چیای سەفینی
بۆ وا لە عەجەمان بە داخو بە قینی؟
هەباس ئاغا دڵی بە شۆڕە سوارانە
ڕۆژی مانو ئەمانە
ریش سپییان راوەستاوە
شێری بێشەیەو لەشکر شکێنی ناوە
کە بابەکر ئاغای نەڕە شێرە
هەر بەسەرکەوتن فێرە

بەڕێز حاجی مامۆستا مەلا حسێنی شێنبە کە نازناوی شاعیرییەتی ئازادییە، کە لە کاتی ڕاگواستنی ناوچەی پشدەر پارچە هەڵبەستێکی لەسەر پشدەرو میراودەلییان نووسیوە ، لەم کاتەدا دەبێت کە مامۆستا ماڵەکەی لە زیلی سەربازیدا دەبێت و دەگاتە سەری هەیبەسوڵتان و ئاوڕێك بە لای پشدەردا دەداتەوەو ئەم پارچە هەڵبەستەی بە خەیاڵدا دێت و دەڵێت:

لە بەرزو بڵندیی هەیبە سوڵتانی
لێی دیارە هێرۆ مەنزڵی جوانی
ئەسەف دەڵێم ماڵت نەشێوێ
بۆچی بەجێت هێشت گوندی دەشتێوێ
حەمەد ئاغا بوو ئاغا عەشیرەت
دای مەزراندو ڕۆیشت لە حەقیقەت
حوکمڕانیی کرد ئەو بە مەردانە
خۆزیا مابا بۆ ئەو زەمانە
داخوا دەیتوانی ماکەرە فەندی
بارمان لێ بنێ لە درشت و وردی
پشت بە پشت بە پێی توانا
حوکمڕانیی کرد تا بابەکر ئاغا
عانەی چوار فلسیی بوو بە پێنج فلسی
بابەکر ئاغایەو لە کەس ناترسی
ڕوتبەی سەعادەت خستیانە سەرشان
دەسەڵاتداربوو لە گەرمیان و لە کوێستان
زنجیریان نەپساند بەم جۆرە هاتن
تأریخ شاهیدە ئەهلی خەباتن

ئێوەش وەکو باب و باپیر
شوجاعەتی وان قەت مەکەن لە بیر
هاو مەسڵەحەت بن بە دین و ئیمان
ئەوە بوو ئیرسی باب و باپیران

ئەمەی خوارەوەش یەکێکە لە پارچە هەڵبەستەکانی مەلای گەورە، کە لەسەر عەشیرەتی میراودەلی نووسیویەتی:

تەماشای عەشیرەتی میراودەلی کەن
بە جارێ ستوەتی سێ دەوڵەتی برد
یەکەم زەربەیەکی وای دا لەتورکان
لەئەستەمبول لەرزی خوداوەند
دووەم زللەیەکی دا لە شای ئێران
رەزا شای پەهلەوی هانای برد بۆ دەماوەند
سێهەم شەقێکی دا لە ئینگلیز
بە بازی گەیشتە بەغدا لە دەربەند

* * *

**سوپاس و پێزانین:**

ڕێزو سوپاسم بۆ هەموو ئەو کەسانەی کە هاریکاریان کردم بۆ لەچاپدانی ئەم کتێبە بەتایبەتی:

١- بەڕێز دکتۆر کەمال میراودەلی کە ئەرکی لەچاپدانی ئەم کتێبەی گرتە ئەستۆ.

٢- بەڕێز حەمید ئەبو بەکر ئەحمەد کار ئاسانی لەچاپدانی بۆ کردم.

٣-بەڕێزان مامۆستا عومەر میراودەلی و مامۆستا ساڵحی عومەری سەلیم ئاغا، کە خۆیان ماندوو کرد بەپێداچوونەوەی ئەم کتێبە.

٤-بەڕێز ئاری حەمەی کانەبی ئاغا، یەکەم کە هاندەرم بوو، دووەمیش زۆر ماندوو بوو لەگەڵم تا ئەو کاتەی بەچاپ گەیشت.

**ئیبراهیم ئیبراهیم میراودەلی**



لە ڕاستەوە بۆ چەپ: (بابەکری عومەر ئاغا، مەحمودی حاجی ئاغا، ئەحمەد تەقی، عەباس ئاغا، سەرتیپ سەیف، بابەکر ئاغا، سالح ئەحمەد ئاغا، سەلیم مەمەند ئاغا).